تەمەنی لاویم

ئیسماعیل عەلی

ناسنامەی کتێب :

ناوی کتێب : تەمەنی لاویم

جۆر : ڕۆمان

نوسینی : ئیسماعیل عەلی ئیسماعیل

ساڵ :2024

جۆری چاپ : چاپی ئەلیکترۆنی pdf

بسم الله الرحمن الرحيم

الحَمدُللهِ ربِّ العَالَمِين ، وَالصَّلَاةُ وَالسَّلامُ عَلَى رسُولِ ٱللَّه .

بەناوی (الله)ی بەخشندە و میهرەبان ، سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە توانای پێبەخشین دەست بکەین بە نوسینەوەی کتێبێک لەسەر ژیان و تەمەنی گەنجی و لاوی خۆمان و ژیانی کەسانی تر .

بەشێوەیەکی ڕۆمان کە ببێتە هۆی ئەوەی هەڵەی تەمەنی گەنجی و لاویمان ڕاست بکەینەوەو ژیانمان زیندووبکەینەوە و دەست بکەینەوە بە ژیانێکی نوێ و پەند و وانە لەهەڵەی ڕابردوومان وەربگرین و ڕابردوومان بکەینە چرایەک بۆ داهاتوومان .

(تەمەنی منالّیم)

تەمەنی منالّیم هەمووی بە یاری و گەپ تێپەڕی ، خۆمیش نازانم چۆن تێپەڕی ، هەموو ئاواتی منالّیم ئەوە بوو زوو گەورە ببم ، بەدایکمم دەووت :کەی گەورە دەبم بچمە قوتابخانە ؟ دایکم دەیووت :ڕانی مریشک بخۆ گەورە دەبی ئینجا دەچیتە قوتابخانە ، بێگومان دایکیش بۆ بەرژەوەندی منالەکەی هەموو شتێ دەکات ، کاتێ منالەکەی خواردن دەخوات وا دەزانێ خۆی خواردوویەتی .

(خەم و خەفەتی منالّیم)

لەتەمەنی منالّی نەمدەزانی خەم چیە ، گەر خەم و خەفەتم هەبوایەش تەنها ئەو کات بوو ، دەگریام بۆ ئەتاری ، بۆ پاسیکل ، بۆ یاری ، دواجار خۆم لەبیردەچۆوە هەروەکو بلّێی هەرگیز هیچ خەم و خەفەتێکم نەبووبێ .

هەموو ئارەزوو و ئاوات و هیوایەتێکم یاری کردن بوو شتی تر نەبوو ، بچمە قوتابخانە بێمەوە مالّ ، بچمە دەر تۆپی پێ بکەین لەسەر شەقام ، یاری تر بکەین

بەم شێوەیە کاتەکە دەڕۆیشت و بەبێ ئەوەی هەست پێبکەین ، تەمەنی منالّی ئەقلّ بەشێوەیەکی گشتی کارناکات

، بۆیە مناڵ زۆر بیر لەشت ناکاتەوە و زۆر خەم ناخوات پیرەمێردی شاعێر دەڵێ :

کە دەڵێن یەکێ بێ خەمە
شێتە یان ئەقڵی کەمە
ئەقڵی هەبێ و خەمی نەبێ
نیە و نابێ لەم سەردەمە

بەڵێ منال ئەقلێکی تایبەتی هەیە ، ئەندازەی ئەوەی دایک و باوک و دەرووبەری دەناسێ و بیر و خەیاڵیش تەنها بۆ یاری و ڕابواردنی منالانەیە ، بیر لەئارەزووی ڕەگەزی بەرامبەر ناکاتەوە ، بیر لە پلەو پۆست و پایە ناکاتەوە ، بیر لەوە دەکاتەوە مۆبایلێکی باشی هەبێ ، پاسیکلێکی هەبێ ، تۆپێکی هەبێ .

بەڵکو لەمە بچوکتر بۆ منالێکی ساوا مەمەیەکی لەپێش دابنێ و لەگەڵ پارچە زێڕێک ئەو مەمەکە هەڵدەبژێرێ .

(لەمنالی تەنها یاریم دەزانی)

لەم تەمەنە نەمدەزانی ئارەزووی ڕەگەزی بەرامبەر چیە ، نەمدەزانی عیشق و ئەوین چیە بەڵکو بوترابا فلان کەسە عاشقە بە کەسێکی خوێڕی و خراپ دەهاتە پێش چاوم ، نەمدەزانی بەرپرسیارەتی چیە .

نەمدەزانی ژن هێنان چیە ، نەمدەزانی مناڵ چۆن لەدایک دەبێ ، بۆیە هەندێ جار واماندەزانی مناڵ دەکڕن وەکو کەل و پەلەکان .

جارێکیان ووتم بۆ ژن دەهێنن ، ژن بۆ چیە ؟ نەمدەزانی پارە بەدەستهێنان چیە .

نەمدەزانی کە باوکم بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانمان چەندە ماندوو دەبێ پێمان ، نەمدەزانی کە گەورە دەبی هەرچی خەم و خەفەتە کۆدەبێتەوە لەسەر دڵ و ڕوحمان .

(ژیانی دونیا هەڵخەڵەتێنەرە)

بەم شێوەیە ژیانی دونیامان تێپەڕاند ، **خودای گەورە دەفەرمووێ :اعْلَمُوا أَنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلَادِ)الحديد (20)**

چاک بزانن ژیانی دونیا تەنها بریتیە لەیاری و گەمەو ڕازاندنەوەو خۆ هەڵکێشان لەنێوان یەکتریدا ، هەروەها زۆرکردنی سامان و ماڵ و منداڵ .

لەئایەتێکی تر **دەفەرمووێ :وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ)آل عمران (185)**

ژیانی دونیاش بێجگە لەوەی کە ڕابواردنێکی خەڵەتێنەرە شتێکی تر نیە.

لەئایەتێکی تر **دەفەرمووێ :فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ (لقمان (33)**

وریا بن ژیانی دونیا لە خشتەیان نەبات ،)نەفسی بەدکار و شەیتانی بەدرەفتار (سەرگەردانتان نەکات و غەڕاتان نەکات لە ڕێبازی خوا .

(باڵغ بوون)

ئینجا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەورە بووم ، لەلای هاوڕێیانی قوتابخانە گوێبیستی ئارەزووی کچان دەبووم ، ئەو باسانەم دەبیست کە پەیوەستە بە ڕەگەزی بەرامبەرەوە ، تا بەم شێوەیە تەمەنم بوو بە پازدە ساڵان ، هەستم بە گەورەبوونی خۆم کرد ، دەنگم گڕبوو و مووی جەستە و لاشەم هات و مووی سمێڵ و ڕیشم دەستی بە گەشەکردن کرد و ئارەزووی ڕەگەزی بەرامبەرم بۆ دروست بوو .

بێگومان باڵغ بوون و گەشەی مرۆڤیش کەسێک بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ بەپێی شەرع لە تەمەنی نۆساڵی

ئیسلامی واتە ئەو ساڵەی کە بەمانگ هەژمار دەکرێ تا پازدە ساڵی لەم نێوانە چ کوڕ چ کچ تێدا باڵغ دەبێ ، بۆ نمونە لەمانگی ڕەمەزان لەدایک بووبێ ، نۆ ڕەمەزان بەسەری بسوڕێتەوە ئەگەری هەیە باڵغ بێ ، گەر کەسێکیش لەم نێوانە گەیشتە پازدە ساڵیش باڵغ نەبوو ئەوە بەپێی شەرع بڕیاری باڵغی بۆ دەدرێ ، بەڵام لەڕوی جەستەوە دەکرێ کەسێک تا هەژدە ساڵی نیشانەکانی باڵغی لێ دەربکەوێ ، هەروەها دەشکرێ هەموو نیشانەکانی لێ دەرنەکەون .

(ئاوی مەنی غوسڵ واجب دەکات)

دوای باڵغ بوون ، ئاوی مەنی بۆ هەردوو ڕەگەز دروست دەبێ ، ئاوی مەنی ئەو ئاوەیە لەکاتی خوی نهێنی یان بەشێوەی خەون لەخەون وێنەی ڕوت و کاری جوتبوون دەبینێ و لێی دێتە دەر ، یان لەکاتی جوتبوون دێتە دەر .

ئاوی مەنی نیشانەی ئەوەیە لەکاتی دەرچوون بە نەتر دەردەچێ واتە دوا لەدوای جار دەردەچێ ، لەکاتی هاتنە دەرەوە پێی ڕەحەت دەبێ ، بۆنی هەویری لێدێ لە کاتی تەڕی و لەکاتی ووشکیش بۆنی سپیلکی هێلکەی لێدێ .

(چۆنیەتی غوسڵ دەرکردن)

هەر کاتێ ئاوی مەنی دەرچوو واجبە مرۆڤەکە خۆی بشوا ، بەنیەتی غوسڵ دەڵێ نیەتم وایە غوسڵی جەنابەتی فەرز لەخۆم دەردەکەم پێش ئەوەی نیەتەکە تەواو بکات خۆی دەخاتە بەر ئاوەکە ، واتە نیەتەکە لەناو دڵی پەیوەست دەکات بە خۆشۆردنەکە .

ئینجا دەبێ جارێک بەتەواوی ئاو بەسەر هەموو لاشە و مووەکانی بچێ ، هەر شوێنێک پیسی یان بۆیە و شتێکی لەسەر بێ واجبە لایبدات تا بە تەواوی ئاو بەسەر لاشەی بڕوات .

(سوڕی مانگانەی ئافرەتان)

کچ هەر لەتەمەنی نۆ ساڵی دەکرێ بکەوێتە ناو سوڕی مانگانەو خوێن ببینێ واتە پێش ئەم تەمەنە گەر خوێن لەئەندامی مێینە بێ ئەوە نەخۆشیە سوڕی مانگانە نیە .

ئافرەتیش کە لە سوڕی مانگانە خاوێن بۆوە دەبێ خۆی بشوات ، هەروەها کاتێ پاک دەبێتەوە لەخوێنی دوای منالبوون دەبێ خۆی بشوات .

هەروەها دوای ئەوەی ئافرەت منداڵی بوو گەر پارچە گۆشتێکیش دەرهات بە نەشتەرگەری بێ یان بە ئاسایی غوسلی هەر لەسەر واجب دەبێ .

(مذي و ودي غوسڵ واجب ناکەن)

لەکاتی دەمارهەڵسان و دەستبازی ئاوێکی لیچ و پەیتی سپی یان زەرد دەردەچێ پێی دەووترێ مذي ، هەروەها ئاوێکی تری لێل و سپی لەکاتی میزکردن یان لەکاتی هەڵگرتنی شتێک دەردەچێ پێی دەووترێ ودي .

ئەم دوو ئاوەیە بەشلی دەردەچن واتە بەنەتر دەرناچن ، پیسن وەکو میز بەڵام غوسڵ واجب ناکەن ، واتە تەنها شوێنی پیسیەکە دەشورێ .

(تەمەنی هەرزەکاریم)

بەم شێوەیە کەوتمە نێو تەمەنی هەرزەکاریەوە ، جا ئەم تەمەنە ئەقڵ لەسەری مرۆڤ نامێنێ لەبەر ئارەزووی ڕەگەزی بەرامبەر ، بەردەوام ئارەزوو هێرش دەکات .

دەتوانین خۆشی ژیان بکەینە قۆناغ ، قۆناغی منداڵی ئارەزووی یاریکردن لەهەمووی زیاترە ، لەقۆناغی

هەرزەکاری و گەنجی ئارەزووی ڕەگەزی بەرامبەر و عیشق لەهەموو ئارەزووەکانی تر زیاترە .

ئینجا دوای ئەم تەمەن ئارەزووی بەدەست هێنانی ماڵ وسامان و پاشان ئارەزووی پلە و پۆست و پایە .

کە تەمەنم گەورەبوو ، ئینجا خۆزگەم بەوە خواست دووبارە بگەڕێمەوە تەمەنی منالیم ، بە تەمەنی منالیم بلێم تەمەنی گەنجی چی لێ بەسەر هێنام !

(کاریگەربوونم بە مامۆستایەکی ئاینی)

ساڵی ٢٠١٤ یە و تەمەنم ١٧ ساڵانە ، مامۆستایەکی ئاینی لەشارێکی ترەوە بانگهێشت کراوە ، منیش بە جۆش و خرۆشەوە لە چاوەڕوانی ئەوم ، تا بگاتە کۆڕە ئیمانیەکە ، ووتارێک بۆ ئامادەبووان پێشکەش بکات .

ئینجا دوای نوێژی عیشا کۆڕەکە بە خوێندنی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد ، ئینجا ئەو مامۆستا ئازیزە بانگهێشت کرا بۆ سەر سەکۆ دەستی بە ووتار کرد ، منیش بەدڵ گوێم بۆی گرت ، چەندە زیاتر قسەی دەکرد زیاتر دڵی ڕادەکێشام بەشێوەیەک حەزم دەکرد زوو کۆتایی بە ووتارەکەی نەهێنێ ، تا وای لێهات بە فەرمایشتە جوان و خۆش و شیرینەکانی بە تەواوی

سەرنجی ڕاکێشام بۆخۆی ، دەتوانم بڵێم کاریگەریەکی تەواوی لەسەر دڵم دروست کرد.

ڕاستە هەر لەتەمەنێکی بچوکەوە هاتوچۆی مزگەوت و قوتابخانەی ئاینیم کردبوو قورئانم خەتم کردبوو و زانیاری و زانستی ئاینیشم کۆکردبۆوە ، بەڵام بەشێوەیەکی وا نەبوو کە بڵێم حەز و خولیای ئەوەم هەبێ ببمە ووتار بێژ .

تەنانەت جارێکیان مامۆستایەکی ئاینی دەرسی دەوتووە زۆرێک لە فەقێ و قوتابی دانیشتبوون یەکە یەکە پرسیاری لێیان دەکرد کە کێ حەزی لێیە ببێتە مەلا ؟ ! تا گەیشتە من منیش ووتم : نازانم نەخێر حەزم لێ نیە ببم بە مەلا.

کەسایەتی گەورە لە کاریگەربوونەوە دەست پێدەکات ، گەر سەیری ژیانی زانایان بکەین دەبینین زۆربەیان کاریگەر بوونە بە کەسێک و بووەتە هۆکاری ئەوەی زیاتر لە بواری خۆیان هەوڵبدەن .

جا لە بوارەکانی تریش دەبینین وایە کەسێک شەیدای وەرزش بێ لەبواری وەرزش دەبینی کاریگەری بە کەسێک دەبێ ، ئەوەش وا دەکات بەردەوام لاسایی ئەو کەسە بکاتەوە ، بەو شێوە بەرەو پێشتر دەچێ لە بوارەکەی خۆی

(خەون بینین بە مامۆستا ئاینیەکە و خولیا بوونم بە وتاردان)

دوای تەواو بوونی کۆڕە ئیمانیەکە ئەو مامۆستا ئاینیە چەند ووتارێکی تۆماری دەنگی خۆی پێشکەش کرد بەو کەسانەی سەرپەرشتکاری کۆڕەکەیان کردبوو ، دواجار منیش ئەو ووتارە دەنگیانەم بە دەست هێنا .

بە تەواوی شەیدای ووتارەکانی ئەو مامۆستایە ببووم ، تەنانەت گەیشتە ئەو ئاستەی لە خەونەکانمیش ئەو مامۆستایە ئاینیەم دەبینی .

زۆربەی ڕۆژەکان دەچوومە کەنار ڕووبار گوێم دەگرت لە ووتارەکانی ، ووتار دوو ووتار لەسەر یەکتری گوێ بیستی دەبووم .

تا وام لێهات حەز و خولیای ووتاربێژیم بۆ دروست بوو ، هەر لە کەنار ڕووبار زۆر جار لەبەر خۆمەوە ووتارم پێشکەش دەکرد وەکو پرۆڤەکردن .

(بڵاوکردنەوەی زانست)

با بەکەم نەزانین بڵاو کردنەوەی زانست و زانیاری بە تایبەتی پۆست و بڵاوکراوەی تۆڕی کۆمەڵایەتی ، کاتێ زانستێک بڵاو دەکەیتەوە ڕەنگە بڵێن ئەو هەموو ڤیدیۆ و

بڵاوکراوە جوان و ئارەزووبازانە هەن ، کێ سەیری بڵاوکراوەی تۆ دەکات ؟!

نەخێر وا نیە زۆرجار بیستوومانە گەنج هەبووە بە مامۆستای ئاینی وتووە من بە گوێبیستنی ووتارێکی تۆ گەڕاومەتەوە و تەوبەم کردووە.

یان جاری وا هەیە کەسێک دەچێتە سەر هێڵ لەناکاو چاوی بەسەر ڤیدیۆ و بڵاوکراوەیەکی تۆ دەکەوێ دەڵێ دە با سەیرێکی بکەم خۆ گەر بەتەواویش کاریگەری لەسەر دروست نەکات هەر بە ئەندازەیەکی کەم هەر گۆڕانکاریەکی بۆ دروست دەبێ .

چونکە قسەی چاک و جوان جیهان پێی بنیات دەنرێ ڕەنگە بڵێی چۆن ؟ !

یەک ووشە دەبێتە هۆی هیدایەتی کەسێک ، ئەم کەسەیە دەبێتە زانا و دانا ، بە هەزارەها کەسی تر لەسەر دەستی ئەو کەسە هیدایەت وەردەگرن.

گەر سەیر بکەین **ئیمامی بوخاری ڕەحمەتی خوای لێبێ چۆن بوو دەستی کرد بە کۆکردنەوە و نوسینەوەی فەرموودە سەحیحەکانی پێغەمبەر ﷺ ، دەفەرمووێ : ڕۆژێکیان لای آسحاق بن راهویە بووین فەرمووی : گەر**

کتێبێک کۆبکەنەوە ، کورتکراوەی سونەت و ڕێگای پێغەمبەر بێ ﷺ ، ئیمامی بوخاری دەفەرمووێ : ئەو فەرمایشتەی کەوتە ناو دڵم ، دەستم کرد بە کۆکردنەوەی فەرموودەی سەحیح.

تەنها گۆتە و فەرمایشتێکی ئەو مامۆستایە بووە هۆکاری ئەوەی کتێبێکی سەحیح بنوسێ لەسەر فەرموودەی خۆشەویستمان کە گەورەترین و ڕاسترین کتێبە لە دوای قورئان ، بەهەزارەها زانا و موسڵمان سوودیان لێ وەرگرتووە.

لەهەمووش خۆشتر و گەورەتر ئەوەیە کاتێ یەک تاکە کەس سوودمەند دەبێ لە زانستی تۆ ئەو کەسەیەش سەد کەسی تر فێربکات و ئەوانیش سەدانی تر بەردەوام خێری ئەم هەموو خەڵکەیە لەم زانستەیە هەمووی بۆ تۆ دێت بەبێ ئەوەی لەهی ئەوان کەم بکاتەوە.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ : مَنْ دَعَا إِلَى هُدًى كَانَ لَهُ مِنَ الْأَجْرِ مِثْلُ أُجُورِ مَنْ تَبِعَهُ ، لَا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْئًا .وَمَنْ دَعَا إِلَى ضَلَالَةٍ كَانَ عَلَيْهِ مِنَ الْإِثْمِ مِثْلُ آثَامِ مَنْ تَبِعَهُ، لَا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ آثَامِهِمْ شَيْئًا) رواه مسلم ٢٦٧٤

هەرکەسێ خەڵک بانگ بکات بۆ هیدایەت ، ئەوە پاداشتی هەیە وەکو ئەندازەی ئەوانەی شوێنی دەکەون و بەبێ ئەوەش لەپاداشتی شوێنکەوتوانی کەم ببێتەوە ، ئەوەش خەڵک بانگ بکات بۆ گومڕایی ، گوناهی دەگاتێ بە ئەندازەی ئەوانەی شوێنی دەکەون و بەبێ ئەوەش لە گوناهی شوێنکەوتوانی کەم ببێتەوە.

ئەم مامۆستا ئاینیەش ڕاستە پێشتر ناویم بیستبوو بەڵام گوێبیستی نەبوبوم ، تەنها بە هاتنی جارێک لەشارێکی ترەوە و بە بڵاوکردنەوەی هەندێ ووتارەکانی ئەو کاریگەریە گەورەی لەسەر ژیانم دروست کرد ، وای کرد کە زیاتر ئاشنای زانستی ئاینی بم ، زیاتر هەوڵی فێربوونی زانست بدەم.

کەواتە با هیچ کاتێک بێ ئومێد نەبین ، دەکرێ کەسێک هەبێ پێویستی بە یەک تاکە ووشەی تۆ هەبێ بۆی بکەیت و ببیتە هۆکاری هیدایەتی ئەم کەسەیە هەرچی خێر و چاکەیەک بکات بەردەوام خێر و چاکەی ئەم کەسەیە لەناو گۆڕیش بۆتۆ دێ.

(دڵم گۆڕا لەقوتابخانەوە بۆ حوجرە و زانکۆی شەریعە)

دوای ئەوەی ئەو مامۆستایە ئاینیە هات و ووتارێکی پێشکەش کرد و کاریگەری تەواوی لەسەر دڵم دروست کرد و خولیای ووتاریێژی بووم ، لەم کاتەدا لە قوتابخانە پۆلی یازدەی ئامادەیی بووم ، لە قۆناغەکانی پێشتر هەر لە سەرەتاییەوە بە یەکەم دەردەچووم و بە زیرەکی هاتم.

بەڵام لەقۆناغی ماماوەندی هێواش هێواش بەرەو سستی چووم ، تا گەیشتمە پۆلی یازدە ، لەم کۆڕە بەژداربووم و ئەو مامۆستایەش کاریگەریەکی زۆری لەسەر دڵم دروست کرد ، تا لە دڵەوە وام لێهات هەموو ئاواتم ئەوە بێ بچمە حوجرە یاخود زانکۆی شەریعە.

مرۆڤیش کاتێ منالە ئەقڵی بەشێوەیەکی وا نیە بڕیاری یەکلایی بدات زۆرجار مامۆستا لە قوتابخانەش بە قوتابیەکانی دەووت لەداهاتوو دەبن بە چ هەریەکەو شتێکی دەوت کەچی دواجاریش نەدەبوون بەوەی وتوویانە

هاوڕێی خۆم هەبوو لەکاتی سەرەتایی بووین باسی دکتۆری دەکرد بێ بە دکتۆر دواجاریش نەبوو بە دکتۆر.

(لە چڵ ساڵی ئەقڵ کامڵ و تەواو دەبێ)

مرۆڤ کە پێدەگات و گەورە دەبێ زۆرجار بیرو بۆچوونی پێشتری دەگۆڕێ چەندە گەورەتر دەبێ ئەقڵی زیاتر کارا دەبێ تا تەمەنی چڵ ساڵی ئەقڵی کامڵ و تەواو دەبێ

هەروەکو **خوای گەورە دەفەرمووێ : حَتَّى إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُ وَبَلَغَ أَربَعِينَ سَنَة) سورة الأحقفاف آية ١٥**

واتە : کە مرۆڤ دوای ئەوەی لەدایک دەبێ و دەگاتە تەمەنی توندوتۆڵی و توانایی و چڵ ساڵی .

ابن کثیر لەتەفسیرەکەی دەفەرمووێ : بَلَغَ أَربَعِينَ سَنَة أي تناهي عقله و کمل فهمه وحلمه

ئەقڵ و تێگەیشتنی دەگاتە لوتکە و تەواو دەبێ.

ئینجا دوای تەمەنی چڵ ساڵی هێواش هێواش ئەقڵ بەرەو کەمی دەچێتەوە.

(بیرکاری و فیزیا زانستی شەیتانن)

دوای ئەوەی حەز و خولیای زانستی شەرعیم بۆ دروست بوو ، هەر لە پۆلی یازدە بووم دەستم کرد بە قسەی بێ مانا و بە تایبەتی کە گەیشتمە پۆلی دوازدە دەمووت : بیرکاری و فیزیا و کیمیا ئەو زانستانە زانستی شەیتانن سوودی نیە بەداخەوە پەشیمانم لەو قسانەی دەمکرد .

گەنجێک کە لەمن بچوکتر بوو زۆرجار کە دەمبینی ، دەموت ئەو زانستانە زانستی شەیتانن بەداخەوە .

دوای چەند ساڵێک بینیم بووەتە سەرتاش بەسوعبەت و پێکەنینەوە پێمی ووت : ها هەر دەتووت زانستی شەیتانی وات لەمن کرد خوێندن تەواو نەکەم.

هەرچەندە ئەو خۆی نەیوستووە خوێندن تەواو بکات ، لەگەڵ ئەوەش زانیم قسەکەی زۆر حەق و تەواوە من هەڵە بوومە قسەی نەرێنیم کردووە و قوتابیم سارد کردۆتەوە لە خوێندن.

(وەڕس بوونم لەخوێندنی قوتابخانە)

لە پۆلی دوازدە بەیەکجاری وەڕس ببوم لە وانەکان دەچوومە قوتابخانەش تەنها دەتوانم بڵێم لە دەرسی ئاین و عەرەبی باش تێدەگەیشتم عەرەبیەکەش وانەی قواعدی عەرەبی چونکە مەنهەجی زانستە ئیسلامیەکانە لە حوجرە و خوێندنی مەلایەتی بۆیە حەزم پێی بوو ، هەر بۆیەش لە پۆلی دوازدە کە دەرچووم نمرەی ئاین و عەرەبیم لەهەموو وانەکانی تر زیاتر بوو.

(قوتابی دەبێ لەگەڵ دەروونی بجەنگێ)

قوتابی کاتێ لە قۆناغی خوێندنە کە بڕیاریشی داوە هەر دەبێ خوێندن تەواو بکات ، پێویستە لەگەڵ نەفسی بجەنگێ ، چونکە بەڕاستی نەفس حەزی بە کاری چاکە نییە مەگەر ئەو کەسەی نەفسی خۆی ڕاهێنابێ لەسەر چاکە.

دەبێ بەخۆی بڵێ باشە من هەر دەبێ بچم و دایک و باوکمیش هەرگیز ڕێگە نادەن خوێندن بەجێبهێڵم دە باشە بۆچی نەخوێنم و هەوڵنەدەم تا بە سەرکەوتوویی دەرچم ، هەر هیچ نەبێ با ساڵێک لە تەمەنم نەڕوات لەقۆناغی خوێندن زووتر دەرباز ببم.

بۆیە زۆرجار بەخۆمم دەووت هەر دەبێ خوێندن تەواو بکەم کەواتە با هەوڵبدەم زوو دەربچم و ڕزگارم بێ لە خوێندن و تەمەنم بەفیڕۆ نەچێت.

بێگومان خۆشی ژیان زۆرە و نەفسیش حەزی بە خۆشیە بۆیە بێگومان قوتابی پێویستە بجەنگێ لەگەڵ نەفسی خۆی و قوربانی بدا و دەستبەرداری هەندێ لە خۆشی و ئارەزووەکانی ژیانی بێ و تا بتوانێ بە سەرکەوتوویی قۆناغی خوێندن تەواو بکات و کەسێکی گەورەی لێ دروست بێ.

مەگەر زانا و داناکان کێن هەمووی ئەوانەن قوربانیان داوە لە ژیانیان لە کەم خواردنی و شەونخونی و گۆشەگیری هتد.

بۆچی دەخوێنی کوا دامەزراندن ؟)

دەڵێن بۆچی دەخوێنی کوا دامەزراندن ؟ بەڵێ ئێمەش دەڵێین گەر تۆ کەسێکی دەزانی هەر لەئێستاوە توانای کار و کاسبیت هەیە و حەزی خوێندنت نیە و ڕێگریشت لێ ناکرێ بەڵێ بڕۆ کارێکی حەڵاڵ بکە و ژیانی خۆت بکە.

چونکە دەتوانین بڵێین لەم ژیانە دوو ڕێگای سەرەکی هەیە ڕێگایەک بۆ خوایە و ڕێگایەکیش بۆ ژیانی دونیایە.

بۆ خودا ئەوەیە ئیماندار‌بی و تەقوایی خودا بکەیت و واجبەکان بکەیت و خوداش لێت ڕازی بێ جا لەهەر شوێنی بی گرینگ ئەوەیە خواپەرستی بکەیت.

بۆ ژیانی دونیاش مەبەست و ئامانجی سەرەکی تێدا پارەیە یانی بە پارە ژیان بکەی جا بۆ ئەوەی پارە بەدەست بهێنی هەر کارو پیشەیەک بێ حەڵاڵ بێ و پابەندی شەرع بێ تەواوە.

خودای گەورەش پلە و پایەی جیای داناوە ڕەحمەتە بۆمان ، خۆ گەر هەمووان زیرەک بوان ژیان بەردەوام نەدەبوو ، ئەی کێ کارەکانی تری ئەنجام بدابا.

مرۆڤی ژیر دەبێ بەدوای توانای خۆی بگەڕێ ، توانای خۆی بدۆزێتەوە ، بزانە توانای تۆ لەچی دایە ، گەر توانای دکتۆریت هەیە ببە بە دکتۆر تا خەڵک سوودمەندبن ، گەر توانای خوێندنت نیە و توانای جەستەیت هەیە بڕۆ کار بکە.

خوێندنیش بۆ ئەم سەردەمە ، بڕوانامە کراوەتە مەرج لە کۆمپانیا و مارکێتەکان ، بۆیە لەم ڕووەوە بڕوانامە بەدەستهێنان گرینگ و پێویست دەبێ ، جا هەر کەسەو

باشتر لەخۆی تێدەگات و دەبێ سەیری توانای خۆی بکات و بزانە توانای خۆی لەچی دەدۆزێتەوە.

وەکو منیش مەکەن بڵێن زانستی شەیتانن نەخێر بەڵکو سەرچاوەی هەموو ئەو زانستانە لەقورئانی پیرۆز هەن ، بەڵام داخی گرانم کە دەبینین لەزۆربەی قوتابخانەکان ئامانجی سەرەکی قوتابیەکان بووەتە نمرە بەدەستهێنان و پاشان بچێتە بەشێکیش پارەیەکی زۆر بەدەست بهێنێ و بەبێ ئەوەی ئامانجی سەرەکی بۆ فێربوون بێ .

بەداخەوەش ناخۆشتر ئەوەیە مەنهەجی خوێندنیش زۆرجار مەنهەجێکی جوان و سوودبەخش دانەندراوە بۆ قوتابیان بەتایبەتی لە بابەتی ئاین و ڕەوشتەوە زۆر کەمتەرخەمی تێدایە.

(توڕەبوونم لەکتێب و فەڕێدانی کتێب)

جا بەم شێوەیە لە قۆناغی خوێندنم لە پۆلی دوازدە بووم و سەرەڕای وەڕس بوونم بەردەوامیش بووم لە خوێندن ، زۆرجار بە هاتن و چونەوە لەبەرخۆم وانەکانم دەخوێند و توڕە دەبووم و کتێبەکەم فەڕێ دەدا و دەمووت ئای عیلمی شەیتانیە چ سوودی هەیە ؟
دەمووت : نمرەی سەدیشم بدەنێ نامەوێ.

(دەرچوونم لە پۆلی دوازدە)

بەکتێب فەرێدان و زانستی شەیتان شەیتانی پۆلی دوازدەم تێپەڕاند ، تا تاقیکردنەوەی وەزاری دەستی پێکرد ، تاقیکردنەوەکانم هەمووی ئەنجام دا تەنها لە وانەی فیزیا و ئینگلیزی خۆم هێشتەوە بۆ خولی دووەم .

خولی دووەمیش تاقیکردنەوەی فیزیا و ئینگلیزیم ئەنجامدا ، الحمدللە ئەوەی خوا بۆ بەندەکانی دایناوە باشترین هەڵبژاردەیە ، لەپۆلی دوازدە دەرچووم .

(غەشکردن و قۆپیەکردن)

قوتابی تەمبەڵم دەبینی دەهات لە تاقیکردنەوەی مانگانە کە لەسەر بیست نمرە بوو ئەو دەهات هەژدە و نۆزدە و بیستی دەهێنا بە قۆپیە ، کەچی منیش خۆم ماندوو دەکرد و دەمخوێند هەندێ جار کەمتریشم دەهێنا بۆیە نوسیم :

زۆر کەم دەمێنێ وانە خوێندن
لەتاقیکردنەوەش دەکەن قۆپیە کردن
نمرە بەرزی دەچێتە لای تەمبەڵ
قەدر و ڕێزی نامێنێ زیرەک

قۆپیە بەهەموو شێوازێ دروست نیە و **پێغەمبەرمان** ﷺ **دەفەرمووێ : مَنْ غَشَّنَا فَلَيْسَ مِنَّا) رواه مسلم 101**

ئەوەی قۆپیە بکات لە ئێمە نیە.

جا هەیە دەڵێ : باشە من ئەم بابەتانەی ئێستا دەخوێنین خۆ لە داهاتوو هیچ کارێکم پێ نابێ و قۆپیە دەکەم تەنها بۆ بڕوانامەکەمە ، تا پلەیەکی سەربازی پێ بەدەست بهێنم یان لەکۆمپانیا و شوێنێک پێی دابمەزرێم.

ئەم قسەیەش پێوەرێکی ڕاست و دروست نیە ، چونکە سەرەتا ئەو بڕوانامە بەو ناوەی پێت دەدرێ کە تۆ توانای خوێندنت هەبێ ، نەک کەسێک بێ توانای خوێندنت نەبێ و بە قۆپیە دەربچی ، یان باشە بۆچی بە شاراوەیی قۆپیە دەکەی گەر کارێکی ڕەوا و دروستە ؟!

ئەو خوێندنەش وا دەکات توانای مێشکت بەهێزبکات و سبەی لەهەر شوێنێکیش دابمەزرێی توانای بەڕێوەبردنت هەبێ لەکارەکە ، هەروەها گەر لێرەش تۆ قۆپیە بکەی ئەوە هەر لەئێستاوە نەفست ڕادێ لەسەر قۆپیە و فێڵ ، لەهەر شوێنێکی تریش کار بکەیت دەبیتە کەسێکی فێڵباز.

(پڕکردنەوەی فۆڕمی زانکۆ و گەڕانەوەی ناوم لە پەرستاری)

دوای دەرچوونم لە پۆلی دوزادە ، ئینجا دەستمان کرد بە پڕکردنەوەی فۆڕمی زانکۆ ، جا لەم کاتەدا زۆر پێداگریم کرد لەسەر ئەوەی بچمە زانکۆی شەریعە ، بەڵام باوکم بە هەموو شێوەیەک ڕازی نەبوو.

دواجار بۆم دەرکەوت خێری تێدابووە کە ڕازی نەبووە بچمە زانکۆی شەریعە ، دەیوست بچمە بەشێکی پزیشکی بۆیەش دواجار بە دڵی ئەو فۆڕمەکەمان پڕکردەوە.

بەشە پزیشکیەکانمان هەر لەسەرەتاوە دانابوو ، ئێمەش بەپێی ئەوەی سەیری نمرەی ساڵانی پێشوومان کردبوو گومانمان وابوو کە ناوم لە پەیمانگای پەرستاری دەگەڕێتەوە ، بەو شێوەیەی کە گومانمان کرد ناوم لە پەیمانگای پەرستاری گەڕایەوە.

(هەموو شتێک خێری تێدایە)

لێرەوە پێویست دەکات بڵێین ئایەتێکی قورئانی پیرۆز هەیە کە هەتا لە ژیان ماوین هەرگیز نابێ لە یادی بکەین .

خودای میهرەبان دەفەرمووێ : وَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَىٰ أَن تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) البقرة ٢١٦

لەوانەیە شتێکتان لا ناخۆش بێت کەچی خێر لەوەدا بێت ، هەروەها لەوانەیە شتێکتان پێ خۆش بێت کەچی شەڕ لە وەدا بێت ، بێگومان هەر خودا خۆی دەزانێت (خێر لە چیدایە)، ئێوە نایزانن.

بەڵێ ڕاستە من زۆر پێم ناخۆش بوو کە ناوم لە پەرستاری گەڕاوەتەوە ، چونکە ئەوەی لە مناڵی بیر و خەیاڵم لێی نەکردبۆوە پزیشکی بووە ، ئێستاش بڕیاری خوای میهرەبان ئەوەی بۆ داناوم ، منیش هەر دڵم لەسەر دین و شەریعە بوو.

بەڵام دواجار بۆم دەرکەوت خێری تێدابووە بە دەستهێنانی ئەو نمرە کەمە و هەروەها چوونم بۆ پەرستاری و نەچوونم بۆ شەریعە ، چونکە گەر نمرەی بەرزترم بهێنابا

ڕەنگە ناوم لە زانکۆیەکی زمان و وانەکان بهاتبایەوە و دامەزراندنیشی نەدەبو .

گەر بچوبامە زانکۆی شەریعەش ئەو کات سەرەڕای ئەوەی دامەزراندنی نەدەبوو ، مەنهەج و خوێندنی شەرعیش لەوێ تەواو ناکرێ و پڕاوپڕ لە زانستیش نەدەبووم .

هەروەها ناتوانی لەسەر ڕێگە و ڕێبازێکی جوانیش پتەو و دەمەزراو بیت بەهۆی ئەو هەموو ڕا جیاوازیەی نێوان مامۆستا و قوتابیەکان.

سوپاس بۆ خوا دواجار وەکو ئەوەی دەڵێن : بە یەک بەرد دوو چۆلەکە بکوژە ، منیش کە چوومە بەشی پەرستاری الحمدللە بە بڕوانامەکە دامەزرام و لە لایەکی ترەوەش دەستم بە خوێندنی مەلایەتی کرد لە حوجرە ، الحمدلله هەردوو لام بە دەست هێنا ئەوەیە دەڵێن هەموو شتێ خێری تێدایە.

بەڵێ بە ویستی خۆم هەر دەمویست بچمە زانکۆی شەریعە ئەو کاتی تەواوم دەکرد و دانەدەمەزرام ، ژیانی ئێستاش بەبێ ئیش و کار و پارە ناکرێ ، لەلایەکی ترەوە زانستێکی باشیشم کۆنەدەکردەوە .

ئەی ئەو کەسەی کە هەر کارێکی ژیانت بە دڵی تۆ نەبووە خۆت بدە دەستی خوا و دڵنیابە **خوای میهرەبان باشترین بەڕێوەبەرە (يُدَبِّرُ ٱلأَمر) یونس ٣**
خوا تەنها خۆی کاروباری جیهان بەڕێوە دەبات.

خوای میهرەبان میهرەبانترە لەدایک ، هەرگیز دایک کارێک ناکات لە دژی مناڵەکەی خۆی بەڵکو هەموو کارێکی بۆ بەرژەوەندی ئەوە ، مانای دوژمنایەتی نیە کاتێ مناڵێک یاری بە چەقۆ دەکات دایکەکە چەقۆکەی لێدەسێنێ بەڵکو بۆ بەرژەوەندی مناڵەکەیە تا بە چەقۆکە چاوی خۆی پێ کوێر نەکات .

دڵنیا بە خوداش هەرچی بکات ئەو باشترینە بۆمان بێگومان خودا زوڵم و ستەممان لێ ناکات خۆی **دەفەرمووێ : إِنَّ اللَّهَ لَا يَظْلِمُ النَّاسَ شَيْئًا وَلَـٰكِنَّ النَّاسَ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ) یونس٤٤**
بەڕاستی خوا هیچ جۆرە ستەمێک ناکات لە خەڵکی ، بە ڵکو خەڵکی خۆیان ستەم لەخۆیان دەکەن.

(تەنیایی و دوورکەوتنەوە لە خۆشەویستان)

دوای ئەوەی ناوم گەڕاوە لە پەیمانگای پەرستاری ، چونکە لەشوێنێکی دوور ناوم گەڕابۆوە بۆیە پێویستی دەکرد لەبەشی ناوخۆیی بمێنمەوە ، کە ئەوەش بۆمن زۆر سەخت و ناخۆش بوو کە پێشتر هیچ شەوێک دورنەکەوتبومەوە لە خانەوادەکەم و هەر لای ئەوان بوومە ، ئێستا سەختە دەستبەرداریان بم و دووربکەومەوە لێیان.

بەڕاستی خۆی ئەو دوورکەوتنەوەش لە خۆشەویستانت زۆر مەشقێکی گرینگە بۆ نەفس ، جا پێشتر کە باوکی ئێمە و ئێوە لەتەمەنی گەنجی کە زۆربەیان چوونەتە سەربازی باسی ئەوەیان کردووە کە جاری وا هەبووە نان نەبووە بیخۆن و سەرەڕای دووری لە خانەوادەکەیان لەناو جەنگ و شەڕ بوون و ماڵەوەش ئاگاداریان نەبوونە ، جاروباریش لەناکاو هەواڵی کوژرانی مناڵیان پێدەگەیشتەوە ، ئینجا کابرای فەرماندەش ڕۆژانە بە توندی فەرمانت لەسەر بکات و لە لایەکی ترەوەش ڕاکردنت نیە ، مۆڵەت وەرگرتنیش زەحمەتە هەموو کاتێ پێت نادرێ ، ئا بەم شێوەیە بووە ژیانیان.

ئێمە الحمدلله کە دەچینە بەشی ناوخۆ یان شوێنێکی تر بۆ کارکردن کە تێدا دەمێنینەوە لە شوێنێکی ئارام و دوور لە مەیدانی جەنگ ، هەروەها خواردن و خەوێکی ئاسایی و هەروەها دەتوانین هەواڵ پرسین لەگەڵ خانەوەدەمان بکەین و زوو زووش بچینەوە ، بەڵێ ئەو دوورکەوتنەوە فێرمان دەکات ببینە پیاو و لەسەر پێی خۆمان بوەستین و پشت بە خودا ببەستین ، هەروەها خۆشەویستانمان لەنێو دەستمان هەڵبگرین نەک نێو دڵمان تا هەر کاتێکیش جێمان بهێڵن دڵمان نەشکێت و زۆر ئازار نەچێژین.

بەڕاستی مرۆڤ زوو یان درەنگ پێویستە ڕابێ لەسەر تەنیایی ، بە تەنیایی هاتینە ژیان و بە تەنیایش دەگەڕێینەوە نێو گۆڕ و لە قیامەتیش هەر بە تەنها خودا لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکات .

خوای گەورە دەفەرمووێ : وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَادَىٰ كَمَا خَلَقْنَاكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَاكُمْ وَرَاءَ ظُهُورِكُمْ) الأنعام٩٤

(لەقیامەت خوای گەورە دەفەرمووێ) سوێند بەخوا بێگومان ئێوە بە تەنها و تاک تاک هاتوونەتە لامان هەروەکو یەکەم جار دروستمان کردن و هەرچی پێمان

بەخشی بوون و بەکارتان دەهێنا بەجێتان هێشتووە لە دوایی خۆتانەوە.

بۆیە پێویستە خۆمان ببینە پاڵپشت بۆ خۆمان و چاوەڕێی ئەوە نەبین کەسێکی تر ببێتە خزمەتکارمان لەکاتێک خۆمان نەبینە خزمەتکار بۆخۆمان .

بەو شێوەیە چووین بۆ پەیمانگاکە و مامەڵەمان تەواو کرد ، کە بارودۆخ و دووری ڕێگا و بەشە ناوخۆیم بینی ، لەدڵەوە زۆر لەلام ناخۆش بوو ، ووتم : ناتوانم لێرە دەوام بکەم ، بۆیە کە هاتمەوە وا بڕیارمان دا کە خۆم لەو پەیمانگایە بگوازمەوە بۆ پەیمانگایەکی نزیکتر تا لەوێ دەوام بکەم و ڕۆژانەش هاتوچۆ بکەم و بگەڕێمەوەماڵەوە ، کە چووینە پەیمانگاکە وا دیاربوو بەڕێوەبەرەکە ڕازی نەبوو هیچی بۆمان نەکرد.

بێگومان بڕیاری خودای لەسەربووە ، هەر خودا خۆی دەزانێ خێر لەچی دایە بۆیە ناچار چوومەوە پەیمانگا دوورەکە الحمدللە ، خودا ئەو شوێنە دوورە و بەشی ناوخۆی بۆم دانا تا لەم ڕێگەیەوە زۆر وانەم فێربکات.

(وەکو کچی شووکردوو لە ماڵەوە چوومە دەر)

ئینجا دەوامی پەیمانگا دەستی پێکرد و دەبوو بچمە بەشی ناوخۆ ، هاوڕێیەکم کە ئەویش لە پۆلی دوازدە پێکەوە بووین ناوی لەهەمان پەیمانگای من هاتبۆوە .

ئەو و براکەی ئۆتومبێلی خۆی هێنابوو تا بچینە بەشی ناوخۆ ، ئێمەش کەل و پەل و شتومەکمان ئامادەکرد و چێشتێکی گەرمیشمان لەگەڵ خۆمان برد تا لەوێ بیخۆین.

ئینجا وەکو ئەو کچەی شوو دەکات لەماڵەوە دەچێتە دەر لە ڕۆژی بووکێنی بۆی دەگریین منیش بەم شێوەیە لەماڵ هاتمە دەر و دایکی میهرەبانم هاتە دەر تا چوومە ناو ئۆتۆمبێڵەکە .

(دایک دووبارە بوونەوەی نییە)

دوای هاتنەدەرەوەم لەماڵەوە هەر تەنها دایکم لەگەڵم هاتەدەر ، بێگومان دایک دووبارە بوونەوەی نیە ، میهرەبانترین بونەوەر دایکە ، ئەوەندەی بزانم گریابوو بۆم.

هەر ئەویش بوو بەردەوام لە بەشی ناوخۆیی هەواڵی دەپرسیم و لەخەمی من دابوو .

بەڵێ باوکمیش سەرەتا هەر لەگەڵم بوو تا بارودۆخی بەشی ناوخۆیم جێگیر بوو .

بەڵام دایک میهرەبانی زیاترە و خودای میهرەبان وای داناوە ، گەر دایکیش میهرەبانی نەبوایە نەیدەتوانی ئەو مناڵە بەم هەموو ئازارە لەسکی هەڵگرێ و بەخێوی بکات و فرمێسکی بۆ برێژێ و بەردەوام لەخەمی دابێ .

جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، فَقَالَ : مَنْ أَحَقُّ النَّاسِ بِحُسْنِ صَحَابَتِي ؟ قَالَ :أُمُّكَ . قَالَ : ثُمَّ مَنْ ؟ قَالَ :ثُمَّ أُمُّكَ . قَالَ : ثُمَّ مَنْ ؟ قَالَ :ثُمَّ أُمُّكَ . قَالَ : ثُمَّ مَنْ ؟ قَالَ : ثُمَّ أَبُوكَ . رواه مسلم ٢٥٤٨

پیاوێک هاتە لای پێغەمبەر ﷺ ووتی :کێ لە هەموو کەس لەپێشترە هاوەڵی بکەم فەرمووی :دایکت ، دیسان ووتی : کێ ، فەرمووی :دایکت ، دیسان ووتی :کێ ، فەرمووی : دایکت ، دیسان ووتی :کێ ئینجا فەرمووی :باوکت .

(کارە گەورەکان بە بەڵا دەست پێدەکەن)

ئینجا بە ناوی خوا بەڕێکەوتین و پاشان گەیشتینە شوێنی مەبەست ، ئینجا بێگومان سەرەتا و دەستپێکی کاری نوێ زۆرجار بە ناخۆشی دەست پێدەکات ، وەکو تاقیکردنەوەیەکی خوداییە ، جا بە کەمێک ئارامگرتن کارەکە بە تێپەڕبوونی کات ئاسان و خۆش دەبێت ، هەروەکو **قورئان دەفەرمووێ : سَيَجْعَلُ اللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا)الطلاق۷** خودا دوای ناخۆشی خۆشی دەهێنێت .

بەڵام بە بەرگە نەگەرتنێکی کەمیش کارەکەت لەدەست دەڕوا ، بۆیە نابێ بەیەکەم چاوپێکەوتن بڕیار بدەین و ورەی خۆمان دابەزێنین بەڵکو پێویستە ئارام بگرین و سەیری دواوەی کارەکە بکەین .

ئەها هەیە دەچێتە کارێک یەکەم ڕۆژە دامەزراوە بە چاوێکی زۆر گەورەوە سەیری بارودۆخی کارەکە دەکات هەر زوو بڕیار دەدا و دەڵێ ئەم کارەیە بەمن ناکرێ .

ڕەنگە لە کارەکە ئەو ڕۆژەیە بەڕێوەبەر بەهۆیەکەوە تورەبووبێ ، ئەویش لەیەکەم ڕۆژی کارەکەی بە تورەییەوە دەیبینێ ، بڕیاری تەواوی لەسەر دەدا بەبێ ئەوەی ڕۆژانی دواتر ببینێ و سەیر بکات چۆنە ، ڕەنگە ڕۆژانی تر بەم

شێوەیە تێنەپەڕێ ، یان کەسێ ڕەخنەی لە کارەکەی دەگرێ کە نازانێ ، نابێ بە گەورە وەریبگرێ ، سەرەتایە هەر وادەبێ .

بەڵکو دەبێ سەیری ئەو خەڵکە بکات ، کە لەو شوێن کار دەکەن ئەوانیش وەکو ئەو بوونە هاتونە هیچیان لەکارەکە نەزانیوە و ئێستاش بە ئاسانی و پێکەنینەوە کارەکان بەڕێوە دەبەن .

یان کچێک تازە شوو دەکات دەستبەرداری هەموو کەس و کاری دەبێ ، دەچێتە نێو خانەوادەیەکی نوێ و نامۆیە لەناویان ، دەکرێ بۆ یەکەم جار چێشت لێبنێ سوێری بکات یان بێ خوێ بکات یان قاپ و قاچاغ لەدەستی بەربێتەوە و بشکێ ، هەر وایە دەبێ بە ئاسایی وەریبگرێ .

(چێشتەکەمان بە ساردی خوارد)

منیش کە گەیشتمە بەشی ناوخۆ ، بەڕاستی ڕوبەڕوی بەڵا و تاقیکردنەوە بووم و ڕۆژێکی زۆر ناخۆشم بردە سەر ، دڵم زۆر توند ببوو هەستم بە نامۆیی دەکرد .

من و ئەم هاوڕێیە چێشتی خۆمان دەرهێنا بۆ نانی نیوەڕۆ هەر بە ساردی چێشتەکەمان خوارد .

(کێشە و ململانێم لەگەڵ گەنجێکی بەشی ناوخۆ)

لەبەشی ناوخۆ ژووری سێ کەسی و چوار کەسی هەبوو ، جا هی ئێمە چوار کەسی بوو من و هاوڕێکەم لەگەڵ دووگەنجی تر لە ژوورێک دانراین ، یەکێک لەو گەنجانە بوو بە هۆکاری دڵتەنگی من ، دەیویست خزمێکی خۆیان بهێنێتە ژووری ئێمە و منیش بچمە ژوورێکی تر ، جا کێشە و قسەی زۆر دروست بوو .

بۆیە دواجار لەو ژوورەیە دەرچووم و چوومە ژوورێکی تر لای دوو برا کە ئەوانیش ماڵیان نزیکی شارۆچکەکەمان بوون ، بەڕێز و چاک بوون ، ئینجا ئەو شەوەم بە دڵەڕاوکێ و وەسوەسە بەڕێکرد ، بەم شێوەیە خەوتم .

(یەکەم ڕۆژ لە ژیانی پەیمانگادا)

جا بۆ بەیانیەکەی کاتی دەوامە و پاس و تەکسی لەبەر دەرگای بەشی ناوخۆ وەستاون و چووینە پەیمانگا بێگومان دەوامی زانکۆ و پەیمانگا جیاوازترە لە هی قوتابخانە ، لەوێ زەنگ لێدان نیە ، واتە بە زەنگ لێدان ناچیتە ژوور بەڵکو ڕۆژانە سێ چوار موحازەرەت هەیە و کاتی بۆ دانراوە جا هەیە کاتژمێرەکە و هەیە دوو کاتژمێرە بەپێی وانەکان دەگۆڕدرێن و دەچیتە هۆڵ .

لە هۆڵەکەش ئەوە نیە وەکو قوتابخانە شوێنێک بۆ خۆت تاپۆ بکەی بەڵکو هەر جارەو بە دڵی خۆت لەشوێنێک دادەنیشی و ئینجا کە مامۆستاش دێتە ژوور لەبەری هەڵناستنەوە وەکو قوتابخانە .

ئێمە بەشی پەرستاری قۆناغی یەکەم دوو هۆڵ بووین هەر هۆڵێک ٧٠ قوتابی دەبوو ، ئینجا بێگومان قوتابی کە دەچێتە زانکۆ و پەیمانگا بە ستایلێکی نویێ و جوان و قەشەنگ و ڕازاوە دەچێتە دەوام ، هەروەها بە خۆدەرخستنێکی جوان بە تایبەتی گەر ڕەگەزی بەرامبەری لەگەڵ دابێ .

چونکە گەنج هەر وایە کە چاوی بە ڕەگەزی بەرامبەر دەکەوێت زیاتر خۆی جوان دەکات ، منیش چوومە هۆڵ و دانیشتین .

(بەقسەی جوان شیرینی بکە)

مامۆستاکان هەر یەکەی کە دەهات دەیووت پەرستاری بەشێکی چاکە ، بۆ ئەوەی ئێمە زیاتر حەز و خۆشەویستیمان بۆ پەرستاری بێ .

بێگومان کارێکی زۆر جوانە کاتێ کەسێک لەبەشێک ناوی گەڕاوەتەوە یان ژنی مارەکردووە یان ئۆتۆمبێلێکی کڕیوە تۆ

دەبێ هەوڵبدەی لایەنی چاکی ئەو شتەیە ببینی و بۆی باسبکەی .

بۆ نمونە ئۆتۆمبێلێکی کڕیوە گەر دەزانی ئەم ئۆتۆمبێلە هەندێ عەیبیشی هەیە تۆ هەوڵدە لایەنە ئەرێیەکانی بۆ بلێی بۆ نمونە بڵێ بەنزینی کەم دەخوات و کەم خراپ دەبێ بەم شێوەیە ، چونکە تازە شتەکەی کڕیوە پێویست ناکات بە قسەیەکی ڕەق لەبەر دڵی ناشیرین بکەیت و بێ ئومێدی بکەی .

خودای گەورە دەفەرمووێ : وقُولُوا للنَّاسِ حُسنَاً . البقرة 83

قسەو گوفتاری چاک و جوان ڕوو بە خەڵکی بڵێن .

هی ئێمەش ڕاستە پەرستاری ناتوانین بڵێین خۆشترین بەشی تەندروستیە بەڵام لەگەڵ ئەوەش تازە خوای گەورە ئەوەی بۆ داناوین و پێویست دەکات ئەو مامۆستایەنە بە لایەنی ئەرێیی بۆمان باسی پەرستاری بکەن .

(ژیان سەختە)

گەڕاینەوە شوێنە ناخۆشەکە بەشی ناوخۆیی بێگومان لای من ناخۆش بوو بۆ کەسانی تر هەبوو زۆر لە لایان خۆشبوو ، چونکە لەوێ بۆخۆیان ڕایاندەبوارد و گەشت و سەیرانیان دەکرد لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر ، بۆیە ڕابواردن و خۆشی بوو بۆیان.

جا من هەر لە کافتریای بەشی ناوخۆ یانیش زۆرجار هەر لە دەرەوە نانی نیوەڕۆم دەخوارد لەبازاڕ ، یانی من نانم لەگەڵ هاوڕێیانی ژووری خۆمان نەدەخوارد ، ئەم شێوەیەم لەلا ئاسانتر و خۆشتر بوو ، چونکە نانم دەخوارد و بەبێ ئەوەی خەمی چێشت لێنان بخۆم یان قاپ شووشتن.

جا منیش بەردەوام ناڵە ناڵم بوو دەمووت : بەشی ناوخۆ ناخۆشە ، هەتا نەزانی نازانی یانی هەتا شتێک بە دڵنیایی و بەچاوی خۆت نەبینی بەسەرت نەهێت نازانی چیە و چۆنە لێی تێناگەی.

ڕۆژ بەڕۆژ خەڵکی نوێترم دەناسی ، کەسی ناسراویش هەبوون لەوێ کە هەر دانیشتووی شار و شوێنی ئێمە بوون .

یەکێک لە ناسراوەکان کە منی بەو حاڵەوە دەبینی کە زۆر وەڕسم لە بەشی ناوخۆیی ، بەردەوام نا ڕەزایی دەردەبڕم و دەڵێم ناخۆشە پێمی دەووت (**ژیان سەختە**)

بەڕاستی ئەم قسەیە زۆر گرینگ و جوان بوو ، من ئێستا باشتر لە مانای قسەی تێگەیشتووم ، مەبەستی وا بوو ژیان سەختە یانی دەبێ ورەت بەرزبکەیت و هەوڵ بدەیت و خۆت ڕادەستی ژیانی دونیا نەکەیت چونکە ژیان گەر ڕادەستی بیت و هەر کێشە و ڕوداوێکت بەسەر هات و بڵێی تەواو مردم زەحمەتە نابێ بەڵکو هەر چەند کەوتی دەبێ هەڵسیتەوە سەر پێ تا مردن بەو شێوەیە.

(پێشەکی زینا و هەڵخەڵەتاندنی شەیتان)

بەیانیە دیسان دەوامە ، چوومەوە پەیمانگا و چومە هۆڵەوە .

هۆڵەکەمان سێ ڕیز کورسی تێدا دانرابوو جا ڕیزێکی بەگشتی کوڕ تێیدا دادەنیشت و ڕیزێکیشی تایبەت بوو بە کچان ، ڕیزی ناوەندیش ببو بە تێکەڵە واتە ئەو کوڕ و کچانەی حەزیان بە ڕابواردن و ئارەزووبازی و ئاشقاتی بوو زیاتر لەوێ دادەنیشتن ، جا منیش لەڕیزی کوڕەکان دادەنیشتم.

بەرامبەر کوڕان پێکەنین و قسەم زۆر بوو بەڵام بەرامبەر کچان توند و گرژ بووم ، جارێکیان گوێبیست بووم لەلای کوڕێکەوە ووتی : کچەکان دەڵێن هەندێ لە کوڕەکان گرژن و قسە ناکەن لەگەڵمان.

بێگومان قسەکردن و سڵاو کردنی نێوان کوڕ و کچان بۆ یەکتری دروست نیە .

گەر سەیری ووردەکاری قورئانی پیرۆز بکەین نافەرمووێ : نەک زینا مەکەن ، بەڵکو دەفەرمووێ : نزیکی زیناش مەکەون.

(وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا) الإسراء٣٢

هەرگیز نەکەن توخنی زینا بکەون و لێی نزیك ببنەوە ، چونکە ئەوە بەڕاستی گوناهو تاوان و هەڵە و ڕێچکەیەکی زۆر ناقۆڵایە.

واتە سڵاو کردن و قسەکردن و نەزەرکردنیان ئەوانە هەمووی پێشەکی و نزیک بوونەوەن لە زینا ، شەیتانیش فێڵبازە بە هەنگاو بۆمان دێت خۆ یەکسەر زینامان پێناکات دەزانێ گەنجی ئیماندار دەستبەجێ ناتوانێ زینا بکات بەڵکو بە هەنگاو زینای بۆ دەڕازێنێتەوە .

بەشێوەیەک سەرەتا نەزەری کچەکەی پێدەکات دواتر سڵاو کردن و دواتریش بەناوی پرسیاری دەرس و موحازەرە .

دواتریش دەڵێ وەکو خوشکی خۆمە و لەڕێگەی چاتەوە یان ڕاستەوخۆ بە کاتژمێر و دووکاتژمێر قسەی لەگەڵ دەکات ئەوەش هەموو هەنگاوی شەیتانە بۆ لە خشتەبردنی مرۆڤ.

بۆیە **خوای گەورە دەفەرمووێ : وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ) البقرة ١٦٨**
شوێن هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون ، چونکە بێگومان ئە و دوژمنێکی ئاشکراتانە.

(إِنَّمَا يَأْمُرُكُم بِالسُّوءِ وَالْفَحْشَاءِ)
البقرة١٦٩
بێگومان ئەو شەیتانە هەر فەرمان بە خراپەو گوناهو تاوان دەکات.

(خوێندنی پەرستاری)

ئینجا ڕۆژ بە ڕۆژ دەستمان کرد بە خوێندنی پەرستاری یەکێ لە وانەکان نیشانە زیندەگیەکانمان خوێند :

لێدانی دڵ ڕێژەی ئاساي لە خولەکێک 60 تا 100 لێدانە ڕێژەی ئاساي پەستانی خوێنیش 12 لەسەر 8

ئینجا مامۆستا بە ئامێرەکە فێرمانی کرد کە چۆن پەستانی خوێن بگرین کاتێ کەفەکە دادەنێینە سەر دەستی نەخۆش و سەماعەکەش لەسەر دەماری خوێنبەری دادەنێین و کەفەکە پڕدەکەین دواتر هێواش هێواش هەواکەی کەم دەکەینەوە ئینجا سەیری گێچەکە دەکەین هەرکاتێ دەنگی دبە دبت بیست ، لەسەر کام ژمارە دەنگەکە ببیستی ئەوە ژمارەی سەرێ ئەوەندە بۆ نمونە دەنگەکە لەسەر دوازدە لێبدا و ئەوەی تریش دەنگەکە هەر هاتە خوار و لەسەر ژمارە هەشت دەنگەکە نەمێنێ و بوەستێ ئەوە یانی پەستانی خوێنی ئاساییە و 12 لەسەر 8

ڕێژەی ئاساي پلەی گەرمیش 35.5 بۆ 36.5 ئاساییە ، ئەوەش بە گەرمی پێو دەپێورێ.

ئۆکسجنیش لەناو خوێن ڕێژەی ئاساي 95 بۆ 100

هەروەها ژمارەی هەناسەدانیش لە خولەکێکدا 12 تا 20 ، بێگومان هی مناڵان زیاترە.

ئینجا دەرسی تشریح (توێکاری) ئەویش ناوی ئێسکی سەر و دەست و قاچمان هتد لەبەر دەکرد.

یەکێکی تریش وانەی کوردۆلۆژی بوو تەنها ئەوەم بیرماوە یەکێ لە زاناکان دەڵێ : کورد لە نەوەی جنەکانن ، بەردەوام مشتومڕ بوو لەم وانەیە.

(گفتوگۆ و موناقەشە)

بێگومان گفتوگۆ و مشتومڕ گەر بۆ دونیا بێ باشترە بەهیچ شێوەیێ مشتومڕی لەسەر نەکەین نەک یەکێ بڵێ ئەم ئۆتۆمبێلە بە ئەوەندەیە ئەوەی تر تورەبێ بڵێ نا ئەوەندەیە ، ئەو شتانە هیچ سوودی نیە.

گەر بۆ دینیش بوو گەر کەسێک هەڵەیەکی ئاشکرای دەکرد لە دین ئەوەش بە ئامۆژگاری و قسەی جوان بە نهێنی ئاگاداری بکەیتەوە .

هەروەها گەر بۆ فێربوونیش بێ پێویستە سەرەتا نیازی ناو دڵ بۆ فێربوون بێ و حەقیش لەلای کێ بێ بەدوای حەقەکە بکەوین ، نەک بەشێوەیەک مشتومڕ بێ هەر

خۆمان پێ لەسەر حەق بێ و کەسی بەرامبەریش بە هیچ نەزانین ئەو جۆرەیە تەنها ڕق و قینە و حەسوودی و ڕیابازی زیاد دەکات.

(ترسانم لە دەرزی)

هەروەها هەر لە ساڵی یەکەمی پەیمانگا جۆرەکانی دەرزی لێدانمان خوێند : یەکەم جۆر دەرزی id کورتکراوەیە واتە دەرزی ژێر پێست بە گۆشەی 10 واتە لە چینی یەکەمی پێست دەدرێ بۆ پشکنینی هەستیاری بەکاردێ.

جا ئێمە یەکەم جار تاقیمان کردەوە لەسەر یەکتری ئاومان کردە نێو سرنجەکە لە دەستی یەکتریمان دا ، جا ئیتر گەنجیە زۆر بە کارێکی گەورە تێگەیشتبووم بە ترسە ترس دەرزیم لێدا و لە دەرزی دەترسام .

ئینجا دەرزی iv ئەوەش بە ڕێگەی کانولەوە لە دەمار دەدرێ ، دەرزی im ئەوەش دەرزی ژێر پێست بە گۆشەی 90 واتە لە چینی سێیەمی پێست دەدرێ ، دەرزی sc ئەوەش ژێر پێست بەڵام بەگۆشەی 45 لەچینی دووەمی پێست دەدرێ

ڕۆژانە بەم شێوەیە موحازەرەم وەردەگرت و دەهاتمەوە بۆ بەشی ناوخۆ نزیکەی کاتژمێرێک بۆ دووکاتژمێر خەریکی

خوێندن دەبووم ، چونکە دەمووت هەر ماندوو دەبم با بە خولی یەکەم دەربچم بۆ بکەومە خولی دووەم ؟

(بوو بەشەڕە ئاو)

شەوێکیان لەبەشی ناوخۆ لە ژووری خۆم بووم لەناکاو بوو بە دەنگە دەنگ هاتمە دەر لە ڕێڕەوەکە قوتابیەکانی قۆناغە دووەکانی بەشی ناوخۆ بۆ خۆشی و گاڵتە شەڕە ئاویان بوو بە بوتلی ئاو و مەنجەڵ و ئەو شتانە ئاویان بەیەکتری دادەکرد تا جل و بەرگی یەکتریان بەتەواوی تەڕکرد .

ژیانی بەشە ناوخۆیی خۆشی و ناخۆشی تێدایە ، بە تایبەتی بۆ کەسێکی هارو هاج بێ و حەزی لە گاڵتە و گەپ بێ زۆر خۆشە.

(لەگەرماوەکە هەرچی هەبوایە بەسەرسەریان دادەکرد)

شەوێکان لە ژوور هاتمە دەر لە ڕێڕەوی بەشی ناوخۆ بینیم قوتابی نهۆمەکانی سەرەوە هەمووی هاتونەتە خوار و قەرەباڵغە و چیە ؟ !دەڵێن خۆشووشتنە.

چونکە ئەو بەشە ناوخۆییەی ئێمە پێنج نهۆمی بوو جا هەفتەی جارێک ئاو گەرم دەکرا بۆ خۆشووشتن ، ئەو شەوەی ئاو گەرم دەکرا لەبەر نهۆمەکانی خوارەوە ئەوانەی سەرێ ئاویان باش گەرم نەدەبوو .

ناچار دەهاتنە نهۆمەکانی خوارەوە بۆ خۆشووشتن ، ئینجا خودا خێربکات ، نهۆمەکانی خوارەوە قەرەباڵغ دەبوو دەبێ بە نۆرە خۆیان بشووشتبا.

جا ئەو داماوەی دەچووە ژوور خۆی بشووشتبا سەری دەرگای حەمامەکە کراوە بوو ، لەسەری دەرگاکەوە زاهی و ئاو و هەرچی هەبوایە بەسەر سەریان دادەکرد .

کارێکی چاکیان کردووە کە خۆیان شووشتوە لەوێ هەبووە هەزار بووە و هەموو هەفتەیەک هاتوچۆی پێنەکراوە .

بۆیەش دەڵێن : گورگ نەبی گورگ دەتخوات ، بۆیە دەبێ بڵێین گورگ نەبی لەگەڵ گورگان گورگ دەتخوات ، لەم شوێنانە وەکو دەڵێن دەبێ زیندوو بی بۆ حەق و مافی خۆت ، بە شەرمە شەرم مافی خۆت لە دەست دەدەی.

(تەمبەڵی لەبەشی ناوخۆ)

بەشی ناوخۆ شوێنێکی وا نیە وەکو ئەوەی بچیتە مێوانداری و ڕێزت بگرن و شەرمت لێ بکەن نەخێر شتی وا نیە ، بۆ نمونە لە ژوورەوە بڵێی دەی من قاپ و قاچاغەکە دەشۆم ناڵێن نا نا نابێ عەیبە بەڵکو یەکسەر پێت دەشۆن ، یانی نابێ چاوەڕێی ئەوە بکەی تا بڵێن نابێ بشۆی ، بەڵکو لێیان خۆشدێ.

بۆیە زۆرجار لە ژوورەکان دەبووە شەڕ لەسەر چێشت لێنان و قاپ شووشتن ، ژوور هەبوو کەسی وای تێدابوو تا کۆتایی ساڵیش هەر دەیووت خشتەیەک دادەنێین بە نۆرە قاپ دەشۆین بەڵام هەر نەیاندەتوانی جێبەجێی بکەن.

لە دەوام دەهاتنەوە بە سکی برسی گەر لە دەرەوە لەفەیەکیان بخواردبا ، ئیتر تا ئێوارە دەخەوتن و پاشانیش کاتژمێر هەشت و نۆی شەو دەیانووت زۆر برسیمانە چی بکەین و چی نەکەین ، یەک لەیەک تەمبەڵتر ئینجا هەتا خێرخوازێک بەخێری خۆی خۆی دەکردە خۆبەخش و برنجێکی بۆیان لێدەنا و پاشانیش دوای نان خواردن کەس

ئامادە نەبوو قاپ و قاچاغەکە بشوا تا ڕۆژی دواتر هەموو چێشتەکە بە قاپەکەوە دەنوسا.

(پێنج شەممە جەژنم بوو و شەممەش تازیەم بوو)

ئینجا هەموو هەفتە چاوەڕێی ڕۆژی پێنج شەممە بووم و ببێتە پێنج شەم بچمەوە جا ماشاء اللّٰه ڕۆژی پێنج شەممان بە تایبەتی ئێوارەکە و پاشانیش شەوەکەی واتە شەوی هەینی زۆر خۆش و بەرەکەتدارە ، پێنج شەم دەچوومەوە زۆر خۆش بوو.

بەڵام کە دەگەیشتەوە ڕۆژی هەینی ئێوارەکەو پاشانیش شەوەکەی شەوی شەممە دڵەڕاوکێ و دڵ توند دەبووم ، هەروەکو ئێستاش بەم شێوەیەم ، ئەو کاتیش ئەو شەوەی لەماڵ دەخەوتم کە بەیانیەکەی دەوام بوو .

زۆرجار لە خەویش خەونی ناخۆشم دەبینی ، چونکە مرۆڤ گەر زۆر بیربکاتەوە ترس و دڵەڕاوکێی زۆربێ خەوی ناخۆشیشی زۆر دەبێ ، جا ڕۆژی یەک شەممان دەوام بوو بەیانیەکەی زوو بەڕێ دەکەوتم و پێش کاتی دەوام دەگەیشتمەوە بەشی ناوخۆ .

(ئارەزووی ڕەگەزی بەرامبەر)

وەکو ڕۆژان دەچووینەوە دەوام ، بێگومان کوڕ و کچ کە تێکەڵ بوون ڕۆژ بە ڕۆژ شەرمیان لەیەکتری کەمتر دەبێتەوە ، جا دەچووینە هۆڵ کچ دانیشتبوون ئێمەش ئیتر گەنج و لەخۆ ڕازی بووین و بەناز و ڕیابازی و خۆ ڕازاندنەوە دەچووینە ژوور ، بێگومان گەنجیش گەر چەند خراپ و تورە بێ بەرامبەر ڕەگەزی بەرامبەر نەرم و ڕوخۆش و ئارام دەبێ ، ئەوەش زۆرجار دەبێتە ماڵ کاولکردنی ژیانی گەنجان .

کوڕ کاتێ کچێک دەبینێ لە دەرەوە یاخود کچێک کە کوڕێک دەبینێ لەدەرەوە و دەوام ، بە شێوازێکی زۆر جیاوازتر دەیبینێ لەوەی کە کاتێک دەبێتە هاوسەری ، چونکە ئەو گەنجە داماوە لە پەیمانگا و زانکۆ تەنها لە ڕوی ئارەزووبازی نەفسەوە بە جل و بەرگێکی جوان و ڕێک و پێک و قسەخۆش و نەرم و نیانەوە دەیبینێ ، بیریش لە بەرپرسیارەتی ناکاتەوە .

شەیتانیش ڕۆڵێکی جوان دەبینێ و وێنەی لە خەیاڵی دەڕازێنێتەوە و جوان پێشانی دەدا ، بەڵام گەر هەمان ئەو کەسە ببێتە هاوسەری بەو شێوەیە نایبینێ ، بەڵکو

دەکرێ ئەو کات بیر لە خیانەتیش بکاتەوە ، چونکە کە دەبێتە هاوسەری نەخۆشی و گریان و فرمێسکی دەبینێ و هەموو ڕۆژێ بە جل و بەرگی جوان نایبینێ ، قسە ڕەق و تورەییەکانیشی دەبینێ ، بەڵێ ئەو کاتەی بەرپرسیارەتی دەکەوێتە ئەستۆی ئینجا جاری وا هەیە دەڵێ بۆچی هاوسەرگیریم کرد خۆ سینگلی زۆر خۆشتر بوو!

(نەزەری حەڕام)

جا گەنجی داماو خوێن گەرمە لەخۆڕازییە ، ئارەزووی زۆرە نەزەری حەڕام زۆر دەکات دەڵێ چاوی خۆمی پێ شەحن دەکەمەوە ، تا بەشێوەیەک دەگاتە ئەو ئاستەی ئالوودەی ڕەگەزی بەرامبەر دەبێ و بەردەوام دڵی نالە ناڵ دەکات.

گەنج کە نەزەری کچ دەکات
ئارەزوو بۆی هێرش دەکات
کە ناتوانێش بە کچە بگات
بەردەوام دڵی نالە ناڵ دەکات

نەخۆشیە پیسەکەی گەنجان نەخۆشی (عیشق و ئالوودەبوون بە ڕەگەزی بەرامبەر) هەر لێرەوە لەو نەزەرە دەست پێدەکات.

بۆیە **خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە دەفەرمووێ : قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ) النور ٣٠**

ئەی پێغەمبەر ﷺ بە پیاوانی ئیماندار بڵێ :چاویان بپارێزن (لەسەرنجدانی ئافرەتانی نامەحرەم)هەروەها نامووس و عەورەتی خۆیان لە حەرام بپارێزن ، بێگومان ئەوە پاکترو پوختترە بۆیان (بۆ دڵ و دەروون و ڕواڵەت و ڕۆح و لاشەیان)بەڕاستی خوا ئاگادارە بەو هەڵس و کەوت و ڕەفتارانەی کە دەیکەن.

بەڵێ ئەوە چاکترین و جوانترین ئامۆژگارییە بۆ هەموومان پێش ئەوەی بکەوینە نێو ئەو نەخۆشیە پیسەی عیشقەوە

بەڵێ نەزەر لەگوناهە بچوکەکانە ، **ئیمامی غەزالی : دەفەرمووێ : نەزەر گەورەترینی گوناهە بچوکەکانە** .

گەنجی ئازیز هەرگیز ئەو نەزەرە بە کەم مەزانە خۆ گەر بڵێی نەزەر بە ئاوی دەستنوێژ دەڕوا ، بەڵام دڵنیابە کاریگەری نەزەرەکە دەمێنێ ، چەندەها گەنج هەبوونە بە تاکە نەزەرێک تووشی نەخۆشی عیشق بوونە ، سەرەتا بەیەک نەزەر دەستیان پێکردووە تا بووەتە دوو و سێ و

چوار و تا هەموو ژیانیان بووە بەو ، پاشان ئالوودەبوون و هۆگربوون و پاشان عیشق و لەبیرنەکردن.

ئەو عیشقەش ژیانی گەنج تاڵ دەکات خۆشی لێ ناهێڵێ کاتێ لەلای ئەوە ئارامە ، لێی دوربێ دڵی وێرانە ، خواردن و خواردنەوە و هەناسەی دەبێتە ئەو کەسەیە ، بەردەوام لە دووری ئەو ناڵە ناڵ و گریانە.

(ئەو گەنجەی بەردەوام ناڵە ناڵی بوو)

گەنجێک هەبوو هەموو جار نامەی لە ڕێگەی چاتەوە بۆ دەناردم بەردەوام دەیووت : غەمگینم وەڕس و بێزارم ، پێم ووت چیت هەیە ، هۆکارەکە چیە ؟

ووتی : من کەسێکم ڕوخاوم و کەس هاوسەرگیریم لەگەڵ ناکات ، لەهەمان کاتیش لەڕێگەی چاتەوە لەگەڵ چوار کچ پەیوەندی ئارەزووبازیانەی هەبوو و قسەی لەگەڵیان دەکرد ، بەقسەکردن لەگەڵیان ئارام دەبوو ، بەڵام کاتەکانی تریش کە دووربوو لێیان وێران دەبوو .

بەڵێ بێگومان دڵێک پڕبێ لە نەخۆشی عیشق هەر ئەوە حاڵی دەبێ ، وەکو کەسێکە دەرمان و ماددەی هۆشبەر بخوات و پاشانیش ئالوودەی ماددەکە بێ ، جا بۆ کاتێکی کەم وازبێنێ نەخوات بەرگە نەگرێ و سەری ژان بکات ،

بەم شێوەیە ئەو گەنجەی عاشق دەبێ ئەوها زۆر ماددەی هۆشبەری عیشقی خواردووە تا وای لێهاتووە سەرخۆش بووە بە مەعشوقی.

ئینجا گەنجیش هەیە هەر لەسەرەتاوە هاوڕێیە شەیتانەکان فێری دەکەن کە چوو بۆ زانکۆ و پەیمانگا دەبێ لە دوای ڕەگەزی بەرامبەر بێ و یەکێ بۆخۆی بدۆزێتەوە ، هەشە بەوە ناوەستێ بەڵکو تەنها بۆ ڕابواردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر دەبێ.

(ئەو گەنجەی ووتی ژیانی زانکۆ خۆشترین ژیانە)

جارێکیان لەگەڵ تەکسیەک هاتمەوە ، شوفێری تەکسیەکە باسی دەکرد کە قوتابی زانکۆ بوو ، دەیووت : ژیانی زانکۆ خۆشترین ژیانە هەر هەفتە و لەگەڵ کچێک ڕادەبوێرم ، ووتی : ئەم هەفتەش لەگەڵ کچێک بووم و وازم لێیهێنا .

هەفتەی داهاتوو کچێکی تر دەدۆزمەوە ، ئەم جۆرە کەسانە بەدوای ئارەزووی نەفسیان کەوتوون ، نازانن کە ئارەزوو مرۆڤ بەرەو خراپە و بێ دینی دەبات ، هەروەها ئارەزووبازی باجەکەی قورسە.

(شەیتان فێڵبازە و چەواشەکاری دەکات و بە هەنگاو بۆت دێ)

شەیتان زۆر فێڵبازە بە هەنگاو بۆت دێ ، یان چەواشەکاری دەکات هەروەکو چەواشەکاری کرد بۆ باوکمان ئادەم و حەوا

(فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطَانُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُورِيَ عَنْهُمَا مِن سَوْآتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَـٰذِهِ الشَّجَرَةِ إِلَّا أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ) الأعراف ٢٠

شەیتان (ئەو سنوورەی بۆ ئادەم و حەوا بەفرسەت زانی) و ئینجا کەوتە فڕێدانی وەسوەسەو خەتەرە و خەیاڵ بۆ ناو دڵ و دەروونیان تا ئەو عەیب و عارەیان دەربخات کە شاراوەبوو لێیان (دوایی خۆی ئاشکراکرد)و پێی وتن : پەروەردگارتان ئەم درەختەی لێ قەدەغە نەکردوون تەنها لەبەر ئەوەیە نەوەکو ببنە فریشتە، یاخود بۆ ئەوەیە نەوەکو لە نەمران بن!!پاشان سیفەتی شەیتانی جن و شەیتانی مرۆڤیش وایە خۆی بە چاک پێشان دەدا و سوێند دەخوا ، تۆش بە خراپ پێشان دەدا و ناچار و شەرمەزارت دەکات کارەکەت پێدەکات.

(وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ) الأعراف ٢١
(ئەوسا شەیتان زانی دەترسن و دوودڵن)سوێندی بۆ خواردن کە من بەڕاستی لە ئامۆژگارانم بۆ ئێوەو دڵسۆزتانم!!

شەیتانی مرۆڤەکانیش بەهەمان شێوە هەن ، جا بزانە شەیتان سیفەتە ، هەرکەسێ چ مرۆڤ بێ یان جن گومڕاکەر بێ و خەڵک لەڕێگەی خواناسی لابدات دەبێتە شەیتان.

(هۆگربوونم بە گەنجێکەوە)

شەیتان هەڵیخەڵەتاندم لەڕێگەی عیشق و ئارەزووی کچانەوە بۆم نەهات بەڵکو لەڕێگەی ئارەزووی ترەوە بۆم هات ، یەکێک لەگەنجەکان کە لەبەشی خۆمان لە هەمان هۆڵ و گرووپی خۆم بوو ، ڕۆژانە پێکەوەبووین و بەردەوام دڵم لەسەری بوو.

ئەو کاتیش هەر وام دەزانی خۆشویستن چەندە زیاتربێ باشترە ، بەڵام لەڕاستیدا هەمووی ئارەزووی نەفسم بوو وای لێکردم کە زۆر یادی بکەمەوە و لەدڵی خۆم بە چاوێکی گەورەوە سەیری بکەم.

ئینجا ڕۆژ بە ڕۆژ هۆگری و ئاڵوودەبونم زیاتر بوو پێی ، تا وای لێهات پێویستی دەکرد لەهەموو کارو کردارەکانی ئاگادارِبم .

هەروەها لێکۆلینەوەم لەسەر هەموو شتێکی ئەو دەکرد ، هەر تەنها لەسەر ئەوەندەش نەوەستام ، بەڵکو لێکۆلینەوەم لەسەر خزمەکانیشی دەکرد ، کە چ کارەن و چی دەکەن و چی ناکەن ، تا لەڕێگەی فەیس بووکەوە بەشێکی زۆری خزمەکانیم ناسی.

(هۆگربوون و ئاڵوودەبوون)

مرۆڤ کە چاوی بە کەسایەتی و زمان و ڕوی نوێ دەکەوێت ئەگەری زیاتر دەبێ بۆ هۆگربوون.

بۆیە لەشەریعەت دەفەرمووێ : سونەتە کچی دوور بخوازی واتە خزمی نزیک نەبێ یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە کچی نوێ زیاتر کاریگەری دروست دەکات لە ڕوی ئارەزووەوە ، ئەها دەبینی هەیە دەڵێ فلان ئامۆزایەم وەکو خوشکم لێهاتووە لە منالیەوە تا وەکو ئێستا هەر بەیەکەوە بووینە ئێستا من ناتوانم بیخوازم.

بەو شێوەیە گەنج کە دەچێتە پەیمانگا یان زانکۆ کەسایەتی نوێ دەبینێ زمان و زاراوەی جیاواز و ڕوی

جیاواز ، پێشتر هەر لە شوێنی خۆیان بەیەک زاراوە قسەیان کردووە و هەر دەوروبەری خۆی دیوە .

ئێستا بە زاراوەی جیاواز هەست بەخۆشی دەکات دەڵێ ماشاء اللّٰه ئەوانە زاراوە و قسەیان خۆشە ، یان چاکن یان ڕەگەزی بەرامبەریان بە جوانی دەبینێ.

مرۆڤ هەر وایە کاتێ لە شوێنێک زۆر دەژی وای لێدێ تام و چێژ لە شوێنەکە وەرناگرێ ، هەروەکو کاتێ بەهار دێ بۆ گەشت و سەیران حەزدەکەن بچنە شوێنێکی تر و جیاوازتر کە پێشتر نەیانبینیوە هەرچەندە شوێنی خۆیان خۆشیش بێ ، چونکە وەڕس بوونە لەو شوێنەی تێیدانە.

لە ڕوی دەروونیشەوە گۆڕانکاری شوێن و بارودۆخی ژیانت خۆشی و بەختەوەریت بۆ دێنێ ، بەڵام هەموو ڕۆژ لەیەک شوێن و بە یەک بەرنامەی دووبارەوەبوو ژیان کردن دڵتەنگی دروست دەکات لێرەوە دەڵێم:

گەر داوای ئامۆژگاریم لێدەکەی
جگە لە اللّٰه دڵت هۆگری کەس نەکەی

ئەی ئەو گەنجەی هێشتا هۆگر نەبوویت ، تکایە ئامۆژگاری پەروەردگار وەربگرە کە پێمان دەفەرمووێ : چاوتان بگرن لە نەزەری حەڕام.

هەروەها هەر کەسێ یاخود هەر شتێ دەزانی دڵت بۆی دەچێ زیاد لە جارێک و دوو و سێ ، تکایە پارێز بکە پێش ئەوەی ناچاری پارێز کردن بی.

گەر زانیت ئارەزووی نەفست یەکێکی دەوێ ، هەوڵدە هەر لەسەرەتاوە خۆی لێ بەدوور بگرە وەکو ڕۆژووگرتن ، واتە سڵاوی لێبکە و قسەشی لەگەڵ بکە .

بەڵام هەرگیز ڕێگە مەدە بەردەوام پەیوەندی پێوە بکەیت و قسەی لەگەڵ بکەی ، بەڵکو ڕێگەش بدە با ئەویش پەیوەندی بکات و لەسنوریش مەبەزێنە ، ناشکرێ ژیانت هەمووی ببێتە ئەو کەسەیە.

هەرچی دڵ ئاڵوودە دەبێ پێی

خۆت بە دوور بگرە لێی

هەرچی هات و دڵت واڵا کرد بۆی

لەدووری ئەو دڵت دەشکێ پێی

دڵ وەکو وڵاتێک چۆن وڵات سنورێکی هەیە ، دڵیش دەبێ ئەوها سنورێکی هەبێ و پاسەوان دابنێی ڕێگە نەدەی هەر کەسێ هات و دەرگای بۆ بکەیتەوە .

بۆ نمونە کەسێکی خۆشەویست دێ خۆی دەکاتە شەکر نابێ بە ئاسانی دەرگای لێبکەیتەوە دواتر ئەو شەکرەیە تووشی شەکرەت دەکات و وڵاتەکەت وێران دەکات.

(بووم بە گاڵتەجار)

گەنجێک هەبوو لەبەشی ناوخۆ ، ژووریان لە تەنیشت ژوورمان بوو ، من بەخۆم وەڕس و بێزار بووم و خۆمیش بەشێوەیەکی وا پێشاندابوو کە بتوانن گاڵتەم پێبکەن ، ئەم کوڕەیە وا دیارە سووتابوو بۆ ژن ، هەر دەهاتە ژوور و دەپاڕاوە و دەیووت ژنم دەوێ ! دوعام بۆ بکە ژن بێنم ! بەردەوام ئەوە قسەی بوو ، منیشی زۆرجار تووڕە دەکرد.

ئەوەش هۆکارەکەی خۆم بوو کە ئەو بەو شێوەیە گاڵتەی پێ دەکردم ، چونکە مرۆڤ کاتێ دەگاتە مرۆڤێک کە نایناسێ پەردەیەکی شەرم هەیە لە نێوان ئەو و خۆی ، جا بە چ شێوەیەک خۆی پێشانی بدات ئەویش بەو شێوەیە لەگەڵی دەبێ ، بۆ نمونە گەر بە گاڵتە و سوعبەت و پێکەنین خۆت دەربخەی خەڵکیش بەو شێوەیە بە گاڵتەوە قسەت لەگەڵ دەکەن ، بەڵام گەر کەسایەتی خۆت بپارێزی و زۆر گاڵتە نەکەیت خەڵکیش شەرمت لێ دەکەن.

بۆیە ئیمامی عومەر دەفەرمووێ : **من كثر ضحكه قلت هيبته ، ومن مزح استخف به ، ومن أكثر من شيء عرف به .**

ئەوەی زۆر پێبکەنێ هەیبەت و شکۆی کەم دەبێ ، ئەوەی گاڵتە زۆربکات پێی سووک دەبێ ، کەسێک زۆر بەشتێ بگرێ بەو شت دەناسرێ.

هۆکارێکی تریش ئەوەبوو هەڵەی خۆم بوو خاڵی لاوازی خۆمم دەرخستبوو ، ئەوەش وای کردبوو ئەوەی گاڵتەچی بوایە لە ڕێگەی خاڵە لاوازیەکەوە توڕەم بکات.

هەڵەیەکی تریش ئەوە بوو توڕە دەبووم و بە گەورە وەرم دەگرت ، خۆ گەر هەر گاڵتەیەکیان بکردبا بەسادەیی وەرمبگرتبا و گوێم پێنەدابا توڕە نەبام ئەوانیش ناچار بێدەنگ دەبوون ، بۆیە زۆرجار دەبینین کەسێکی شێت یان کەمێ ئەقڵی ناتەواوە ، کاتێ ئەم خەڵکە گاڵتەچیە توڕەی دەکەن ، ئەو چەندە توڕە بێ ئەو گاڵتەچیانە زیاتر چێژی پێ وەردەگرن و گاڵتەی پێدەکەن.

کەواتە کەسێکی نوێ لە هەر شوێنێ کە پێی دەگەی پێویستە سەرەتا خۆتی بۆ دەرنەخەی ، بیخوێنیتەوە و بزانی کەسایەتی چۆنە ئایا گاڵتەچیە یان نا ، چونکە گەر

گاڵتەچی بێ و پەردەی شەرمیش لابدەیت و خۆتی بۆ بکەیتەوە ئینجا لە ڕێگەی خاڵە لاوازەکانت تورەت دەکات.

(دڵ و ژیانم لەگەڵ ئەو گەنجەی هۆگری بووم)

شەوێکیان لە کافتریای بەشی ناوخۆ قەرەباڵغە و هەمووی لە بەردەم تەلەفیزیۆنەوە دانیشتوون و سەیری یاری تۆپی پێیان دەکرد ، ئەم گەنجەش دانیشتبوو لایەنگری یانەیەکی تۆپی پێ بوو ، جا منیش خۆم ڕقم لە تۆپی پێ بوو و لایەنگری هیچ یانەیەک نەبووم ، پێمیش ناخۆش بوو ئەو گەنجەیە کە خۆشم دەوێ لایەنگری یانەیەک بکات ، دوعام لە تیپەکە کرد الحمدللە دۆڕان.

بەداخەوە بۆ بەشێکی گەنجەکانمان کە خۆشەویست و دڵ و گیانیان بووە بە یاریزانی بێباوەڕ ، لاسایی یاریزانەکان دەکەنەوە ڕوخسار و شێوەو قژیان وەکو ئەوان لێدەکەن.

ئەوەندەی ناوی یاریزانەکانیان لەبەرە ئەوەندە ناوی هاوەڵانی پێغەمبەریان ﷺ لەبەر نیە ، گەنجم بیستووە لەخەونیش ئەو یاریزانە بێباوەڕانەی بینیوە چونکە بەردەوام بیر و هۆشی لەسەریانە.

هەشە شەڕ دەکات لەپێناو ئەو یاریزانە بێباوەڕانە ، ئەوان دەیبەنەوە پارە و ماڵ و سامان بۆ ئەوان و ئەویش لێرە لەسەری شەڕ دەکات و لەبرای موسڵمانی خۆی دەدا.

ئیماندار دەبێ خۆشەویستی بۆ خودا و پێغەمبەر ﷺ و ئیمانداران هەبێ نەک بۆ بێباوەڕان ، بەڵێ وەرزش زۆر کارێکی جوانە ، بەڵام بەشێوەیەکی شەرعی و دوور لەکاری بێ شەرعی.

جا ئەم گەنجەی هۆگری بووم ، هەستم پێدەکرد لە دوعا و ئەو شتانە باوەڕی بە من هەبوو ، هەرکەسێکیش زۆر باوەڕ و متمانەی پێت بێ سبحان الله لەگەڵ ئەو کارەکانت بە ئەرێی دەڕوا ، دەبینی کاتێ نەخۆشێک باوەڕی بە دکتۆرێک هەیە بە چارەسەری ئەو دکتۆرە خوای گەورە شیفای بۆ دەنێرێ یان بە لایەنی دەروونی پێی ئارام دەبێ.

یان کاتێ ووتارێک ، سیمینارێک پێشکەش دەکەی ئەو گوێگرانە چەندە دڵیان ڕاستتر بێ و چەندە باوەڕیان زیاتر پێت بێ ئەوەندە باشتر و جوانتر قسەت بۆ دێ.

ڕۆژێکیان کە سەرەتای هەفتە بوو تازە لە ماڵەوە هاتبوومەوە دەوام ، ئەو گەنجەی هۆگری ببوم ووتی : ئەمڕۆ ئۆتۆمبێلم هێناوە سوویچی پێشانم دا .

دوای ئەوەی چووینەوە بۆ بەشی ناوخۆ ، لەبەشی ناوخۆ زۆرجار کاتی عەسرەکان دەهاتینە دەرەوە پیاسەمان دەکرد ، جا هاتمە دەرەوە ئەو گەنجەی هۆگری بووم لەگەڵم بوو ڕۆیشتین تا گەیشتینە شوێنی ڕاگرتنی ئۆتومبێلەکان.

ووتم : ئەوە ئۆتۆمبێلتانە زۆر لەلای سەیر بوو ! ووتی : چۆن زانیت خۆ تۆ ئەو ئۆتۆمبێلەت لە لام نەدیوە پێشتر ، دەیووت تۆ جنت هەیە منیش پێدەکەنیم بەو قسانە!

بەڵام من پێشتر لە وێنەیەک کە لەلای خۆی بوو ئەو ئۆتۆمێلەم بینیبوو لەڕێگەی ئەو وێنەوە هەستم کرد و زانیم ، زۆرجار زانینی هەندێ شت بە شتی تر دەبێ لە زانستی مەنتیق بابەتێک هەیە ناوی قیاسە ، قیاسی شتێک دەکەیتە سەر شتێکی تر ، شتێکی نوێت بۆ دەردەکەوێ بۆ نمونە دەڵێین : محمد برای أحمدە ، أحمدیش برای إبراهیمە.

لێرە زانیاریەکی نوێ دروست دەبێ ئەویش ئەوەیە دەبێ بڵێین کەواتە محمدیش برای إبراهیمە.

(لەیل و مەجنونەکانی پەیمانگا)

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە دەوام لەیل و مەجنونمان لێ بە دەردەکەوتن.

گەنجێکم بینی هەر لە سەرەتای دەوامەوە کچێکی خۆشویست و دواجار هەر لە پەیمانگا خواستی و بوو بە هاوسەری.

زۆرجوانە کاتێ گەنجێک نیازی ژن هێنانە ، کچێکی دیندار و بە ڕەوشت و جوان دەبینێ ، بەشێوازێکی شەرعی خوازبێنی دەکات ، جوانتریش ئەوەیە لەڕێگەی کەسێکی گەورەوە داوای بکات ، جا گەر بە پیاوانەو ڕێک و پێکی لەگەڵ دایک و باوکی بچنە ماڵی کچە جوانتردەبێ ، بە شەرعیش دروستە بۆ ئەو کەسەی نیازی خواستنی کچێکە زیاد لەجارێک و دووجار سەیری کچەکە بکات تا دڵی لەسەر بوەستێ .

بەڵام مانەوە لەگەڵ کچێک بەشێوەیەکی عاشقایەتی و ئارەزووبازی بە هیچ شێوەیەک باش نیە ، تەنها ڕیسوایی و دڵ شکان و لۆمەی بە دوا دادێ.

کوڕ و کچێکی تریشم دەبینی زۆرجار پێکەوە بوون ، دواجار دوای پەیمانگا بۆم دەرکەوت ئەوان هاوسەرگیریان

پێکەوە نەکرد ، بەڵکو کچەکە هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێکی تر کرد.

ڕۆژێکیان لە پەیمانگا قوتابیەکان باسی کچێکیان کرد کە دوو کوڕ عاشقی بوونە ، هەردوو کوڕەکە لەسەر کچەکە لەگەڵ یەکتری بەشەڕ هاتن ، عاشقبوون بە ڕەگەزی بەرامبەر بەردەوام ڕیسوایی بەدوا دادێ.

(ئەو گەنجەی هۆگری بووم ، بوو بە عاشق و مەعشوق)

لەیل و مەجونێکی لە هەموان گەورەترم کە دەبینی ، ئەویش ئەو گەنجەی کە هۆگری بووم ، عاشقی کچێک ببو و کچەکەش عاشقی ئەو بوو ، جا ئەم گەنجە دڵی زۆریانی ڕاکێشابوو بۆخۆی ، سەرەڕای ئەوەش ئەم گەنجەیە گرینگی بە خوێندنی دەدا ، بۆ ئەوەی لە یەکەمەکانی بەشەکەی خۆی بێ ، زۆرجاریش قوتابیەکان پرسیاریان لێی دەکرد .

کچەکانیش پرسیاریان لێی دەکرد ، جا ئەوەی من دەمزانی ئەو کچەی عاشقی بوو بە ئاشکرا غیرەی دەکرد پێی ناخۆش بوو کە دەیبینی ئەو کچانە لەلای ئەو گەنجە ڕادەوەستن و پرسیاری لێدەکەن.

بێگومان عاشقاتی هەر وایە کاتێ عاشقی یەکێکی بە تۆ بێ هەموو کات ئەو مەعشوقەیە بۆتۆبێ و لەلای تۆبێ ، حەزیش دەکەی ئەو مەعشوقە لە هەمووان زیاتر هۆگری تۆ بێ و دڵی خۆی بداتە تۆ ، نەیداتە کەسێکی تر .

زۆر ناخۆشە ببیتە خاک و خۆڵ بۆ مەعشوق ئەویش ئاوڕت لێ نەداتەوە.

داستانی ئەو گەنجەیە لە قۆناغی یەکەمی پەیمانگا دەستی پێکرد لەگەڵ ئەم کچەیە ، بەردەوام پەیوەندی ڕاستەوخۆ و چاتیان پێکەوە هەبوو ، بەشێوەیەک دەتوانم بڵێم ئاگاداری تەواوی نهێنی یەکتری بوون .

(گەنج شێتە)

منالی و نەزانی
گەنجی و شێتی
پیری و نەخۆشی

بەڵێ گەنج شێتە ، خوێن گەرمە ، هەر ڕێگەو ڕێبازێک بگرێ لەسنور دەردەچێ ، چونکە مرۆڤ کە باڵغ دەبێ ئارەزوو و شەهوەتی زۆردەبێ بەشێوەیەک ئارەزووی زاڵتر دەبێ لەسەر ئەقڵی زۆر کاری شێتانە دەکات .

گەنج لە خۆڕازییە و ئامۆژگاری گەورەکان وەرناگرێ ، بەڵکو گاڵتەش بە گەورەکان دەکات کاتێ ئامۆژگاری دەکەن

تەمەنی هەرزەکاریم وەکو ئەو گایە دێتە پێش چاو کاتێ پەڕۆی سووری پێشان دەدەن هاری دەکەن و بەناو هەمووان دەکەوێ بە قۆچەکانی هێرش دەکاتە سەر خەڵک .

هەرزەکاریش بەم شێوەیە ئارەزوو بۆی هێرش دەکات ، پێویستە دایک و باوک زۆر زۆر ئاگاداری بن ، چونکە زۆربەی لەم تەمەنەیە فێری کاری بێ ڕەوشتی و خراپە دەبن ، گەر لەم تەمەنە لەسەر نەفسی زاڵ بێ ، قۆناغەکانی دوای ئەمە کە دەبێتە ٢٥ ساڵ و زیاتر ئەو کات ئارەزووی کەمتر دەبێتەوە و بە ئاسانی دەتوانێ لەسەر نەفسی زاڵ بێ.

ئینجا هەرزەکار کاتێ کە گەورە دەبێ هێواش هێواش کە ئەقڵ دێتەوە سەری ئینجا دەڵێ ئەها سەد ڕەحمەت لە فلان دەیووت وامەکە ، ئینجا پەشیمان دەبێتەوە دەڵێ تازە دەزانم لەگەڵ چی بوو ، لۆمەی خۆی دەکات بۆچی وام دەکرد ، ئینجا هەست بە شەرمەزاری تەمەنی هەرزەکاری خۆی دەکات.

(نەخۆشی عیشق)

یەکێک لە نەخۆشە باوەکانی تەمەنی گەنجی و لاوی عیشقە ، بێگومان نەخۆشیە چونکە کە گەنج دەکەوێتە نێو داوی عیشقەوە شێت و مەست دەبێ .

گوێ ناداتە هیچ شتێ لە پێناو مەعشوقی ئامادەیە هەموو کارێک ئەنجام بدات ، ئامادەیە بچێتە نێو ئاگر ، برسی بێ ، نەخۆش بکەوێ ، بکەوێتە ناو هەرچی ناخۆشی و ئازارێکەوە .

تەنانەت ئامادەیە دەستبەرداری هەموو خانەوادەی بێ ، وا دەزانێ هەموو خۆشی ژیان لەو مەعشوقە کۆکرایەتەوە ، جا کوێریشە لە ئاست عەیبەکانی مەعشوق تەنها و تەنها لە ڕوی جوانی و باشیەوە دەیبینێ.

بە عاشق دەڵێن کاکە وەرە هەزاری لەم کچە جوانتر و باشتر هەیە دەڵێ نا ، من تەنها و تەنها ئەوە نەبێ نامەوێ.

ئا ئەوەیە نەخۆشیەکە ، تۆ لە هەشت ملیار کەس واتێبگەی تەنها ئەمە تاکە و نمونەی نیە ، هەرگیز وا نیە گەر ئەوەی تۆ عاشقیەتی چەندە جوان و باش بێ هەر لەو جوانتر و باشتر هەیە ، تۆ پێویستە دڵی خۆت بگەڕێنیتەوە سەر باری ئاسایی.

تۆ هەڵبژاردەیەکی هەڵەت هەڵبژاردووە ، تۆ پێت وایە ژیان و خۆشی و کامەرانیت هەڵبژاردووە ، بەڵام وا نیە گەر وایە بۆچی ئەوەندە ناڵە و ناڵ و گریانتە لە دووری ئەو .

ئەوە کەی ژیانە وەکو ئەو کەسەت لێهاتووە ڤایرۆسی کۆڕۆنای تووشبوبێ و ئۆکسجینی دابەزییێ و بەردەوام پێویستی بە ئۆکسجینی دەستکردبێ ، تۆش بەردەوام دەبێ ئەو مەعشوقە لەلات بێ و قسەت بۆ بکات ، لێت دووربکەوێتەوە دڵت تەنگ دەبێ.

(شێتاتی تەمەنی لاویم)

بێگومان منیش ئەو کاتە لە نێو تەمەنی هەرزەکاری بووم شێت و هار ببووم ، چونکە بێگومان لەم تەمەنە ئارەزوو زۆرە بۆیە مرۆڤ ناتوانێ بەسەر خۆی زاڵ بێ .

ئینجا کە گەیشتمە تەمەنی ٢٥ ساڵی ئەقڵم هێواش هێواش زیادی کرد ، ئەقڵم زاڵ بۆوە بە سەر ئارەزووەکانم ئینجا زانیم کە من پێشتر لەچ قۆناغێکی مەترسیدار و شێتانە بوومە ، ئێستا بیر لە کاری خۆم دەکەمەوە کە چۆن توانیومە لە تەمەنی هەرزەکاری ئەو کارە شێتانە بکەم.

لەقۆناغی یەکەمی پەیمانگا ئەوەندە دەزانم دڵم تووشی عیشق ببو جا بەخۆمیش نازانم چ جۆرە عیشقێک بوو ، هۆگری کوڕ ببوم ، لەلایەکی ترەوە خۆشەویستی خوا و پێغەمبەر ﷺ و زانایانی ئاینی و زانست و ئەو خۆشەویستیانەش هەمووی هەبوو لە دڵم.

فەیس بووکێکم دانابوو بە ناوێکی زانستی ، جا لە ڕێگەی ئەم فەیس بووکەوە هەموو شتێکم پۆست دەکرد ، ئاینی و زانستی وعیشق و دەردەدڵی هتد.

جا لەو کاتانە عیشق لێی دابووم ووتەی مەولانا جلالدین ی ڕۆمیم لەسەر عیشق زۆر پۆست دەکرد ئەو جۆرە ووتانە :

دەریانکەن لە دڵ ئەوانەی دەردن بۆ دڵ

دەردەدڵ لای کەسێک بکە هەم دەردی هەبێ هەم دڵ

لەگەڵ باش هەردەبێ باش بیت باش ئەوەیە لەگەڵ خراپ باشبیت

قسەی ئەهلی دونیا ئاگرە ئیبراهیمێکی دەوێ نەسوتێ.

بمرم بۆت ئەی دڵ شکانت چەندە بێدەنگە .

گومانی خراپت پێ نابا ئەوەی بە دڵ تۆی ناسی بێ نەک چاو.

زوو زوو حەماس دەیگرتم و گەرم دەبوم و پۆستم زۆر دەکرد هەرکەسێ قسەیەکی بکردبا بە دڵم بوایە ، یان ئازاری بدابام پۆستم لەسەری دەکرد ، خۆم پێنەدەگیرا ، قسەم زۆر دەکرد ، خۆم بە هەموو شتێک دەزانی ، هەر بەهۆی قسەی خۆمەوە خۆم تووشی کێشە و فیتنە دەکرد

لەهەمووی خراپتر قسەی سەیر و سەمەرەم دەکرد گەورەتر لەئاستی ئەقڵی خەڵک ، ئەوەش دەبوو بە مایەی ئاژاوە ، جا گەنجیش کە زانی بەقسەی پێدەکەنن ، چێژ پێی وەردەگرێ وەکو ئارەزووەکانی تری نەفس .

چونکە نەفسی مرۆڤ هەمیشە حەزی بە خۆدەرخستنە ، حەزی لێیە خەڵک هەموو بیناسن ، شەیدای بن ، رێزی بگرن ، هەموو خۆشیان بوێ ، حەزی لە ڕیابازییە ، بە تایبەتی عاشق بێ هەر حەزدەکات هەموو کارە چاک و جوانەکانی بۆ مەعشوقەکەی دەربخات .

بۆیە ئیمامی غەزالی دەفەرمووێ : ڕیا لە بەگەورە زانینی خەڵک دروست دەبێ .

عاشق بەچاوێکی گەورەوە سەیری مەعشوق دەکات هەر بۆیەش حەزی بە خۆدەرخستنە لەلای.

(جگەرە ناکێشی ژیانت فاشیلە)

هەر لەسەر ئەو بارودۆخەی کە پۆست و بڵاو کراوەم زۆر بوو ، جارێکیان لە بەشی ناوخۆ لە دەرەوە پیاسەم دەکرد یەکێک لە گەنجە سەردەمیەکان ووتی : جگەرە دەکێشی ؟ ووتم نەخێر ، ووتی ژیانت فاشیلە ، دوو سێ جار دڵنیام کردەوە کە بەڕاستە ژیانم فاشیلە ووتی : بەڵێ ، ووتم : ئەو قسەیەت پۆست دەکەم ووتی : پۆست بکە ، جا دواتر پۆستم کرد.

وەکو ئەو چیرۆکەی لێهات کە مەولانا دەگێڕێتەوە دەڵێ : نەحو زانێک و مەلە زانێک لە نێو کەشتیەک دابوون ، کابرای نەحو زان ئەوەی قواعدی عەرەبی دەزانی بە لەخۆباییەوە بە مەلەزانەکەی ووت : نەحو دەزانی ؟ ووتی نەخێر. نەحو زان ووتی : نیوەی تەمەنت بەفیڕۆ چووە.

دەمێک پێچوو ، شەپۆلێکی گەورە هات ، کابرای مەلەزان بە نەحو زانی ووت : مەلە دەزانی ؟ ووتی : نەخێر

مەلەزان پێی ووت : کەواتە تۆش هەموو تەمەنت بەفیڕۆچوو.

ئەوەش بەو جگەرە کێشانەی خۆی ژیانی منی پێ فاشیل بوو ، لەکاتێک جگەرە چەندەها زەرەرو زیانی تەندروستی هەیە ، لە ڕاپۆرتەکان هاتووە کە ساڵانە بە ملیۆنەها کەس بە هۆکاری جگەرەکێشان دەمرن.

سەرەڕای ئەوەش لە ڕوی دینەوە لۆمەی کراوە بەشێک لە زانایان بە حەڕامیان داناوە چونکە **خوای گەورە پێمان دەفەرمووێ : وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ (البقرة ١٩٥**
بەدەستی خۆتان ، خۆتان بەرەو تیاچوون مەبەن.

هەروەها **خوای گەورە دەفەرمووێ : يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ (البقرة ١٧٢**
ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ، بخۆن لەو ڕزق و ڕۆزیە چاك و باشانەی کە پێمان بەخشیوون.

بەشێکی تریش لە زانایان بە ناپەسندیان داناوە ، بەڵام ئەوانیش لەکاتێک دەفەرموون گەر بە ئاشکرا زیانێکی گەورەی بۆ تەندروستی کەسەکە نەبێ ، واتە گەر پزیشک بڵێ جگەرە بکێشی زیانی گەورەت پێدەگات ئەو کات نابێ بکێشێ.

هەروەها شتێکی تریش زانایان ئەو کاتی مەبەستیان پێ ئەو جگەرانە بوو کە تەنها توتن بوو ، ئەوەی ئێستا نیکۆتینی تێدایە ، کە ئەم ماددەیەش وا دەکات ئەو کەسەی کە جگەرە دەکێشێ ئالوودەی بێ و نەتوانێ دواتر وازی لێبێنێ

بەداخەوە زۆربەی ئەو کەسانەی فێری جگەرە و نێرگلە دەبن هەرزەرکار و گەنجەکانن ، ئەوەش هۆکارەکەی زۆرجار بەهۆی هاورێی خراپەوەیە ، لە لایەکی ترەوەش گەنجەکە لەخۆڕازییە و ئامۆژگاری گەورەکان وەرناگرێ ، خراپتریش ئەوەیە باوکەکان یان گەورەکان لەبەر چاوی منالەکان جگەرە و نێرگلە دەکێشن ، یاخود وێنەی لەگەڵ دەگرن و بڵاوی دەکەنەوە و شانازی پێوە دەکەن ، لەم ڕێگەیەوە خەڵکی تریش فێردەکەن.

جا بەڕێزم تازە کە تۆ فێربووی خۆ دەتوانی هەوڵبدەی منالٚ فێرنەکەی ، با کەسی تر لەتۆوە فێر نەبێ . هەروەها بۆتۆی ئازیزیش کە فێربووی پێت ناڵێم دەی بە جارێک جگەرە واز بێنە ، دەزانم زەحمەتە ئالوودەی بووی .

بەڵکو پێت دەڵێم هەر هەفتەی تەنها یەک دانەی کەم بکەوە نەک یەک پاکەت ، تا بەم شێوەیە وازی لێدەهێنی.

(ماڵ و ڕۆیشتن و ڕێبازت لەخەڵکی بشارەوە)

بەم شێوەیە ئەو فەیس بووکە مینبەری من بوو ، بەداخەوە مشتومڕ و گفتوگۆش زۆر ڕوی دەدا ، خراپتریش ئەوە بوو زۆر ڕا و ڕێبازی خۆم و ژیان و هەڵسوکەوتی خۆمم بە خەڵکی پێشان دەدا .

ووتەیەکی زۆر جوانی **الامام ابن الجوزي هەیە دەفەرمووێ : اكتم عن الناس ذهبك وذهابك ومذهبك**)

واتە : زێڕ و پارە و سامان و هەروەها ڕۆیشتن و چوونت بۆ کوێ دەچی لەکوێیت و هەروەها ڕاو بۆچوون و ڕێبازت بشارەوە لەخەڵکی.

گەنج خوێن گەرمە خوا نەکات بکەوێتە سەر ڕێگە و ڕێبازێک ئینجا زۆر دەمارگیری لە ڕێبازەکە دەکات ، منیش دەمارگیری گەنجیم هەبوو ، مشتومڕم زۆر دەکرد لە بەشی ناوخۆ و پەیمانگا و لەڕێگەی فەیس بووکەوەش.

ئەو کەسەی چەندە ڕێگەو ڕێباز و بیرو بۆچوون و ماڵ و وێنەی خۆی دەشارێتەوە ، کەمتر بۆ خەڵکی باسی دەکات ئا ئەم کەسەیە پارێزراوتر دەبێ .

بۆ نمونە کەسێک باسی پارە و سامانی خۆی دەکات ئەوەندەی هەیە و مانگانە مووچەکەی ئەوەندەیە ، ئەو باسکردنە وا دەکات جاری وا هەیە دز بچێتە ماڵی دزی لێبکات ، یاخود حەسوود چاوی لێبدەن ، چونکە چاویش حەقە هەروەکو **پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرمووێ : الْعَيْنُ حَقٌّ) رواه البخاري ٥٧٤٠**

لەلایەکی ترەوە هەرچی شتێ دەبینێ و پۆستی دەکات و قسەی لەسەر دەکات ، ئەمەش زۆر جار دەبێتە هۆی دەستگیرکردنی ، بە دەم و دەستی خۆی دەخاتە زیندانەوە.

بۆیە **پیرەمێردی شاعێر دەڵێ**
کەم بڵێی سەرت سەلامەت دەبێ
کەم بخۆی لەشت بێ عیللەت دەبێ

ڕا و بۆچوونی خۆتیش زۆر دەربخەیت و ڕای بەرامبەر پەسند نەکەی وا دەکەی ڕا جیاوازی و مشتومڕی زۆر دروست بێ و خەڵکیش ڕقیان لێت دەبێتەوە ، ناتوانی پەیامێکی میانڕەوانە بڵاو بکەیتەوە.

کەواتە یەکێک لە هەڵەی گەنج ئەوەیە زۆر لە ڕای خۆی ڕازییە و گوێ بە قسەی کەس نادات ، نازانێ ئەو تازە

سەرەتای تەمەنیەتی ئارەزووی زۆرە لەسەر ئەقڵی زاڵ نیە ، بۆیەش کاتێ گەورە دەبێ لەزۆر ڕا و قسە و کرداری پەشیمان دەبێتەوە.

(پۆست وبڵاوکراوەم لەفەیس بووک)

دەتوانم بڵێم خولیای هەموو زانستێک ببوم ، حەزم دەکرد لە هەموو زانستێکەوە زانیاریم هەبێ ، بۆیە پۆستم لە هەموو ڕویەکەوە هەبوو ، هەستم دەکرد هێزی عیشق پاڵی پێم دەنا کە ئەو هەموو قسە و پۆستە بکەم ، زوو هەڵدەچووم ، داخی دڵی خۆمم پێ دەڕێشت ، لە لایەکی ترەوەش خۆم دەردەخست ، بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە دڵیان داگیر کردبووم.

(بەپێی ئاستی ئەقڵی خەڵک بدوێ)

ڕاستی منیش شێت بووم و ئارەزوو بەسەرم زاڵ ببوو ، نەمدەتوانی ڕای یەکلایی بدەم لە کارو بارەکان ، هەر ڕۆژە و جۆرە قسەیەکی سەیر و سەمەرەم دەکرد.

دەمووت : ووشەی کەر واتە : خزمەتکار ، چۆن کاتێ بە کەسێک دەڵێی شێر بە مەبەستی ئەوەی وەکو شێر ئازایە

، ئەوەش لێرە کەر لەبکەر هاتووە واتە خزمەتکار و ئیشکەر ، بەکەسێک بڵێی : کەر یانی خزمەتکار.

دەمووت باشە هەردووک ئاژەڵە شێر و کەر ، بۆچی پێت ناخۆشە پێت بووترێ کەر ، لە کاتێک پێت بڵێن شێر پێت خۆشە خۆ شێریش ئاژەڵە و دڕندەشە ، بەڵام دواجار

پەشیمانیم دەربڕی لەمەش چونکە نابێ هیچ کاتێک قسەیەک بکەی لە ئەقڵی خەڵک گەورەتربێ.

ئیمامی عەلی دەفەرمووێ : خاطبوا الناس علی قدر عقولهم .

واتە : لەگەڵ خەڵک بدوێن بەپێی ئاست و ئەندازەی ئەقڵیان.

بەڵێ کەسی ژیر ئەو کەسە نیە بە فەلسەفە لەگەڵ مناڵ و کەسێکی نەخوێندەوار بدوێ ، بەڵکو بەپێی ئاستی ئەو دەدوێ ، بۆیە دەبینین قورئانی پیرۆزیش زۆرجار نمونە بۆ ئێمەی مرۆڤ دەهێنتەوە تا لە مەبەستەکە تێبگەین.

دەبێ دانا بیت ، مەرج نیە باسکردنی قسەی جوان لە هەموو کاتێ جوان و چاک بێ ، بۆ نمونە کەسێکی مولحید بە قورئان بۆی بدوێی ڕەنگە زیاتر بێ باوەڕیێ ، دەبێ بە زانست و ئەقڵ بۆی بچی ، ئا ئەوەیە

خوای گەورە دەفەرمووێ : ادْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ) النحل

١٢٥(ئەی پێغەمبەر ﷺ ئەی ئیماندار) بانگەواز بکە بۆ لای بەرنامەو ڕێبازی پەروەردگارت بەحیکمەت و دانایی (بۆ هەندێك)و ئامۆژگاری جوان و بەجێ ، (بۆ هەندێکی تر)و گفتوگۆو موجادەلە بەجوانترین شێوە (لەگەڵ هەندێکی تردا بە تایبەتی خاوەن کتێبەکان).

(هاوڕێیەتی لە نێوان کوڕ و کچان نیە بەڵکو ئارەزووبازی هەیە لەنێوانیان)

هاوڕێیەتی لە نێوان کوڕ و کچان نیە.
بەڵکو ئارەزووبازی لە نێوانیان هەیە .

گەر هاوڕێ و خوشکمانە ئەی بۆچی ناتوانین ئەوەندە قسە لەگەڵ دایک و خوشکی ڕاستەقینەی خۆمان بکەین بە کاتژمێر ، بێگومان ئارەزووی نەفس و شەیتانە ڕەگەزی بەرامبەر دەڕازێنێتەوە .

جا سەیرتر ئەوەیە کاتێ کوڕێکی کچ واتە کوڕێک خۆی دەکاتە کچ قسە لەگەڵ کوڕی داماو دەکات و هەڵیدەخەڵەتێنێ ، جا ئەم کوڕە داماوە جاری وا هەیە

خۆی ڕوت دەکاتەوە ، جا داوای پارەی لێدەکات گەر پارەی پێنەدات هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەی دەکات .

یان بە پێچەوانەوە کوڕێکی هار وهاج کچ هەڵدەخەڵەتێنێ و خۆی بۆ ڕوت بکاتەوە پاشان هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەی دەکات گەر پارەی پێنەدات ، جا ئەم کچەیە دەمرێ بە مردنێکی نەفسی چونکە پارەی نیە لەولایەش ئاشکرا بێ خانەوادەکەی ڕەنگە بیکوژن ، ئا ئەو کارە قێزەوەنانە هەمووی هەڵەی گەنجی داماوە .

(بارودۆخی دڵم لەگەڵ عیشق و ئەوینەوە)

بەم شێوەیە لە قۆناغی یەکەمی پەیمانگا کاتەکە دەڕۆیشت ، هەموو هەفتە یەک شەممان دەهاتمەوە دەوام ، ڕۆژم دەژمارد ببێتەوە پێنج شەممە و بچمەوە ماڵ .

بەهۆی ئەوەی ئەو جۆرە قسانەم دەکرد و خۆم دەرخستبوو ، بۆیە زۆرجار ڕوبەڕوی مشتومڕ و دڵتەنگی و بەڵا دەبوومەوە ، ئازاریان دەدام بە لایەنی دەروونی ، توڕە دەبووم تا لەم ڕێگەیەوە زیاتر دەگەڕامەوە بۆ لای خودا ، زیاتر پەنام بۆ خودا دەبردەوە .

زۆرجار هەر لە ڕێگەی ئەو گەنجەی هۆگری ببوم ئازار دەدرام و دڵم توند دەبوو ، عاشقیش شێتە سەرەڕای ئازار

دانیش دڵەکە هەر ئەوی دەویست ، جا بەم شێوەیە کە دڵم ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بەرەو شێوە و حاڵێکی تر دەڕۆیشت تا وای لێهات دەتوانم بڵێم دڵم ئاگر و بلیسەی عیشق و ئەوینی تێکەوت .

تا وای لێهات دڵم پێویستی بەوە هەبوو کە گوێ لە سروود و ئاوازی خۆش بگرم ، چونکە دڵی عاشق وەکو ئەو کەسەی ئاڵوودەی ماددەی هۆشبەر دەبێ پێویستی بە ماددەکە بێ ، ئەوهاش دڵی عاشق پێویستی بە دەنگ و ئاواز و بۆنی خۆش دەبێ .

بۆیە **ئیمامی غەزالی دەفەرمووێ :ئەو کەسەی بە بەهار و گوڵ و گوڵزار و دەنگ و ئاوازی خۆش دڵی نەهەژێت ئەو کەسە میزاج (هەوەس)ی فاسد و بۆگەنە .**

جا ڕۆژی پێنج شەممان کە دەچوومەوە شەوی هەینیەکەی دەچوومە ناو ئەهلی دڵەکان و گوێبیستی سروود و ئاواز دەبووم تا وای لێهات دڵم هێواش هێواش لەگەڵی دەهەژا ، تا جارێکی لە کاتی هەستانەوە دڵم قیژاندی و بەربومەوە کەوتم .

(لێبووردەیی و نەرم ونیانی)

بەردەوامیش پۆستم لەسەر نەرم ونیانی و خۆشەویستی و لێبووردن دەکرد ، **نەرم ونیانی داوێکە هەموو دوژمنێک ڕاودەکات .**

هەروەها دەمووت : **گەورەترین پلەی ڕەوشت بەرزی ئەوەیە چاکە لەگەڵ کەسێک بکەی کە خراپەی لەگەڵ کردووی** ، بێگومان لێبووردەیش هەر لەگەڵ ئەو کەسەیە دەکرێ کە خراپەی لەگەڵ کردووی نەک لەگەڵ کەسێک چاکەی لەگەڵ کردووی .

گەر سەگ پەلامارت بدات و گەزەت لێبدا ، خۆ تۆش نابێ گەزەی لێبدەیتەوە .

بۆیە دەبێ هەمیشە نەرم ونیانی بنوێنی ، جا ئەم سیفەتانە هەتا بڵێی جوان و چاکە بەڵام هەڵەی من ئەوە بوو هاوسەنگیم نەبوو لەخۆشەویستی و نەرم ونیانی .

خودای گەورە دەفەرمووێ : خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ) الأعراف١٩٩
کاری ئاسان لەخەڵکی داوا بکەو چاوپۆشی لە هەڵەو کەموکوڕیەکانیان بکەو ، فەرمان بدە بە چاکەو

کردەوەیەک کە پەسەندی شەرعە ، ڕووش وەرگێڕەو پشت بکە لە نەفام و تێ نەگەیشتوان .

لەکۆتاپی ئایەتەکە فێرمان دەکات کە ئێمە سنورێک دابنێین بەڵێ کەسی خراپ لێی خۆشدەبین و تۆڵەی خۆمانی لێناکەینەوە ، هەروەها گەر بتوانین ئامۆژگاریشی دەکەین و فەرمانی چاکەشی پێدەکەین .

بەڵام گەر کەسێک نەزان بێ نەرم و نیانی نەزانێ و قسەی خۆش نەزانێ و ئامۆژگاری وەرنەگرێ و بەردەوام ببێتە مایەی کێشەو ئاژاوە بۆت ، دەبێ پشتی لێبکەیت و خۆتی لێ بەدووربگری ، ئاژەڵی دڕندە پەلامارت بدا بتخوا و تۆش بوەستی تا بە تەواوی بتخوات بێگومان ناکرێ .

مرۆڤی خراپ ڤایرۆسە چەندە لێی دووربی ئەوەندە زیاتر لەخراپە وتاوان پارێزراو دەبی .

هەروەها ئەوەشم نەدەزانی کە **ئیمامی غەزالی دەفەرمووێ : دەبێ هەموو کاروبارەکان هاوسەنگ بکرێ** ، بەشێوەیەک نەزۆر توندی بنوێنی نە زۆر نەرمی بنوێنی ، بەڵکو دەبێ سنورێک دابنێی جا ئەم ئایەتە پیرۆزەش دەهێنێتەوە کە **خودای گەورە دەفەرمووێ : أَشدَّاءُ عَلَى الكُفَّارِ رحَمَاءُ بينَهُم) الفتح ٢٩**

واتە : پێغەمبەر ﷺو هەروەها ئەوانەی لەخزمەتیدان و شوێنکەوتەی ئەون توند و تیژن بەرامبەر بێباوەڕان و هەروەها بەبەزەیی و میهرەبانن لەنێوان خۆیاندا .

بەڵێ مرۆڤ هێزی توڕەیی هەیە دەبێ لەشوێنی خۆی بەکاریبهێنێ ، ئەوەش ئیمانداری تەواو نیە توڕەیی نەبێ بەرامبەر گوناهوتاوان و بەرامبەر کوفر و زوڵمی بێباوەڕ.

ئیماندار دەبێ هاوسەنگی بکات ، بەڵام هەروەکو **ئیمامی غەزالی دەفەرمووێ :دەبێ نەرم و نیانی زیاتربێ و زاڵتربێ.**

خودای گەورە بەو گەورەییەی خۆی ڕەحمەتی خۆی بەپێش توڕەیی خۆی خستووە .

خۆشەویستی دڵان **پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ : مَنْ يُحْرَمِ الرِّفْقَ يُحْرَمِ الْخَيْرَ.رواه مسلم**

ئەوەی لەنەرم ونیانی بێبەش بێ ، لەخێر و چاکە بێبەشدەبێ .

(ڕق ژەهره)

شەوێکیان دوای خوێندنی شەرعی لەمزگەوت هاتینەدەر گەنجێک خودا لێی ڕازی بێ ، هێرشێکی دەروونی بۆهێنام زۆر تورەی کردم ، ڕقم هەستا ، زۆر مشتومڕی لەگەڵم کرد و دژم وەستا دەربارەی عەقیدە و دین ، ئەمشەوی سەرەپای دڵم بوو بە ڕقی ئەم گەنجەیە .

شەوەکەی لەخەو هەر ئەو گەنجەیە وازی لێنەدەهێنام ، بێگومان مرۆڤ گەر زۆر ڕقی لەیەکێک ببێتەوە یان زۆر خۆشی بوێ و بیری لێبکاتەوە لەخەونەکانیش زۆر دەیبینێ ، شەیتانیش زۆرجار لەسەر شێوەی کەسەکە وێنا دەکات و گومان و وەسوەسەی خراپت بۆ دروست دەکات .

ڕق ژەهره هەرگیز مەهێڵە بچێتە دڵتەوە ، ئاساییە بەشێوەیەکی کاتی ڕقت هەبێ بەڵام ڕقی بەردەوام بەساڵ و دووساڵ بەرامبەر کەسێک ئاساي نیە نەخۆشی دەروونیە ، سوپاس بۆ خودا خودا منی پاراستووە لەوەی ڕقی بەردەوام لەدڵ هەڵبگرم .

ڕۆژێکیان چوومە مزگەوت بینیم ئەم گەنجەیە لەلای چەپەوە وەستابوو ڕێزی ئەو مابوو پڕبێ ، سەیرم کرد لای ڕاستەش شوێن مابوو .

خۆی سونەتە سەرەتا ڕێز لەناوەند بەرامبەر پێشنوێژ ببەسترێ پاشان لای ڕاستە پڕبکرێتەوە ئینجا لای چەپە .

ئەوەش کە بینیم ئەم گەنجەیە کە زۆرجار ڕقی بەرامبەرم دەردەبڕی ، بەدەرفەتم زانی بچمە لای ئەو تا هیچ ڕقمان بەرامبەر یەکتری نەمێنێ ، ناکرێ ، موسڵمان لەتەنیشت یەکتری نوێژبکەین و ڕقمان لەیەکتری بێ .

بەڵکو پێش ئەوەی قاچمان ڕاست بکەین و شان بە شانی یەکترەوە بنێین پێویستە دڵمان لەگەڵ یەکتری ڕاست بکەین .

جا چوومە لای ئەم گەنجەیە ، ئەم گەنجە یەکسەر ووتی مادام تۆ هاتی من دەچمە لاکەی تر نوێژ دەکەم ، پێم ووت باوەڕبکە لەبەر تۆ هاتمە ئەولایە ، عەیبە ئێمە موسڵمانین چۆن دەبێ ڕقمان لەیەکتری ببێتەوە .

سوپاس بۆ خودا ئەویش باشی نواند ، ئینجا لەتەنیشتم وەستا و نوێژەکەمان ئەنجام دا ، بێگومان بەنەرمی و قسەی خۆش بەرد دەبێ بەئاو ، ئەم گەنجەش ئێستا سوپاس بۆ خودا باش بووە و هەست دەکەم وەکو پێشتر ڕقی نەماوە لەگەڵم ، بەڵکو دەکرێ هەر پێشتریش نیازی تەنها گاڵتە و سوعبەت بووبێ من بەڕاستی وەرمگرتبێ .

ئەوەندە دەڵێم ئەی ئەو کەسەی ڕقت لەکەسێکە ، پێت دەڵێم گەر ڕاست دەکەی لە ڕق لێبونەوەکەت ئەوەیە دەبێ ڕقت لێی نەبێ ، چۆن دەبێ تۆ بەڕقی کەسێک خۆت ئازار بدەی کە ڕقت لێیەتی ، لەڕاستیدا ئەو کاتە ڕاستە ڕق لێبونەوەکەت کە خۆتی پێ ئازار نەدەی ، بە ڕق لێبونەوە تەنها خۆت زەرەرمەند دەبی ، لەهەر شوێنێ ئەو ببینی ڕقت هەڵدەستێ تەنها و تەنها خۆتی پێ بریندار دەکەی ، بۆیە گەر ئارامی دەروونت دەوێ خۆت بەدوور بگرە لە ڕق و حەسوودی و دڵت پڕبکە لەخۆشەویستی و میهرەبانی .

(خۆشەویستی شەکرە)

لە خۆشەویستی زۆر ڕۆچوو بووم ، زوو خۆشەویستی دەکەوتە دڵمەوە ، هیچ سنورم دانەنابوو بۆ دڵی خۆم ، وەکو ئەو پیاوەی لای خۆمان شوان بووە ، لەکاتی شوانی شەکر و نانی زۆر خواردووە ، پاشان تووشی شەکرە بووە ، دواجار لەبەر شەکرە قاچیانیش بڕیوە .

خۆشەویستی شەکرە ، ئەو شەکرەم زۆر خوارد تا تووشی عیشق و شەکرە بووم ، بەداخەوە کەسێکیش نەبوو دەستم بگرێ ئامۆژگاریم بکات پێم بڵێ :کورە دڵت هۆگری کەس مەکە ، دواجار دڵت دەشکێ .

(تێڕوانین لە گەردوون)

یەکێکی تر لەو زانستانەی زۆر شەیدای ببوم ، زانستی گەردوون زانی بوو ، کتێبی ئاسۆی گەردوونم کڕی لەو بوارەیە ، هەروەها پۆستیشم لەسەر دەکرد .

کە تێدا باسی ئەوەی دەکرد کە ئەم گەردوونە لە ئەنجامی تەقینەوەیەکی یەکجار مەزن هاتۆتەدی ، واتە ئاسمانەکان و زەوی هەمووی پێکەوە بوونە دواتر لەیەکتری جیا بونەتەوە .

هەروەکو **خوای گەورە دەفەرمووێ : أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا)الأنبياء٣٠**

ئایا ئەوانەی بێباوەڕ بوون نەیانبینیووە و بۆیان ڕوون نە بۆتەوە بەڕاستی ئاسمانەکان و زەوی یەک پارچە بوون لە وەودوا لێکمان جیا کردنەوە (کە ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم ڕاستەقینە لەلایەن ئەوانەوە پەی پێ دەبرێت.

ئینجا ئەم گەردوونەش بەردەوام لە فراوان بوون دایە هەروەکو **خوای گەورە دەفەرمووێ : وَالسَّمَاءَ بَنَيْنَاهَا بِأَيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ)الذاريات٤٧**

ئێمە ئاسمانمان بەدەستی قودرەتی خۆمان دروست کرد،

بەردەوامیش گەورەی دەکەین و فراوانی دەکەین (ئەمە ئاماژەیە بۆ ڕاستیەکی زانستی کەزاناکانی گەردووناسی دە یسەلمێنن)

جا لە بۆشایی ئاسمان گالاکسی و مەجەڕڕە هەن ، هەر گالاکسیەک پێک هاتووە لە کۆمەڵە ئەستێرەیەک .

یەکێک لە گالاکسیەکان ڕێی کاکێشانە لەناو ئەو گالاکسیە یەکێک لە ئەستێرەکانی ناوی ئەستێرەی خۆر (هەتاوە) ئەو خۆرەش چەند هەسارەیەکی لە دەورە وەکو مەریخ و موشتەری و عەتارد هتد یەکێکیش لە هەسارەکانی دەوری خۆر هەسارەی زەویە کە ئێمە تێیدا دەژین ، کەواتە ئەم گەردوونە بە ملیۆنەها ئەستێرەی تێدایە .

(کۆتایی قۆناغی یەکەمی پەیمانگا)

بەرەو کۆتایی ساڵی خوێندنی قۆناغی یەکەمی پەیمانگا دەڕۆین ، بڕیارماندا لەگەڵ ئەو گەنجەی کە هۆگری ببوم بۆ ساڵی دووەم لەیەک ژوور بمێنینەوە ، ئەویش بەگەنجێکی تریشی وتبوو کە ئەوسێ کەسە لە ژوورێک بمێنینەوە ، بەم شێوەیە ڕێککەوتین .

تاقیکردنەوە دەستی پێکرد و هەندێکی کەوتە نێو مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە ، جا منیش خۆم وەڕس بووم لە بەشی

ناوخۆ ، تاقیکردنەوەکانیش ببوون بە ڕۆژ نا ڕۆژێک بۆیە ڕۆژانە هاتوچۆم دەکرد و دەهاتمەوە ماڵ ، بەم شێوەیە تاقیکردنەوە تەواو بوو ، الحمدلله بە سەرکەوتوویی قۆناغی یەکەمم بڕی .

(بەگریانەوە ماڵئاواییان کرد)

ڕۆژی کۆتایی بۆ ئەوەی شت و مەکم لەبەشی ناوخۆ ببەمەوە دەبینم قۆناغە دووەکان باوەش لە یەکتری دەکەن و بە گریان و چاوی پڕ فرمێسکەوە ماڵئاوایی لە یەکتری دەکەن ، ئا ئەوەیە هۆگربوون ، بە دڵشکان کۆتایی دێ .

گەر داوای ئامۆژگاریم لێ دەکەی

جگە لە خودا دڵت هۆگری کەس نەکەی

چونکە مرۆڤ کاتێ شەو و ڕۆژ بەردەوام لای کەسێک بمێنێتەوە ، نان و خەو و هەستان و دانیشتنیان پێکەوە بێ ، میهرەبانی و خۆشەویستیان بۆ یەکتری دروست دەبێ ، ئەها جاری وا هەیە منالێک هەر لەدایک بووە فرۆشراوە یان دایک و باوکی مردووە ، کەسێکی تر بەخێوی کردووە ، سەرەڕای ئەوەی ئەو کەسە بێگانە دایک و باوکیشی نیە بەڵام کە گەورە دەبێ میهرەبانی و سۆز و خۆشەویستی بۆی دەچێ .

منیش دڵخۆشم و بەشی ناوخۆ جێدەهێڵم ، جا بە دڵخۆشیەوە گەڕامەوە ماڵەوە .

(جەژن بەعیشقەوە)

دوای ئەوەی لەبەشی ناوخۆ گەڕامەوە ماڵ ، مانگی ڕەمەزان کۆتایی هات ، وا جەژنە ئیتر لەم جەژنەیە کاریگەری عیشق لەسەر دڵمە ، بێگومان جەژن و خۆشی تەواو وەکو **مەولانا** دەڵێ : **ئەو ڕۆژە جەژنە کە ڕوخساری یارم لێ دیارە .**

جا منیش لە ڕێگەی چاتەوە پەیوەندی و جەژنانەم لەگەڵ ئەو گەنجە کرد کە هۆگری ببوم ، هەروەها دڵم هۆگر و ئاڵوودەبوونی تێکەوتبوو.

بێگومان دەبێ بڵێین لەجەژندا دڵ گەر عیشقی تێدانەبێ ئارامتر و خۆشترە ، چونکە کەسی عاشق لە جەژن هیچ دڵی ئارام نیە دەیەوێ بەردەوام لەلای یار و خۆشەویستی بێ ئەوەش بێگومان ناکرێ بۆیە بەردەوام ناڵەناڵ و گریانە بۆی .

(مەشقی هاوینە و چوونم بۆ شیفاخانە)

جەژن کۆتایی هات ، بۆ ئەوەی زیاتر فێربم لە کاری پزیشکی و پەرستاری بڕیارم دا بچمە شیفاخانەیەکی نزیک خۆمان .

چوومە شیفاخانە ، چووینە لای بەڕێوەبەر مۆڵەتمان لێ وەرگرت کە بۆ فێرکاری خۆم لێرە بم ، مولەتی دا پاشان چوومە شوێنی برین پێچی پەرستارەکیش لەوێ بوو هەروەکو من خوێندکار بوو ووتی بێنە چیت هەیە وای زانی دەرزیم هەیە تا لێم بدا ، منیش ووتم قوتابیم بۆ فێرکاری خۆم هاتووم .

جا بەردەوام بووم لەوێ بۆ ماوەی سێ هەفتە ، لەبەر ئەوەی نەخۆشی کەم بوو شیفاخانەکە نەمتوانی زۆر بە چاکی فێرببم .

ڕۆژێک هاوڕێیەکم بینی کە ئەویش لە قۆناغی دووەمی پەرستاری بوو ، پێمی ووت :کە ئەو لە شیفاخانەیەکی تر مەشق دەکات کەمێ دوورتر بوو لەو شیفاخانەیە ، ووتی : لەوێ نەخۆش زیاترە ، باشتر فێردەبی ، بۆیە منیش بڕیارم دا بچمە ئەوێ .

چوومە لای بەڕێوەبەرەکە ووتی : تۆ قۆناغی یەکەمی نابێ ، منیش ووتم : کار ناکەم تەنها سەیری دەستیان دەکەم بۆ فێرکاری خۆم ، بەو شێوەیە ڕێگەی دا .

چوومە شوێنی برین پێچی و دەرزی لێدان ، لەوێ قوتابی قۆناغی دووەمی زۆرلێبوو ، ووتم :کارناکەم تەنها دەمەوێ سەیرتان بکەم فێربم ، بەم شێوەیە دەچووم .

نەخۆش دەهات بۆ برین پێچی و دەرزی و کانولە ، منیش کەسێکی سەرەتایی بووم پرسیارم دەکرد لە لای نەخۆش بە پەرستارەکانم دەووت :ئەرێ ئەوە چیە ، ئەوە بۆ وات لێکرد ، بۆ وا ناکەی ؟!

تا پەرستارێک ڕۆژێک پێمی ووت :بەهیچ شێوەیێ نابێ تۆ لەلای نەخۆش ئەو پرسیارانە بکەی ، چونکە دواتر ئەو نەخۆشە متمانەی پێمان نامێنێ ، دەڵێ خۆیان پێم فێردەکەن ، ووتی :دوای ئەوەی نەخۆش ڕۆیشت پرسیار بکە .

ئامۆژگاریەکی زۆر جوان بوو بۆمن ، ئامۆژگاریەکەم جێبەجێ کرد .

(نوسینی کتێبی هەڵبژاردەیەک لەقورئانی پیرۆزدا)

لەکاتی مەشقکردن لە شیفاخانە بەردەوام ئەو گەنجەی هۆگری ببووم بە یادم دەهاتەوە ، تەزووی عیشق بە دڵ و هەناوم تێپەڕ دەبوو .

لەلایەکی ترەوەش عیشقی دینی ، لەلایەکی تریش هێزێکی مەعنەوی پاڵنەر بەسەر دڵم هاتبوو کە دەبێ کتێبێک بنوسم بە ناوی هەڵبژاردەی قورئانی پیرۆز .

دەستم پێکرد لە هەر سورەتێک چەند ئایەتێکم لێ هەڵدەبژارد و تەفسیری کوردی ئاسانم دەنوسی و پاشان چەند خاڵێکم لەسەر ئایەتەکە دەنوسی .

تا نیوەی قورئان زیاتر ڕۆیشتم ، دواجار پەشیمان بوومەوە ، ووتم : من شایەنی ئەوە نیم کتێب بنوسم هێشتا ئەقڵم تەواو کامڵ نیە ، بۆیە وازم لێهێنا .

(کارکردنم لەشیفاخانە)

بەردەوام بووم لەمەشق لە شیفاخانە ، تەنها سەیری کاری پەرستارەکانم دەکرد ، ڕۆژێکیان یەکێک لە پەرستارەکانی قۆناغی دووەم پێمی ووت : نابێ بەم شێوەیە ، دەبێ کاربکەی ، بوو بە هۆکاری ئەوەی ترسم بشکێنێ دەستم کرد بە دەرزی لێدان و کانولەدانان هتد .

بێگومان بۆ کەسێکی سەرەتایی دوورینەوەی پێست بە ترس و سەختە ، منیش هەر لەلام سەخت بوو دورینەوەی پێست بکەم ، تا ڕۆژێک یەک تەقەڵم دووریەوە ، دڵخۆش ببوم و وامدەزانی کارێکی زۆر گەورەم کردووە .

وەکو ئەو مناڵەی تازە شتێکی نوێیان بۆ کڕیوە دڵخۆش بێ و لای هەموو مناڵێک باسی بکات کە باوکی ئەو شتەی بۆ کڕیوە بێ ئاگاش لەوەی چەندەها مناڵی پێش ئەو و هاوتەمەنی ئەو ئەو شتانەی هەیە و ئاساییە بۆیان .

(بە ورە بەرزی دەگەیتە بەرزی)

ڕۆژێک وا لە شیفاخانەم خەریکی دەرزی لێدان و ئەو کارانەین ، گەنجێکیش نەخۆشیان هەبوو ، هاتە لام باسی کاری پزیشکیمان کرد ، دەیووت : باشە ئێوە چۆن

ناترسن ؟ بە بوێری برین پێچی و دورینەوە و ئەو کارانە دەکەن ؟

ووتم :ڕاستی منیش زۆر دەترسام لەسەرەتای پەیمانگا یەکەم ڕۆژ دەرزیمان بە ترسە ترس لە دەستی خۆمان دا ، هەر دەیانووت :دکتۆر نابێ بترسێ هەر وایە بەو جۆرە قسانە تا وامان لێهات ورەمان بەرزبێ و ترسمان نەمێنێ .

وەکو سەربازی هەر شتێ هەبێ دەڵێن عەسکەریە ، هەموو کارێکت پێدەکەن ، خۆی مرۆڤ ڕاستە لاوازە ، بەڵام دەتوانین بڵێین زۆر لەو هێزەش بەهێزترە کە ئێمە بەکارمان هێناوە ، هەمووومان هێزێکی شاراوەمان هەیە بەڵام بە داخەوە بۆ کاری چاکە بەکارمان نەهێناوە .

(هێزی شاراوە)

هێزی شاراوە لە دووکات زۆر بەکاردێ لە کاتی ترس و لەکاتی خۆشەویستی ، دەبینی کاتێ کەسێک لە شوێنی خۆی پاڵکەوتووە ، دەڵێ :نەخۆشم ناتوانم هەستم بۆ نوێژ بۆ کار ، بەڵام کاتێ لەناکاو مشکێک یان مارێک بۆی بچێ لە جیاتی ئەوەی بە دوو قاچ هەڵسێتەوە ڕابکات بە چوار قاچ هەڵدەستێ و ڕادەکات ، ئا ئەوەیە هێزی شاراوە .

یان کاتێ دوژمن ، کەسێکی زاڵم و خراپی خوێن ڕێژ بەدوای کەوتووە دەیەوێ بیکوژێ لەو کاتە هێزێکی دەبێ خۆیشی نازانێ ئەو هێزەی لە کوێ بووە .

یان لەشەڕ ئەو هێزە بەکاردێنێ زۆری پێدەکەوێ زۆر هەستی پێناکات ، ئینجا دوای شەڕەکە دەڵێ :ئای پشتم ئای دەستم .

لەکاتی خۆشەویستیش خوا خێربکات کە عاشق دەبێت ئەقڵ لەسەری نامێنێ هێزی شاراوە زۆر بەکاردێنێ .

بەڵێ ئێمەش گەر ورە بدەینە خۆمان زۆر لەوە بەهێزترین کە بەکارمان هێناوە ، کاتێ دەمانەوێ ببینە دکتۆر یان ئەندازیار یان خاوەن پیشەیەک با سەیری ئەو کەسانە بکەین کە ئەو کارانە دەکەن .

بەخۆمان بڵێین باشە ئەوانەش وەکو ئێمە مرۆڤن هیچیان لە ئێمە زیاتر نیە ، ئەوان بتوانن ئێمە بۆچی نەتوانین ؟!

بە ورە بەرزی دەگەیتە بەرزی

(هەڵەکردنم لە دەرزی لێداندا)

سەرەتای کاری نوێ بێگومان هەڵەش هەر دەبێ ، دەرزی قۆڵتارین کە هێورکەرەوەیە ئەو جۆرەی هەبوو لەسەری نوسرابوو only IM واتە تەنها لە ڕێگەی پێستەوە بە گۆشەی 90، واتە نابێ لە دەمار بدرێ .

جا سەرەتا ئەو دەرزیەم زۆر جار کە لە نەخۆش دەدا ، سەری سرنجەکەم ڕادەکێشا خوێن دەهاتە ناوێ واتە لە دەمارم دەدا ئەوەش نابێ لە دەمار بدرێ ، کێشە بۆ نەخۆشەکە دروست دەکات ، زۆرجاریش بە ئەمپوڵ واتە شووشەی دەرزی دەستی خۆم دەبڕی .

(پەنجەی خۆم بریندار کرد)

جارێکیان پەنجەیەکی خۆم خراپ بە ئەمپولی دەرزی بڕی ، زۆر لەدڵم ناخۆش بوو ، هاتمەوە ماڵ ، کاتی نوێژی عەسرە منیش خەمی ئەوەم بوو نەوەک ئەو پەنجە بریندارەم لەسەر نوێژ خوێنی لێبێت .

بەم شێوەیە چوومە مزگەوت ، نوێژمان دەست پێکرد لە دڵەوەش هەر خەم و وەسوەسەی ئەو پەنجە برینداریە لە دڵم بوو ، تا نوێژەکە تەواو بوو سڵاومان داوە سڵاوی ڕاستەم داوە پاشان کە سڵاوی لای چەپەم داوە چاوم

کەوتە سەر دەستی کەسی تەنیشتم بینیم ئەو داماوە پەنجەیەکی براوە ، پەنجەیەکی هەر نیە .

جا لە دڵی خۆم ووتم :هی من تەنها بریندارە و چاک دەبێتەوە بەڵام ئەوە هەر پەنجەیەکی بە تەواوی نیە .

(سەیری خوارەوەی خۆت بکە)

پێوستە هەموو کاتێ لە دونیا سەیری خوار خۆمان بکەین لە نەخۆشی و بەڵاو هەروەها لە نیعمەت و بەخششەکانیش هەروەکو **پێغەمبەرمان** ﷺ **دەفەرمووێ : انْظُرُوا إِلَى مَنْ أَسْفَلَ مِنْكُمْ ، وَلَا تَنْظُرُوا إِلَى مَنْ هُوَ فَوْقَكُمْ ، فَهُوَ أَجْدَرُ أَنْ لَا تَزْدَرُوا نِعْمَةَ اللهِ . رواه مسلم ٢٩٦٣**

واتە : سەیری ئەوانە بکەن کە لەپلەی خوارەوەی ئێوەن ، سەیری ئەوانە مەکەن کە لەسەرووی ئێوەن ، ئا ئەوە بۆ ئێوە چاکترە بۆ ئەوەی نیعمەتی خودا بەکەم نەزانن .

گەر ئێمە دەستێکمان بریندارە ، هەیە بەتەواوی دەستێکی نیە ، گەر دەستێکمان نیە هەیە دوو دەستی نیە ، گەر هەردوو دەستمان نیە ، هەیە هەردوو و دەست و قاچی نیە ، ئەی هەیە چاوی کوێرە .

دەزانی ئازیزم دەستت نەبێ بەشێکی خۆشی ژیانت لێ دەڕوا ، قاچت نەبێ بەشێکت دەڕوا ، بەڵام هەردوو چاوت نەبێ هەموو خۆشی و چێژی ژیانت لێ دەڕوا .

بۆیە **پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ : إِنَّ اللَّهَ قَالَ :إِذَا ابْتَلَيْتُ عَبْدِي بِحَبِيبَتَيْهِ فَصَبَرَ ، عَوَّضْتُهُ مِنْهُمَا الْجَنَّةَ يُرِيدُ عَيْنَيْهِ .رواه البخاري ٥٦٥٣**

واتە :خوای گەورە دەفەرمووێ :گەر بەندەکەمم تاقیکردەوە بەهەردوو خۆشەویستەکەی (چاوەکانی) ئارامبگرێ ، ئەوە پاداشتی بە بەهەشت دەدەمەوە .

(سەدریەو جلی پەرستاریت لەبەرە و بۆ کار ناکەی)

بۆیەکەم جار لە مەشق کردن بووم ڕوداوێکی پێکدادانی ئوتۆمبێل لەنێوان دوو ئوتۆمبێل ڕویدابوو ، سێ کەسی برینداریان هێنا بۆ شیفاخانە .

منیش یەکمجارمە ئەو جۆرە ڕوداوانە ببینم و خۆم هیچ نازانم دەترسم ، پەرستارەکانی تریش نازانم بڵێم بەچی خەریک ببون ، پیاوێک کە کەس وکاری برینداراەکان بوو بە توڕەییەوە بۆم هات ووتی :تۆ سەدریە و جلی پەرستاریت لەبەرە و لێرەی بۆ وەستاوی کارناکەی ؟

(ئامادەباشی بکە)

کە پێمی ووت سەدریەت لەبەرە و بۆچی کارناکەی ؟ نەمزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە ، جا خەڵک ئەوە نازانێ تۆ قوتابی بۆ فێرکاری لێرەی ئەو حەقی بەوە نیە .

بۆیە دەبێ بەڕاستی کە دەچیتە ناو خەڵک دەبێ بە دەست نوێژەوە بچیتە ناو خەڵک یانی بە چالاکیەوە ، بە تایبەتی پێش ئەوەی دەچیتە ناو کۆمەڵێک لەدڵەوە بەرنامەی خۆت بزانی کە کەسانێک هەن لەناو ئەو کۆمەڵەیە خراپن یان زمان تیژ و قسە زانن یان گاڵتەچین بۆ ئەوانە نەفست ئامادە بکەی ، نەفسی خۆت کۆنترۆڵ بکەی کە بتوانی زوو هەڵنەچی ، هەندێ قسەی ئەرێی بخەیتە ناو دڵتەوە .

بە کورتی یانی هەموو کاتێ بە ئامادەباشیەوە بچیتە دەرەوە ، چونکە بە تایبەتی بۆ ئەو دونیایە پڕ فیتنە و ئاژاوەی ئێستامان زۆر جار ڕوبەڕوی کەسانی خراپ هەر دەبینەوە

پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرمووێ :سَتَكُونُ فِتَنٌ ، الْقَاعِدُ فِيهَا خَيْرٌ مِنَ الْقَائِمِ ، وَالْقَائِمُ فِيهَا خَيْرٌ مِنَ الْمَاشِي، وَالْمَاشِي فِيهَا خَيْرٌ مِنَ السَّاعِي ، مَنْ تَشَرَّفَ لَهَا تَسْتَشْرِفْهُ ، فَمَنْ وَجَدَ فِيهَا مَلْجَأً أَوْ مَعَاذًا فَلْيَعُذْ بِهِ) رواه البخاري 7081

لەداهاتوو فیتنە زۆردەبن ، دانیشتوو لەکاتی فیتنەدا باشترە لەو کەسەی بەپێوەیە ، ئەوەی بەپێوەیە باشترە لەوەی ڕۆیشتووە ، ئەوەی ڕۆیشتووە باشترە لەوەی بە پەلەو خێرایی دەڕوا ، ئەوەی ڕو بکاتە فیتنە تووشی فیتنە دەبێ ، ئەوەی پەناگەیەکی دەست بکەوێ با خۆی تێدا حەشار بدا .

(قۆناغی دووەمی پەیمانگا دەستی پێکرد)

ئینجا کاتی دەوام دەستی پێکردەوە ، بەڵام پەیمانگای ئێمە بایکۆتی ڕاگەیاند مانگێک زیاتر بەم شێوەیە بوو ، زۆر خەمم دەخوارد و زۆر دوعام دەکرد بە تایبەتی ئەو زیکرەی کە پێغەمبەر یونسی لە تەنگانە و تاریکی ناو سکی نەهەنگەکە ڕزگارکرد زۆرم دەوتەوە (**لا إله إلا أنت سبحانك إني كنت من الظالمين**)، الحمدللە دواجار خوای گەورە دەرگای پەیمانگای بەڕومان کردەوە .

ئەمساڵ ساڵی دووەمی خوێندنمە گۆڕاوم لە قۆناغی قاز و قیقە قیق دەرچوومە ، چوومە بەشی ناوخۆ هەر وەکو بڕیارمان دابوو من و ئەو گەنجەی هۆگری ببووم لەگەڵ هاوڕێیەکی ترمان پێکەوە چووینە ژوورێکەوە .

ئینجا ئەمساڵ فێربوومە کە نان لەدەرەوە نەخۆم بەڵکو لەگەڵ ژوورەکەی خۆمان پێکەوە نان بخۆین ، بەم شێوەیە دەستمان کردەوە بە دەوام .

(غازیان پێ دزیم)

لەبەشی ناوخۆ لە ڕێڕەوەکان چێشتخانە و حەمامێک بە پێنج ژووران بوو ، واتە ئەو پێنج ژوورە لەسەر ئەو چێشتخانە و حەمامەیە دەبوون ، چێشتخانەمان غازی تێدا نەمابوو دەبوا هەر جارەو ژوورێک غازبێنێ ، جا یەکەم ڕۆژ غازمان نەمابوو منیان برد بۆ غاز دزین .

چەند ووتم نابێ عەیبە منیان بردە ڕێڕەوێکی تر غازی ژوورەکانی ترمان دزی ، ژوورێکیش لە ژوورەکان هی مامۆستایان بوو ، ئینجا مامۆستایەکان هاتنەوە باش بوو داوایان کرد بە سەرشۆڕی غازەکەمان گەڕاندەوە زۆر داوای لێبوردنم کرد لێیان ووتم :زۆر پێیانم ووت نابێ گوێیان پێم نەدا .

لە بەشی ناوخۆ ناوێک بوونی نیە بە ناوی دزی ، بەشێوەیەکی وەها دەهاتنە ژوور نەعلیان دەدزی بە زمانی خۆیان دەیانبرد چونکە بەدزیان نەدەزانی ، بەبێ ئەوەی ئیزن وەربگرن ، بەڕاستی بردنی شتی هەرکەسێک بەبێ ئیزنی

کەسەکە و دواتریش نیازی هێنانەوەت نەبێ ئەوە دزییە ، ئەی خۆ ناڵێین خێر و چاکەیە .

ئینجا چووینەوە دەوام و چاومان بەو قوتابیە بەڕێزانە کەوتەوە کە چەند مانگێکە ئەوانمان نەبینیوە ، ئینجا ئەمساڵیش خوێندنی نوێ و بابەتی نوێ کە زیاتر پزیشکیە دەخوێنین .

(خوێندنی پەرستاری قۆناغی دووەم)

دەستمان کردەوە بە موحازەرە یەکێک لە موحازەرەکان خوێندنی کۆئەندامەکان وەکو کۆئەندامی سوڕان و هەرس و هەناسە هتد .

کۆئەندامی هەناسە : لە ڕێگەی دەم و لوتەوە هەوای تێر ئۆکسجین هەڵدەمژین ، جا لەڕێگەی لوتەوە هەناسەهەڵمژین چاکترە چونکە هەناسەدان بە لووتەوە هەناسە هێواش دەکات و وادەکات سییەکان بە کارامەیی زیاتر کاربکەن .

ژەهر و ماددە هەستیارەکان دەپاڵێوێت لە هەوادا و ڕێگریان لێدەکات بڕۆنە ناو لەشی مرۆڤەوە .
هەوای سارد گەرم دەکات ، هەوای وشک تەڕ دەکات .

هەرچەندە هەناسەدان بە دەم هەندێکجار پێویستە ئەگەر کەسەکە ڕاهێنان بکات یان خوێن تێزانی لووتی هەبێت .

ئینجا ئۆکسجین دەچێتە نێو سیەکانەوە ، لەولاشەوە خوێنی کەم ئۆکسجین دەگەڕێنەوە ناو دڵ ، دڵیش لەڕێگەی سیەکانەوە ئۆکسجین وەردەگرێ ، ئینجا دووبارە دڵ خوێنی تێر ئۆکسجین بۆ هەموو لەش دەنێرێتەوە .

هەروەها لە قۆناغی دووەمی پەرستاری ناوی دەرمان و بەرکاهێنانیمان خوێند ، هەندێ لەناوەکان و بەکارهێنانیان

١-دەرمانی ئازارشکێن

iboprofine

mefenamic acid

paracetamol

voltarin

٢-دەرمانی سکچوون و ئازاری ناو سک

hyosine

metronidazole (flagyl)

٣-دەرمانی برین و ئازاری گەدە

omeprazole

lansoprazole

ranitidine (zantac)

٤-دەرمانی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن

captopril

lasix

٥-دەرمانی پژمین و حەساسیەت

betamethasone

loratadine

hydrocortisone

٦-دەرمانی هەڵامەت

flou out

dolo cold

coldax

anti flou

panadol

ئەو دەرمانەش بۆ ڕشانەوە

metoclopramide

(چێشت لێنان و نانخواردنمان لەبەشی ناوخۆ)

ئەو کاتەی لەدەوام بووین هەر نیوەڕۆیەکەی لە دەوام لەفە یان خواردنێکمان دەخوارد ، دواتر دەچووینەوە بۆ بەشی ناوخۆ ، ئینجا هەندێ جار درەنگ دەگەیشتینەوە بەشی ناوخۆ بۆ عەسر یان دوای عەسر ، بەم شێوەیە زۆرجار دەخەوتین جا هەبوو بۆ نوێژی ئێوارەش هەڵنەدەستا ، ئینجا دواتر دوای نوێژی عیشا بەهۆش خۆمان دەهاتینەوە ئەرێ برسیمانە چی بکەین چی نەکەین؟

تەماتە و ڕونێک لێ بنێین ؟ نەخێر ، ساوار ؟ نەخێر ، برنج ؟ نەخێر .

کاکە وەرە تۆ بڕۆ برنجێک لێ بنێ منیش زەڵاتە و سفرە و ئەو شتانە ئامادە دەکەم ، با ئەویش دواتر قاپ و قاچاغەکە بشوا .

نا من قاپ ناشۆم ، دە بڕۆ تۆ برنجمان بۆ لێبنێ ، نا زەحمەتە نازانم ، کەواتە قاپەکە بشۆ ، زەحمەتە کاکە نان ناخۆین و تەواو ، نابێ کاکە دەی ، بڕۆ برنجەکە لێبنێ خوا کەریمە .

ئینجا وا خەریکی برنج لێنانە و لەو لاشەوە وا خەریکی زەڵاتەو سفرەین ، بەم شێوەیە ئێستا برنجەکە ئامادەیە و گەرمە ، سفرە دانراوە ، ئینجا برنجەکەمان خستە نێو قاپەکان ، خەریکە وا دەخۆین ، تەق تەق چیە ؟ دەرگایە کێیە ؟ منم

ها هو دیسان فلان کەسەیە وازمان لێناهێنێ نان بخۆین .

ئێمەش ژوورێکی بە مێوان بووین ، چونکە زۆر تێکەڵاوی ژوورەکانی تر دەبووین ، هەروا سەردانی خەڵک بکەی خەڵکیش سەردانت دەکەن ، جا ئێمە لەکاتی نان خواردن چونکە زۆر برسی دەبووین چاوچنۆک ببوین ، یەکێ بهاتبا پێمان ناخۆش بوو ، جاری وا ، گەر بمانتوانیبا خواردنەکەمان هەڵدەگرت ئینجا دەرگامان دەکردەوە ، هەندێ جارێش دەرگامان نەدەکردەوە ، هەندێ جاریش دەمانکردەوە لەگەڵمان نانی بخواردبا یان دەیووت نانم خواردووە ، نایخۆم .

(ماسیەکەمان لەنێو کەنتۆر شاردەوە)

ڕۆژێکیان وا ماسیمان برژاندووە ، زۆر برسیمانە ، ماسیە برژاوەکەمان دانا سەر سفرە و دانیشتین ، تەق تەق دەرگایە ، کێیە ؟ فڵانم ، خەریک بوو ڕوحمان لە لەشمان دەربچێ ، برسیمانە ناچار بەپەلە ماسیەکەمان خستە نێو کەنتۆرەوە شاردمانەوە .

ئینجا دەرگامان کردەوە ، جا ئەم کوڕە هاتە ژوورەوە لەسەر خۆی بێ ئیش و تێر ، ئێمەش وا برسیمانە لە دڵی خۆمان دەڵێین دەبێ کەی بڕوا ، ناتوانین بڵێین : کاکە نان دەخۆین چاوچنۆکین نەوەک لەگەڵمان بخوا ، هەروەها ناتوانینیش بڵێین بڕۆ دەرەوە ، ناچار دەبوو ئارام بگرین تا بەخۆی بڕوا .

ئینجا نیو کاتژمێر ماوە و دواتر ڕۆیشت ، ئینجا ماسیەکەمان هێناوە خواردمان ، دواتر پێمان ووت :ئەو کاتەی تۆ هاتیە ژوورمان لەبەر تۆ ماسیمان شاردبۆوە ، ووتی :من حەزم بە ماسی نیە ناخۆم ، ئێ ووتمان دەبوایە زووتر بمانزانیبا ، ئەوها خواردنەکەت لێمان تێکدا .

(ئارەزووی زۆر خواردن)

حەزی خواردن یەکێکە لە ئارەزووەکانی نەفس هەروەکو چۆن ئارەزووی ڕەگەزی بەرامبەر و خۆدەرخستن و ڕازاندنەوە و خۆگەورەزانی هەیە .

مرۆڤ کاتێ زۆر برسی دەبێ نەفسی زیاد لە پێویست داوای خواردن دەکات ، وەکو ئەو پیاوە قەڵەوەی لێدێ تەنگاو بوو بە ڕاکردن و پەلە خۆی خستە ئاودەستەوە ، دواتر ویستی بێتە دەرەوە نەیتوانی چونکە بە دەرگاکە نەدەچوو .

چونکە مرۆڤ لەکاتی هێرش بۆی دێت جا ترس بێ یان خۆشەویستی ، هێزی شاراوەی کاردەکات زۆر هەست بە ئێش و ئازار ناکات .

ئینجا کەسی برسی لەو کاتەی هێرشی برسیەتی بۆی دێت ، گوێ ناداتە هیچ شتێ بەڵکو لەو کاتە ڕێزی گەورە و شەرمی لەلا نامێنێ هەروەکو دەڵێن سکی برسی لەهیچ شتێ ناپرسی ، چاوچنۆک دەبێ و دەکەوێتە سەر خواردن زیاد لە پێویست دەخوات .

ئینجا دوای خواردن دەڵێ ئای سکم چیم لەخۆم کرد ، خۆ گەر بەرگە بگرێ کەمێ خواردن بخوات ، دواجار هەستی برسیەتی دەشکێت و لەڕوی تەندروستیەوەش زیانی بۆ

دروست نابێ بۆیە **خوای گەورە دەفەرمووێ : وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ) الأعراف٣١** بخۆن و بخۆنەوە (لە نازو نیعمەتەکان)بەڵام زیادەڕەوی مەکەن ، چونکە بەڕاستی خودا لە سنوور دەرچووان و زیادەڕەوانی خۆش ناوێت .

جا دەبێ ئەوەش بزانین خۆ گەر هەموو خواردنی دونیا هی ئێمەبێ ، هەر ئەوەندەمان پێدەخورێ کە گەدەمان دەیگرێ ، خۆ ناتوانین لە یەک کاتدا هەموو خواردنی ئەم دونیایە بخەینە نێو گەدە و سکمانەوە .

(ژیانم لەگەڵ لەیل و مەجنونەکەی پەیمانگا)

جا ئێمە ڕۆژانە لەگەڵ ئەو گەنجەی هۆگری ببوم دەچووینە دەوام ، ئۆتومبێلی خۆی پێبوو ، بەم شێوەیە دەچووینە دەوام ، لەیل و مەجنونەکان تەواو نەدەبوون .

ئەو گەنجەی منیش کە هۆگری ببووم بەردەوام زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ ئەو کچەیە بوو کە عاشقی ببوو بەشێوەیەک هەموو بەشەکەی خۆمان دەیانزانی کە ئەو کوڕە عاشقی ئەم کچەیە ، منیش هەروەکو **پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرمووێ :الرَّجُلُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ ، فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلُ .رواه أبي داود ٤٨٣٣**

واتە :پیاو لەسەر دین و ڕێگە و ڕێبازی دۆست و خۆشەویستیەتی ، با هەر یەک لەئێوە سەیر بکات بزانێ هاوڕێیەتی کێ دەکات .

منیش لەبەر ئەوەی ئەو گەنجەیەم زۆر خۆشدەویست و هاوڕێی بووم ، بۆیە هەمیشە لێی نزیک بووم ، ئاگاداری بارودۆخی بووم بە تایبەتی لەگەڵ ئەو کچەی عاشقی ببوو ، ئەو کاتەی پێکەوە بوون و قسەیان زۆر بوو پێکەوە ئامۆژگاریم دەکرد کە خراپە وا نەکات ، بەڵام ئەو کاتانەش کە هەندێ جار ڕق و کێشە لە نێوانیان دروست دەبوو ئەوانم ئاشت دەکردەوە .

(ڕقی خۆشەویستی)

لەناو عیشق و ئەوین جۆرە ڕقێک هەیە ڕقی خۆشەویستیە ، بۆ نمونە دایکێک دەبینێ منالی کارێکی خراپ دەکات ، ڕقی خۆی لێدەکاتەوە و خۆی بە توڕەیی پێشان دەدا بەرامبەری تا ئەم منالە لە هەڵەی خۆی پاشگەزببێتەوە .

بەم شێوەیە عاشق جاری وا هەیە مەعشوقی تاقیدەکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێ کە ئەو مەعشوقەش ئەوی خۆشدەوێ ، ماوەیەک بە ئەنقەست نامەی بۆ نانێرێ قسەی لەگەڵ ناکات تا بزانێ ئەو هەڵسوکەوتی چۆن دەبێ بەرامبەری .

جارێکیان گەنجێکی عاشقم بینی ووتی :چەند ڕۆژێکە قسەم لەگەڵ یارم نەکردووە ، ووتم بۆچی چۆن دەتوانی ؟ ووتی بۆ ئەوەی تاقیبکەمەوە ، بزانم ئا ئەویش بە دڵ منی خۆش دەوێ .

بەڵێ خوای میهرەبانیش بەندەی خۆی بەو شێوەیە تاقیدەکاتەوە بزانە ئەو بەندەیە سوپاسگوزارە ؟ خۆڕاگر و ئارامگرە ؟ ڕەوشتی جوان و بەرزە ؟ ئایا لەکاتی ناخۆشی خودای لەبیردەچێتەوە یان نا ؟

هەروەها تا لەڕێگەی تاقیکردنەوە فێری بکات ، هەروەها لەهەمووش گرینگتر تا وابکات تەنها و تەنها دڵی ئەو بەندەیە هۆگری خۆی بکات و جگە لە الله ئومێدی بە هیچ کەسێکی تر نەمێنێ .

خوای گەورە دەفەرمووێ : وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ)البقرة (155)

سوێند بەخوا تاقیتان دەکەینەوە بە کەمێك لە ترس و بیم و برسێتی و کەم بوونی ماڵ و سامان و مردنی کەس و کارو تیاچوونی بەرو بوومی کشتوکاڵ ، جا مژدە بدە بەو کەسانەی خۆگرو ئارامگرن .

(الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ)البقرة (156)

كە ئەوانەن هەر كاتێك تووشی بەڵاو ناخۆشیەك دەبن دە ڵێن :ئێمە موڵكی خواین و هەرچی هەمانە بەخششی خوایە ، سەر ئەنجامیش تەنها هەر بۆ لای ئەو زاتەیە گەڕانەوەمان .

(أُولَـٰئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَـٰئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ)البقرة (157)

ئا ئەوانە چەندەها ستایش و ڕەحمەت و میهرەبانی هەر بەسەر ئەواندا دەبارێت لەلایەن پەروەردگاریانەوە و ئەوانە ئەو كەسانەن ڕێبازی هیدایەتیان وەرگرتووە.

(عاشق نهێنی خۆی لە مەعشوقی ناشارێتەوە)

جا ئەو گەنجەی هۆگری ببوم لەگەڵ ئەم كچەیە بەو شێوەیە ببوون بە پات و مات ، جاری وا هەبوو دەچووینە بازاڕ كیلۆ تەماتە و خەیار و پەتاتەمان دەكڕی .

دەهاتینەوە بەشی ناوخۆ ، ئەم كوڕە لەشوێنی خۆی پاڵدەكەوت و مۆبایلەكەی بەدەستەوە دەگرت ، ئینجا بە كاتژمێر و دوو كاتژمێر قسە و چاتیان بوو .

گوێم لێبوو کچەکە پێی ووت :لە کوێ بووی بۆ تازە هاتیەوە بەشی ناوخۆ ؟ ئەویش ووتی :لەبازاڕبووین تەماتە و خەیار و پەتاتەمان کڕی.

ئیتر عیشق و ئەوینە لەسەر وردترین بابەتی خۆیان قسە دەکەن ، عاشق هەرگیز نهێنی خۆی لەمەعشوقی ناشارێتەوە .

(عاشق چێژ لەقسەی مەعشوق وەردەگرێ)

عاشق حەزدەکات قسە لەگەڵ مەعشوقی بکات بە قسەی مەعشوق دڵی ئاو دەخواتەوە ، خۆشحاڵ دەبێ هەرگیز وەڕس نابێ ، ناڵێت ئەرێ ئەو پرسیارە بێ مانایانە چیە ، یان بەسە ماندوومە توانای قسەکردنم نیە .

بۆیە کاتێ **خوای گەورە بە پێغەمبەر موسای فەرموو :**

وَمَا تِلْكَ بِيَمِينِكَ يَا مُوسَىٰ)طه ١٧

ئەی موسا : ئەی ئەوە چیە ، بەدەستی ڕاستتەوە

(قَالَ هِيَ عَصَايَ أَتَوَكَّأُ عَلَيْهَا وَأَهُشُّ بِهَا عَلَىٰ غَنَمِي وَلِيَ فِيهَا مَآرِبُ أُخْرَىٰ)طه١٨

موسا وتی : ئەوە گۆچانەکەمە ، خۆمی بەسەردا دەدەم و دەیماڵم بەدرەختدا)تا گەڵا بوەرێنم بۆ مەڕەکانم ، چەند مەبەستێکی تریشم تێیدا هەیە.

خۆ پرسیارەکە تەنها ئەوە بوو ئەمە چیە لەدەستت گرتووتە ؟ وەڵامەکەش ئەوە بوو بفەرمووێ :گۆچانە و بەس ، بەڵام لەبەر خۆشویستنی پەروەردگار ئاگای لەخۆی نەما وەڵامی زیاتری داوە .

جارێکی تریش **پێغەمبەر موسا علیه السلام لەتاو شەوق و خۆشەویستیەوە فەرمووی : قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ قَالَ لَن تَرَانِي وَلَـٰكِنِ انظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنِ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَىٰ صَعِقًا فَلَمَّا أَفَاقَ قَالَ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ) الأعراف١٤٣**

ئەی پەروەردگاری ئازیز خۆتم نیشان بدە تا تێر تەماشات بکەم ، خوای گەورەش فەرمووی :هەرگیز (لە دنیادا) نامبینیت (بۆ دڵنیاکردنی لەوەی کە بەرگەی تەجەلای زاتی پەروەردگار ناگرێت)پێی فەرموو :بەڵام (ئەگەر هەر حەز دەکەیت)سەیری ئەو چیایە بکە ، جا ئەگەر مایەوە لە جێگەی خۆیدا ئەوا لەوەودوا تۆش من دەبینیت ، جا کاتێک پەروەردگاری خۆی نیشانی کێوەکەداو تەجەلای کرد ، کێوەکەی سووتاند و ورد و خاشی کرد ، موساش کەوت و لە هۆش خۆی چوو ، ئینجا کاتێک هاتەوە هۆش خۆی (زانی داخوازیەکەی زۆر گەورە بووە)وتی :

ستایش و بێگەردی و کەماڵ هەر سایشتەی تۆیە، من پەشیمانم لە داخوازیەکەم و گەڕامەوە بۆ لای تۆ و من یەکەم کەسم لە ئیمانداران .

(عاشق بەیادی مەعشوق مەست دەبێ)

عیشق گەر لەسنور دەربچێ دەگاتە حالەتی مەست بوون و بێ ئاگایی و بێ هۆشی و هەستی ئازار لەجەستەی نامێنێ. هەروەکو ژنەکان بۆ پێغەمبەر یوسف علیه السلام دەستی خۆیان بڕی .

(فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَأً وَآتَتْ كُلَّ وَاحِدَةٍ مِّنْهُنَّ سِكِّينًا وَقَالَتِ اخْرُجْ عَلَيْهِنَّ فَلَمَّا رَأَيْنَهُ أَكْبَرْنَهُ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا هَـٰذَا بَشَرًا إِنْ هَـٰذَا إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ)یوسف ٣١

جا کاتێك ژنەکەی عەزیزی میسر توانج و پلارەکەی ئەوانی بیست ، ئەویش ناردی بە شوێنیانداو جێگەیەکی خۆشی بۆ ئامادە کردن، چەقۆشی دایە دەستی هەریەکەیان، ئینجا فەرمانیدا بە یوسف و وتی :ئادەی وەرە دەرەوە بۆ لایان (با بتبینن)و جا کاتێك بینیان بە گەورەو گرنگیان زانیو (الله اکبر)یان بۆ کردو بە بێئاگایی دەستی خۆیان بڕی وتیشیان :پاکی و بێگەردی ودووری لە هەموو ناتەواویەك

شایستەی خوایە کە ئەمەی دروست کردووە !ئەمە بەشەر نیە ، تەنها فریشتەیەکی جوان و بەرێزە و هیچی تر نیە.

بۆیە دەتوانین بڵێین عیشق و ئەقڵ هەرگیز پێکەوە کۆنابنەوە ، کاتێ عیشق و ئارەزوو هێرش دەکەن ئەقڵ بوونی نامێنێ ، **مەولانا دەفەرمووێ : عیشق هات و ئەقڵ ئاوارە بوو .**

(عاشق و دوژمن زێدەڕۆیی لەقسەکردندا دەکەن)

بێگومان عاشق هەروەها دوژمنیش ئەم دووانەیە هەمیشە زیادەڕۆیی لە قسەکانیان دەکەن ، عاشق بە تایبەتی گەر لەسەر مەعشوقی بدوێ بەشێوەیەک باسی دەکات وەکو ئەوەی مەعشوقی فریشتە بێ و هیچ کەم و کوڕیەکی نەبێ ، کەچی بەو شێوەیە نیە لەچاوی ئەو وا دەبینرێ .

دوژمنیش بەهەمان شێوە بەشێوەیەک باسی دوژمنی دەکات وەکو بڵێی دوژمنی ئیبلیس بێ کەچی بەو شێوەیە نیە لەچاوی ئەو وا دەبینرێ .

بۆیە دەتوانین بڵێین : عاشق و دوژمن لەسەر خۆشەویست و دوژمنیان قسەیان لێ وەرناگیرێ چونکە زێدەڕۆیی تێدا دەکەن .

(کەسی میانڕەو زێدەڕۆیی لەقسە ناکات)

کەسی میانڕەو و بەڕێز ئەو کەسەیە کاتێ باسی هەر بابەتێک یان کەسێک دەکات حەق بە بابەتەکە دەدات ، گەر باسی دوژمنیشی بکات سیفەتە جوانەکانیشی دەخاتە ڕو ، واتە لەسەر چەند هەڵەیەک سفرێ تەواو ناداتە کەسەکە .

خوای گەورە بەو گەورەییەی خۆی بزانە ئەو جولەکانە ئەو جۆرە قسە بێ ئەدەبیانەیان دەکرد **(وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللَّهِ مَغْلُولَةٌ) المائدة٦٤**

ئەو جولەکە (نەفام و خوانەناسانە)دەیانوت : خوا دەستی بەستراوە و خێری لەدەست نابێتەوە.

سەرەڕای ئەو دوژمنایەتیەی کە دەیانکردیش بەڵام خوای گەورە کاتێ باسیانیش دەکات لە قورئانی پیرۆزدا حەقیان پێدەدا بۆیە لە ئایەتێکی تر **دەفەرمووێ : وَمِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مَنْ إِن تَأْمَنْهُ بِقِنطَارٍ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ وَمِنْهُم مَّنْ إِن**

تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ لَّا يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ إِلَّا مَا دُمْتَ عَلَيْهِ قَائِمًا ۗ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا لَيْسَ عَلَيْنَا فِي الْأُمِّيِّينَ سَبِيلٌ وَيَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ)آل عمران٧٥

له شوێنکەوتووانی کتێبە ئاسمانیەکان کەسانێک هەن ئەگەر ماڵ و دارایيەکی زۆری بەئەمانەت لەلا دابنێیت (هەر کاتێک داوای بکەیت)بۆت دەگێڕێتەوە بەتەواویی ، هەشیانە ئەگەر دینارێکی بەئەمانەت لادابنێیت بۆت نایگێڕێتەوە مەگەر بە سەریەوە ڕاوەستابیت و کۆڵی لێنەدەیت ، ئەوانە بۆیە وادەکەن چونکە دەڵێن : لە بەرامبەر دەستەی نەخوێندەواراندا (مەبەستیان موسڵمانانە)لێپرسراو نابین (ئەگەر فێڵیان لێبکەین و ماڵیان بخۆین)، ئەوانە بەدەم خواوە درۆ هەڵدەبەستن و دەشزانن کە درۆ دەکەن .

بێگومان هیچ کەسێکیش نیە سەدا سەد بێ هەڵەبێ ، کەواتە خۆشەویستت هەڵەی کرد دەبێ بڵێی ئەو کارەی هەڵەیە پێچەوانەی شەرعی خودایە و ئەو دوژمنەشم ئەو کارەی کردووە بەڕاستی حەق و ڕاستە و پابەندی شەرعی خودایە .

دەبێ هەموو کاتێ ئێمە پابەندی شەرعی خودا بین نەک پابەندی ئارەزووی نەفسمان بین ، چونکە ئارەزووی نەفس

لەڕێگەی خودا لاماندەدات هەروەکو
خوای گەورە دەفەرمووێ : وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ الله) ص٢٦

هەرگیز شوێنی ئارەزوو مەکەوە ، تا نەبێتە هۆی گومڕاکردن و لادانت لە ڕێبازی خودا .

(داهێنانم لە زمانی کوردیدا)

بەقسەی خۆم داهێنانم کردبوو لە زمانی کوردی دەمووت : چۆن لەعەرەبی کاتێ بۆ دووکەس دەڵێن : عَلِمَا واتە دووکەس زانیان ، دەمووت بە کوردیش پیتی (وو)ی بۆ زیاد دەکەین بۆ نمونە بۆ دووکەس دەڵێین : زانیانوو ، خواردیانوو .

بێگومان ئەوەی قسەیەکی گەورەتریش لە ئەقڵی خەڵک بکات دەکەوێتە ژێر ڕەخنە و قسەی خەڵکەوە .

(نوسینی کتێبی عیشقی ڕاستەقینە)

عیشق بەردەوام بوو تا گەیشتە ئەو ئاستەی نامیلکە یاخود کتێبێکی بچکۆلە بنوسم لەسەر عیشق بەشێکی کتێبەکە ئەوە بوو :

عیشقی ڕاستەقینە

عیشقی ڕاستەقینە بزانە

عیشقی خواو پێغەمبەرە

عیشقی کەسێک لە پێناو خوایە

عیشقی هاوسەرت لە پێناو خوایە

نموونە لەسەر عیشقی ڕاستەقینە
ئەو پێغەمبەرەی ڕابەر و پێشەوا
فێرمان دەکات عیشقی ڕەوا

کاتێ نوێژ بەتەنها دەکات بۆ خودا

ئاگای نامێنێ لە دونیا

نوێژ قسەکردنە لەگەڵ خودا

لەبەر عیشقی خودا

ئاگای نامێنێ لە دونیا

دواجار لەم کتێبەش پەشیمان بوومەوە و وازم لێهێنا کە خۆم بە شایەنی ئەوە نەزانی کتێبم هەبێ لەکاتێکدا خۆم لەقۆناغێکم ئارەزووی نەفس بەسەرم زاڵ بووە .

(خۆکوشتن)

ڕۆژێکیان لەپەیمانگا مامۆستا پرسیارێکی کرد ووتی :چەند کەس لەئێوە بیری خۆکوشتنی کردۆتەوە پێشتر ، پێم وا نەبوو بەم شێوەیە زۆربەی لە گەنجان دەست هەڵبڕن و بڵێن من من ، سەیرم کرد زۆربەی هۆڵەکە دەستیان هەڵبڕی کە بیری خۆکوشتنیان کردۆتەوە .

بەڵێ ئەوەیە تەمەنی گەنجی و شێتی ، ئەوەیە ئەو شێتەی ئارەزووی نەفسی بەسەری زاڵە بەیەک تاکە نەزەر عاشقی کچێک دەبێت و دواتر پێی ناگات هەوڵی خۆکوشتن دەدات ، لە پۆلی دوانزە نمرەیەکی کەم بە دەست دێنێ وا دەزانی ژیانی کۆتاییە هەوڵی خۆکوشتن دەدات ، لەماڵەوە بەگوێی ناکرێ هەوڵی خۆکوشتن دەدات بەداخەوە .

ئەو خۆکوشتنەش لە هۆکاری بێ ئیمانی و زانستی پەیدا دەبێ ، چونکە کەسێک ئیماندار بێ و الله لە دڵی بێ ، هەروەها خاوەن زانست بێ و بزانێ کە خۆکوشتن گوناهو تاوانی زۆر گەورەیە ، هەرگیز بیر لەخۆکوشتن ناکاتەوە .

پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرمووێ : وَمَنْ قَتَلَ نَفْسَهُ بِحَدِيدَةٍ عُذِّبَ بِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمَ .رواه البخاري ١٣٦٤

هەرکەسێ خۆی بکوژێ بە ئاسنێک ، ئەوە لەناو ئاگری دۆزەخ بەو ئاسنە ئازار دەدرێ .

ئەو کەسەی خۆی دەکوژێ ئەو کەسەیە بێ ئیمانە یان ئیمانی زۆر زۆر لاوازە دڵی بەتاڵە لە یادی الله ، بەڵکو دڵی پڕاوپڕە لە شەیتان ، هەروەها هیچ زانستێکیشی نیە کە ئەو زانستە لە دڵەوە وەکو مامۆستایەک ئامۆژگاری بکات وەکو ئیلهام بێتە ناو دڵیەوە پێی بڵێ خۆکوشتن چارەسەر نیە ، خراپە تاوانێکی زۆر گەورەیە ژیانی دونیا و دوارۆژم دەڕوا و دەچمە دۆزەخەوە .

(ئەو ئافرەتەی ویستی خۆی بکوژێ)

ڕۆژێکیان مامۆستایەکی دەروونی لە پەیمانگا بۆمانی باسکرد ئافرەتێک وویستبووی خۆی بکوژێ ئامادەکاری تەواوی کردبوو ، وادیارە کەسیش نەبووە دەستی بگرێ .

ووتی :ئافرەتەکە خۆی باسی کردبوو ووتی :لەو کاتەی دەمویست خۆم بکوژم هیچ شتێکم بە خەیاڵ نەدەهات

تەنها خۆکوشتن نەبێ ، ئەوەش بێگومان وایە مرۆڤ کە ئیمان لەدڵی کەم بوو شەیتان لەسەری زاڵ دەبێ .

هەروەکو **خوای گەورە دەفەرمووێ : وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ الرَّحْمَـٰنِ نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطَانًا فَهُوَ لَهُ قَرِينٌ) الزخرف٣٦**

کەسێك خۆی کوێر بکات لە ئاستی قورئان و یادی خوای میهرەبان ، ئەوە ئێمە شەیتانێك دەکەینە ملۆزمی و هە میشە دەبێتە یار و یاوەری و لەگەڵیدا دەبێت ، ئیبلیس و سەربازەکانی ئەوە کاریانە نێوان ژن و مێردێک تێکبدەن ، کەسێک بە کوشتن بدەن ، زینایەک بە گەنجێک بکەن .

بەڵێ ئەم ئافرەتەش لەو کاتەیە ووتی :لەوکاتەی وا خەریکە خۆم دەکوژم خودام بیرهاتەوە و ترسی خودا کەوتە ناو دڵم ، بۆیە دەستبەجێ پەشیمان بوومەوە نەمتوانی خۆم بکوژم .

وەکو دەڵێن ڕوح شیرینە ، لەکاتێ مرۆڤ دەکەوێتە تەنگانەی مردن دەترسێ و ڕادەکات لە مردن ، ئەی ئێستا چۆنە دەتوانێ خۆی بکوژێ ، بێگومان لەو کاتانە ئەقڵ و هۆشی نەماوە ، شەیتان بەسەری زاڵ بووە و وەکو سەرخۆشێک یاری پێدەکات .

خۆ مرۆڤ گەر ئاقڵ و بەهۆش بێ هەرگیز ناتوانێ خۆی بکوژێ ، چونکە ئەوەندە ئاسان نیە مرۆڤ بتوانێ خۆی بکوژێ .

هەڵەیەکی تریش ئەوەیە مرۆڤ بە تایبەتی گەنج لەکاتی ئاسایی و ئارامیدا لەگەڵ هاوڕێی خراپ وەسوەسە و ڤایرۆس و قسەی خراپ دەخەنە دڵیەوە باسی خۆکوشتن و ئەو بابەتانە دەبیستێ و لەدڵی خۆیشی زۆر باسی دەکات و تا وای لێدێ لەکاتی توڕەیی پەنا بباتە بەرخۆکوشتن .

چونکە مرۆڤ وەکو ئامێرێک سەرەتا بەرنامە دارێژی بۆ بکەی دواتر کارەکە ئەنجام بدات ، ئەوهاش مرۆڤ کاتێ سەیری گوناهوتاوان دەکات یان زۆر بیری لێدەکاتەوە ئەو سەیرکردن و بیرکردنەوانە دەبێتە کردار پاشان کرداریش دەبێتە خوو نەریتی تا بە شێوەیەک نەتوانێ واز لە کارەکە بێنێ ، بۆیە سەیرکردنی تاوانیش هەر تاوانە چونکە مرۆڤ بەرەو تاوان دەبات .

(مرۆڤ کوشتن)

ئەوەی مرۆڤ کوژە بەهەمان شێوە لەکاتی ئاسایی فایلێکی خۆگەورەزانی لە مێشکی خۆی کردۆتەوە و دەمانچەیەکیشی لەبەرپشتی خۆی داناوە و بەرنامە ڕێژی

تەواوی کردووە کە کەسێک یەک هەڵەی بەرامبەری کرد لێی قبوڵ نەکات یەکسەر بە دەمانچە فیشەکی پێوەبنێ .

تکایە گەنجی ئازیز سەرەتا بۆخۆم پاشان تۆی بەڕێز با پێکەوە فایلی خۆکوشتن و مرۆڤ کوشتن لە مێشکمان ببەینە دەرەوە هەرگیز بیری لێنەکەینەوە ، هەرکاتێ ئەو خەیاڵانە بەسەر دڵمانیش هات با بیر لەدوای کارەکە بکەینەوە ، خۆمان بکوژین دەچینە ناو ژیانێکی تری زۆر ناخۆشتر کە دۆزەخە .
هەروەها مرۆڤیش بکوژین یان لەتۆڵە دەکوژرێینەوە یان دەخرێینە زیندان و لەولایەش دوژمنداری لەنێوان خزم و کەس وکاری تۆو کەسی کوژراو دروست دەبێ .

پاشان گەر سوڵحیش بکرێ هەر مایەی ڕیسوایی و پەشیمانیە .

کەواتە یەک سات خۆگرتن و زاڵ بوون بەسەر نەفست وا دەکات فیتنە و پەشیمانیەکی زۆر گەورە لەسەرخۆت لابدەی .

وە بەتەنها یەک ساتی خۆگەورەزانی و گوێڕایەلی نەفست پەشیمانیەکی هەتا هەتایت بۆ دێنێ .

(پشیلەیەک چاوی زەق کردەوە بۆ کفتە)

ڕۆژێکیان وا لە بەشی ناوخۆ دانیشتووین باوکی ئەو گەنجەی هۆگری ببوم خواردن و چێشتی هێنا بۆمان سەلاجەی پڕ شت و خواردن کرد دەستی خۆش بێ ، دواتر خواحافیزی کرد و ڕۆیشت ، دەستبەجێ پشیلەیەک سەری کێشا ژوورەوە وا دیارە چاوی خۆی زەق کردبۆوە بۆ کفتە ، زانیبووی باوکی ئەو گەنجەی هۆگری ببوم کفتەی هێناوە ، جا ئێمەش خۆمان خواردنمان هەر بەشەڕ و چاوچنۆکی بوو ، سەیری دەمی یەکترمان دەکرد دەمانووت :ئەها چەندە زۆر دەخاتە دەمی ، لەسەرخۆبە هیچت بۆ نەهێشتینەوە .

ئەوەشمان لێ پەیدابوو بێگومان پێمان ناخۆش بوو ، جا پشیلەکە هاتە ژوورەوە ووتی :چاوەڕێم دەکرد ئەو بڕوا بێم کفتە بخۆم ، ئیتر بەشی ناوخۆیە زۆر برسیمان دەبوو ، پشیلە مەبەستمان پێی کوڕێکی ژوورەکەی تەنیشت خۆمان بوو .

خۆی هەرچەندە بەشی ناوخۆ جیاوازە ، چونکە لەوێ وەکو سەربازی زۆر برسیمان دەبوو ، جگە لەوەش ئەو چەند ژوورەیە زۆر تێکەڵ بووین ، شت و خواردنی

یەکتریمان دەخوارد ، ئەوەش ئاساییە کاتێ تۆ هاوڕێیەکی گیان بە گیانیت هەیە یان برایەکەت کە پێشتر ئیزنی تۆی داوە خواردنی بخۆی ئاساییە .

(بانگهێشتکردن)

ئاسایی نیە بەزۆر خۆت بکەیتە دەعوەتی کەسێک بەتایبەتی کەسێکی داماو و هەژار بەزۆر بتەوێ لەسەر حسابی ئەو خواردن بخۆی .

بۆیە لەشەرعیش دەفەرمووێ سونەتە خواردنی وەلیمە کە تۆ ژن بگوازیەوە سونەتە خواردنێک ئامادەبکەی بۆ خەڵک ، هەروەها کاتێ کەسێکیش بانگهێشی دەکات واجبە وەڵام بداتەوە دەبێ بچێ مەگەر بزانێ گوناهباری و بێ شەرعی ڕودەدا ئەو کات واجب نیە بچێ .

هەروەها دەفەرمووێ حەڕامە بەبێ ئیزن لەخۆتەوە بچیت ئامادەی بانگهێشتەکە ببیت لەکاتێک کە بانگهێشت نەکراویت ، ڕەنگە خواردنیان بە ڕێژەیەکی دیاریکراو کردبێ تەنها بەئەندازەی ئەو کەسانەی بانگهێشت کراون .

(شیرینیت نه‌هێناوه بۆمان)

ناشیرینه کاتێ که‌سێک دامه‌زراوه یان ژنی ماره‌کردووه یان شتێکی کڕیوه ، تۆ شه‌رمه‌زاری بکه‌یت و بڵێی کوا شیرینیمان نه‌خوارد ، ئه‌و داماوه جاری وا هه‌یه شته‌که‌ی به‌قه‌رزکڕیوه ، یان گه‌ر حه‌ز بکات ئه‌وه خۆی شیرینی ده‌هێنێ پێویست ناکات تۆ پێی بڵێی ، ڕه‌نگه بارودۆخه‌که بۆی نه‌ڕه‌خسێ ، یان جاری وا هه‌یه شیرینی هێناوه تۆ ئاماده نه‌بووی خۆ ئه‌و داماوه‌ش هه‌موو ڕۆژێ شیرینی ناهێنێت ؟

(لێگه‌ڕێ با عایدی خۆمان بێ)

هه‌ڵه‌یه‌کی تریش هه‌یه کاتێ خاوه‌ن فرۆشگایه‌ک ده‌ڵێ : لێگه‌ڕێ با عایدی خۆمان بێ ، ئه‌وه‌ش نابێ تۆ ده‌ستبه‌جێ بڵێی ده‌ست خۆش ، چونکه ئه‌و قسه‌یه زۆرجار له‌به‌ر شه‌رم وا ڕووده‌دا ، شه‌رم ده‌کات ڕاسته‌وخۆ پاره‌ت لێ وه‌ربگرێ ، یانیش که ده‌بینێ تۆ مامه‌ڵه زۆر ده‌که‌ی ده‌یه‌وێ له‌ڕێگه‌ی ئه‌م قسه‌یه‌وه شه‌رمه‌زارت بکات پاره‌ی ته‌واوت پێبدا بۆیه ده‌ڵێم :

ده‌ڵێ لێگه‌ڕێ با عایدی خۆمان بێ
که‌چی دواتر یه‌ک ٢٥٠ی خۆشنابێ

خۆی لەڕاستیدا خاوەن فرۆشگاش نابێ ئەو قسانە بکات یان دەبێ بەدڵ قسەکە بکات نەک دواتر کابرا بڵێ دەست خۆش ئەویش لەگەڵی بچێتە دەر و چاوی لەدوای پارەکە بێ .

کاتێکیش لە فرۆشگا یەکێک دەڵێ پارەکە لەسەر منە و من دەیدەم ، بەڕاستی نابێ تۆ یەکسەر ڕازی بی بەڵکو دەبێ زۆرپێداگری بکەی کە زانیت ئەو کەسەیە بەهەموو شێوەیەک دەیەوێ پارەکە بدات و پارەی لەلایە ، بەدڵیش حەز بە پێدانی پارەکە دەکات ، ئەو کات ڕازی ببە .

(بەبێ ئیزن مەچۆ ژوورەوە)

لەبەشی ناوخۆ بەشەو خودا لێیان ببورێ زۆرجار دەبووە دیوەخان و قسە نەماندەتوانی بخەوین ، شەوێکیان کاتژمێر یەکی شەوە ، خەوتوومە ، لەناکاو لەخەو هەستام دەبینم گەنجێک لەسەر سەرمە لە ژوورێکی تر هاتبووە سەر سەرم بەبێ ئیزن هەر لەخۆوە هاتبووە ژوورمان.

ڕاستە هەڵەی سەرەکیش لە ژووری ئێمە بوو دەرگایان دانەخستبوو ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەو هەڵە بوو هەر لەخۆیەوە بەبێ ئیزن هاتە ژوورەوە .

گەر سەیری **قورئانی پیرۆز بکەین خودای گەورە بە گەورەیی خۆی ئامۆژگاریمان دەکات دەفەرمووێ : يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّىٰ تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَىٰ أَهْلِهَا ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ)النور٢٧**

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە مەچنە هیچ ماڵێکی تر جگە لە ماڵەکانی خۆتان هەتا کارێك نەکەن کە ئەوان ئاگاداربن (وەکو زەنگ لێدان یان لە دەرگادان)پاشان کە مۆڵەتدران سەلام بکەن لە خەڵکی ماڵەکە ، ئەوە چاکترە بۆتان و بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن، هەوڵ بدەن لە یادتان بێت و ئەو شێوازە فەرامۆش نەکەن) کاتی لە بارو گونجاو هەڵبژێرن بۆ سەردانەکانتان ، بۆ میوان و خاوەن ماڵ دڵیان بەیەك بکرێتەوە .

(فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فِيهَا أَحَدًا فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّىٰ يُؤْذَنَ لَكُمْ وَإِن قِيلَ لَكُمُ ارْجِعُوا فَارْجِعُوا هُوَ أَزْكَىٰ لَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ) النور٢٨

جا ئەگەر کەستان نەبینی تیایدا ، یاخود هەستتان کرد کە س لەماڵ نیە ، مەچنە ژوورەوە هەتا مۆڵەت نەدرێن ، ئە گەر پێتان وترا بگەڕێنەوە (کاتمان نیە ، یان کارمان هەیە)

بگەڕێنەوە (بەبێ دڵگرانی)ئەوە چاکترە بۆتان، چاکیش بزانن خوا زانایە بە هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

ئێمە بچینە بەر دەرگای ماڵە خزمێک بڵێن ئیزن نیە کاتمان نیە ئەمڕۆ ، تورە دەبین دەڵێین عەیبە بۆ ئەمانە ، ئەها ئێمەیان ناوێ چونکە هەژارین ئینجا سەدەها گومانمان بۆ دروست دەبێ ، ئیزن وەرگرتن لەهەموو شتێک جوانە ، کاتێ دەچیتە ماڵێک ئیزن وەربگری ، هەروەها کاتێ دەتەوێ دەستکاری شتێک بکەی پێویستە ئیزن لە خاوەنەکەی وەربگری.

(وێنەگرتنی بەبێ ئیزن)

لەهەمووش گرینگتر بۆ گەنجان ئەوەیە بەبێ ئیزن لەخۆیانەوە وێنە و ڤیدیۆی خەڵک نەگرن چونکە ڕەنگە ئەو کەسەیە لەبارودۆخێکی وا بێ گونجاو نەبێ وێنەی بگیرێ ، هەر ئەو وێنەگرتنەش فیتنەو ئاژاوەی زۆری بەدوادادێ .

بەداخەوە بۆ ئەو گەنجانەی تووشی نەخۆشی وێنەگرتن بوونە ، هەر روداو و شتێک دەبینن مۆبایل دەردێنن و پارچە ڤیدیۆیەک دەکەن بۆ ئەوەی بڵاوی بکەنەوە و

بینەریان زۆربێ ، تا وای لێهاتووە بگاتە ئەو ئاستەی یەکێک لەپێشمان خۆی بسووتێنێ یان بخنکێ یان بمرێ یان ڕوداوێکی هاتوچۆ ڕوبدات ، ئێمە مۆبایلەکە دەربێنین و وێنەی بگرین و سەیری بکەین لەجیاتی ئەوەی یارمەتی بدەین و ڕزگاری بکەین.

(دووبارە عیشقی حوجرە و مەلایەتی)

لەو بارودۆخانەی دەوام و بەشی ناوخۆ هەر ئەو بیر و خەیاڵەی پێشترم مابوو کە ئەو مامۆستایە ئاینیە کاریگەری لەسەرم دروست کردبوو .

دووبارە دەستم بە بیر و خەیاڵی حوجرە کردەوە ، لە دڵی خۆم دەمووت دوای پەیمانگا بچمە حوجرە دەست بە خوێندنی مەلایەتی بکەم ، بە خۆمیش نەدەووت باشە من وا لە بەشی ناوخۆ وەڕسم لەبەر مانەوە و خەو ، ئێستا چۆن بتوانم بچمە حوجرە بەساڵ و دووساڵ تێدا بمێنمەوە .

جا لەو بیر و خەیاڵانە بووم ڕۆژی پێنج شەممە بوو هاتمەوە ، لەماڵەوە دانیشتم ، بە دایکمم ووت دەبێ بچمە حوجرە ، ووتی : تۆ بە چ حاڵێک بەشی ناخۆت بەسەر برد

ئینجا نۆرەی ئەوە ، هەرجارەو مامۆستایەکی ئاینی کاریگەری بۆ دروست دەکردم دەبوومە گوێبیستی.

(ئیلحاد و بێ باوەڕی)

هەر لەقۆناغی دووەمی پەیمانگا ئەو کاتانەی بێ کاربووم خەریکی فەیس بووک بووم ئاگر بووم ، نەدەوەستام لە پۆست و قسەکردن ، بەردەوامیش قسە و چاتم هەبوو لەگەڵ خەڵک هەرجارەو جۆرە پرسیارێک ئاراستەم دەکرا.

ڕۆژێکیان یەکێکی مولحید نامەی نارد دوای گفتوگۆ باسی کرد کە ئەو باوەڕی بە دەسەڵات و خوایەک هەیە بەڵام ئەو (الله) ی ئیسلامە نا ، مولحیدی تریش هەبوو گاڵتەی پێم دەکرد کە فەیس بووکم بەناوێکی ئیسلامیە و باوەڕم بە الله هەیە.

جا ئەو مولحید و مارکسیە داماوانە لەلایەک دەڵێن خودا بوونی نیە ، لەگەڵ ئەو قسەیەش هەموو تەمەنیان تەرخان دەکەن بە باسکردنی نەبوونی خودا ، باشە گەر شتێک بوونی نەبێ باسکردنی جگە لە شێتی و بێ ئەقڵی چ شتێکی ترە .

بۆ نمونە متمت ئەم ووشەیە چیە هیچ نیە ، کە هیچیش نەبێ باسی ناکرێ و کەس بیریشی لێناکاتەوە ، ئەوانەش

گەر ڕاست دەکەن خودا هەر بوونی نیە ئەی ئەم هەموو باسکردنەیان چیە لەسەر خودا.

بێگومان ڕاست ناکەن و زۆرجار بەبێ ویستی خۆیان ناوی الله دێتە سەر زاریان و دواتریش دەڵێن نا ئەوە سەر زارەکیە و بە دڵ مەبەستمان نیە ، وەکو کابرای پێیان ووت : باوەڕت بە خودا هەیە ؟ ووتی : نا والله.

باشە گەر دەڵێن بەسەر زمانمان هاتووە بە دڵ مەبەستمان نیە قەینا ، ئەی بۆچی شتی تر بەسەر زمان ناهێ وەکو متمتەکە ، بێگومان خودایەکی بەدەسەڵات و گەورە هەیە کە ئەم گەردوونەیە بەڕێوە دەبات.

(قوڕئان گەورەترین موعجیزەیە)

جا هەیە لەم بێباوەڕانە دان بە دەسەڵاتێک دەهێنێ وەکو ئەوەی پێمی ووت : باوەڕم بە خودا و دەسەڵاتێک هەیە کە خاوەنی ئەم گەردوونەیە ، بەڵام ئەو خودایەی ئیسلام نا ، لەکاتێک ئەو خودایەی ئیسلام کە الله یە بەبەڵگەی دڵنیایی و دروست دەسەلمێندرێ کە ئەو الله حەقە ، بەڵگەی بەهێزیش قوڕئانی پیرۆزە .

چونکە ئەم قوڕئانە پیرۆزەیە لەشوێنێک دابەزیوە کە ئەم شوێنەیە هیچ فەیلەسوف و زانای لێهاتووی وایان نەبوو

کە ئەوها زانست و زانیاریەک بهێنێ کە پێشتر نەیانزانیبێ ، بە تایبەتی ئەو چیرۆک و زانستە شاراوانەی قورئانی پیرۆز کە خوای گەورە بۆ سەر پێغەمبەرێک دایدەبەزێنێ کە ئەم پێغەمبەرە ﷺ نەخوێندەوار بووە ، هەروەها نەشیزانیوە بنوسێ ، شاعێر و زاناش نەبووە ، خۆی ئەمە لەخۆیدا موعجیزەیەکی زۆر گەورەیە .

باشە ئەو پێغەمبەرە ئەو هەموو چیرۆک و باسانەی پێشووی لەکوێوە زانی باسی پێغەمبەرانی پێشوو ، پێغەمبەر ئادەم کە خوای گەورە ڕاوێژی بەفریشتەکان کرد و کە جێنشین لەسەر زەوی دادەنێ و ئادەم دروست دەکات پاشان فەرمان بە فریشتەکان دەکات سوجدەی ڕێزی بۆ ببەن تەنها ئیبلیس نایبات ، پاشان شەیتان وەسوەسە بە باوکە ئادەم و دایە حەوا دەکات و هەڵیاندەخەڵەتێنێ لە دارەکە بخۆن و پاشان خوای گەورە ئادەم و حەوا لەبەهەشت دەخاتە دەرەوە .

هەروەها پێغەمبەرمان ﷺ هەواڵی پێغەمبەر نوحی لەکوێ زانی کە کەشتی دروست کرد و لافاو هات و کەشتیەکە دەیبردن بەنێو شەپۆلی وەکو چیا ، بێباوەڕان هەمووی خنکان و لەنێوچوون.

هەروەها چۆن هەواڵی پێغەمبەر موسای زانی دەریا بۆی بوو بە دوولەت و هەموویان لەدەریاکە پەڕینەوە و ڕزگاریان بوو ، پاشان فیرعەون و سەربازەکانی نقوم بوون و خنکان.

جگە لەم ڕوداوانەش ئەی ئەم هەموو بەڵگە زانستیانەی قورئان بۆ نمونە گەیشتنی ئەم دوو دەریایەی کە ئاوەکانیان تێکەڵی یەکتری نابێ .

هەروەها باسی ئەوەی کە ئەم زەوی و ئاسمانانە یەک پارچە بوونە پاشان لەیەکتری جیابونەتەوە ، هەروەها ڕودانی فراوان بوونی گەردوون ، کە ئەم گەردوونە بەردەوام گەورە و فراوان دەبێ .

هەروەها ئاماژەکردنی قورئانی پیرۆز بەوەی کە چەندە بەرەو ئاسمان بەرزببینەوە ئۆکسجین کەمتر دەبێتەوە ، هەروەها سوودی خواردنی خورما بۆ ئافرەتی دووگیان هەروەکو قورئان ئاماژەی پێکردووە کاتێ خاتوو مەریەم دووگیان دەبێ بەئیزنی خوای گەورە ، فەرمانی پێدەکات دارەکە بهەژێنێ لەخورما بخوات.

ئا ئەم هەموو بەڵگە و زانیاریانە ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستە ﷺ لەکوێوە هێنای لەشوێنێک دەژیا کە هیچ فەیلەسوف و زانای وای نەبوو تا بڵێین لەوانی وەرگرتبێ .

هەروەها سەردەمی تەکنەلۆژیاش نەبووە بڵێین ئینتەرنێتی هەبووە لەگۆگڵ بەدوای گەڕاوە ئەو زانیاریانەی بە دەست هێناوە ، بێگومان دەبێ بڵێین تەنها و تەنها ئەم قورئانە پیرۆزە دەبێ لەلایان خوای گەورەوە بێ ، کەواتە ئەو خودایەی ئیسلام الله هەر ئەو الله یە حەقە و شایەنی پەرستنە.

دەبێ کاکی مارکسی مەبەستت چۆن بێ لەوەی خوا و دەسەڵاتێک هەیە لەئاسمان ڕەنگە بڵێن خودایەکی مرۆڤی گەورە ، یانی بڵێی دروستکراوەکی گەورەیە و بەدەسەڵاتە .

جا لەوەش قسەی سەیر دەکرێ هەیانە دەڵێ گەردوونی تر هەیە لەم گەردوونە گەورەترە خوایەکی بە دەسەڵاتی ئەم گەردوون هاتووە ئەم گەردوونەی دورست کردووە . بەردەوام قسەی بێ مانا تەنها بۆ ئەوەی خۆیان ڕزگاربکەن لەدانپێدانان بە خودایەکی گەورە و بەدەسەڵات کە نە سەرەتای هەیە نە کۆتای هەیە.

(کێ خودای دروستکردووە ؟)

باشە ئەی کێ ئەو گەردوونەی دروست کرد مەگەر بڵێین ئەویش خوایەکی تری گەورەتر ، وەکو ئەوەی لێدێ دەڵێن کێ ئاسمانی دروست کرد ؟ دەڵێین الله ، ئەی کێ زەوی

دروست کرد ؟ الله ، کێ مرۆڤی دروست کرد ؟ الله ، دەڵێن ئەی کێ الله ی دروست کرد ؟

جا ئەوە کێشەکەی ئەوانەیە خۆی لەخۆیدا پرسیارەکەیان مەنتیقی نیە و هەڵەیە ، کاکی مولحید خودایەکی تر ئەو خودایەی دروست کرد پەنا بەخودا .

ئینجا پرسیارێکی تر ئەی کێ ئەو خودای دروست کرد خودایەکی تر ئەوی دروست کرد ، بێگومان بەم شێوەیە کۆتایی ناهێت ، هەموو شتێک سەرەتایەکی هەیە ، بێگومان سەرەتای هەمووان هەر الله یە .

(هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ)الحديد٣

ئەو خوایە یەکەمینە و لەسەرەتاوە هەر هەبووەو کەس پێش ئەو نەبووە ، دواهەمینە و کۆتایە ، کەس دوای ئەو نامێنێت.

هەروەکو ئەوەی بڵێین پێش ژمارە دە چەندە نۆیە پێش ئەویش هەشتە بەم شێوەیە تە دەگاتە یەک پێش ژمارە یەک سفرە ، کەواتە پێش خوداش سفرە و هیچ لە پێشی نیە .

ئینجا کاکی مولحید پرسیارەکەت هەڵەیە کە دەڵێی خودا کێ دروستی کردووە ، چونکە سەرەتا پێویستە پێناسەی

خودا بزانی خودا مرۆڤ نیە تا دروستکراو بێ ، خودا مرۆڤ نیە تا بە ئەقڵی بچوکی خۆت بیری لێ بکەیتەوە .

ئەی بۆچی دەڵێین خودایە یانی بەهێزە توانادارە ، دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێ هەیە دروستکارە دروستکراو نیە ، کە دروستکراوبێ ئەوە بونەوەرە نابێتە خودا ، کەواتە هەر شتێ دروستکراو بوو پێویستی بە شتی تر بوو ئەوە خودا نیە.

(سوتفە بوونی نیە)

ئینجا دێینەوە سەر یاسای سوتفە ، دەڵێن هەموو شتێ بە ڕێککەوت و سوتفە دروست بووە ، ئەم گەردوونە بە سوتفە دروست بووە ، باشە چ ئەقڵێک باوەڕدەکات بە سوتفە لەخۆیەوە شت بێتە کایەوە .

باوەڕ دەکەی کتێبێکی ڕەنگاو و ڕەنگ وێنەی چیاو گژوگیا و ئاو و ڕوبار و گیاندار و مرۆڤی تێدا نەخشێندرابێ بڵێی لەخۆیانەوە ئەو وێنانە بە سوتفە و ڕێککەوت دروست بوونە هیچ دروستکارێکی نیە ؟ لە کاتێک وێنەی نێو ئەم کتێبە بێ ڕوحە و گیانیان لەبەرنیە ، ئاوەکەی ناتوانی لێی بخۆیتەوە ، تیشکی خۆرەکەی ناتوانێ دەرەوە ڕوناک بکاتەوە .

لەکاتێک ئەم گەردوونە بەم دیزاینە جوان و ڕێک و پێکە کە دروست کراوە ئەو تیشکی خۆرەی کە هەموو ڕۆژ لە ڕۆژهەڵات هەڵدێ و لەڕۆژئاوا ئاوا دەبێ بەبێ ئەوەی سوتەمەنی تەواویێ بەبێ ئەوەی بلێی گلۆپێکی دەستکردی مرۆڤ بێ و بلێی سووتا چەندەها ساڵە بەبێ ڕاوەستان ئەم زەویە گەورەیە ڕوناک دەکاتەوە ، ئەم هەموو گیاندارە جوانە ، ئەم هەموو باڵندە جوانانە ئایا دەبێ هەر لەخۆیەوە بەڕێککەوت دروست ببون ؟

بێگومان هیچ ئەقلێک باوەڕ بەمە ناکات ، کەواتە هیچ ڕێگە نیە دەبێ ئیللا دان بەوە بهێندرێ کە خودایەک هەیە هەموو ئەم گەردوونە هەر خۆی فەرمانڕەوایی تێدا دەکات و هەمووی هەر هی خۆیەتی.

(لِّلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ) البقرة٢٨٤

هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە هەر خوا خاوەنیانە.

(مولحید لەژیانێکی بێ مانا دەژی)

کەواتە مولحید لەژیانێک دەژی کە هیچ مانا و چێژێکی نیە ، چونکە مولحید ئیمانی نیە دەڵێ خودا نیە ، قیامەت نیە لێپرسینەوە نیە هەرکەسێکیش ئیماندار نەبوو هەموو گوناهوتاوانێک لەلای ئاسان دەبێ .

ئینجا هەرچی کاری قێزەوەن و پیس هەیە ئەنجامی دەدا درۆ ، غەیبەت ، دزی ، زینا ، کوشتن هیچ تام و چێژ لە ژیانی نامێنێ چونکە مرۆڤ کە هەستی بە بوونی خودا نەکرد ڕوحی پڕنابێتەوە بەشتی تر .

بۆیە هەیە پەنا دەباتە بەر ماددەی هۆشبەر تا خۆی سەرخۆش بکات ، هەشیانە هەر بەم بیرکردنەوە بێ مانایانە تا وای لێدێ خۆی دەکوژێ چونکە هیچ مانایەکی ژیان نامێنێ لەلای باوەڕیشی بە دوارۆژ نیە ، کەواتە مولحید دۆڕاوی هەردوو دونیایە.

(زاهیان خستە نێو چایەکەمەوە)

لەژووری خۆمان لەبەشی ناوخۆ من و ئەو گەنجەی هۆگری ببووم و لەگەڵ هاوڕێیەکەی دیمان دانیشتبووین ، قۆڕی چایەکەمان دانا خەریکە چایە دەخۆینەوە .

من چوومە چێشتخانەکە کارم هەبوو ئەوانیش چایەکیان بۆ تێکردبووم ، ئینجا لە چێشتخانە گەڕامەوە نەمدەزانی چ باسە تەنها دەمبینی ئەو گەنجەی هۆگری بووم پێدەکەنی نەمدەزانی بۆ پێدەکەنی دانیشتم چایەکە بخۆمەوە یەک قومم لێدا و دەستبەجێ چایەکەم لەدەمم فەرێداوە .

ووتم بۆ وا تاڵە ئەوە چیە ؟ پێکەنین و ئینجا تاوانبار دانی بەوە هێنا کە زاهیان خستۆتە نێو چایەکەی من ، منیش توڕەبووم یەکسەر چووم پۆستم کرد لەسەریان لە پۆستەکە نوسیم حوکمی کەسێک چیە کە زاهی بخاتە نێو چایەکەتەوە ؟

یەک لەکۆمێنتە جوانەکان نوسیبووی لێبوردنە ، یانی لێیان ببورە.

لەولاشەوە دایکم پێی ناخۆش بوو کە زانیبووی زاهیان خستۆتە نێو چایەکەی منەوە.

(سوعبەت و گاڵتەکردن)

خۆی سوعبەت و گاڵتەش دەبێ سنوری هەبێ هەندێ سوعبەت هەیە نابێ بکرێ چونکە کاری خراپی بەدوا دێ

خواردنی خراپ بدرێتە کەسێک سوعبەت نیە ، یاری بە دەمانچە و ئاگر و چەقۆ بکەی سوعبەت نیە لەشوێنێکی بەرز پاڵیبدەی سوعبەت نیە .

هەروەها لە قسەکردنیش تۆ بە ئاشکرا بڵێی ڕەشۆ یان کەچەڵ یان کورتەباڵا ئەو جۆرە قسانە سوکایەتیە دڵی پێ ئازار دەدەی ، سوعبەتیش وەکو **پێغەمبەر** ﷺ **دەفەرمووێ : إِنِّي لَا أَقُولُ إِلَّا حَقًّا) رواه الترمذي ١٩٩٠**
واتە : من هیچ ناڵێم تەنها حەق نەبێ.

بەڵێ پێغەمبەرمان ﷺ سوعبەتی کردووە بەڵام تەنها قسەی حەقی وتووە و لەسنوری شەرعی خوداش دەرنەچووە.

(بەرەو کۆتایی قۆناغی دووەمی پەرستاری)

تاقیکردنەوەی کۆتایی دەستی پێکرد ، جا کۆتاییەکەی کەوتە نێو مانگی ڕەمەزانەوە ، هەفتەی یەکەمی مانگی ڕەمەزان لەبەشی ناوخۆ دەمامەوە . زۆر بەڵا و نارەحەتیم بەسەر هات ، نە بەشەو خەو هەبوو نەبەڕۆژ ، دوای

نوێژی بەیانیانیش وازیان نەدەهێنا بخەوین .
لەلایەکی ترەوەش ئامادەکردنی خواردن سەخت بوو ، ئینجا هەر لەو هەفتەی ڕۆژێکیان ئەو گەنجەی هۆگری بووم باجی پەیمانگای لێ شاردمەوە زۆر تورەی کردم .

لەگەڵ ئەو ئازاردانانەش هەر ئەو دڵە داماوە شێتەیە خۆشیشی دەویست .

(ئازاردان بەدەستی خۆشەویستت)

هەموو ئەو ئازارانەی لەلای خۆشەویستان بەسەرت دێ پەیامی خوداین ، خودا دەیەوێ بمانگەڕێنێتەوە ژێر دەستی خۆی هەر ئەومان خۆشبوێ و هەر پشت بەو ببەستین ، تا بزانین خۆشەویستی ڕاستەقینە هەر خودایە هەر ئەوە هەتا هەتایی دەمێنێ ، هەر ئەویش پشت و پەنای ڕاستەقینەمانە ، بۆیە منیش لەو کاتانەی تورە دەکرام زیاتر پەنام بۆ خودا دەبردەوە.

بۆیە ناچارکرام لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ڕۆژ نا ڕۆژ هاتوچۆ بکەم و لە بەشی ناوخۆ نەمێنمەوە.

الحمدلله قۆناغی دووەمیش بەسەرکەوتوویی کۆتایم پێ هێنا .

(دابڕان و ماڵئاوایی)

بێگومان ئەوەی عیشق لێی دابێت دەزانێ چەندە ناخۆش و سەختە جیابونەوە لە ئازیزان بۆیە **بە ئیمامی عەلیان فەرموو : ئایا شتێک هەیە سەختتر لە مردن ؟ فەرمووی : بەڵێ جیابونەوە لە خۆشەویستان.**

منیش ڕاستە لەلایەک پێم خۆش بوو بەشی ناوخۆ جێدەهێڵم و دەگەڕێمەماڵەوە لەلایەکی تریش ناخۆش بوو جیادەبمەوە لەو گەنجەی هۆگری ببووم.

جا مرۆڤی ئاقڵ ئەو کەسەیە هەر لەسەرەتاوە دڵی هۆگری هیچ کەسێک نەکات جگە لە الله ، چونکە کۆتایی خۆشەویستنی جگە لە خودا بە دڵشکان کۆتایی دێ.

بەم شێوەیە ماڵئاواییمان نەکرد ، چونکە ماڵئاوایی بۆ ئەو کەسانە نیە کە بەدڵ یەکتریان خۆشدەوێ .

دڵ نزیکە لەو دڵانەی خۆشی دەوێن هەرچەندە بەجەستەش دووربن لەیەکتری ، ئینجا گەڕامەوە ماڵەوە.

(مەشق کردنی هاوینەی قۆناغی دووەم)

ئینجا وەکو ساڵی یەکەم دوای تەواوبوونی مانگی ڕەمەزان ، لە جەژنیش بێگومان جەژنانە و قسەکردن لەگەڵ ئەو گەنجەی هۆگری ببووم ، هەروەها چاتی بەردەوامیش لەفەیس بووک.

ئینجا پێویست بوو بۆ ماوەی دوو مانگ مەشق بکەم لەشیفاخانەیەک ، چوومە شیفاخانە خەریک بوومەوە بە دەرزی و کانولە لێدان و دوورینەوە.

(ئەو گەنجەی بزمار لەقاچی چەقی بوو)

ڕۆژێکیان گەنجێکیان هێنا بزمار لەقاچی چەقی بوو ، چووە لای دکتۆر وادیارە دکتۆر قسەی ناخۆشی کرد و پێی ووت تۆ قاچت لەکار دەکەوێ .

گەنجەکە هاتە لامان لەبرین پێچەکە تورەبوو و دەیووت شتێکم لێبێ لە دکتۆر خۆشنابم ، ئێمەش پەرستارەکان پێمان ووت هیچ نیە چەندەها کەس بزمار لەقاچیان چەقیوە و هیچیان لێ بەسەر نەهاتووە ، دکتۆر پێش ئەوەی دەرمان و چارەسەر بۆ نەخۆش بنوسێ پێویست دەکات بە ڕوخۆشی و قسەی خۆشەوە چارەی نەخۆشەکە بکات .

چونکە هیچ نەخۆشیەک نیە نەخۆشی دەروونی لەگەڵ دانەبێ ، دکتۆری ژیر هەرگیز ورەی نەخۆشی خۆی دانابەزێنی بەڵکو بەردەوام ورەی بەرزدەکات و پێی دەڵێ زۆرباشی .

زۆر کەس هەبووە نەخۆشیەکەی لەتۆ خراپتر بووە و چاک بۆتەوە ، چونکە نەخۆش گەر دکتۆر بەقسە ترساندی ئەو نەخۆشەیە بە ترس و دڵەڕاوکێ و خەم و خەفەتەوە بەرگری لەشی بێ هێز دەبێ.

(بەقاچی خۆی چوو لای دکتۆر بە هەڵگرتن هێنایانەوە)

دەگێڕنەوە پیاوێکی نەخۆشیان بە قاچی خۆی بردە لای دکتۆر ، بەڵام بە دووکەس لەلای دکتۆر هەڵیانگرت هێنایانە دەرەوە ، چونکە دکتۆرەکە هەر بە قسەکانی ورەی دابەزاند .

(با ئەمەش تەواو بێ)

ئینجا بەم شێوەیە مەشقی هاوینەشم کۆتایی پێهێنا کە بۆ ماوەی دوومانگ بوو ، گەنجیش لەهەر قۆناغێک بێ هەر دەڵێ با ئەو قۆناغەش تەواو بێ پشووەک بدەم ، نازانێ ژیان بە قۆناغە قۆناغ بە قۆناغ سەختتر دەبێ .

لە پۆلی دوازدە هەر دەڵێ تەواو بکەم ، ئینجا لە زانکۆش بە هەمان شێوە نازانێ بارودۆخی ئیش و کار و کاسبی سەختترە.

ئینجا دوای مەشقی هاوینە جەژنی قوربان هات و کۆتایی هات .

(دەستم کرد بە خوێندنی مەلایەتی)

ئینجا دوای تەواو بوونم لە پەیمانگا ، دەستم کرد بە خوێندنی مەلایەتی چوومە لای مامۆستام کە مامۆستایەکی ڕوحی و مامۆستایەکی فێرکاری زانستە شەرعیەکان بوو بۆم.

کە خوێندنی مەلایەتی خولیا و حەزی ئەو کاتەم بوو کە کاریگەر بووم بە مامۆستا ئاینیەکە ، دواجار سوپاس بۆ خودا کە منی هاندا و ڕێگەی بۆ ڕەخساندم کە شارەزای

دین و شەریعەتی خۆیم بکات ، **پێغەمبەر : ﷺ مَنْ يُرِدِ اللهُ بِهِ خَيْرًا يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ . رواه البخاري٧١**

خودا گەر چاکەی بۆ کەسێک بوێ ، ئەوە لەدین شارەزای دەکات.

(گرینگی مامۆستا)

بێگومان ڕێگای گەیشتن بە خودا و هەروەها بۆ شارەزابوون لەزانستی شەرعی بەبێ مامۆستا نابێ .

چونکە ئەو مامۆستایە زانستی لەمامۆستای پێش خۆی وەرگرتووە ئەویش لەپێش ئەوەی خۆی تا زانستەکە دەگاتەوە هاوەڵان ، پاشانیش هاوەڵانیش لە پێغەمبەر ﷺ ، پێغەمبەریش لەڕێگەی وەحی و نیگا لە جبرائیلەوە ئەویش لەلایان خودای گەورەوە.

بەڵام گەر کەسێک لەخۆیەوە بەبێ مامۆستا دەست بە خوێندنی کتێبەکان بکات ، باشە چۆن بزانی ئەو کتێبەی ئەو دەخوێنێ دەستکاری نەکراوە ؟ بەڵام گەر لەلای مامۆستا بێ گەر کتێبەکە دەستکاریش کرابێ مامۆستاکە دەزانێ چونکە لەپێش خۆی وەریگرتووە.

کەسی بێ مامۆستا شەیتان دەبێتە مامۆستای هەروەها ئەقڵ و ئارەزووی نەفسی دەبێتە مامۆستای .

جا گرینگی مامۆستاش لەوەدایە ئەو تەمەنەی بەڕێی کردووە ئەزموونی تەمەنی ژین و دینی لەکاتێکی کەم هەمووی دەخاتە ژێر دەستی قوتابیەکەی .

کەواتە مامۆستا بۆ قوتابی دایک و باوکە ، دایک و باوکی گەر لە ئاگری دونیا بیپارێزن ، ئەو مامۆستایە لە ئاگری دۆزەخ دەیپارێزێ .

(خوێندنی کتێبە شەرعیەکان)

ئینجا دەستم کرد بە کتێبەکان سەرەتا لە شەریعەتی ئیسلام فتح القريب کە کتێبێکی کورت و پوختە لەشەریعەتی پیرۆزی ئیسلام ئینجا دوای ئەو هەر لە کتێبی شەریعەت منهاج الطالبين ی ئیمامی نەوەوی کە ئەویش کتێبێکی درێژترە لە شەریعەت .

ئینجا کتێبەکانی زانستی نەحو و صرف و بلاغة و منطق و عەقیدە و زانستی فەرموودە و کتێبی أربعين نووي و رياض الصالحين .

(زانستی پاککردنەوەی دڵ و دەروون)

لەهەموو زانستەکانیش گرینگتر زانستی تەزکیەی نەفس بوو بۆم ، کە دەتوانم بڵێم نەک بە کتێب ئەو مامۆستایە منی فێرکرد بەڵکو دەتوانم بڵێم بەکردار ئەو زانستەی فێرکردم ، کە زانستی تەزکیە هەروەکو لە **قورئانی پیرۆز بە تەزکیە ناوی دەبات خوای گەورە دەفەرمووێ :**

لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ) آل عمران١٦٤

سوێند بێت بێگومان خوا منەتی ناوەتە سەر ئیمانداران کاتێک پێغەمبەرێکی بۆ ڕەوانە کردوون لە خۆیان ئایەتەکانی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوە ، دڵ و دەروونیان پاک و پوخت دەکاتەوە، هەروەها فێری قورئان و داناییان دەکات ، بەڕاستی پێشتر لە گومڕاییەکی ئاشکرادا ڕۆچوو بوون.

زانستی تەزکیەی نەفس کارکردنە لەسەر دڵ و دەروون ، واتە پاککردنەوەی دڵە لە ژەنگی تاوان لە ڕق و قینە و حەسوودی و ڕیا و عیشق و شیرک ، هەروەها دڵ پڕکردنە

لە ئیمان و خۆشەویستی خودا و پێغەمبەر و ئەولیا و دۆستانی خودا.

جا بۆ ئەم زانستەش وەکو چۆن مامۆستایەکی فێرکار پێویستە تا فێری زانستی بەرجەستەت بکات ئەوهاش پێویستە مامۆستای ڕوحیت هەبێ تا یارمەتیدەرت بێ و لەڕێگەی تاوان و خراپە دوورت بخاتەوە و بەرەو خۆشەویستی خودا و پێغەمبەر و دۆستانی خودات ببات.

(ئیش و کار و کاسبی)

جا بەم شێوەیە بەردەوام بووم لە خوێندنی زانستی شەرعی ، ئینجا بێگومان دوای قۆناغی خوێندن هیچ قۆناغی تر ناهێت تەنها قۆناغی ئیش و کار نەبێ ، ئینجا وازت لێناهێنن بۆچی کارێک ناکەی ؟

ئەم سەردەمەی ئێستاش جیایە سەرەتا دەبێ کارێکت هەبێ و پارەت هەبێ ئینجا ژیانی هاوسەرگیری پێک بهێنی ، چونکە بەبێ کار و کاسبی لەم سەردەمە بێ قەناعەتیەی ئێستامان ژن هێنان دەبێتە بارگرانیەکی زۆر زەحمەت بۆ خۆمان و بۆ دایک و باوکمان و خێزانمان.

ئینجا سەرەتا باوکم پاشان خەڵکی تر بۆ کارێک ناکەی تا وام لێهاتبوو دەترسام لە کۆڕ و مەجلیس دابنیشتام ، هەر

مێوانەک بهاتباماڵمان باوکم ئەوانی تێدەگەیاند کە من بێ کارم و هیچ کارێک ناکەم ، ئینجا بەهەموویان هێرشی قسەیان دەکردەسەرم.

لەهەمووش ناخۆشتر ئەوە بوو دەیانووت تۆ بڕوانامەی پەرستاریت هەیە بۆچی عیادەیەک دانانێی ، منیش سەرەڕای ئەوەی شارەزاییەکی باشم نەبوو لە کاری پزیشکی بەهیچ شێوەیەکیش حەزم لە کاری عیادە و پزیشکی نەبوو.

(سەختترین کار بۆ گەنج کاری بێ کارییە)

سەختترین کاریش بۆ گەنج کاری بێ کارییە ، چونکە کاتێ گەنج کە بێکار دەبێ ، لەڕاستیدا بێ کارنابێ ، چونکە گەر بەهیچ کارێکیش خەریک نەبێ ئەوە بە وەسوەسە و دڵەڕاوکێ و بیرکردنەوەی خراپی دڵ و دەروون خەریک دەبێ

ئیمامی غەزالی دەفەرمووێ : گەر نەفست خەریک نەکەی بە کارێکی چاکەوە ، ئەوە نەفست تۆ خەریک دەکات بە کارێکی خراپەوە.

کەواتە دڵنیابە وەستان نیە بڵێی هیچ کارێک ناکەم ، هیچ کار نەکەی خەریک دەبی بە کاری بێ مانا و خراپ ،
خوای گەورە دەفەرمووێ : لِمَن شَاءَ مِنكُمْ أَن يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ) المدثر٣٧

جا ئیتر ئەوەی دەیەوێت با بەرەو پێش بچێت (پێشبڕکێ بکات لە چاکەکاریدا) یان خۆی دوا بخات (لەو بوارەدا)

کەواتە ئەوەی بەکاری چاکە و خواپەرستی و زانست و یاخود کارو کاسبی حەڵاڵ خەریک نەبێ و پێشنەکەوێ ، ئەوە بێگومان بەدوا دەکەوێ ، واتە وەستان نیە لەم نێوانە ، دەبێ بەردەوام لەکار و چاکەدابین هەتا ئەو کاتەی دەمرین .

(کارەکەم جێهێشت و بەخۆم و بەرماڵەکەمەوە هاتمەوە)

ڕۆژێکیان باوکم هاتەوە ووتی کارێکم بۆت دۆزیتەوە لە کۆمەڵگایەکی پزیشکی پەرستارێکیان پێویستە ، چوومە کۆمەڵگایەکە لەگەڵ خاوەنی پێک هاتم بەنیوەیی کاربکەین واتە هەرچەندی کار بکەم بەنیوەیی بێ .

ڕۆژانەش دەرزی لێدان و کانولەدانان کەمبوو ، ڕۆژی یەکەم نەخۆشێک هات هێڵکاری دڵم بۆی کرد
بە دە هەزار دینار ، هەروەها یەکێکی تریش هات دەرزی لێدانێک بوو بە هەزار دینار ، ڕۆژی دووەم تا ئێوارە هیچ نەخۆشێک نەهات ، دڵم دەکوڵا دەکوڵا خەریک بوو دەتەقیەوە .

ئێوارەکەی نەخۆشێک هات کانولەی بۆ دابنێم ، دڵم ببو بە بەرد ووتم دانانێم ، چونکە بارودۆخی دەروونیم خراپ تێکچووبوو ، لە دڵەوە بڕیارم دا کارەکە وازلێبهێنم .

بەڕماڵێکم بردبوو بۆ نوێژکردن ، بەرماڵەکەم دەستدایێ و یازدە هەزارەکەی هێڵکاری دڵ و دەرزی لێدانەکەم لەوێ لەسەر مێز دانا و پەیوەندیم بە خاوەنەکەی کرد ووتم یازدە هەزارەکەم لەوێ داناوە من ئەو کارەیە ناکەم .

لەپێش منیش ئەوەی هاتبوو بەجێی هێشتبوو ، سوودی نەبوو ، بەخۆم و بەڕماڵەکەوە گەڕامەوە ماڵەوە ، ماڵەوە هەمووان سەیریان پێهات ووتم بە من ناکرێ .

(چوومە دەرمانخانە بۆ فێرکاری)

چوومە دەرمانخانەیەکی نزیک خۆمان بۆ فێرکاری و فێربوون ، ئینجا چوومە دەرمانخانە شەوانە چەند کاتژمێرێک دەچوومە ئەوێ ، پەرستارێکی تریشی لێبوو.

(جوێن چەکی مرۆڤە لاوازەکانە)

ڕۆژێکیان ئەو پەرستارە و خاوەنی دەرمانخانەکە لەنێو ئۆتۆمبێل گەڕاینە ماڵەوە لەتەنیشت ماڵە خزمێکمان

تێپەڕین ، ئۆتۆمبێلیان بەشێوەیەک ڕاگرتبوو ڕێگەی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەکانی تری تەسک کردبۆوە .

پەرستارەکەش جوێنی پێیان دا ، خاوەنی دەرمانخانەکە ووتی : ئەمە خزمی ئەوانەیە یانی خزمی ئێمەیە ، یەکسەر پەرستارەکە ووتی ببورە ، منیش هیچ وەڵامیم نەداوە ، ووتم **ئەوەی جوێن بەهەرکەسێ بدات ، جوێن بەخۆی دەدات.**

جوێن هی کەسە لاوازەکانە ، گەورەیەک لەگەڵ منالێک دەبێتە شەڕیان منالەکە ڕادەکات لەدوورەوە جوێنی پێدەدات ، ئەوەش نیشانەی لاوازی منالەکەیە بەرامبەر گەورەکە .

جگە لەوەش کە تۆ جوێن دەدەی ئەوە فایلی خۆت پڕدەکەیتەوە بە گوناهوتاوان ، کەسی بەرامبەر هیچ زەرەرمەند نابێ ، ئیماندار هەرگیز نابێ جوێندەربێ ، بەڵکو خودای گەورە فێرمان دەکات جوێن نەدەینە بتی بتپەرستان **خوای گەورە دەفەرمووێ :**

وَلَا تَسُبُّوا الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ فَيَسُبُّوا اللَّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ) الأنعام١٠٨

ئەی ئیمانداران (نەکەن جوێن بدەن بەو بت و شتانەی کە (نەفامان)هاواری لێدەکەن و دەیپەرستن بێجگە لە خوا ، نەوەکو ئەوانیش بەناحەق و بەنەفامی جوێن بدەن بەخوا، (چونکە ئەوانە)نایناسن و قەدری نازانن.

(بەدوای عەیبی خۆت بگەڕێ)

کەسێک بۆی هەیە باسی عەیبی خەڵک بکات بەخۆی هیچ عەیب و هەڵەیەکی نەبێ ، ئەوەش بێگومان نیە کەسێک هیچ عەیبی نەبێ.

ئیمامی غەزالی دەفەرمووێ : گەر خودا چاکەی بۆ کەسێک بوێ ، ئەوە عەیبی خۆی پێ پێشان دەدات.

ئەوکەسەی سەیری عەیبەکانی خۆی بکات ، هەرگیز ناتوانێ بەدوای عەیبی خەڵک بکەوێ .

تا ماوەیەک لەو دەرمانخانەیە بەردەوام بووم ، بەڕاستی چونکە زۆر حەزم پێی نەبوو بۆیە نەمتوانی بەشێوەیەکی وا فێربمم کە بتوانم دەرمانخانەکە بەڕێوە ببەم ، دواجار هەستم کرد خاوەنی دەرمانخانەکە وەڕس بوو لێم بە هونەرێکی ئاقڵانە منی دەرکرد بەبێ ناخۆشی ، کچێکی هێنا

دەرمانخانە لەهەمان کاتی من کە کاربکات ، منیش لەبەر کچەکە شەرمم کێشاوە لەخۆم ، بۆیە وازم لێهێنا .

(حاڵی دڵ و ڕوح لەگەڵ دەنگ و ئاوازی خۆش)

ڕۆژ بەڕۆژ بارودۆخەکە توندتر دەبوو ، دەچوومە نێو کۆڕ و یادی سروودبێژان و ناو ئەهلی دڵان گوێبیستی شیعر و ئاوازی خۆشیان دەبووم ، دڵم پێی دەکوڵا و پڕ فرمێسک و گریان دەبوو هاواری دەکرد .

ئەو دەنگ و شیعر و ئاوازەش بە تایبەتی دەنگێکی وەکو دەفیشی لەگەڵ بێ وەکو ئەو ئاسنەی ژەنگی گرتبێ بە چەکوش لەئاسنەکە بدرێ و ژەنگی لەسەر هەڵبگرێ .

ئەوهاش ئەو دەنگ و دەفە ژەنگ لەسەر دڵ هەڵدەگرێ لە حاڵێکەوە بەرەو حاڵێکی تر دەیبات ، جا خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی خۆشەویستی خوا و پێغەمبەری لە دڵ دابێ ، بەو دەنگ و ئاوازە مەست دەبێ و حاڵ دەیگرێ وەکو ئەو کەسەی کە نەشتەرگەری بۆ دەکرێ دوای نەشتەرگەریەکە هێواش هێواش کاریگەری بەنجەکەی لەسەر نامێنێ بەهۆش خۆی دێتەوە ئینجا قسەی نێو دڵی خۆی دەڕێژێ .

بێگومان ئەو قسەش دەکات کە پێش نەشتەرگەریەکە لەنێو دڵی بووبێ ، جا مردنیش بەم شێوەیە لەسەر چی بمری لەسەر ئەو شت زیندوو دەبیتەوە ، جا حاڵ و مەست بوونیش بە شتێک هەر دڵ و زمانەکەش دەکەوێتە سەر ئەو شت ، بۆ نمونە ئەو کەسەی بە گوێبیستی ئاواز و سروودێکی خۆش لەسەر پێغەمبەر ﷺ

بەئاواتم شەوێ بێت و ئەوینم
بەدی بێت و جەمالی ئەو ببینم

بیر لەو بکاتەوە و بەردەوام سەڵاواتی لەسەر لێبدا ، هەر لەسەر ئەو حاڵەتە مەست دەبێ ، ئینجا دڵ و ڕوحی دەچێتە سەر یادی ئەو ، دەوروبەری لەلا گرینگ نامێنێ بۆیە زۆرجار هەیە جوڵەی سەیریش دەکات چونکە وەکو بێ هۆشێکە لەتاو عەشق و مەست بوونی ئاگای لەدەوروبەری نامێنێ هێزە شاراوەکە کاردەکات ، وەکو ئەو ئافرەتانەی بۆ پێغەمبەر یوسف دەستی خۆیان بڕی ، ئینجا زمانیشی زۆرجار دەکەوێتە قسە ، جا هەیە وەکو ئەوەی خەیاڵ دەکات لەخزمەت پێغەمبەرە ﷺقسەی لەگەڵ دەکات ، جا قسەی نێو دڵی بۆ دەرێژێ ، جا ڕەنگە خەڵکێکی زۆر بە شێت ناوی ببەن .

بێگومان مەستبونیش لەکاتی خەم و خەفەتدا خۆشە بە تایبەتی گەر مەستبوونەکەش بە یادی خودا و پێغەمبەر بێ ﷺ هەر تام و چێژی ناهێتە باسکردن .

(پاقڵاوە فرۆشتن)

من و برایەکی ترم پاقڵاوەمان دەفرۆشت جا لەکاتی پاقڵاوە فرۆشتنیش هەبوو وازی لێم نەدەهێنا دەیووت :تۆ ئەم بڕوانامەیەت هەیە چۆن پاقلاوە دەفرۆشی ؟ نازانی بەکاری بهێنی بۆ عیادەیەک دانانێ ، منیش دوژمنم عیادە بوو .

(قسەی خەڵک)

بەم شێوەیە قسەی خەڵک تەواو نابێ ، بێ کاری پێت دەڵێن بۆ کارێک ناکەی ، کار دەکەی پێت دەڵێن بۆ ژنێک ناهێنی ، ژن دەهێنی بۆ ژنی دووەم ناهێنی ؟ ، یان مناڵتان هەیە بۆچی نیتانە ؟ بۆچی ئۆتۆمبێلێک ناکڕی ؟

لەهەمووش سەیرتر ئەوەیە هەموومان دەڵێین :گوێ مەدە قسەی خەڵک ، قسەی خەڵک دابنێ ژێر پێت بەرز دەبیتەوە ، کەچی هەر خۆمانیش قسە لەسەر خەڵک دەکەین ، کەواتە قسەی خەڵک هەر من و تۆین و ئەوە ،

گەر ڕاست دەکەین نابێ گوێ بدەینە قسەی خەڵک دەبا خۆمانیش قسە لەسەر کەس نەکەین .

(پارەی ساختەیان پێدام)

هەفتەیەکیان ڕێگای سەرەوەی خۆمان گیرابوو هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەکان بەلای ئێمەوە زیاتر ببوو ، کڕیاری پاقلاوە زیادی کرد ، بەشێوەیەک ڕۆژانە بەبێ وەستان پاقلاوەم دەفرۆشت ، جا ئەم هەفتەی زۆر دڵخۆشبووین ، کڕیار زۆربوون و بازاڕ باش بوو.

لەبەر دڵخۆشی و بێ ئاگایی ڕۆژێکیان یەکێ هاتبوو پارەیەکی بیست و پێنج هەزاری ساختەی پێدابووم بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەم .

جا مرۆڤ زۆرجار کە دەگاتە حاڵەتی دڵخۆشی بێ ئاگا دەبێ و زۆرجار بڕیاری هەڵەش زۆردەدات ، مرۆڤ دەبێ لەکاتی توڕەیی و دڵخۆشی زوو بڕیار نەدات و هەڵنەخەڵەتێ و فێڵی لێ نەکەن .

ئەو کاتی کەسانێک فێرببوون دەهاتن پارەی ساختەیان دەهێنا بای هەزار دووهەزار پاقلاوەیان پێ دەکڕی و تۆش پارەی تەواوت پێدەداوە.

(یەک جار لەدوژمن بترسە دووجار لەدۆستت بترسە)

سەردەمی دڵ پاکی نەماوە ، **کێشەی دڵ پاک لەوە دایە وادەزانێ خەڵکیش هەمووی وەکو ئەو دڵپاکن.**

مرۆڤ لەم سەردەمەیە دەبێ زۆر زیندوو و هۆشیار بێ بەتایبەتی ئەوەی بەناوی کەسایەتی دینی بۆت دێ دەبێ زیاتر ئاگاداربی ، مەبەستمان وانیە بڵێین کەسایەتی دینی کەسانی خراپن ، نەخێر .

بەڵکو ئەوە دەڵێین دین پیرۆز و گەورەیە بۆیە فێلبازەکان لەژێر ناوی دینیەوە زیاتر دەتوانن فێڵ بکەن لەخەڵکی ، هەروەها ئەوەی بەناوی خزم و دۆستایەتیش لەگەڵتە پێویستە زۆر وریاتربی لەگەڵی.

یەک جار لەدوژمن بترسە
دووجار لەدۆستت بترسە

چونکە دوژمن دیارە دوژمنتە و خۆتی لێ دەپارێزی ، بەڵام بەناو خزم و دۆست پێت وایە خۆشەویستە و فێڵت لێ ناکات .

جگە لەوەش ئەو زیاتر بوێری ئەوەی دەبێ دڵت بشکێنێ و فێڵت لێ بکات ، چونکە دەزانێ تۆ خزمی ئەوی ناتوانی سکاڵای لەسەر تۆمار بکەی .

بەڵام کەسە بێگانەکە دەترسێ و بوێری ئەوەی کەمترە فێڵت لێ بکات ، نەوەک دواجار سکاڵای لەسەر تۆمار بکەی .

(پاقلاوەی دزی)

بەناو هاوڕێیەکی تر کە ئەویش پاقلاوەفرۆش بوو لەتەنیشتمان ، هەندێ جار دەهاتە لامان پێکەوە دادەنیشتین ، ئێمە کاتێ دەرگای عەرەبانەکانمان دەکردەوە کلیلمان لەسەر قفڵی دەرگاکە جێدەهێشت .

ئەوەش هەڵەبوو وامان دەکرد ، مرۆڤ دەبێ زۆر زیندوو بێ ، گورگ نەبی لەگەڵ گورگان ، گورگ دەتخوات ، جا ئەمەش کاتێ هاتبوو لامان دانیشتبوو ، نازانم چۆن توانی بووی کلیلی قفڵی یەکێک لەدەرگاکانی عەرەبانەی پاقلاوەمان بگۆڕێتەوە ، کە پاقلاوەکانیش هەمووی لەوێ دانرابوون ، بۆ شەوەکەی دوای ئەو برام هاتە ماڵەوە ، وادیارە شتێکی لەبیرکردبوو ، بۆیە دووبارە برام گەڕاوە ، کە گەڕاوە دەبینێ ئەو بەناو هاوڕێیە وا عەلاگەی داناوە و

پاقلاوە تێدەکات و دەدزێ ، کە برامی بینیبوو ، ڕایکردبوو ، برام بانگی کردبوو ناوی هێنابوو ، دواجاریش دانی پێنەدەنا کە ئەو پاقلاوەی دزیوە .

(فێڵ لەفێڵ بکە)

هەمیشە لێبوردە و باش بە ، بەڵام گەر کەسێک خۆی نەوەستێ بیەوێ زوڵم و ستەم و فێڵت لێ بکات ، تۆش پێویستە زوڵم و فێڵ لە فێڵەکەی ئەو بکەی **خودای گەورە دەفەرمووێ : فَمَنِ اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ) البقرة (194)**

جا ئەوەی کە دەستدرێژی دەکاتە سەرتان ، ئێوەش مافتان هەیە بەقەدەر دەست درێژییەکەی ئەو ، تۆڵەی خۆتان بکەنەوە.

مرۆڤ دەبێ سنور دابنێ لەگەڵ ئەو کەسانەی دەم درێژ و ستەمکارن ، کەسی خۆگەورەزان و زاڵم دەبێ خۆی لەسەر گەورە پێشان بدەی تا هەست بە بچوکی خۆی بکات ، هەروەها نابێ هەرگیز خەڵک لەئاستی خۆی گەورەتربکەی دواجار پڕبەدانە بەڕوت بتەقێ دەبێ لۆمەی خۆت بکەی ، چونکە تۆ خۆتی گەورەت کردووە.

دزی لێت دەکات بەشەرع بۆت هەیە بەئەندازەی دزیەکەی دزی لێبکەیتەوە ، بۆتۆ دزی نیە ، کەسێک شەرم لەخودا نەکات ، هەرگیز شەرمی لێمەکە .

(عاشق لەسەر ڕێگە و ڕێبازی مەعشوقە)

لەکاتی پاقڵاوە فرۆشتنیش لەسەر ئەم هەموو دەردە و نارەحەتیەی بێ کاری دڵم هەر لەسەر بەزمی خۆی بوو ، بەردەوام پەیوەندی چاتم هەبوو بە تایبەتی لەگەڵ ئەو گەنجەی هۆگری ببووم .

هەروەها لەگەڵکەسێکی تریش کە هۆگری ببووم ، هەروەها لەگەڵ زۆر کەسی تریش ، جا مرۆڤ کاتێ کەسێکی خۆش دەوێ ئامۆژگاری و هەموو کردار و گوفتارێکی ئەویشی خۆشدەوێ .

جا منیش ئەو کەسەی کە لەچات هۆگری ببووم زیاتر لەبەر لایەنی دین و ڕەوشت و زانستەکەی بوو ، جا ئەو زۆر باسی زانستی گەشەپێدانی مرۆیی بۆ کردبووم هەروەها باسی یەکێک لەزانایانی ئەو زانستەی کردبوو .

بۆیە ئەو بوو بە هۆکاری ئەوەی زۆر لە کتێبەکانی گەشەپێدانی ئەم زانایە بخوێنمەوە لە ڕێگەی کتێبی

ئەلیکترۆنی نێو مۆبایلەوە ، هەر لەلای پاقڵاوە دەمخوێندەوە .

(هۆگربوونم بە گەنجی تازە سمێڵ هاتوو)

زوو زوو دڵم هۆگر و ئاڵوودە دەبوو ، دڵم ئاڵوودەی گەنجێکی سێزە چواردە ساڵان ببوو ، بەشێوەیەک وام لێهاتبوو زوو گەنجی جوان و باش دەکەوتە ناو دڵمەوە جا ئەو کاتیش نەمدەزانی کە ئەو جۆرە ئاڵوودەبوونەی کوڕانیش بە تایبەتی گەنجی (ئەمرەد) ئەوەی تازە سمێڵی هاتووە هێشتا ڕیشی نەهاتووە واتە تازە پێ ڕاگەیشتووە لەشەیتانەوەیە و نەزەریان خراپە و مرۆڤ بەرەو کاری خراپەوە دەبات ، بە نیازی دڵی خۆم تەنها ئەوە بوو لەپێناو خودا خۆشیم دەویست چونکە دیندار و چاک بوو ، بەڵام لەڕاستیدا ئەو جۆرە خۆشەویستیەی تازە پێگەیشتووەکانیش فێڵێکە لە فێڵەکانی شەیتان و دوورکەوتنەوەیە لە خودا .

سەرەتا لە کتێبی منهاج الطالبيني ئیمامی نەوەوی خوێندم کە دەفەرمووێ :سەیرکردن و نەزەری گەنجی (ئەمرەد) تازە سمێڵ هاتوو حەرامە ، زۆر لەلام سەیر بوو دەمووت

بۆچی حەڕامە ، دواجار کە خۆم قۆناغەکەم بڕی و عیشقە پیسەکەم بینی ئینجا زانیم بۆچی حەڕامە .

جگە لەم گەنجە ئەمرەدە ، عیشقەکەم گوازراوە بۆ گەنجێکی تری ئەمرەدی تازە سمێڵ هاتوو ، ئینجا عاشق و ئاڵوودەی ئەو بووم ، ئەویش بەهەمان شێوە ژیانم نەمابوو دەمویست هەموو کات و ساتێک لەلای بم و پێکەوە بین ، هەموو نهێنیەکی ژیانی خۆمم لەبەر دەستی دانابوو .

ئەو عیشق و ئاڵوودەبونە بەم شێوەیە پیسە وات لێدیَ هەستان و دانیشتن و بیر و خەیاڵت هەمووی دەبێتە ئەو کەسەی هۆگری بووی تەنانەت لەکاتی نوێژ و خواپەرستیەکانیش دڵت هەر لەسەر ئەوە ، باس دەکەم کە دواجار چۆن پارێزگاریم کرد و دڵی خۆم بەڕۆژوو کرد لەو کەسانەی هۆگریان ببووم .

ئەم دیاردەش زۆر جار لەنێو گەنجان ڕوودەدا گەنجێکی تەمەن بیست ساڵانە لەگەڵ گەنجێکی ئەمرەد هۆگریخ بووە ، جا چەند ناشیرینە ئەو کەسەی خۆی لەنێو داوی عیشقەکەیە نازانیَ و هەستی پێناکات ، بەڵام ئەو کەسەی قۆناغەکەی بڕیوە و وازی لەو عیشقە پیسانە هێناوە ئینجا ئەو دەزانیَ چەندە کارێکی قێزەوەنە .

بۆیە من دوای پارێزگاری و ڕۆژووبون لەو عیشقە پیسانە دەمووت : بچم گۆچانێک بە دەست بگرم لەو کەسانە بدەم کە هۆگری یەکتری بوونە بە تایبەتی مەبەستم پێی ئەو دوو کوڕەی بەم شێوەیە یەکێکیان گەورەیە و ئەوەی تر گەنجی لووس و تازە پێگەیشتووە ، ئا هەر ئەم بەناو خۆشەویستیەیە شەیتان دەڕازێنێتەوە و جوان دەکات هاو ڕەگەزخوازی و کاری قێزەوەن دروست دەکات لەنێو گەنجان .

(خەم و خەفەت وەکو چیایەک دێتە پێش چاو)

زۆر جار باسی ژنهێنان بکرابا لە دڵەوە دەمووت ژنهێنانی چی کوا پارە ؟

تەمەنی گەنجی بەم شێوەیە بەڵا و ناڕەحەتیەکان وەکو چیایەک دێنە پێش چاوت کاتێ بێ ژنی پارەشت نەبێ لەلات زۆر قورسە وەکو بڵێی چیایەک لەپێشتە بەڵام بیر لەوەش ناکەینەوە الله دروستکاری چیا و هەموو شتێکە هەر ئەویش دەتوانێ ئەو چیایە لەپێشت لابدات .

بەڵێ بیردەکەیتەوە پارە نیە بەڵام لەڕاستیدا هەندێ جار پارەش هەیە بەڵام چونکە ویستی خودای گەورەی لەسەر نیە ناتوانی ژن بهێنی ، کە کاتی خۆی هات پارە گرینگ نابێ

خودا بەخۆی دەرگای خۆی دەکاتەوە لە لایەک پارەت بۆ دابین دەکات ، کەس لە ئیشی خودا تێناگات .

(چاوی دڵ)

مامۆستا ڕوحیەکەم پێشتر ڕاستە گوێ بیست بووم کە ئەو کەسێکە چاوی دڵی هەیە کەسەکان دەخوێنێتەوە .

ئەو کەسەی گوناهوتاوان ئەنجام بدات دەیخوێنێتەوە دەزانێ ، منیش سەرەتا بەم شێوەیە دەچوومە لای کە بە تەواوی و ڕونی هیچ شتێکم لێ نەبینیبوو ، بە تێپەڕبوونی کات هێواش هێواش شتم لێ بینی .

لەیەکێک لە وانەکانی نەحو پرسیارێکم بۆ دروست بوو هەر کە ویستم پرسیارەکە دەربڕم یەکسەر پێکەنی و ووتی دەتەوێ ئەوها بڵێی لەدڵەوە زانی کە ئەو پرسیارەم هەیە ، جا یەکێک لە سیفەتەکانی ئەوە بوو لەدڵەوە دەیزانی لە وانەکە تێگەیشتوومە یان نا واتە بەشێوەیەک دڵمی دەخوێندەوە .

(شەیتان خۆی خستە سەر شێوەی مامۆستا ڕوحیەکەم)

شەوێکیان لەخەونم دا ئەو مامۆستا ڕوحیەم لەبەردەمم وەستابوو ، لەناکاو هەر لەخەونەکە بینیم هەر یەکێکی تر لەشێوەی مامۆستا ڕوحیەکەم لە دوورەوە تێپەڕی بەرەو ناو مزگەوت ڕۆیشت ، ئینجا کە ئەو دیمەنەم لەخەونەکە بینی هاوارم لەمامۆستام کرد بۆم دەرکەوت ئەوەی بەردەمم شەیتان بوو خۆی کردبووە سەر شێوەی مامۆستام ئەوەی تێپەڕی بۆ ناو مزگەوت مامۆستاکەم بوو ، چونکە کە هاوارم کرد ئەوەی بەردەمم ون بوو .

جا ئەو مامۆستا ڕوحیانە بەم شێوەیە دەتوانن بچنە خەونی خەڵکەوە و هەروەها شەیتانیش دەتوانێ لەشێوەی ئەوان بۆت بێت و هەڵتبخەڵەتێنێ .

بۆیە دەبێ زۆر وریابین ، هەر کەسێکیشمان بینی کە پابەندی شەرع نەبوو و لەسەر قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ نەدەڕۆیشت ئەوە ئەولیای شەیتانە ئەولیای خودا نیە .

بۆیە ئیمامی شافیعی ڕەحمەتی خودای لێبێ دەفەرمووێ :گەر پیاوێکتان بینی لەسەر ئاو دەڕۆیشت و لە هەوادا

دەفرێ پێی هەڵمەخەڵەتێن هەتا سەیری کردەوەکانی نەکەن کە ئایا کردەوەکانی پابەندی قورئان و سونەتە یان نا ؟ .

ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵی بۆم دەردەکەوت کە ئەو کەسێکە چاوی دڵی هەیە فیڕاسەتی هەیە بەنوری خودا دڵەکان دەخوێنێتەوە .

(مامۆستا ڕوحیەکەم پێمی ووت ڕەش بووی)

ڕۆژێکیان هەینی بوو لەگەڵ چەند گەنجێکی مزگەوت چووینە خزمەتی ، چوومە ژوورەوە ووتی :تۆ ڕەش بووی ، منیش بەتێگەیشتنی خۆم ووتم کەمەک لەبەر هەتاو وەستابووم ، زۆر نەچووتمە بەر هەتاو نازانم .

بەڵام دوای ئەوەی لای مامۆستام هاتینە دەر ئینجا بیرم کردەوە خۆ ئەو مەبەستی ڕەش بوونی پێستم نیە ، مەبەستی ئەوە بووە دڵم ڕەش بووە چونکە نەزەری حەڕامم کردبوو ئەوڕۆژی .

جارێکی تر نەزەری حەڕامم کردبوو لەخەون بینیم منی ئاگادارکردەوە لەگوناهەکانم .

(هەوڵدان بۆ دامەزراندن)

بێگومان کاری پاقلاوە فرۆشتن بۆمن کارێکی وا نەبوو کە خۆمی لەسەر جێگیر بکەم ، بۆیە بەردەوام بەدوای ئەوە بووم کارێکی ترم دەست بکەوێت .

پەرستارێکم لە مەشقی هاوینە ناسیبوو لەڕێگەی ئەوەوە پێی ڕاگەیاندم دامەزراندن بۆتەوە لەشارەکانی عێراق ، ووتی بۆ ئێمەش دەبێ دامەزراندنەکە ، جا منیش دڵ و حەزی خۆم خستە سەر دامەزراندن بەبێ ئەوەی بڵێم إن شاء الله ئەوەی خوا ویستی لەسەربێ **خوای گەورە دەفەرمووێ :**
وَلَا تَقُولَنَّ لِشَيْءٍ إِنِّي فَاعِلٌ ذَٰلِكَ غَدًا)الكهف٢٣

هەرگیز دەربارەی هیچ شتێك و هیچ کارێك مەڵێ ، من بە ڕاستی سبەینێ ئەنجامدەری ئەو کارەم .

(إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ وَاذْكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ وَقُلْ عَسَىٰ أَن يَهْدِيَنِ رَبِّي لِأَقْرَبَ مِنْ هَـٰذَا رَشَدًا)الكهف٢٤

مەگەر بڵێیت :ئەگەر خوا بیەوێت و ویستی پەروەردگاری لەسەر بێت ، یادی پەروەردگاریشت بکە کاتێك کە لە بیرت چوو بڵێیت (ان شاء الله)لە ئەنجامدانی هەر کارێکدا بڵێ :ئومێدەوارم پەروەردگارم ڕێنموویم بکات بۆ

بەڵگەیەکی نزیکتر لەمە تا بەو شێوەیەی کە پێی چاکەو لای پەسەندە جێبەجێی بکەم .

هەروەها حەز و ویستی خۆم نەدایە دەست خودا ، بەردەوام دوعام دەکرد و دەمووت خودایە دامبەزرێنە ، هاورێیەکم پێمی دەووت :بڵێ خودایە ئەو کارەم پێبدە کە چاک و باشە بۆم ، منیش هەر زیاتر دەمووت خودایە دامبمەزرێنە .

جا لەم کاتانە بوو داوام لە مامۆستا ڕوحیەکەم کرد دوعام بۆ بکات دابمەزرێم ، شەو لەخەوەکەم مامۆستا ڕوحیەکەم بینی لەگەڵ گەنجێک دانیشتبوون لەنێو مزگەوت لەخەوەکە پێمی ووت :ئەو کارە بەمن نابێ مەبەستی دوعای دامەزراندن بوو ، ئاماژە بوو بەوەی کە دانامەزرێم .

بەم شێوەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو پەرستارەی ناسیبووم چوو وەزارەتی تەندروستی عێراق ، پێیان وتبوو دەرچووی کوردستان دانامەزرێنین ، جا هەواڵەکەی بۆم هێناوە کە دانامەزرێین ، دڵم شکا و زۆر دڵم توند بوو بە بیستنی ئەم هەواڵەیە ، دووبارە و سێبارە پەنام بردەوە بۆ لای خودا ، خودایە هەر تۆی ژیان دەدەی هەر تۆی ڕزق و ڕۆزی

دەدەی ، هەر تۆی کار و کاسبی دەدەی ، هەرتۆی هەموو کاروبارەکانی ژیانمان بەڕێوەدەبەی ، هەر ئەو کارە و بڕیارەش جێبەجێ دەبێ ئەوەی تۆ بتەوێ .

(وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ) التكوير٢٩

ویستی ئێوەش نایەتە دێتە دی مەگەر کاتێك خوای پەروەردگاری جیهانیان بیەوێت .

بۆیە دواجار خۆم داوە دەست خودا یارەبی خودایە هەرچی کارێکی بۆم خێری تێدایە هەر ئەوم پێبدە ، بێگومان هەندێ جار خودای میهرەبان هەندێ شتمان لێ دەگرێتەوە یاخود لێمان دەستێنێ بۆ ئەوەی زیاتر هانای بۆ ببەینەوە .

بۆ ئەوەش زیاتر فێرمان بکات کە هەر تەنها و تەنها خودایە هەموو شتێکی بەدەستە و هیچ کەسێک بەبێ خودا ناتوانێ یەک جوڵە بکات .

(پرسیاری بێ مانا)

بێگومان بارودۆخی بێ کاری بۆمن زۆر ناخۆش بوو چونکە لەلایەک بێ کار بووم لەدڵەوە خەم و خەفەتم هەبوو ، لەلایەکی تریش خەڵک وازی لێنەدەهێنام پێیان دەووتم بۆ کار ناکەی ؟ .

خۆی ئەو کەسەی هیچ کارێکی لەدەست ناهێت و ناتوانێ کارێکت بۆ بدۆزێتەوە ، هیچ پێویست ناکات ئەوەندە ئازارت بدات و دڵت بشکێنێ ، چونکە تۆ خۆتیش لەدڵەوە وەڕسی بێ کاری ، کەواتە ئەو کەسەی پرسیار لەکەسێک دەکات کارت هەیە یان بۆ کارێک ناکەی ؟

یان بارودۆخت چۆنە و بارودۆخی پیاوەکەش خراپ بێ و هەژار بێ ، پێویستە لەسەری کارێکی بۆ بدۆزێتەوە یان پارەی پێبدات گەرنا بۆچی بەو جۆرە قسانە ئازاری دەدات.

یان پرسیارەکانی تریش بەهەمان شێوە مرۆڤی ئیماندار دەبێ خۆی بپارێزێ لەو پرسیارانەی پەیوەندی بەووەوە نیە ،
پێغەمبەر ﷺ: مِنْ حُسْنِ إِسْلَامِ الْمَرْءِ تَرْكُهُ مَالَا يَعْنِيهِ . الترمذي ٢٣١٧
لەچاکی و تەواوی ئیسلام و ئیمانی کەسێک ئەوەیە واز لەو کارو قسەیە بێنێ کە پەیوەندی بە ئەووەوە نییە .

جا پرسیاری بێ مانا زۆرن لە عیبادەت پێی دەڵێ بەڕۆژووی ؟ جا باشە بڵێ بەڕۆژووم چ سوود لەوەڵامەکە دەبینی ، ئەویش تووشی ڕیابازی دەکەی ، یان بڵێی :بۆچی کارێک ناکەی ؟ مووچەت چەندە ؟ بۆچی ژن ناهێنی ؟ بۆچی منالّتان نیە ؟ لەهەموو خراپتر بڵێ بۆچی کەچەڵی ؟ بۆچی ڕەنگی پێستت ڕەشە ؟ بۆچی سەرت سپی بووە ؟ ئەم جۆرە پرسیارانە هێڵی سوورن ، بۆ وادیارە ئەو نازانێ کەچەڵە یان سەری سپی بووە ، مەگەر تەنها بۆ ئەوە بڵێ تا دڵی بشکێنی و ئازاری بدەیت .

(بەڵا بە ئارامگرتن سووک دەبێتەوە)

ئەو دامەزراندنەش کە ووتیان نابێ دڵم شکا بێگومان بەڵا و نارەحەتیش سەرەتا بۆ دڵ قورسە بە تێپەڕبوونی کات کزدەبێتەوە .

کاتێ بەڵایەک لەدڵ دەکەوێتەوە گڕی
ئاگرە لە دڵ هەڵدەگیرسێتەوە

ئاگرێکی زۆر بەتینە لەسەرەتاوە
بەتێپەڕبوونی کات کزدەبێتەوە

ئەو بەڵایەی پێشتر لەدڵ هەبووە
لەبەر تینی ئەمە ئەوت بیردەچێتەوە

الحمدلله ئەو خەم و خەفەتەش ڕۆژ بەڕۆژ لەسەرم سووک بۆوە ، **ئیمامی عەلی دەفەرمووێ : من صبر خفّت محنته .**
ئەوەی ئارام بگرێ ، نارەحەتی لەسەر سووک دەبێ .
لەبارودۆخی بێ کاری تا وام لێهاتبوو دەمووت : خۆزگەم بە ژیانی بەشی ناوخۆ ، هەرچەندە لە بەشی ناوخۆش زۆر نارەحەت دەبووم ، هەر دەمووت تەواو بێ ، نەمدەزانی خراپتر و ناخۆشتر دەبێ ، **پێغەمبەری ئازیز ﷺ دەفەرمووێ: اصْبِرُوا ، فَإِنَّهُ لَا يَأْتِي عَلَيْكُمْ زَمَانٌ إِلَّا الَّذِي بَعْدَهُ شَرٌّ مِنْهُ حَتَّى تَلْقَوْا رَبَّكُمْ .رواه البخاري** 7068 ئارام بگرن هیچ زەمانێک ناهێت بەسەرتان ئیللا ئەوەی دوای ئەو خراپترە لەو تا دەگەنەوە لای پەروەردگارتان .

پۆلی دوانزە دەمووت تەنها پۆلی دوانزە تەواویێ ، دواتر چوومە بەشی ناوخۆ دەمووت خۆزگەم بە پۆلی دوانزە ئینجا دواتر بێ کاری هەر دەمووت خۆزگەم بە بەشی ناوخۆ ، ئەوەیە دەڵێن :ڕوحی پێشانبدەن بە تای ڕازی دەبێ .

(شووتی فرۆشتن)

بەرەو هاوین و گەرما چووین و کاری پاقڵاوەش ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبوو بۆیە کە بە تەواوی هاوین هات وازمان لە کاری پاقڵاوە هێنا ، چووین بارە شووتیەکمان هێنا ، شووتیمان خستە نێو عەرەبانەی پاقڵاوە .

جا من بەخۆم دڵم توندە ، لەناکاو خزمێکمان بەوێ تێپەڕبوو و سەیری عەرەبانەی پاقڵاوەی کرد و شووتی تێدابوو ، زۆر پێی سەیر بوو ووتی : ئای ئای ئێوە سەیرن شووتی و لەنێو عەرەبانەی پاقڵاوە ؟ !

چەندە دڵم توند بوو بە ئەندازەی دڵ توندیەکە پێکەنینی خستە دڵمەوە ، هاتمە ماڵەوەش هەر پێدەکەنیم تا ئەو کاتەش بەبیرم دێتەوە پێکەنینم دێ

(وَأَنَّهُ هُوَ أَضْحَكَ وَأَبْكَىٰ) النجم٤٣

بێگومان هەر ئەو زاتەش الله دیاردەی پێکەنین و گریانی لە ئادەمیزادا بەدیهێناوە.

دواجار لەشووتی فرۆشتن زەرەرمان کرد و وازمان لێی هێنا.

(بە کارو کاسبیەوە پیاوی)

بەم شێوەیە کەوتمەوەماڵەوە بەبێ کار و کاسبی ، ئینجا پیاو کە دەکەوێتە ماڵەوە بێ کار بێ زۆر بێ ڕێز دەبێ لەماڵەوە ڕێزی نامێنێ ، پیاو بە کارو کاسبی خۆشەویست دەبێ لەلای دایک و باوکی و لەلای خەڵکیش .

کاتێ دەڵێن فڵان کەسە بێ کارە و هیچ کارێک ناکات ڕقیان لێی دەبێتەوە و غەیبەتی دەکەن ، بە تایبەتی لەم سەردەمەیە بە پارە دین و دونیات ڕادەگری ، پارەت نەبێ باوکی خۆت ، ژنی خۆت دەبێتە دوژمنت .

پارە ببەیتە ماڵەوە جا ئەو کات بەداخەوە لەلای بەشێکی باوکەکان گەر مناڵەکە بچێتە شوێنی خراپیش لەدەرەوە بەرەڵاش بێ زۆر قسەی لەسەر ناکات تەنها پارەی بۆ بباتەوە ، بەڵام گەر پارەی بۆ نەباتەوە هاتوچۆی مزگەوتیش بکات لۆمەی دەکرێ و قسەی لەسەر دەکرێ.

(گەڕان بەدوای کاردا)

مانگی ڕەمەزان هات ، بڕیارم دا دوای مانگی ڕەمەزان و جەژن بەدوای کار بگەڕێم ، تا خودای گەورەش لەلایەک دەرگام لێ بکاتەوە ، مانگی ڕەمەزان و جەژن کۆتایی هاتن .

سیڤی و زانیاری خۆم نوسیەوە و ئامادەم کرد ، چوومە کۆمپانیا و کۆگاکانی دەرمان ، دەچوومە هەر شوێنێ دەیانووت ئێمەش پەرستار و کارمەندی خۆمان زۆرە پێمان ناوێ ، لەهەندێ شوێنیش سیڤیەکەیان لێم وەردەگرت و دەیانووت کەسێکمان پێ بوێ پەیوەندیت پێوە دەکەین.

(هەوڵی خۆت بدە ئینجا پشتیش بەخودا ببەستە)

بەم شێوەیە بەدڵێکی زۆر توند گەڕامەماڵەوە ، لە ژوورەوە بە تەنها دڵم کوڵابوو ، بەدڵێکی پڕ گریانەوە هاوارم دەکرد لە خودا ، دەمووت : من ئێستا هەوڵی خۆم دا چونکە پشت بەستن بەخودا بەم شێوەیە دەبێ هەوڵی خۆت بدەیت و ئینجا لەدڵەوەش خۆت بدەیتە دەست خودا واتە خودا بکەیتە وەکیلی خۆت لەکارەکانت هەرچی بیکات پێی ڕازی بی .

جا ئەوەی بێ کارە یان هەرشتێک کە دەیەوێ بەدەست بهێنێ پێویستە هەوڵی خۆی بۆ بدا بە پرسیارکردن و گەڕان بەدوای کار ، لەدڵەوەش خۆی بداتە دەست خودا و بەردەوامیش دوعا و نزا و پاڕانەوە بکات .

ڕەنگە هەندێ جار خودای گەورە وەستابێ لەسەر دوعای تۆ بیەوێ گوێی لەدەنگ و نالە نالی تۆی ئیماندار بێ لێی بپاڕێیتەوە بە گریانەوە .

(ادْعُوا رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً) الأعراف٥٥

هاناو هاوار بکەن لە پەروەردگارتان بەپاڕانەوەی بەکوڵ ، بەنهێنی) لەکات و شوێنی لەباردا .

پێویستە هیچ کاتێک بێ ئومێد نەبین ، ئەوە شەیتانە بێ ئومێدمان دەکات.

(إِنَّهُ لَا يَيْأَسُ مِن رَّوْحِ اللَّهِ إِلَّا الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ) يوسف٨٧

بەڕاستی کەس نائومێد نابێت لە سۆزو میهرەبانی خوا جگە لە کەسانی خوانەناس و بێ باوەڕ .

ئەو کەسەی زۆر لەدەرگا بدات دەرگای لێدەکرێتەوە ، تۆش بەردەوام لەدەرگای خودا بدە و لێی بپاڕێوە ، پشت بە هۆکار ببەستە بەڵام هەرگیز دروستکار و خالقی هۆکارەکانت لەبیر نەچێت کە اللە یە .

بڕۆ داوا لەخاوەن کار بکە بۆ بەدەست کەوتنی کارێک بەڵام تەنها جارێک داوای لێبکە ، گەر دەزانی کاری پێت

نیه و تۆی ناوێ ، نەکەی جاری دووەم و سێیەم تکای لێ بکەیت و لێی بپاڕێیتەوە ، **ئیمامی شافیعی دەفەرمووێ : لا تطلب الشيء مرّتين إلا من الله . لەجارێک زیاتر داوای شتێک مەکە لەهیچ کەسێک تەنها لە اللہ نەبێ.**

ئەو کەسەی بەردەوام داوای شت لەخەڵک دەکات ڕیسوا دەبێ ، بەردەوام لەنێو خەڵکیش لۆمەی دەکرێ ، بەڵام ئەو کەسەی بەردەوام هانا بۆ خودا دەبات هەمیشە سەربەرز و پایەبەرزدەبێ.

(نزا و پاڕانەوە لەخودا)

دوای ئەوەی بەدوای کار گەڕام ، هەفتەیەکی بەسەر چوو ، قورئانی پیرۆزم دەخوێندەوە سورەتی الأنبياء م دەخوێندوە تا گەیشتمە ئەو ئایەتە پیرۆزانەی کە باسی پێغەمبەران دەکات کە خودای گەورە ئەوانی لە بەڵا و نارەحەتی ڕزگارکردووە .

(قَالُوا حَرِّقُوهُ وَانصُرُوا آلِهَتَكُمْ إِن كُنتُمْ فَاعِلِينَ) الأنبياء٦٨

هەندێکیان وتیان : ئیبراهیم بسوتێنن و پشتیوانی لە خواکانتان بکەن، ئەگەر ئێوە شتێکتان بۆ دەکرێت.

(قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ) الأنبياء٦٩

(خوای گەورە دەفەرموێت ، ئێمەش فەرمانمان دەرکرد و) وتمان :ئەی ئاگر ساردو سەلامەت لەسەر ئیبراهیم

(هەرچەندە ئاگر سوتێنەرە باڵام بە فەرمانی خوا تواناى سووتاندنی نەماو ئەگەر پەروەردگار فەرمانی بەسەلامەتی نە دایە حەزرەتی ئیبراهیم لەناو ئاگرەکەدا سەرمای دەبوو)

بەم شێوەیە پێغەمبەر إبراهیمی لە ئاگر ڕزگار کرد ، پاشان **دەفەرمووێ : وَنَجَّيْنَاهُ وَلُوطًا إِلَى الْأَرْضِ الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا لِلْعَالَمِينَ) الأنبياء٧١**

ئێمە ئەویش و - لوط - ی برازایشمان ڕزگار کرد و ناردمانن بۆ) وڵاتی شام (ئەو سەرزەمینەی کە بەرەکەتمان بەسەردا ڕژاندووە بۆ هەموو خەڵکی .

پاشان باسی پێغەمبەر نوحیش دەکات کە ڕزگاری کردووە **(وَنُوحًا إِذْ نَادَىٰ مِن قَبْلُ فَاسْتَجَبْنَا لَهُ فَنَجَّيْنَاهُ وَأَهْلَهُ مِنَ الْكَرْبِ الْعَظِيمِ) الأنبياء٧٦**

یادی نوح پێغەمبەریش بکەرەوە کاتێک هاناو هاواری بۆ هێناین لەمەو پێش، جا ئێمەش نزامان گیرا کردو خۆی و خێزانەکەیمان لە تەنگانە گەورەکە ڕزگار کرد.

خودایە چەندە ئایەتی دڵگیرن هەروەکو بڵێی موژدەم پێبدات و قسە لەگەڵ حاڵ و بارودۆخی دڵم بکات.

ئینجا باسی پێغەمبەر ئەیوب دەکات کە چەندەها ساڵ نەخۆش کەوت و مناڵ و سامانی هەموو لێسەندەوە

(وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ) الأنبياء٨٣

یادی - ئەیوب -یش بکە کاتێک هاناو هاواری بۆ پەروەردگاری برد) دوای ئەوەی ماوەیەکی دوورو درێژ نەخۆش کەوتبوو ، جگە لەوە پێشتریش ماڵ و سامان ومنداڵەکانی تیاچوو بوون (وتی : پەروەردگارا ، بەڕاستی من ئازارو ناخۆشیم تووش بووە، تۆش لە هەموو کەس میهرەبانترو لە هەموو کەس دلۆڤانتریت.

(فَاسْتَجَبْنَا لَهُ فَكَشَفْنَا مَا بِهِ مِن ضُرٍّ وَآتَيْنَاهُ أَهْلَهُ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَذِكْرَىٰ لِلْعَابِدِينَ) الأنبياء٨٤

جا ئێمە نزامان گیراکردو بەهاواریەوە چووین وهەموو ناخۆشی و نەخۆشیەکمان لە کۆڵ کردەوە ، هەموو ماڵ و منداڵیمان پێبەخشیوە و ئەوەندەی تریش لەگەڵیاندا (دەکرێت خوای گەورە هەر هەمان ماڵ و منداڵی پێشووی

بۆ زیندوو کردبێتەوە ، یاخود نەوەی نوێی پێبەخشیبێت) ، ئەوە ڕەحمەتێکی تایبەتی بوو لە لایەن ئێمەوە ، یاداوە ریشە بۆ بەندە خواپەرستەکان (کە ئەگەر ئەوانیش تووشی بەڵاو ناخۆشی بوون وەک ئەم، لەوەودوا نزایان کرد ، خوای میهرەبان بە هاناو هاواری ئەوانیشەوە دەچێت) .

ئەوەش بۆ ئەوانەی نەخۆشن بێ ئومێد مەبن لە ڕەحمەتی خودای میهرەبان.

خەریک بوو لەدڵەوە ئەم ئایەتە پیرۆزانەم دەخوێندەوە ، ئینجا تا گەیشتمە ئەم ئایەتە پیرۆزە (**وَذَا النُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَاضِبًا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقْدِرَ عَلَيْهِ فَنَادَىٰ فِي الظُّلُمَاتِ أَن لَّا إِلَـٰهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ) الأنبياء٨٧**

یادی (ذو النون)یش بکەرەوە (کە یونس پێغەمبەرە) کاتێک بە توڕەیی‌یەوە ڕۆیشت ، گومانی وابوو کە هەرگیز دنیای لێ تەنگ ناکەینەوە (بەڵام بە پێچەوانەی گومانەکە یەوە خوا خستیە ناو سکی نەهەنگەوە) ، جا لە ناو تاریکیەکاندا ، (تاریکای شەوو دەریا و ناوسکی نەهەنگەکە دا)هاوارو نزای لێ بەرز بۆوەو وتی : پەروەردگارا هیچ خوایەک نیە جگە لە تۆ ، پاکی و بێگەردی هەر بۆ تۆیە ،

بەڕاستی من لە ستەمکاران بووم (کاتێک بە بێ فەرمانی تۆ قەومەکەم بەجێهێشت)ئینجا ئایەتەکەی دوای ئەویشم خوێندەوە کە **دەفەرمووێ فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَنَجَّيْنَاهُ مِنَ الْغَمِّ وَكَذَٰلِكَ نُنجِي الْمُؤْمِنِينَ) الأنبياء٨٨**

ئێمەش بەهانایەوە چووین و ڕزگارمان کرد ، لەو غەم و پە ژارەو تەنگانەیەی کە تێی کەوتبوو، بەو شێوەیەش ئیمانداران ڕزگار دەکەین (کاتێک کە دەکەونە تەنگانەوەو هاناو هاوار بۆ ئێمە دەهێێنن)

کە ئەم ئایەتە پیرۆزەم خوێندەوە دەستم کرد بە گریان بەتایبەتی کە بیرم لەوەش کردەوە کە دەفەرمووێ :
وَكَذَٰلِكَ نُنجِي الْمُؤْمِنِينَ ، بەم شێوەیە ئیمانداران ڕزگار دەکەین ، دەستبەجێ هاوارم لەخودا کرد (**لَّا إِلَـٰهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ**) ، خودایە هاوارە منیش ئیماندارم باوەڕم بەتۆ هێناوە ، دەرگای ڕەحمەتی خۆتت لێم بکەوە کارێکی باشم پێبدە ، بەگریانەوە پاڕامەوە لەخودای گەورە ، جا ئەم ئایەتەی دوای ئەوەش هەر موژدەدەرە بۆ ئەوانەی بێ منالن ، (**وَزَكَرِيَّا إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُ رَبِّ لَا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ) الأنبياء٨٩**

یادی) زکریا (ش بکەرەوە کاتێک هاناو هاواری بۆ پەروە
ردگاری بردو وتی : پەروەردگارا ، من بە تەنهای مەهێڵەرەوە
(نەوەیەکی چاک و پاکم پێ ببەخشە)تۆیش چاکترین زاتێکی
لە پاش من و هەموو مردوویەک دەمێنیتەوە.

(فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَوَهَبْنَا لَهُ يَحْيَىٰ وَأَصْلَحْنَا لَهُ زَوْجَهُ إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ) الأنبياء٩٠

ئینجا ئێمە نزاکەیمان گیرا کردو(یحیی)مان پێبەخشی ، هاوسەرەکەشیمان بۆ چاککرد کە منداڵی ببێ ، چونکە بە ڕاستی ئەوانە چالاک و گورجو گۆڵ بوون لە ئەنجامدانی هەموو خێرو چاکەیەکدا و نزای بەکوڵیان دەکرد، بە ئومێدی ڕەحمەت و بەهەشتی ئێمە و لە دۆزەخ و خە شمی ئێمە دەترسانو ئەوانە هەمیشە گەردن کەچ بوون بۆ ئێمە.

وادیارە بەڵایەکەی منیش بۆ کار و کاسبی کۆتایی بوو ، چونکە بەڵا و ناڕەحەتی گەر زۆر توند بێ نیشانەی کۆتایی هاتنیەتی هەروەکو **پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ :**
وَاعْلَمْ أَنَّ فِي الصَّبْرِ عَلَى مَا تَكْرَهُ خَيْرًا كَثِيرًا ، وَأَنَّ النَّصْرَ

مَعَ الصَّبْرِ ، وَأَنَّ الْفَرَجَ مَعَ الْكَرْبِ ، وَأَنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا .رواه الإمام أحمد ٢٨٠٣

دڵنیابە بزانە ئارامگرتن لەسەر ئەو شتەی کە ڕقت لێیە خێری زۆری تێدایە ، پشتیوانی لەگەڵ ئارامگرتندایە ، لادانی خەم لەگەڵ بەڵا و ناخۆشیدایە ، لەگەڵ ناخۆشی ئاسانی و خۆشی هەیە .

سوپاس بۆ خودای میهرەبان خۆشی و شادی بۆ هێنام ئەو پەرستارەی لەکاتی مەشقکردن ناسیبووم ، هەر ئەو هەواڵی بۆ هێنام ووتی : وا دەڵێن دامەزراندن لەعێراق بۆتەوە ، کە سەرەتا ووتیان نابێ بەڵام دواجار خودای گەورە دەرگای ڕەحمەتی خۆی لێکردمەوە ، دەرگای خۆشی بۆ هێنام لە دوای هەوڵدان و دوعا و پاڕانەوە .

بێگومان **پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ ڕوحمان بەقوربانی بێ دەفەرمووێ : دَعْوَةُ ذِي النُّونِ - إِذْ دَعَا ، وَهُوَ فِي بَطْنِ الْحُوتِ : - لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ ، فَإِنَّهُ لَمْ يَدْعُ بِهَا رَجُلٌ مُسْلِمٌ فِي شَيْءٍ قَطُّ إِلَّا اسْتَجَابَ اللَّهُ لَهُ . رواه الترمذي**
٣٥٠٥ ئەو دوعایەی پێغەمبەر یونس لەناو سکی نەهەنگ کردی (**لَّا إِلَـٰهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ**

الظَّالِمِينَ) ، ئەو دوعا و زیکرە هەر موسڵمانێک بۆ هەرشتێ پێی بپاڕێتەوە ئیللا خودای گەورە دوعا و نزاکەی وەڵام دەداتەوە.

هەروەها **خودای گەورە دەفەرمووێ : وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ) البقرة١٨٦**

(ئەی پێغەمبەر ﷺ)ئەگەر بەندەکانم پرسیارت لێبکەن دە ربارەم ، ئەوە من نزیکم لێیانەوە ، بە هاناو هاواری دوعا گۆیانەوە دەچم هەر کاتێك لێم بپاڕێنەوەو نزا بکەن ، دەبا ئەوانیش بەدەم بانگەوازی منەوە بێن و باوەڕی دامەزراو بە من بهێنن ، بۆ ئەوەی ڕێگای هۆشیاری و ئاگایی بگرنەبەر(بۆ بەدەستهێنانی سەربەرزی و سەرفرازی هەردوو جیهان)

جا ئەم پەرستارە پێمی ووت جارێ بوەستە با من بچمە وەزارەتی تەندروستی عێراق بزانە چۆن دەبێ ئینجا وەڵامت دەدەمەوە ، منیش ووتم باشە چاوەڕێم.

(لەگەرمەی خەو خودا هەواڵی خۆشی بۆ هێنام)

پەرستارەکە هەر ئەو ڕۆژەی پێمی ووت بەڕێکەوت بەرەو وەزارەتی تەندروستی شەوەکەی هەر لەوێ مایەوە بۆ بەیانیەکەی چووبووە وەزارەت مامەڵەی خۆی تەواو کردبوو ، ئینجا لەو کاتەدا وا لەنێو ئۆتۆمبێل دەگەڕێتەوە .

منیش لەنێو خەودام کاتژمێر نۆی بەیانیە ، خودای گەورە بێگومان (**اللَّهُ لَا إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ) البقرة ٢٥٥**
خودا زاتێکە جگە ئەو هیچ خودایەکی ترنیە کە شایەنی پە رستن بێت و ئەو هەمیشە زیندووە و ڕاگرو سەرپەرشتیاری (هەموو دروست کراوەکانیەتی) ، نە وەنەوز دەیگرێت و نە خەو .

خودای میهرەبان هۆشیارە و هەرگیز ناخەوێ بەندەکەی وا لە گەرمەی خەودایە کارەکەی بۆ بەڕێوە دەبات و سەربازی خۆی بۆ دەنێرێ تا موژدە و هەواڵی خۆشی دامەزراندنی پێبدات (**وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ) المدثر ٣١**

کەس ژمارەی سەربازانی پەروەردگارت نازانێت جگە لە زاتی خۆی.

جا منیش لەگەرمەی خەو بووم ، زەنگی مۆبایلەکەم لێیدا ، وەڵامم داوە پەرستارەکە بوو ، ووتی : بڕۆ بەغدا دامەزراندن بۆتەوە ، مامەڵەی دامەزراندنەکە بکە ، بەم شێوەیە خودای گەورە دەرگای خۆشی لێ کردمەوە.

(فۆڕمی دامەزراندنمان پڕکردەوە)

ئینجا من و هاوڕێیەکی پۆلی دوانزەم لەگەڵ خزمێکمان کە باوکم داوای لێکردبوو لەگەڵمان بچینە بەغدا ، بەڕێکەوتین بەرەو بەغدا شەوێک ماینەوە ، بۆ بەیانیەکەی بەڕێکەوتین بۆ وەزارەتی تەندروستی ، الحمدلله فۆڕمی دامەزراندنمان پڕکردەوە مامەڵەی خۆمان تەواو کرد .

(پێویستە هەر لەسەرەتاو مامەڵە یەکلایی بکرێتەوە)

دوای ئەوەی فۆڕمی دامەزراندنمان پڕکردەوە لەکاتی گەڕانەوەمان لەبەغدا لەگەڵ ئۆتۆمبێلێک پێک هاتین هەر کەسەو سی هەزار کە گەڕاینەوە دابەزین دەڵێ نەخێر من نەموتووە سی هەزار بەڵکو وتوومە سی و پێنج هەزار ، جا بەداخەوە زۆرجار لەگەڵ تەکسی و پاسەکان سوار دەبی پێیان دەڵێی : بەچەندە بۆ فلانە شوێنە دەڵێ تۆ سواربە خوا کەریمە دواتر پێک دێین ، ئینجا کە دێیتە خوار تۆ هەمووجار بە دووهەزار بۆ ئەو شوێن چوویتە ئێستا ئەو

دەڵێ سێ هەزار دەبێتە کێشە ، هەردوولا چاویان لەدوای پارەکە دەبێ .

لەڕوی شەرعەوەش پێویستە هەر لەسەرەتاوە دیاری بکرێ کرێیەکە بەچەندە نەک دواتر زیاتر بووترێ کێشە دروست بێ ، هەروەها باشتریش وایە سەرەتا پارەکە نەدرێ نەوەک دواتر بڵێ پارەت نەداوە بەڵکو کاتێ کە دادەبەزی ئینجا پارەکە بدەی.

(بەخۆڕاییە پارەم ناوێ)

ڕۆژێکیان بەرەو هەولێر دەڕۆیشتین ئۆتۆمبێلێک ڕایگرت ووتم دەچیتە هەولێر ووتی : بەڵێ ، ووتم بەچەند ووتی : بەخۆڕایی ، دووسێ جار دڵنیام کردەوە بەچەندە با بزانم ووتی بەخۆڕاییە پارەم ناوێ ، کە دواتر گەیشتینە هەولێر ئێمەی لەشوێنی مەبەستیش دانەنا دابەزین دەڵێ شتێکمان نادەیتێ ؟ ووتم ئەی تۆ نەتووت بەخۆڕاییە پارەم ناوێ ؟ ووتی : چۆن دەبێ ؟ پارەم پێدا و ڕێگەشی لێ دوورکردمەوە و پارەشم زیاتر ڕۆیشت ، بەداخەوە بەشێک بەم شێوەیە دەیانەوێ دەوڵەمەندبن.

(ناوم گەڕاوە بۆ دامەزراندن)

بەم شێوەیە بۆ ماوەی دوو مانگ لەچاوەڕوانی دابووم ، ڕۆژێکیان لەلای مامۆستام بووم وانەی شەرعیمان دەخوێند چەند جارێک مۆبایلەکەم زەنگی لێدا بەڵام لەباری بێدەنگی بوو تەنها هەستم بە هاژەی مۆبایلەکە دەکرد بەڵام لەبەر مامۆستاکەم وەڵامم نەدەداوە ، دواتر کە تەواو بووم چوومەوە ماڵەوە سەیرم کرد پەرستارەکە بوو ، پەیوەندیم پێوە کردەوە ووتی : هەندێ ناوی دامەزراندن بڵاو کراوەتەوە وابزانم ناوی تۆشی تێدایە ، کە بۆمی نارد ناوی خۆم بینیەوە تێدا ، ئینجا بە تەواوی دەرگای خۆشیم لێ کراوە دڵ خۆش و شاد بووم.

(نازانین خێر لەچی دایە)

بەم شێوەیە چووین مامەڵەکانمان تەواو کرد و ناوم لە شیفاخانەیەکی لای شاری موسڵ گەڕاوە .

ئا ئەوە بوو سەرەتا لە پۆلی دوانزە لەلام ناخۆش بوو بچمە پەرستاری و نەچمە کۆلێژی شەریعە.

(وَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَىٰ أَن تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ)البقرة٢١٦

لەوانەیە شتێکتان لا ناخۆش بێت کەچی خێر لەوەدا بێت ، هەروەها لەوانەیە شتێکتان پێ خۆش بێت کەچی شەڕ لەوە دا بێت ، بێگومان هەر خوا خۆی دەزانێت(خێر لە چیدایە) ئێوە نایزانن .

(تورەبووم و بارودۆخی دەروونیم تێکچوو)

ئینجا باوکمیش ووتی : کۆڕێکی ئیمانی سازدەکەین خزمەکان کۆببنەوە و خێرێک بکەین ، جا منیش دەمووت ناکەین ، شەرمم دەکرد پێمیش خۆش نەبوو بەناوی من ئەو کارانە بکرێ .

جا کاتێ دادەمەزرێی یان ئۆتۆمبێلێک دەکڕی یان بڕوانامەیەک بەدەست دێنی یان ژن دەهێنی زۆرجار کە خەڵک لەیەک کاتدا زۆر دەزانێ ڕوبەڕوی حەسوودی و چاوەزار دەبیتەوە بێگومان چاویش حەقە کاریگەری دروست دەبێ جا هەیە لایەنی دەروونی تێکدەچێ .

هەیە کێشەیەکی بەسەردێ ، منیش بارودۆخی دەروونیم تێکچوو و تورەبووم .

(یەکەم ڕۆژی دەوامە و زمانی عەرەبی نازانم)

چوومە شیفاخانە ، کە لەناوچەیەکی شاری موسڵ بوو ، دەبێ عەرەبی زان بیت و بە عەرەبی قسە بکەیت ، منیش ڕاستە پێشتر شەیدای زمانی عەرەبی بووم و کتێبی فێربوونی زمانی عەرەبی عێراقیشم خوێندبۆوە بەڵام هەندێ لەووشەکانم بەهەڵە خوێندبۆوە لەبەرم کردبوو ، چونکە من وەکو شێوازی عەرەبی قەواعیدی بە فەتحە و کەسرە و زەممە دەمخوێندەوە .

لەلایەکی تریش بەهۆی خوێندنی قورئان و فەرموودەوە عەرەبیەکی قەواعیدیم دەزانی ، یەکەم ڕۆژ چوومە دەوام هیچم نەدەزانی عەرەبیەکەشم دوکەڵی دەکرد ، ناوم لەبەشی تەواری بوو ، چوومە تەواری بەرپرسی تەواری دیارنەبوو لەیەکێک گیربووم بەخۆمیش نازانم بە چ جۆرە عەرەبیەک قسەم لەگەڵی کرد تا پێم بڵێ بەرپرسی تەواری لەکێیە ، ئەویش ووتی نازانم هێشتا نەهاتووە .

باش بوو لەلایەکی تر منی ناساند بە کوڕێکی تر کە کورد بوو هەر لەوێ دەوامی دەکرد ، ئینجا بەم شێوەیە بەرپرسەکە هات و دەست بەکاربووم ، سەرەتاکەی من و هەروەها کوردەکانی تریش لەوێ کە قسەمان دەکرد بە

عەرەبیەکەمان پێدەکەنین بە تایبەتی عەرەبی من چونکە هەر بەشێوەی قەواعیدی قسەم دەکرد لەجیاتی بڵێم (یکتوب ، ینزەل ، یلعەب)بە قواعدی بە فتحە و کسرە دەمووت :یَکتُب ، یَنزِلُ ، یَلعَب)، لەزاراوەی عێراقی فتحە و کسرە نیە هەروەکو زمانی کوردی دەخوێندرێتەوە یانی ئەو ئەنەیتوەی لەسەرەتای فعل مضارع دێت (أنیت) هەر وەکو کوردی دەخوێندرێتەوە ، واتە : ناڵێ :تَکتُبُ ، بەڵکو وەکو کوردی دەخوێنیتەوە دەڵێ :تکتوب ، ناڵێ :أَنتَ دەڵێ : ئنتە .

پاشان لە زاراوەی عێراقی پیتی کاف دەبێتە (چ)وەکو کَلب کە قواعدیە بە جلفەی عێراقی دەبێتە چەلب ، یان کَثِیر دەبێتە چثیر ، هەروەها پیتی قاف دەبێتە (گ)وەکو (قَلب) دەبێتە گەلب ، لەجیاتی بڵێ قَال واتە : ووتی ، دەڵێ گال ، یَقولُ دەبێتە یگول بەم شێوەیە .

هەروەها ئەو ووشانەی دووپیتی کۆتاییان ساکین دەبێ دەبێتە پیتی (ێ) و (ۆ)وەکو ووشەی خَوف واو و فائەکەی ساکینە دەبێتە (خۆف) ، یَوم دەبێتە (یۆم) ، بیت دەبێتە (بێت) .

(خوێندنەوە و گەورەیی کتێبی إحياء علوم الديني ئیمامی غەزالی)

مامۆستاکەم پێشتر باسی ئیمامی غەزالی و کتێبەکەی إحياء علومی لەلام کردبوو ، بۆیە دواجار دڵم کەوتە سەر کتێبی إحياء علوم الدين ، بڕیارم دا ئەو کتێبەیە بکڕم ، هەروەکو بڵێی ئیلهامێکی خودایی بێ بۆ دڵم کڕیم و دەستم بە خوێندنەوەی کرد ، ئێستاش نازانم چۆن بووە ئەو کتێبە بەزمانی عەرەبی بەم شێوەیە لێی تێگەیشتووم ، هەروەکو بڵێی ئەو کاتی خوێندراوەتەوە لەسەر دڵم یانی لەدڵەوە بۆ دڵ ، چونکە ئیمامی غەزالی قسەکانی لەدڵ بۆ دڵن .

ئەم کتێبەشی دوای ئەوە داناوە کە لەبەغدا مامۆستا بووە لە گەورەترین قوتابخانەی سەردەمی خۆی زیاد لە چوارسەد مێژەربەسەر و زانا لەلای دانیشتوون وانەی شەرعیان خوێندووە ، بەڵام دواجار گومانی بۆ دروست دەبێ کە ئەو زانستانەی دەزانێ زانستی ڕاستەقینە نیە بۆ نمونە ئەو خۆرە زانست دەڵێ چەندەها جار لەم زەویە گەورەترە کەچی بەیەک پەنجە دەتوانی ڕوی خۆر لەچاوت بگری ، بۆیە ئەو هەمیشە بەدوای وردەکاری و ڕاستیەکان گەڕاوە .

زۆر ڕێگا و ڕێباز تاقیدەکاتەوە دواجار دڵی لەسەر تەسەوف و زانستی تەزکیە دەوەستێ ، شەش مانگ لاڵ دەبێ و بێ هێز دەبێ توانای وانە وتنەوەی نامێنێ بۆیە ناچار دەبێ بەغدا جێبهێڵێ گۆشەگیری دەکات بۆ ماوەی یازدە ساڵ ، بۆیە دەفەرمووێ :لەکاتی گۆشەگیری هەندێ شت بۆ دڵم والا بووە کە ناهێتە باسکردن ، هەروەها پێش ئەو کاتە زانستەکانی خۆی بە ڕیا زانیوە بەڵام لەم گۆشەگیریە دڵی پاک کردۆتەوە لە ڕیا و نەخۆشیەکانی دڵ دوای ئەم گۆشەگیریە إحیاء علوم الدین ی نوسیوە ، کە دەربارەی ئەم کتێبە وتراوە **(من لم يقرأ الإحياء فليس من الأحياء)** واتە :ئەوەی کتێبی إحیا نەخوێنێتەوە لە زیندووان نیە .

بەڕاستی گەر بخوێنیتەوە و کاریگەری لەسەر دڵت دروست بکات بۆت دەردەکەوێ بەڵێ ئەو قسەیە زۆر ڕاست و تەواوە ، چونکە من هەتا ئەو کتێبەم نەخوێندبۆوە بەردەوام لەسەر ڕاجیاوازی و ململانێ و توندڕەوی بووم .

بەڵام ئەم کتێبە ژیانمی هاوسەنگ و ڕێک کرد بەشێوەیەک نە زۆر توندڕەو بم ، نەزۆر شل ڕەو ، نەزۆر ببەخشم هیچم بۆخۆم نەمێنێ ، نەزۆریش ڕەزیل بم و بەخشندە نەبم ، نە زۆر کەسێکم خۆشبوێ و دواجار بە ڕق و دوژمنایەتی

کۆتایی بێ ، وە نەک زۆریش ڕقم لەکەسێک بێ دواتر ببێتە خۆشەویستم .

جوانی ئەم کتێبە لەوەدایە لەگەڵ هەموو ئاستێک قسە دەکات واتە ئەوە نیە تەنها لەیەک ڕووەوە قسە بکات باسی ژنهێنان بکات دەفەرمووێ بۆ کێ باشە و بۆ کێ خراپە بەم شێوەیە واتە تەنها یەک ڕو ناخاتە ڕو .

دەتوانم بڵێم لەگەڵ ئەم کتێبە نەشتەرگەریەکی ڕوحی کرا بۆم ، هەستم دەکرد لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم کتێبە ڕۆژ بەڕۆژ گۆڕانکاریم بەسەر دەهات ، تا گەیشتە ئەو ئاستەی لە ژیانی ڕۆژانە و نێو خواپەرستیەکانم قسە و گوفتارەکانی ئیمامی غەزالی وەکو مامۆستایەک دەهاتە یادم و فێری دەکردم و منی ئاگادار دەکردەوە .

پێش خوێندنەوەی ئەم کتێبە لەسەر بارودۆخێکی ناجێگیر بووم ، هەندێ جار توند بووم هەندێ جار شل بووم ، لەخۆشەویستی و میهرەبانی و لێبووردەیی لەسنور دەرچوو بووم بەشێوەیەکی وا خۆم ڕیسوا کردبوو ، وامدەزانی چەندە خۆشەویستیت زیاتر بێ باشترە .

بەڵام دواجار بۆم دەرکەوت خۆشەویستی شەکرە ئەوەی شەکر زۆر بخوات تووشی شەکرە دەبێ ، خۆشەویستی

بەندەکانیش کە زۆرت خوارد تووشی نەخۆشی عیشقت دەکات بە دڵ شکان کۆتاپی دێت ، تەنها و تەنها دەبێ خۆشەویستی بێ سنورمان بۆ پەروەردگارمان بێ هەروەکو **خودای گەورە لە باسی ئیمانداری ڕاستەقینە دەفەرمووێ: وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِّله)البقرة ١٦٥**

ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە زۆر زیاتر خوایان خۆش دەوێت .

(ڕاجیاوازی ڕەحمەتە)

پێش خوێندنەوەی کتێبی إحیا علوم الدین هەرجارە و لەسەر ڕا و مەزهەب و بۆچوونێک بووم ، یانی قاچم جێگیر نەدەبوو لەسەر میانڕەوی ، هەروەها جێگیریش نەبووم لەسەر برایەتی و بێ جیاوازی بوون ، الحمدللە دواجار بەشێوەیەک فێربووم کە هەموو ئیماندارانم خۆشبوێ بەبێ جیاوازی ڕا و بۆچوون چونکە ڕاجیاوازی خودای گەورە دایناوە **(وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ)هود ١١٨**

خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە ئەوە هەموو خەڵکی دە کرد بەیەك تاقم و کۆمەڵ ،)بەڵام (بەردەوامیش ئەو

خەڵکە جیاوازن لەنێوانی یەکتردا لە ئایین و بەرنامە و بۆچووندا .

ئەو ڕاجیاوازیەش ڕەحمەتە بە تایبەتی لە بابەتی فیقە و شەریعەتدا ، چونکە مرۆڤەکان سروشت و تەبعیان جیاوازە بۆیە دەبینی خودای گەورە لەو بابەتانەی سەختی لێ دروست دەبێ بۆ بەندەکانی شوێنی ئەوەی هێشتۆتەوە کە ڕاجیاوازی لێ دروست بێ واتە بەبەڵگەی یەکلایی و دەقی ئاشکرا نەیفەرمووە نابێ هەرگیز وا بکەن ، یاخود دەبێ وابکەن ، بەڵام لەو بابەتانەی کە دەقی ئاشکرای فەرمووە سوپاس بۆ خودا تێکڕای موسڵمانان لەسەری دەڕۆن بەبێ جیاوازی خودامان الله یە ، دینمان ئیسلامە ، پێغەمبەرمان محمدە ﷺ، کتێبمان قورئانە .

هیچ جیاوازیەک نیە لە ئەسڵەکان بەڵکو تەنها لە فەرع جیاوازیمان هەیە لەگەڵ یەکتری ، ئەوەش زۆر ئاساییە لەنێو هاوەڵانی پێغەمبەریش ﷺڕاجیاوازی هەبووە ، کەواتە ئاساییە ڕاجیاوازی هەبێ ، بەڵام ئاسایی نیە دوژمنایەتی و ڕق لەدڵ هەڵگرتن هەبێ بەرامبەر یەکتری ، **(إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ)الحجرات١٠**

لەڕاستیدا هەر ئیمانداران برای یەکن ، کەواتەهەرکاتێک لەنێوان دوو براتاندا ناکۆکی پەیدا بوو ، ئێوە نێوانیان چاک بکەن و ئاشتیان بکەنەوە ، هەمیشە لەخوا بترسن و پارێزکار بن ، بۆ ئەوەی ڕەحمتان پێ بکرێت .

هەروەها **خودای گەورە پێمان دەفەرمووێ : وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ)آلعمران١٠٣**

(هەوڵ بدەن)هەر هەموتان بە توندی دەست بگرن بە ئاینی خواوەو پەرت و بڵاو مەبن ، یادی نازو نیعمەتی خوا بکەنەوە لەسەرتان ، (چونکە)کاتی خۆی دوژمنی یەکتر بوون ، ئەوە بوو دڵەکانتانی بەهۆی نیعمەتی (ئیسلامەوە) پەیوەست کرد بەیەکەوە و هەموو بوونە برای یەکتر (هە روەها ئەو کاتە)ئێوە لەسەر لێواری چاڵێکی ئاگر وە ستا بوون و (خەریک بوو بکەونە ناوی)، باڵام خوا (بەڕەحم و میهرەبانی خۆی)لەو ئاگرە ڕزگاری کردن ، ئابە و شێوەیە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە ، بۆ ئەوەی هیدایەت وەربگرن .

تەفریقە و پەرت و بڵاوی و بەردەوام بەگژداچوونمان وا دەکات بێ هێزبین و بێباوەڕان لەسەرمان زاڵبن

(وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا)الأنفال٤٦

ئەگەر بچن بەگژ یەکداو یەکتر بشکێنن ، ئەوە شکست و لاوازی ڕووتان تێدەکات و هەیبەت و شکۆداری و دە سەڵاتتان لەبەین دەچێت .

ئەوە ڕێگای بێباوەڕانە کە وادەکەن موسڵمانان هەرگیز یەکگرنەبن ، چونکە موسڵمانان یەکگربن و تێکۆشان دەکەن کوفر و بێباوەڕی لەناودەبەن .

کەواتە با بەس بێ هەمووومان موسڵمانین خودای گەورە ناوی لێناوین موسڵمان **(هُوَ سَمَّاكُم المُسلِمين)الحج٧٨** خودا ناوی لێناون موسڵمان .

دە با ئێمەش هیچ ناوێکی وا لەخۆمان نەنێین کە پەرتەوازەیی دروست بکات ، چونکە لای خودا بە تەقوایی و پارێزگارییە **(فَلَا تُزَكُّوا أَنفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَىٰ)النجم٣٢**

خۆتان بەچاک مەزانن و خۆتان بەپاڵفتە دامەنێن ، هەر خوا دەزانێت کێ تەقوایی هەیە و پارێزگارە.

(إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)الحجرات١٣

بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتان کەزۆرتر لە خواترسەو فەرمانبەرداری خوایە.

کەواتە خودای گەورە تەقوایی لەئێمە دەوێ ناو و ناوبانگ و خۆهەڵکێشانی لە ئێمە ناوێ ئەو دڵ و دەروونمان دەبینێ و دەزانێ چی تێدایە ، ناتوانین فێڵ لە خودا بکەین .

(سێ جۆری برایەتی)

لەگەڵ برایەکت کە دادەنیشی برای ئیمانیت چونکە سێ جۆر برایەتیمان هەیە برای مرۆڤایەتی واتە بێباوەڕان و هەمووان برامانن لە مرۆڤایەتی چونکە هەمووان دەگەینەوە باوکمان پێغەمبەر ئادەم هەروەکو خودای گەورە پێغەمبەرانی پێشووی بۆ گەلە بێباوەڕەکان بە برا ناوبردووە **(وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـٰهٍ غَيْرُهُ أَفَلَا تَتَّقُونَ)الأعراف (65)**

بۆ قەومی (عاد)یش (هود)ی برایانمان نارد (هەروەکو نوح)وتی :ئەی گەل و عەشیرەتم هەر خوا بپەرستن

چونکە جگە لەو زاتە خوایەکی ترتان نیە ، ئایا ئەوە لە خوا ناترسن؟

برایەتیەکی تریش برای لەدایک و باوکە ، برایەکی تریش برای ئیمانی هەروەکو **خودای گەورە دەفەرمووێ :إِنَّما الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ)الحجرات١٠** لێرە إنّما بۆ حەسرە واتە تەنها و تەنها گەر برایەتیەکی ڕاستەقینە هەبێ برایەتی ئیمانیە هەر بەتەواوی ئیمانداران برای یەکترین ، هەر لە ڕۆژی دوایش برای ئیمانی سوودی دەبێ **(الْأَخِلَّاءُ يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ)الزخرف٦٧**

دۆستان و برادەران هەر هەموو لەو ڕۆژەدا دوژمنی یە کترن، هەموو ڕقیان لە یەك دەبێتەوە ، جگە لەو کەسانەی کە لەسەر بنچینەی تەقواو خواناسین کۆ بوونەتەوە و برایەتییان بەرپا کردووە.

جا برایەکی ئیمانیت گوێ لێبگرە گەر ڕاشی لەگەڵ تۆ جیاوازە بە نیعمەت بیزانە کەسی ئیماندار و ژیر گوێ لەهەموو قسەیەک ڕادەگرێ بەڵام هەموو قسەیەک وەرناگرێ بەڵکو کامە قسەی جوانتر و چاکتر و پاکتر بێ هەر بەدوای ئەو دەکەوێ

(الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ أُولَـٰئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ وَأُولَـٰئِكَ هُمْ أُولُو الْأَلْبَابِ)الزمر١٨

ئەوانەی گوێ بۆ قسەو گوفتار دەگرن و پەیڕەوی چاکترینی دەکەن ، ئا ئەوانە کەسانێکن کە خوا هیدایەت و ڕێنموویی کردوون ، ئەوانە خاوەنی عەقڵ و ژیری و بیروهۆشن .

تۆش بە دەرفەت بزانە لەگەڵ ئەو برایەت زانست و زانیاری زیاتر کۆبکەوە تۆ ڕاو بۆچونێکی ترت هەیە ڕای ئەویش وەربگرە هەگبەت پڕی زانیاری دەبێ ، چەند خۆشە باسی هەر بابەتێک بکرێ لەهەموو ڕووەکانیەوە شارەزایت هەبێ ، جگە لەوەش ڕەنگە هەندێ جار قسەی ئەو ڕاست بێ و تۆ هەڵەبی ، یان دەکرێ تۆش ڕاست بیت و ئەویش ڕاست بێ ، بۆ نمونە بە ئینگلیزی ژمارە نۆ بنوسە ئەویش بەرامبەرت وەستاوە لەلای تۆ ژمارە نۆیە لای ئەو دەبێتە ژمارە شەش ، بۆیە نابێ زوو بڕیار بدەی ، دەبێ سەیری هەموو ڕووەکان بکەیت ڕەنگە ئەو قسەیەک بکات لەڕووەکەوە سەیری بکات تۆش لەڕووەکەی تر سەیری دەکەی .

وەکو ئەوەی لێدێ فیلیان بردە شوێنێک هەموو کوێرەکانیان برد بۆ ئەوەی بچن بزانن چیان هێناوە جا هەر کەسەو دەستی لەشوێنێکی فیلەکە دابوو یەکێک قاچی یەکێک لووتی جا هەرکەسەو بە جۆرێک وەسفی فیلی کرد .

بێگومان قسەی هەمووشیان ڕاست بوو ، ئێمەش مرۆڤین مەرج نیە هەرچی ئێمە نەیزانین مانای ئەوەبێ ئەو شتە ڕاست نەبێ و هەڵەبێ.

(گرووپ و حیزبایەتی)

ئەوەی دەیەوێ بەردەوام لەسەر حەق بمێنێتەوە ، با هەرگیز نەبێتە لایەنگری گرووپ و حیزبێک.

ئەوەی حیزبایەتی دەکات حیزبی خۆی خۆشدەوێ هەڵەشیان لێ ببینێ بەردەوام چاوپۆشی دەکات و عوزر بۆ حیزبەکەی خۆی دەهێنێتەوە ، بەڵام گرووپەکەی بەرامبەر ڕاستیش بێ و لەسەر حەقیش بێ چونکە ڕقی لێیەتی و دوژمنیەتی دانبەوەناهێنێ کە ئەوان لەسەر حەقن .

گەر هەڵەش لەگرووپی بەرامبەر ببینێ دونیای لەسەر وێران دەکات ، وەکو ئەوەی گرووپی خۆی هیچ هەڵەیەکی نەبێ ،

ئەوەیە حیزبایەتی ، **خودای گەورە دەفەرمووێ : كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ) المؤمنون53**

هەموو دەستەو تاقمێك بەو بەرنامەو نەخشەیەی هەیانە دڵخۆشن.

مرۆڤی ژیر و ئاقڵ بەدوای حەق و ڕاستی و قورئان و سونەت دەكەوێ ، بەدوای گرووپ و ناحەقی ناكەوێ ، قسەی حەق لە كام لاوە بێ بەدوای حەقە دەكەوێ هەروەكو **خودای گەورە دەفەرمووێ : الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ أُولَـٰئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ وَأُولَـٰئِكَ هُمْ أُولُو الْأَلْبَابِ) الزمر18**

ئەوانەی گوێ بۆ قسەو گوفتار دەگرن و پەیڕەوی چاكترینی دەكەن، ئا ئەوانە كەسانێكن كە خوا هیدایەت و ڕێنموویی كردوون، ئەوانە خاوەنی عەقڵ و ژیری و بیروهۆشن.

بەداخەوە بۆ ئەو گەورە و پێشەوایەی ڕابەری گرووپێكە ئەو هەموو شوێنكەوتەی خۆی گەوجاندووە و خەڵكی كردۆتە كۆیلەی خۆی ، ئەوانی فێركردووە جگە لەخۆیان گوێ لەكەسی تر ڕانەگرن ، هەر گرووپی ئەوان لەسەر حەقە و ئەوانی تر هەمووی ناحەقن .

هەرگیز شتی وا نابێ حەق دەکرێ لای منالێک بێ ، دەکرێ لای شێتێک بێ ، دەکرێ لای گرووپێکی تر بێ ، هەروەکو **مەولانا دەفەرمووێ : حەق ئاوێنەیەک بوو لەلایان خوداوە کەوت ، هەرکەسەو پارچەیەکی ئاوێنەکەی برد.**

کەواتە ئەو کەسەی دەیەوێ لەگەڵ حەق و ڕاستی بمێنێتەوە دەبێ دووربکەوێتەوە لە حیزبایەتی ئیمامی عومەر دەفەرمووێ : حەق هاوڕێی بۆ نەهێشتمەوە.

هەروەها **ئیمامی عەلی دەفەرمووێ : حەق بە پیاوان ناناسرێ ، حەق بناسە ئەهلی حەق دەناسی.**

دوو حیزبی سەرەکیمان هەیە لەقورئانی پیرۆزدا ، حیزبی اللّٰہ و حیزبی شەیتان.

حیزبی خودا ئەوەی لەخواترسە و خۆشەویستی بۆ خودا و پێغەمبەر و ئیمانداران هەیە.

(وَمَن يَتَوَلَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ) المائدة (56)

جا ئەوەی خواو پێغەمبەرو ئەوانەی بڕوایان هێناوە بە پشتیوان و خۆشەویستی خۆی قەبوڵ بکات ، ئەوە با دڵنیا

بێت کە هەر کۆمەڵ و دەستەو تاقمی خوا ، زاڵ و سەرکە وتوون.

حیزبی شەیتانیش ئەوەی لەگەڵ حەق نیە و دوژمنی خوداو پێغەمبەر و ئیمانداران دەکاتە دۆستی خۆی.

(اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ أُولَـٰئِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ) المجادلة (19)

ئەوانە شەیتان زاڵ بووە بەسەریانداو داگیری کردوون، بەو هۆیەوە یادی خوای لەبیر بردوون، ئا ئەوانە دەستە و تاقم و حزبی شەیتانن، ئاگاداربن کە بێگومان دەستە و تاقم و حزبی شەیتان خەسارەتمەند و زەرەرمەندن.

(بوومە گاڵتەجاری مناڵێک)

ڕۆژێکیان لەشیفاخانە پیاو و ئافرەتێک هاتبوون و مناڵێکیان لەگەڵ دابوو ، جا منیش زۆر ڕووم دایە مناڵەکە و سوعبەتم لەگەڵی کرد ، تا وای لێهات ئەو مناڵە لە ڕێڕەوی شیفاخانە لەم سەر تا ئەم سەر خۆی بە جلم دەگرت وەکو ئەوەی گاڵتەم پێبکات .

جا منیش زوو بڕیارم دا هەڵسوکەوتم بگۆڕم ، زۆر سوعبەت و گاڵتەکردن وا دەکات هەیبەت و شکۆت کەم بێ لەنێو خەڵک بە تایبەتی گەر کەسێکیش گاڵتەچی بێ لەگەڵ ئەو جۆرەیە نابێ هەرگیز خۆت بەشێوازێکی گاڵتەجاڕانە بناسێنی .

منالیش سەرەتا دەبێ بزانی هارو هاجە یان نا گەر هارو هاج بێ هەر دەبێ لەسەرەتاوە دەمی خۆت بە منال پێشان نەدەی گەرنا دواجار ئەو منالە هیچ شەرمێکی لێت نامێنێ و گاڵتەت پێدەکات ، جا پێویستە سوعبەتیش مامناوەند بێ بەشێوەیەکی وا کەسایەتی خۆت بەهۆی سوعبەتەوە لەدەست نەدەی.

(ڕووداوێکی هاتوچۆ ڕویدابوو)

ڕۆژێکیان لە شیفاخانە بووین لەناکاو بوو بە هات وهاوار بریندار لەدوای برینداریان هێنا ژوورەوە دوو ئۆتۆمبێل خۆیان پێکدادابوو ، هەردوو ئۆتومبێلەکەش پیاو و ئافرەت و منالی ساوایان لەگەڵ دابوو .

جا لەم حاڵەتانە هەر هیچیش نەزانی دەبێ جوڵەیەک بکەی کارێک بکەی بە پەلە ڕامانکرد و سەرەتا بێگومان لە ڕوداوەکان گەر نەخۆشی حاڵەتی هەناسەگیران و ئەو

بابەتانەی نەبێ دەبێ کانولەیەکی بۆ دابنرێ پاشان بەپێی ئەوەی دکتۆر دەڵێت دەرمان و دەرزی بۆ دادەنرێ .

ئینجا خاوێن کردنەوەی شوێنە بریندارەکان و تەداوی کردنیان ، کەس ئاگای لەکەس نەمابوو ، خۆمان لەیەکتر تورە دەکرد بڕۆ ئەو شتە بێنە و ئەوە بێنە ، هەریەکەو لەلایەک خەریکی یەکێک بوو چونکە زۆربوون ، هەریەکەو منالێکی ساواشی لەلابوو ، بەم شێوەیە کۆتایی هات .

(سەگ پەلاماری منالەکانی دابوو)

ڕۆژێکی تریش لەناکاو منالێکیان هێنا ووتیان سەگ پەلاماری داوە ، جا دوای ئەمە منالێکی تریان هێنا منال لەدوای منالیان هێنا تا زیاد لە دە منالیان هێنا ، ووتیان : لەم گوندەی ئێمە ئەو منالانە نازانین یارییان کردووە چیە سەگ پەلاماری ئەو منالانەی داوە.

(لەگەڵ دکتۆر بەشەڕ هاتن)

جارێکی تر ژنێکیان هێنا کارەبا گرتبووی هەر لەڕێگا گیانی لەدەست دابوو کە هێنایان دکتۆر هاتە سەری زانی مردووە ، جا دەبێ دکتۆریش کەمێ خۆی پێوە خەریک بکات بۆ دڵنەوایی کەس و کارەکەی ، دواجار دکتۆر ووتی

مردووە ، کەس و کارەکە لەگەڵ دکتۆر بەشەڕ هاتن ووتیان : تاوانی تۆیە تۆ زوو نەهاتیە سەر نەخۆشەکەمان تا گیانی دەرچوو.

بەم شێوەیە کاری دکتۆری لەو کاتەی خودای گەورە لەسەر دەستی دکتۆرەکە شیفای بۆ دێنێ هیچ قسە ناکەن ، بەڵام گەر بە ویستی خودا نەخۆشەکە شیفای بۆ نەهێت یان دەمرێ ئینجا سەد جوێنی پێدەدەن و یان دەڵێن دکتۆر تەنها پارە لەخەڵک وەردەگرن و هیچ نازانن و قسەی لەم شێوەیە

مرۆڤی ژیر ئەوەیە رێز لە کەسێک دەگرێ کە یارمەتی دەدات دکتۆریش یارمەتیت دەدات بێگومان شیفاش هەر لە دەستە خودایە ئەو تەنها رێگای چارەسەر و هۆکار دەگرێتە بەر ، لەسەر نەخۆشیش پێویستە هەوڵی چارەسەر بدات و شیفاش بداتە دەست خودا.

(دکتۆری کارێکی پیرۆزە)

کاری دکتۆری گەورەیە **خودای گەورە دەفەرمووێ : وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا) المائدة ٣٢**

ئەوەی کەسێک لە مەرگ ڕزگار بکات ، هەروەک ئەوە وایە هەموو خەڵکی لەمەرگ ڕزگار کردبێت و ژیانی پێ بەخشی بن.

بەڵێ ئەوە گەورەیی دکتۆرە پاداشتێکی هەتا بڵێی گەورەیە بێگومان لەشەرعیش هەر کەسێک پێشتر دکتۆری لێ نەبینرابێ و یاخود زانستی پزیشکی نەخوێندبێ هەر لەخۆیەوە کارەکە بکات و هەر کەسێ لە ژێر دەستی شتێکی لێ بەسەربێ دەبێ تۆڵەی بدات چونکە کەمتەرخەمی کردووە.

(ئەوەی دکتۆر نەبێ نابێ کاری دکتۆری لەخۆیەوە بەبێ زانست بکات)

بەداخەوە کە دەبینین کەسانێک لەخۆیانەوە بەبێ زانست لە ڕوی پزیشکیەوە کار دەکەن بێگومان ئەوانە تاوانبارن ، ئەوە کارێکی مرۆڤایەتی گەورە و قورسە ، بۆیە نابێ هەموو

کەسێک لەخۆیەوە لەم بوارەیە بەبێ زانست و زانیاری کاربکات.

بەداخەوەش هۆکارێکی تریش کە وادەکات بەناو دکتۆری ساختەچیمان زۆربێ ئەوەیە کاتێ بۆ نمونە کەسێک بەشێکی پەرستاری تەواوکردووە ، کاری ئەو دەرزی لێدان و کانولە و تەداوای و دورینەوە و ئەو کارانەیە نەک کاری دەستنیشان کردنی نەخۆشی و دانانی دەرمان و چارەسەرە بۆ نەخۆش .

دەبینی لەولاوە خزم و دۆستی بە زۆر دەیکەن بە دکتۆر وەرە تۆ دکتۆری سەرم دێشێ ، پشتم دێشێ چ باشە چی بکەم ، بڵێی کاکە من پەرستارم کاری من نیە کاری دکتۆرە دەڵێ ئەی تۆ چیت خوێندووە دکتۆرنیت دەڵێی پەرستاری دەڵێن ئێ ئێ تەواوە دکتۆری بەم جۆرەیە گەندەلی لە کاری پزیشکی دروست دەکەن .

لەهەموو بوارەکانی تریش گەر زانست نەگەڕێینەوە بۆ لای خاوەنی خۆی بەم شێوەیە دەبینە هۆکاری دروست بوونی گەندەلی لە بوارەکەدا.

(دکتۆرەکە تورەبوو و ووتی دکتۆری ناکەم)

ڕۆژێکیان لە شیفاخانە دانیشتووین لەناکاو بینم دکتۆرێک بەتورەییەوە لە ژوورەکەی هاتە دەر و دەیووت تەواو زیاتر من دکتۆری ناکەم وا دیارە لە ژوورەوە لەگەڵ نەخۆشێک خراپ تورە ببوو ، یەکسەر بەرەو ماڵەوە چوو.

هەرچەندە دکتۆر دەبێ ئەوە بزانێ نەخۆش نەخۆشە واتە پێویستی بەوەیە قسەی خۆش و نەرمی بۆ بکرێ و بە ڕوی خۆشەوە وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە ، چونکە زۆربەی نەخۆشیەکانی ئێستامان دەروونیە ، ئەو نەخۆشیەی جەستەیش بێ هەر لایەنی دەروونی لەگەڵ دایە ، بۆیە دەبێ بەڕوی خۆشەوە چارەی بکرێ .

بەڵام دەبێش کەس و کاری نەخۆشیش بەڕێزەوە ڕێزی ئەو دکتۆرە بگرن کە ڕەنگە ئەم ڕۆژەیە دکتۆریش مرۆڤە ماندوو کراوە دەبێ ڕەچاوی بارودۆخی بکرێ چونکە تۆ جاری وا هەیە یەک نەخۆشت هەیە تا بەیانی لەگەڵی دەمێنیتەوە خەریکە ماندوو دەبی و بەرگە ناگری ئەی ئەو دکتۆرە جاری وا هەیە لەشەوێک دە بیست نەخۆشی هاوشێوەی تۆی هەیە چاودێریان دەکات.

(کاری پزیشکی خاوێنیە ، ئەوەی لە خاوێنی زیاد بکات لەپزیشکی زیاد دەکات)

ڕۆژێکیان لەشیفاخانە نەخۆشێک دەرزیەکی هێنا لێی بدەم منیش نیدڵ واتە سەرە سرنجێکی کراوەم بەکارهێنا ، دوای دەرزی لێدانەکە هەر دەیووت : شوێنی دەرزیەکە ئازاری هەیە .

منیش گومانی ئەوەم بۆ دروست بوو کە سەرە سرنجی کۆنم بەکارهێناوە ، بۆیە پۆستێکم کردوو نوسیم : **کاری پزیشکی هەمووی خاوێنیە ، ئەوەی لە خاوێنی زیاد بکات لەکاری پزیشکی زیاد دەکات.**

کاری پزیشکی چەندە تەندروست و پاکبیت هەر کەمە ، چونکە نەخۆشی لە پیسیەوە دروست دەبێ ، بۆیە پێویستە زۆر گرینگی بە خاوێنی دەرزی و سرنج و کانولە و پێداویستیەکانی پزیشکی بدرێ.

(تورەیی شێتیە)

شەوێکیان لەشیفاخانە بوو بە هات و هاوار ، دکتۆر لەگەڵ نەخۆشێک بوو بە شەڕیان ، شەڕەکە گەورە بوو ، پاسەوان هاتن ، هەر کۆتایی نەدەهات ، دکتۆر تورە دەبوو پیاوەکەش هێشتا زیاتر تورە دەبوو.

کە سەیری بارودۆخەکەم کرد ، بیرم کردووە چەندە ناشیرینە تورەیی ، چەندە شێتییە تورەیی ، ئای ئەو کەسەی تورە دەبێ لەم کاتە گەر بتوانێ خۆی ببینێ ، قێز لەخۆی دەکاتەوە ، چونکە تورەیی هەمووی لەشەیتانەوەیە ، **ئیمامی غەزالی دەفەرمووێ : ئەو کەسەی کە تورە دەبێ شەیتان یاری پێدەکات وەکو مناڵ چۆن یاری بە تۆپ دەکات.**

بەم شێوەیە شەیتان لەکاتی تورەیی هەرچی قسەی خراپ و ناشیرینە لەسەر کەسی بەرامبەر دێنێتە پێش چاوی ، بەڕاستی کەسی تورە شێتترین شێتە ، چونکە ئەقڵ لەکاتی تورەیی نامێنێ.

بۆ تورەیش باشترین چارە ئەوەیە لەکاتی ئاسایی فایلی ئەرێی بکەیتەوە ، بەردەوام خۆت لەسەر ئارامی و نەرم ونیانی ڕابێنی ، ئەو ئایەت و فەرموودانەی باسی ئارامی و نەرمی

دەکەن پێویستە بەردەوام لەیادت بێ ، گەر تورەش بووی بەپێوە بووی دانیشە ، بە دانیشتن بووی ڕابکشێ ، یان لەو شوێن برۆ ، هەوڵدە بێدەنگ بە ، چونکە مرۆڤ لەکاتی تورەیی ناتوانێ باش بیربکاتەوە و قسەی جوان بکات ، ئەوەی بە تورەیی هەستێ بە پەشیمانی دادەنیشێ .

جاری وا هەیە یەک ساتی کەم مرۆڤ خۆی ناگرێ تورە دەبێ ، بەسەر خۆی زاڵ نابێ مرۆڤ دەکوژێ ، ئینجا پەشیمانیەکی هەتا هەتایی بۆ دەمێنێتەوە.

کەسی ژیر پێش ئەوەی کارێک بکات بیر لەدوای کارەکە دەکاتەوە ، دەبێ بیرکردنەوە پێش کارکردن بێ ، نابێ مرۆڤ ئەوەندە لاواز بێ هەر کە تورە بوو و بڕیاری هەڵە بدات ، بیستوومە هەیە دەڵێ من تورە بم هەرچی لەدەستم بێ دەیهاوێم ، لەڕاستیدا ئەو کەسەیە خۆی فایلێکی لەمێشکی کردۆتەوە لەکاتی تورەیی شت بهاوێ ، خۆ گەر لەکاتی ئاسایی بڕیار لەسەر خۆی بدات کە نابێ شتی وا بکات ، لەکاتی تورەیی هەرگیز کاری هەڵە ناکات ، چونکە مرۆڤ لەکاتی تورەیی هەرئەو بیرکردنەوانەی لەناو دڵ ودەروونی هەیە هەر ئەو دووبارە دەکاتەوە ، بۆیە دەبینی مرۆڤی پاک تورەش بێ جوێنی خراپ ناهێتە سەر دەم و زاری.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ : لَيْسَ الشَّدِيدُ بِالصُّرَعَةِ ، إِنَّمَا الشَّدِيدُ الَّذِي يَمْلِكُ نَفْسَهُ عِنْدَ الْغَضَبِ . رواه البخاري 6114

پیاوی ئازاو بەهێز ئەو کەسەیە نیە لە زۆرانبازی پیاو لەزەوی دەدا ، ئازا ئەو کەسەیە کە لەکاتی تورەیی بەسەر نەفسی زاڵ دەبێ.

(ئیمامی غەزالی گڕی ژنهێنانی خستە دڵمەوە)

کتێبی إحياء علوم ی ئیمامی غەزالیم دەخوێندەوە ، تا گەیشتمە بابەتی ئادابی نیکاح کە باسی ژن هێنان دەکات ، تا گەیشتە ئەو شوێنەی کە باسی سوودەکانی ژن هێنانی دەکرد **دەفەرمووێ : بۆ نەفسی خواناس و پارێزگاران وا باشە جارجارە بە شتە حەڵاڵکراوەکان پشووی پێبدرێ وەکو ئەوەی ژن بهێنێ و دڵی ئارام بگرێ** ، کە ئەو فەرمایشتەی ئیمامی غەزالیم بینی ، دڵم گڕی ئاگری گرت بۆ ژنهێنان ووتم : چارەی منیش هەر ژنهێنانە.

چونکە **خودای گەورە دەفەرمووێ : وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ) الروم٢١**

یەکێك لە نیشانەو بەڵگەکانی تری خودا ئەوەیە : کە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی ئارام بگرن لەلایداو لە نێوانتاندا خۆشەویستی و سۆزو میهرە بانی فەراهەم هێناوە ، بەڕاستی ئا لەو دیاردانەدا نیشانەو بەڵگە هەیە بۆ کەسانێك بیردەکەنەوەو تێدەفکرن.

هەرزەکار سەرەتا ئارەزووی ئافرەتانی زۆرە هەرگیز ئەقڵی جێگیر نابێ ، دەبینی گەنج کاتێ کە ئارەزووی زۆردەبێ شێت و هار دەبێ هەڵسوکەت و قسەی سەیر دەبێ ، جا خۆی پێناگیرێ و کاری قێزەوەنیش ئەنجام دەدا ، واتە پێویست دەکات ئارەزوو و شەهوەتی بکوژێنێتەوە ئەوەش پێویستی بە کچێکە پرۆسەی هاوسەرگیری لەگەڵ بکات و دەردی دڵ و ئارەزووی نەفسی پێ تێربکات .

(شەیتان کچ لەپێش چاوت دەڕازێنێتەوە)

ئامۆژگاریەکی جوانی مامۆستاکەم بۆمن کە پێش ئەوەی ژن بهێنم وای دەکرد کە زۆر بەلای ئارەزووی ئافرەتانەوە نەچم دەیووت : کچ بەم شێوەیە نیە ، ئەوەندە جوان و ڕازاوە نیە بەڵکو شەیتان لەپێش چاوت بۆت دەڕازێنێتەوە ، کاتێ ئەو کەسەی شەیتان زینای پێدەکات ، دەستبەجێ دوای زیناکە جوانی کچەکە لەپێش چاوی نامێنێ ، واتە

یەک چرکەساتی کەمی ئارەزوو پەشیمانیەکی یەکجار زۆری بەدوا دێ.

(ئەو پیاوەی زینای کرد و دواتر تفی لەکچەکە کرد)

مامۆستاکەم دەیووت : کەسێک بۆی گێڕامەوە کچێکی بینیبوو لەپێش چاوی جوان و ڕازاوە بوو ، ئارەزوو بۆی هێرشی هێنا تا زینای لەگەڵ کچەکە کرد ووتی : ئەو کەسەیە بەخۆی ووتی پێش ئەوەی زینای لەگەڵ بکەم لەپێش چاوم زۆر جوان بوو ، کە زیناکەم لەگەڵی کرد ، کچەکە لەپێش چاوم زۆر ناشیرین بوو ، تفکێم لێکرد و ووتم ئەوە ئەو ناشیرینەی منت تووشی زیناکرد!

بەم شێوەیە ئارەزووی نەفس جا لەخواردن یان ئارەزووی ئافرەتان یان ئارەزووی خۆ گەورەزانی وهەڵکێشان تەنها یەک چرکە سات بەسەر ئارەزووت زاڵ بیت ، پەشیمانیەکی یەکجار گەورە لەسەر خۆت لادەدەی.

خۆشەویستی خودا و پێغەمبەر ﷺ

لەلایەکی تریش خۆشەویستی خودا و پێغەمبەر ﷺ لێی دابووم ، لە کۆڕ و مەجلیسی ئەهلی دڵان گوێبیستی سروودەکان دەبووم هەر دەگریام و هاوارم دەکرد ، بێگومان گریان و هاواریش ئازاری دڵ کەم دەکاتەوە ،

گەرنا دڵ دەتەقێ ، تا وای لێهات شیعرم لەسەر پێغەمبەر ﷺدەنوسی ، زۆرجار بەهیوای بینینی پێغەمبەر ﷺ دەخەوتم ﷺ ، یادی ئەوەندە شیرینە ، دەبێ دیداری چۆن بێ ؟

پێش ئیسلام بت پەرست بوون کافران
زیندەبەچاڵیان دەکرد کچەکانی خۆیان
هات پێغەمبەر خۆشەویستی ناو دڵان
ئەم کارە پیسەی لەناوبرد لەناو کافران

سامانیان خستە دەستی پەیامبەرەکەم
نەیویست ڕابەر و پێشەوایەکەم
فەرمووی خۆر لەدەستی ڕاستم
مانگ دابنێن لەدەستی چەپم
هەرگیز وازناهێنم لەپەیامەکەم

خانەکانی لەشم تێکڕا شەیدای تۆن
چاوەڕێن و تامەزرۆی بینینی تۆن

دەبێ چۆن بێ هەستی عاشقی تۆ
بۆیەکەم جار ببینێ ڕوی گەشی تۆ

ئەی دەرمانی دەردی دڵی من
کەی دەگەی بکەی چارەی دڵی من
هەرگیز بێ ئومێدنابێ لەتۆ دڵی من
هیوای وایە دەگا بەتۆ دڵی من

(بڕیاری ژنهێنانم دەرچوو)

دوای ئەوەی لەشیفاخانە دامەزرام و کارم دەست کەوت ، ئینجا کاتی ئەوە هات ژن بهێنم ، بڕیاری ژنهێنانم دەرچوو ، دایک و باوکم و هەمووان دەست بەکاربوون بۆ ئەوەی کچێکم بۆ بدۆزنەوە ، فلان کچە فلان ماڵە ، ماڵی مام عەباس و مام قادریان هەمووی بۆ ڕیز کردم ، هەر دەمووت نا ئەوانەم ناوێ .

(ئەو گەنجەی بوو بە عاشق و مەعشوق)

جا قۆناغی گەڕان بە دوای ژن ئەوەندە ئاسان نیە ، کاتێ ژنخواز نیت ، زۆر لەخۆت ڕازیت و بە لەخۆباییەوە سەیری خۆت دەکەی وا تێدەگەی ئەو هەموو خەڵکە هەموو بەتۆ ڕازین و هاوسەرگیریت لەگەڵ دەکەن و تەنها لەسەر وەڵامی تۆ وەستاون ، بەڵام کە بەکردار خۆت تاقیدەکەیتەوە ئینجا دەزانی بارودۆخەکە چۆنەو چۆن نیە.

گەنجێک لەنزیکەوە ئاگاداری بووم ئەو کاتەی دەیوست ژن بهێنێ ، بەدوای ژن دەگەڕا ، ئەویش لەخۆبایی بوو وای دەزانی داوای هەر کچێک بکات بەبێ یەک و دوو هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات.

جا ڕۆژێکیان ئەم گەنجەیە زەنگی مۆبایلەکەی دووجار لێیدا ، ئەویش وایزانیوە کەسێکی ناسراوە و کارێکی پێیە ، بۆیە زەنگی بۆ لێداوە ، ژنێک وەڵامی دایەوە گەنجەکە پێی ووت پەیوەندیتان کردبوو خێربوو ، ووتی : نەخێر هیچ پەیوەندیمان نەکردووە ، ووتی دیارە بە هەڵە لێدراوە .

پاش کەمێک هەر بە ژمارەکە دووبارە پەیوەندی پێوەکراوە ، هەڵیگرت کچێکی هەرزەکاربوو ، کچەکە ووتی بە مۆبایلی داپیرم پەیوەندیم پێتەوەکردووە ، جاری یەکەمیش هەر داپیری وەڵامی دابۆوە بۆیە ووتبووی نەخێر پەیوەندیمان نەکردووە ، چونکە ئەو ئاگای لەهیچ نەبووە.

خۆی پێناساندبوو کە کچی کێیە ، وادیارە باپیرەی کچەکەش هاوڕێی خزمێکی ئەو گەنجەیە بووە ، زۆر وەسفی باشی ئەم گەنجەی لەلای کچەکە کردبوو کە کوڕێکی دیندارە ، وا دیارە ئەم کچە داماوەش عیشقی ئەو گەنجەی لەدڵی دابوو و هۆگری ببوو بەبێ ئەوەی ئەو

گەنجە ئاگاداری هیچ شتێ بێ ، هەموو داواکاری ئەو کچە ئەوەبووە کە گەنجەکە تەنها بچێتە داخوازی ئەو و هیچ مارەی و شتیشی ناوێ بەهەموو شێوەیەک ڕازییە.

جا ئەو گەنجەش لەلایەکی ترەوە عاشقی کچێک بوو و لەڕێگەی فەیس بووکەوە ناسیبووی ، واتە لەلایەک خۆی عاشقی کچێکە ، لێرەش ئەو کچەیە هاتووە بووە بە عاشقی ، ئەم گەنجە داماوە لەلایەک دڵی پڕ خەم و خەفەت بوو ، کە دەیوست بگاتە مەعشوقی و کچەکەی فەیس بووک ڕازی بکات و بچێتە داخوازی ، لەولایەش ئەو کچە هاتووە داوای هاوسەرگیری لێدەکات .

بۆیە گەنجەکە لێی تورەبوو و ووتی : بەسە نابێ بەم شێوەیە بە دەنگ قسە بکەین پێمان بزانن کێشەمان بۆ دروست دەبێ ، پەیوەندی نێوان کوڕان و کچان لەڕێگەی مۆبایلەوە کارەساتی بەدوادێ ، چەندەها جار ڕویداوە کچیان کوشتووە لەسەر قسەکردنێکی کەم یان کوڕەکەیان تووشی بەڵای گەورە کردووە ، بۆیە هەوڵی دا لەڕێگەی چات و نامەوە قسە بکەن .

ئینجا لەڕێگەی چاتەوە قسەیان کردبوو ، کچەکە باسی خۆی کردبوو کە دەرد و بەڵای زۆربووە دەیوست

هاوسەرێکی باش و دینداری هەبێ و ژیانیشی بە دینداری و خواناسی بباتە سەر ، گەنجەکەش هەر بە نەخێر وەڵامی دابۆوە ، چونکە ئەو گەنجەش دڵی عاشقی یەکێکی تر بوو و ئەوی نەدەویست ،کچەکەش وازی لەو گەنجە نەدەهێنا هەر نامەی دەنارد ، تا گەنجەکەی بە تەواوی تورەکرد و وەڵامی هیچ نامەیەکی نەدەداوە ، تا کچەکە بێ ئومێد بوو و وازی لێهێنا ، بێگومان ئەو کچەیەش زۆر بە خراپی دڵی شکاوە .

پێدەچێ ئەم کچەیەش خودای میهرەبان ئەوی تاقیکردۆتەوە ، ئیمانداری ڕاستەقینە کاتێ دڵی پەیوەستی جگە لەخودا دەبێ ، یان خواپەرستی کەم بێ ، زۆرجار خودا بە خۆشەویستانی ئازاری دەدا ، خۆشەویستی دەبێتە مایەی ئازاردانی ، تا لەم ڕێگەیەوە دووبارە و سێبارە پەنا بۆ خودا بباتەوە ، هەروەها تا وای لێدێ ئومێدی بە کەس نامێنێ تەنها خودا نەبێ.

هەروەکو پێغەمبەر یعقوبی تاقیکردەوە بۆ خۆشەویست و کوڕی پێغەمبەر یوسف هەتاوەکو خۆشەویستی یوسفی لە دڵی نەخستە دەرەوە و دڵی خۆی نەدایەوە دەست خودا ، خودا بە یوسفی شاد نەکردەوە ، ئەو کچەش پێم وایە خودا لەڕێگەی ئەم عیشقەوە وای لێکردووە زیاتر بۆ

لای ئەو بگەڕێتەوە و زیاتر پشت بە خودا ببەستێ و زیاتر خۆشی بوێ و ئومێدیشی هەر بەو بێ .

(نابێ لۆمەی مەعشوق بکرێ)

بێگومان دەبێ ئەوە بزانین هەرگیز نابێ لۆمەی مەعشوق بکرێ ، چونکە زۆرجار عاشق خۆی تاوانبارە دڵی خۆی هۆگری مەعشوقەکە دەکات ، وەکو ئەوەیە تۆ خۆت بە لقە دارێکی باریک بگری و لقە دارەکە بشکێ و بکەوی ، پاشان لۆمەی لقە دارەکە بکەی .

لەڕاستیدا دەبێ لۆمەی خۆت بکەی دەزانی ئەو لقە دارە توانای تۆی نیە بۆچی خۆتی پێوە دەگری ؟ بەم شێوەیە کە دەزانی ئەو مەعشوقەی کە تۆ عاشقی دەبی کەسێکی سادە و بەندەی خودایە بێ دەسەڵات و بێ هێزە ناتوانێ بیست و چوار کاتژمێر لەلای تۆ بێ و لەگەڵ تۆ بمێنێتەوە ، کە تۆ ئەو مەعشوقە بێ دەسەڵاتە دەخەیتە دڵتەوە پاشان ئەو مەعشوقە توانای تۆی نابێ و دەڕوا و دڵت دەشکێنێ بۆچی لۆمەی دەکەی ؟

دڵمان هۆگر دەکەین بە بەندەیەکی خودا
هەروەکو بڵێی هەرگیز لێمان نابێ جیا
دواتر دەڕوا و جێمان دەهێڵێ بەتەنها
ئینجا سکاڵاش دەبەینە لای خودا

بۆیە مرۆڤی ئاقڵ ئەوەیە هەموو مرۆڤەکان و شتەکانی لەدەستی هەڵدەگرێ نەک لەناو دڵی ، جا ئەو کاتی بەجێتبهێڵن دڵت ناشکێ و بەشێوەیەکی ئاسایی وەریدەگری

بۆیە دەبێ بڵێین ئاساییە بەلەم لەنێو ئاودابێ ، بەڵام ئاسایی نیە ئاو لەنێو بەلەم دابێ ، چونکە ئاو لەنێو بەلەم دابێ بەلەمەکە ژێرئاو دەکەوێ ، بەم شێوەیەش ئاساییە تۆ هەموو موڵکی دونیات هەبێ بەڵام بەو مەرجەی لەنێو دڵت دانەبێ ، بەشێوەیەک هەرچیت لەدەستیش دا لەلات ئاسایی بێ و دڵت هیچ وەسوەسەیەک نەکات.

(گەنجە عاشق و مەعشوقەکە داخوازی مەعشوقی دەکات)

جا ئەم گەنجەیە ڕۆژ بە ڕۆژ عیشق هێرشی بۆ دەهێنا و هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بوو کچە مەعشوقەکەی ڕازی بکات ، تا عیشق هێرشی بۆ هێنا ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی چاتەوە لەفەیس بووک لەگەڵ کچەکە قسەی کرد و

باسی ئەوەی کرد کە ئەو هیچ حاڵێکی تێدا نەماوە ، زۆر لە ئازارە ، دڵی پڕاوپڕە لە خەم و خەفەت و پێویستی بەوەیە هاوسەرگیری ئەنجام بدات ، جا وادیارە ئەو کچە مەعشوقەیەش ئاگاداری هیچ نەبووە کە ئەو گەنجەیە عاشقی بووە ، ئەو گەنجە هەروەکو چۆن کچەکەی عاشقی ببوو بەبێ ئەوەی بیبینێ ، ئەوهاش خۆی عاشقی کچێکی تر ببوو بەبێ ئەوەی کچەکە ببینێ ، واتە گەنجەکە ببوو بە عاشق و مەعشوقێکی ڕوحی.

ئینجا ئەو گەنجە هەر هێنا و بردی ، ئەو کچە مەعشوقەش هەر تێنەگەیشتبوو ، گەنجیش کە عیشق بۆی هێرش دەکات ئەقڵ لەسەری نامێنێ و شەرم و ترس لەلای نامێنێ ، بۆیە گەنجەکە نەیکردە نامەردی ڕاستەوخۆ پێی ووت : کەسێکی هاوشێوەی تۆم بە دڵە بۆ هاوسەرگیری و گەر تۆ هاوسەرگیریم پێبکەی ؟

بێگومان کچێک ئابڕوو و شەرمی هەبێ ڕاستەوخۆ کوڕێکی گەنج داوای بکات شەرم دەکات و لەلای ناخۆشە ، کچ هەیە تووشی شۆک دەبێ ڕاستەوخۆ ئەو داوایەی لێبکرێ ، کچ هەیە لەڕێگەی دایک و باوکی پێی دەووترێ ئینجا دەگری و خەم سەرەپای دڵی دادەگرێ ئەی کوڕێکی گەنج ڕاستەوخۆ داوای بکات دەبێ چی بەسەربێ ؟

بۆیە جوانتر وایە ئەم کوڕەیە لەڕێگەی کەسێکی گەورەوە داوای کچەکە بکات .

ئەو مەعشوقەش شۆک ببوو ، پێی ووتبوو تەنها جارێ بڕۆ ، وازبێنە ، ئەو گەنجەش مەست ببوو ، بێگومان لەکاتی مەست بوون ئەقڵ بوونی نامێنێ ، بۆیە بێ شەرمانە هەر قسەی دەکرد ، جا ئەوەی بزانم هەر لەو کاتانە ئەو گەنجە لەولایە قسەی لەگەڵ مەعشوقەکەی دەکرد ، ئەو کچەی عاشقی گەنجەکە بوو پەیوەندی پێوەکرد و نامەی بۆ ناردبوو ، ئەو گەنجەش توڕە بوو ، بەشێوەیەک وەڵامی دایەوە بە شەرتی دڵشکان.

ئەو گەنجە بوو بە دڵشکێنەر و دڵشکاو ، لەلایەک دڵی ئەو کچەی شکاند کە عاشقی بوو ، لەلایەکی ترەوەش کچە مەعشوقەکە دڵی ئەوی شکاند.

کێشەی ئەو دڵ و عاشقاتیە هەر لەوەدایە عاشقی ئەو کەسەیە دەبێ کە پێی ناگات ، لەهەموو دونیاش کە بینراوە زۆربەی عاشقەکان بە مەعشوقیان نەگەیشتوونە ، بۆیە ئەوەی دەیەوێ بە عاشقی بمێنێتەوە دەبێ هاوسەرگیری نەکات.

(جیاوازی نێوان عیشق و خۆشەویستی)

خۆشەویستی ژیانە بەشێوەیەکی شەرعی پڕۆسەی هاوسەرگیری پێک دەهێنی لەگەڵ کچێک ، خۆشت دەوێ هەر وەکو چۆن دایک و باوکت خۆشدەوێ هەروەها ڕەحم و سۆزت بۆی دەبێ بەشێوەیەک کاتێ لەلای دڵت ئارامە و خۆشت دەوێ و ژیانە بۆت ڕقت لێ نیە .

هەروەها هەر شتێکی لێ بەسەربێ دەبیتە هەموو شتێک بۆی بەڵام ناگاتە ئاستی پەرستن و لەلای کە دەڕۆی بەردەوام وەکو عاشقەکە نیە بیر و خەیاڵت هەمووی لەسەر ئەوبێ و هەروەها وەکو عاشقەکەش نیە لە خواپەرستی و نوێژەکان بەردەوام لەجیاتی بیرکردنەوە لەخودا بیرت لەسەر ئەو بێ .

بەڵام عیشق وەکو پەرستنێکە لەگەڵ مەعشوق هەموو بیرو خەیاڵت لەهەموو کاتەکان تەنها و تەنها لەسەر مەعشوقەکەیە ، تا وات لێدێ دین و ڕێگە و ڕێبازتیش هەمووی دەچێتە سەر مەعشوقت ، لەناو نوێژەکانیش بیرت هەر لەسەر مەعشوقەکەیە.

(عیشق پردێکە لەنێوان تۆو هەموو شتێک)

دەتوانین بڵێین عیشق پردێکە لەنێوان تۆو هەموو شتێک ، یانی ئەو عیشقە پەیوەندی بە هاوسەرگیرییەوە نیە ، بەڵکو تەنها گڕێکی ئاگرە لەدڵەوە تا گڕی ئاگر لەدڵت بەربدا و چالاکت بکات بۆ ئەنجام دانی کارێک .

بۆ نمونە هەیە عیشقی خودا و پێغەمبەر لێی دەدا تا وای لێدیٚ گشت زانستە شەرعیەکان فێرییٚ ، فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ بنوسێتەوە ، یان کتێب بنوسێتەوە یان قسە زۆربکات ، یان ببێتە شاعێر زۆربەی شاعێرەکان عاشق بوونە ، چونکە مرۆڤ بەبیٚ عیشق بە ساردی دڵ شتی زۆر بۆ ناهێت ، بەڵام عیشق گڕی ئاگر لەدڵ هەڵدەگیرسێنیٚ .

کەواتە ئەوەی دەیەویٚ هاوسەرگیری بکات با عاشق نەبێت ، هاوسەرگیری دەبیٚ لەسەر بنەمای خۆشەویستی و سۆز و میهرەبانی دروست بیٚ ، عاشق وەکو سەرخۆشێک وایە تەنها لەڕوی ئارەزووی نەفسەوە عاشقی مەعشوق بووە ، هەرگیز ناتوانیٚ هەڵەی ببینیٚ ئەوەش دەبێتە هۆی کێشەیەکی زۆر گەورە دوای پڕۆسەی هاوسەرگیری ، چونکە کە هاوسەرگیری کرد ئەو کات

بەهۆش خۆی دێتەوە و هەڵە و ناتەواویەکانی مەعشوق دەبینێ و زۆرجار جیابونەوەش ڕودەدا .

بۆیە هاوسەرگیری سەرکەوتوو ئەوەیە بەشێوازێکی شەرعی لەدەرگا دەچیتە ماڵیان و مەرجی خۆت دەڵێی و بزانی ئەویش هەڵە و کەم و کورتی چیە ئایا لەگەڵ تۆ دەگونجێ ناگونجێ ئەو کات بڕیاری خۆت دەدەیت و پاشان دوای هاوسەرگیری خۆشەویستی و میهرەبانی دروست دەبێ ، نەک هەر لەپێش هاوسەرگیریەکە عیشقێکی حەڕام دروست بێ و مەعشوق چی بڵێ هەر بڵێی بەسەرچاو ، دواجاریش نەتوانی یەک مەرجی مەعشوق جێبەجێ بکەی.

(گەنجە عاشق و مەعشوقەکە داوا لەبرای مەعشوقەکە دەکات)

گەنجە عاشق و مەعشوقەکە کەمێ ئەقڵ هاتەوە سەری ، بە مەعشوقەکەی ووت : تۆ خەمت نەبێ داوا لەبرات دەکەم بۆ هاوسەرگیریمان بەبێ ئەوەی کێشە بۆتۆ دروست بێ ، تەنها لەسەر تۆ ئەوەیە ڕازی بی .

ئینجا نامەی بۆ برای مەعشوقی نارد ، براکە وەڵامی دایەوە و پێی ووت داوای خوشکی بەڕێزتان دەکەم بۆخۆم ،

براکەی بەشێوەی ئاسایی وەڵامی دابۆوە وتبووی : باشە دەبێ بە ماڵەوە بڵێم و ڕاوێژێک بکەین ، ئینجا وەڵامت دەدەمەوە .

(گەنجە عاشق و مەعشوقەکە دڵی دەشکێ)

دوای ئەوەی داوای لەبرای مەعشوقی کرد بۆ هاوسەرگیری ، ڕۆژی دواتر براکەی وەڵامی گەنجەکەی دایەوە ، براکەی نوسیبووی ماڵەوە دەڵێن ڕێگایەکە دوورە و سەختە ، چونکە شوێنیان لەیەکتری دووربوو و لەنزیکەوەش یەکتریان نەدەناسی ، بۆ ئەم سەردەمە پڕ فیتنەیەش لەنزیکەوە کەسێک نەناسی بۆ هاوسەرگیری زۆرجار دەبێتە مایەی فیتنە و کێشە ، بێگومان بۆ هاوسەرگیری هەمووان فریشتە و چاکن ، بۆیە بوێری دەوێ بەشێوەی هەڕەمەکی هاوسەرگیری بکەی.

جا دەبێ حاڵی ئەم گەنجە چۆن بێ کاتێ بە نەخێر وەڵامی دەدەرێتەوە ، دڵی کچەکەی تری شکاند ، ئەوە ئێستاش دڵی ئەو شکا.

جا ئەم گەنجە دەستی کردە گریان و فرمێسک ڕێشتنی بەردەوام و بێگومان دڵیش پڕدەبێ لەخەم و خەفەت.

جا ئەوەی بزانم دوومانگ لەسەر یەک فرمێسک لەچاوی ئەم گەنجەیە نەدەوەستا و چاوی تووشی هەستیاری ببوو ، چونکە خەم و خەفەتی زۆر لەدڵەوە کاریگەری لەسەر چاو دروست دەکات هەروەکو پێغەمبەر یعقوب علیە السلام کاتێ پێغەمبەر یوسف لێی دابڕا و خەم و خەفەتێکی زۆری خوارد .

(وَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ وَقَالَ يَا أَسَفَىٰ عَلَىٰ يُوسُفَ وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ الْحُزْنِ فَهُوَ كَظِيمٌ) یوسف٨٤

(ئەوسا پێغەمبەر یعقوب چووە کەنارێکەوە) و لێیان دوور کەوتەوەو (بەدەم هەناسەی ساردو ئەسرینەوە) وتی : ئەی داخم بۆ یوسفی نازدار ، (لە دڵم دەرناچێت یوسفی جوان خاس و خوا ناسم ئەوەندە گریاو فرمێسکی هەڵوەران) ، چاوەکانی سپی هەڵگەڕاو ئاوی سپی تێزاو بینینی نەما لە ئاخ و داخ و خەفەت و ئێشدا، هەر خەم و پەژارەی خۆی دەخواردەوە.

(دڵشکان)

دڵشکانیش وەکو برین و ئازارەکانی تری لەش لەسەرەتا سەخت و ناخۆشە بەتێپەڕبوونی کات ئازارەکەی کەمتردەبێتەوە ، جا ئەو گەنجەی تازە دڵی دەشکێ ، خەم و خەفەتێکی بەردەوام لەدڵی کۆدەبێتەوە و هەرگیز لێی جیانابێتەوە و بەردەوام بیر لەمەعشوقی دەکاتەوە ، مەگەر تەنها کاتی خەو لەبیری بچێتەوە.

بێگومان دڵشکانیش ڕاستیە و زانستیش پشت ڕاست دەکاتەوە کە دڵشکان هەیە ، دڵشکان کاتێک ڕوودەدا کە خەمێکی زۆر لەدڵەوە کۆببێتەوە جا بەهۆی لەدەستدانی خۆشەویستێک بێ یاخود هەر کێشەیەکی تر بێ .

جا ئەو دڵشکانە گرژی و ئاڵۆزی دروست دەکات لەسەر دڵ بەشێوەیەک جاری وا هەیە کەسەکە جەڵتە لێی دەدات و دەیکوژێ .

دەبینی جاری وا هەیە کەسێک خۆشەویستێکی لێ دەمرێ و بەرگە ناگرێ لەتاو خۆشەویستەکەی دڵی دەشکێ و جەڵتە لێی دەدا و دەمرێ ، دڵشکانیش زۆرجار دەبێتە نیعمەت بۆ ئیماندار چونکە مرۆڤ کاتێ کە دڵی دەشکێ ئومێدی بەکەس نامێنێ جگە لە خودا ، وای لێدێ ناترسێ

لەوەی کەسی تر لەدەست بدات ، چونکە گەر کەسێک خۆشەویسترین کەسی دڵی بکاتە قوربانی ، قوربانی کردنی بەوانی تر ئاسان دەبێ.

(خودا کەسێکی خۆشبوێ ، خۆشەویستانی لێدەسێنێتەوە)

دەڵێن : گەر خودا کەسێکی خۆشبوێ هەموو خۆشەویستانی لێدەسێنێ جگە لەخۆی کەسی بۆ ناهێڵێتەوە .

گەر سەیری پێغەمبەری خۆشەویستمان بکەین ﷺ هەر لەسەرەتای ژیانیەوە خودا خۆشەویستانی لێدەسێنێ هەر لەناو سکی دایکیەتی باوکی کۆچی دوایی دەکات ، تەمەنی دەبێتە شەش ساڵ دایکی کۆچی دوایی دەکات ، دەچێتە لای باپیری دەبێتە هەشت ساڵ باپیریشی کۆچی دوایی دەکات .

پاشان دەچێتە لای مامی کە ئەو پشتی دەگرێ کاتێ دەبێ بە پێغەمبەر بەڵام دواجار ئەویش کۆچی دوایی دەکات ، هاوسەرێکی بەڕێز و چاکی دەبێ دڵنەوایی دەکات کە خەدیجە بوو ، ئەویش دواجار کۆچی دوایی دەکات ، پاشان پێغەمبەر ﷺ هەر لە ژیان دایە منالی خۆی لەپێشی

کۆچی دوایی دەکەن ، جا پێغەمبەرمان ﷺ لەهەموو ڕویەکەوە بەڵا و ناڕەحەتی بینیوە .

گەنجە عاشق و مەعشوقەکە دووبارە دڵی دەشکێ

ئیتر تەمەنی گەنجی وەکو چۆن کە باڵغ دەبی و چەند نیشانە و گۆڕانکاریەک لەجەستەت ڕوودەدا و ئارەزووی ڕەگەزی بەرامبەرت لەلا دروست دەبێ ، ئەوهاش زۆربەی لەتەمەنی هەرزەکاری ئارەزوو و عیشق هێرشی بۆ دەکەن ، ئەقڵ لەسەری نامێنێ و دەکەوێتە نێو داوی عیشقەوە ، سەرەتاکەی عیشقەکە ئاگرێکە گڕێکی زۆر بەتینی هەیە ، بەتێپەڕبوونی کات کزدەبێتەوە.

جا ئەم گەنجەش ئەو کچەی عاشقی ببوو پەیوەندیان لەگەڵ یەکتری نەما و کچەکە دڵی شکا و کۆتایی پێهێنا ، هەروەها گەنجەکە خۆیشی لەگەڵ مەعشوقەکەی هەر ئومێدێکی مابوو بۆیە ڕاستەوخۆ پەیوەندی نەپچڕاند.

دوای چەند مانگێکی بەسەر چوو ، ئەو گەنجە خەریک بوو مەعشوقی لەبیربکات ، لەڕێگەی خوشکی مەعشوقەکەوە پەیوەندی پێوەکراوە ، پێی ووت وەرە گەر حەزدەکەن تۆ و خوشکم پێکەوە یەکتری ببینن گەر قسمەت بێ خودا ڕێکدەخات ، خوشکەکەش ووتی بەڵام

پێویستە بە براکانم بڵێم پێویستە ڕاوێژی هەمووان وەربگرین ، ئەم گەنجە داماوە دووبارە ئەقڵ لەسەری نەماو ئومێدی بۆ گەڕاوە ، عاشقیش هەرگیز بێ ئومێد نابێ یەک چرکەشی مابێ لەژیان هەر پێی وایە بە مەعشوقی دەگات ، دڵی خۆی خۆشکردوو و وای زانی ئەم جارە تەواو ڕازین و مەعشوقەکە هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات.

بەڵام ئەمجارە بەرزیان کردەوە بەرزیان کردەوە ئینجا پشتاو پشت لەبەرزایی خستیانە خوارەوە ئەمجارە دڵ و هەناو خانە بەخانەی لەشی ورد بوو ، خوشکەکە وەڵامی دایەوە کەبراکانی ڕازی نین و چونکە دوورە و لەنزیکەوەش ئەو گەنجە ناناسن ، ئەم گەنجە جارێکی تر خراپتر لەجاری پێشوو دڵی شکا ، ئینجا سەر لەنوێ ئاهوناڵەو گریانی دەستی پێکردەوە.

ئەم گەنجە ئەمجارەیان تەواو ناچارکرا دڵی خۆی بەڕۆژوو بکات لەم مەعشوقەی تا هەتا هەتایی لەبیر خۆی بباتەوە ، چونکە عیشقیش کۆتاییەکەی هەر دڵ شکانە ، فەیس بووکی کچەی لەلای خۆی سڕیەوە و هەرچی پەیوەندی بەو بوو سڕیەوە و فایلی عیشقی لەگەڵ ئەم کچەیە داخست .

ئازیزم ئاگاداربە هاوسەنگی بکە لەخۆشەویستی و ڕقت بەرامبەر کەسەکان .

ڕەنگە دۆستی ئەمڕۆ دوژمنی بەیانی بێت

دوژمنی ئەمڕۆش دۆستی بەیانی بێت

نەزۆر خۆشت بوێ دۆستت

نەزۆر ڕقت لێبێ لە دوژمنت

گەنجە عاشق و مەعشوقەکە ئەو داماوە ، کۆتایی پێهانابوو ، بە چ حاڵێک مەعشوقەکەی لەبیر خۆی بردەوە ئەمجارە ، باسی کچێکی تریان لەلای کرد ، ئەویش ئەمجارە دڵی خۆی دایە ئەم کچەیە ، لەڕێگەی دایک و باوکیەوە چوونە پێش و داوای کچەیان کرد ، کچەش لەبەر بارودۆخی دەوام ، وەڵامی بە نەخێر دایەوە ، هاوسەرگیری لەگەڵ نەکرد.

ئەمجارە ئەم گەنجەیە عیشقی لە کچەکەی پێشتر گوازرایەوە بۆ ئەم کچەیە ، ئەوەش زۆر بەخراپی دووبارە دڵی شکاند و هیچ ئومێدێکی نەما ، هەر هاوار و گریانی بوو .

(عیشق وەکو بومەلەرزەیە)

زۆرجار دەبیستین دەڵێن عیشق یەک جارە نابێتە دووجار ، بەڵێ یەک جارە بەڵام بە تێگەیشتنێکی جیاوازتر ، پێم وایە عیشق وەکو بومەلەرزەیە ، بومەلەرزەکەی سەرەتا کە زەوی دەهەژێنێ زۆر بەهێزە ئینجا ئەوەی دوای ئەو هێزەکەی کەمترە ، جا ئەو عیشقەیەش بۆ تەمەنی هەرزەکاران بەم شێوەیە سەرەتاکەی واتە عیشقەکەی یەکەمی زۆربەبەهێزی لەدڵ دەدات بەڵام ئەوانەی دوای ئەو کە دێن هێزەکەی کەمترە ، بێگومان هی یەکەم ئەگەری ئەوەی هەیە کاریگەری هەر لەسەر دڵ بمێنێتەوە ، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژیش کەمتردەبێتەوە ، هەروەها دەکرێ خۆشەویستێکی تر بێتە شوێنی و بەشێکی زۆری شوێنی خۆشەویستەکەی یەکەم پڕبکاتەوە .

(لەلای مامۆستام خۆم پێنەگیرا و گریام)

دوای ئەوەی لەقۆناغی گەڕان بەدوای ژنهێنان بەردەوام بووم ، بێگومان گەنجیش لەو بابەتانە هەر ئازار دەچێژێ بۆیە دڵشکانم بینی ، دەچوومە لای مامۆستام هەستم پێدەکرد کە ئەو بە دڵ لە بارودۆخی من دەزانێ ، بەڵام لە ڕەوشت جوانی ئەو بوو هەرگیز کەسی نەدەشکاندەوە ، وا

خۆی پێشان دەدا کە هیچ شتێک نازانێ ، بۆیە منیش کە دەچوومە لای گەیشتە ئەو ئاستەی خۆم پێنەدەگیرا لەلای چونکە هەستم دەکرد نێو دڵم دەبینێ ، منیش بە دڵێکی پڕ تاوانەوە ، بۆیە هەستم بە شەرمەزاری دەکرد جاری وا هەبوو خەریک بوو لەکاتی خوێندنی شەرعی هاواربکەم بەزۆری خۆم دەگرت ، تا ڕۆژێکیان هەر لەناو ئەو بارودۆخەی دڵ شکانە بووم چوومە لای مامۆستام لەکاتی خوێندن فرمێسک لەچاوم هاتەخوار تا هەستی پێکرد و قسەی کرد و گریام .

دوای ئەوەی خوێندنەکەمان تەواو کرد چوومەوە ، پەیوەندی پێوە کردم پێمی ووت : زۆر أستغفرالله بکە ، چونکە **پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرمووێ : مَنْ لَزِمَ الِاسْتِغْفَارَ جَعَلَ اللهُ لَهُ مِنْ كُلِّ ضِيقٍ مَخْرَجًا ، وَمِنْ كُلِّ هَمٍّ فَرَجًا . رواه أبو داود١٥١٨**

واتە : ئەوەی پابەندبێ بە استغفار واتە أستغفر الله بکات و داوای لێخۆشبوون لە خودا بکات ، ئەوە خودا لەگشت تەنگانەیەک دەرگای لێدەکاتەوە ، لەهەموو خەم و خەفەتێک خۆشی بۆ دەهێنێ.

منیش ئەو أستغفرالله م دەکرد بەڵام کەم بوو بۆیە هەر
کە پێمی ووت : زیکری أستغفرالله م زیاد کرد ، هەستم
پێکرد وەکو ئەو کەسەی دکتۆر دەرمان و چارەسەری بۆ
دەنوسێ منیش بەم شێوەیە دەرمانی استغفارم وەرگرت ،
ڕۆژ بەڕۆژ هەستم پێکرد باشتر دەبووم ، چونکە بۆ
ئیماندار و خواناسی سەرەتایی پێویستە لەسەرەتای مەقام
و پلەی خواناسی زۆر استغفار بکات تا دڵی پاک دەبێتەوە
لە ژەنگی تاوان ، ئینجا ئامادە دەبێ بۆ بڕینی مەقام و
پلەکانی تری خواناسی .

(بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا)

ساڵی 2019 لەشیفاخانە بووین ، باسیان کرد کە لە وڵاتی
چین ڤایرۆسێک بڵاو بۆتەوە بەناوی ڤایرۆسی کۆڕۆنا ،
ڤایرۆسێکی زۆر پیسە ، ئینجا دەیانووت لەچین پیاو
لەسەر شەقام کەوتووە و مردووە ، بەم شێوەیە تا وای
لێهات ڤایرۆسەکە هەموو جیهانی گرتەوە ، ئینجا گەیشتە
عێراق و کوردستانیش ، بۆیە بڕیاریان دا دەوامان بکەنە
خەفارە واتە ڕۆژ و شەوێک لەسەر یەکتری دەوام بکەین
و پێنج ڕۆژ لەماڵەوە بمێنینەوە تا بەم شێوەیە پارێزراوترین
لەم نەخۆشیە ، جا منیش زۆر ڕقم لە دەوامی خەفەر بوو

، زۆر پێداگریم کرد زۆر پێم ناخۆش بوو ، بە ناچاری دەوامی خەفەرم کرد.

(مزگەوتەکان داخران)

ئینجا ڕۆژ بەڕۆژ ڕێکارەکانی تەندروستی توندتر دەبون ، تا گەیشتە ئەو ئاستەی بە هەموو مامۆستا ئاینیەکانی مزگەوتیان ڕاگەیاند کە مزگەوت دابخەن و نوێژی بە کۆمەڵ نەکرێ و ووتاری هەینیش ئەنجام نەدرێ .

لەدڵەوە خراپ پڕبووم لەبڕیارەکە لەدڵەوە دەمووت : ڕازی نابین و ڕێگە نادەین مزگەوت دابخرێ ، ئەوەش بێگومان لەخراپی خۆمان بووە کە مزگەوت لەسەرمان دابخرێ .

ئەی ئەوە بەڵگە نەبوو لەسەر ئەوەی خودا لێمان تورەبوو ، بە ئێمە ڕازی نیە و نایەوێ بچینە ماڵی ، بۆیە دەبێ ئەوە بزانین هەرکەسێ تا ئێستا ناتوانێ نوێژبکات ناتوانێ هاتوچۆی مزگەوت بکات دیارە ئەو کەسەیە لەخودا گیربووە خودا بەو ڕازی نیە ئەوی ناوێت .

گەر خودا کەسێکی خۆشبوێ ئەو کەسەیە بە کاری چاکەوە خەریک دەکات .

هاوارم لەخودا کرد و گریام خودایە ماڵەکانت داخران دینداری نەما ، فیتنە و خراپە زۆرە ، هیچمان لەدەست ناهێت .

شەوەکەی مەسئولی شیفاخانە پەیوەندی پێوەکردم کە دەوامی خەفەری نەما ووتی : لەهەفتەی سێ ڕۆژ بەیانیان دەوام دەکەی لەبەر ڤایرۆسی کۆرۆنا ، دڵخۆش بووم ، هەستم پێکرد ئەو دوعا و پاڕانەوانە ئەو خۆشیەی بۆ هێنام خەفەرم لەسەر لاچوو ، چونکە ئیماندار کاتێ لەخودا دەپاڕێتەوە و بە کوڵ دەگری ئیللا خوا دوعا و نزاکەی وەردەگرێ و وەڵام دەداتەوە ، بەڵام دەکرێ هەندێ جار لەبەر حیکمەت و دانایی خۆی بەو شێوەیەی تۆ بتەوێ بەم شێوەیە قبوڵی نەکات .

وەکو ئەو منداڵەی بانگی دکتۆر بکات ، دکتۆریش بڵێ : بەڵێ ، منداڵەکە بڵێ ئەو دەرمانەم دەوێ ، دکتۆر وەڵامی دایەوە بەڵام بەدانایی خۆی دەزانێ ئەو دەرمانە بۆ ئەو خراپە بۆیە دەرمانەکەی پێنادات .

خودای گەورەش وەڵامی هەموو دوعایەک دەداتەوە بەڵام هەمووی وەکو خۆی گیرا ناکات ، هەیە وەکو خۆی گیرا دەبێ ، هەیە بەهۆی ئەو دوعایە بەڵایەکی ترت پێ لەسەر

لادەبات بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەی ، هەشە دوعاکەت بۆ هەڵدەگرێ لەڕۆژی دوایی پاداشتت دەداتەوە لەسەری .

(الله بەتواناترین دەسەڵاتدارە)

ڤایرۆسی کۆڕۆنا بەشێوەیەک بڵاوبۆوە ، وای لەخەڵک کرد هەموو بارودۆخێک لەبیربکەن تەنها باسی ئەو ڤایرۆسەیە بکەن ئەوەش بێگومان ئاگادارکردنەوەیەکی خودا بوو بۆ بەندەکانی .

(ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ) الروم٤١

تاوان و خراپە دەرکەوتووەو هەموو سەر زەوی و دە ریاکانیشی گرتۆتەوە ، بەهۆی ئەو تاوان و گوناهانەوە کە خەڵکی دەستیان داوەتێ ، سەرئەنجام دەبێت تاڵاوی هەندێك لە کردەوەکانیان بچێژن (کە بەرپابوونی جەنگ و کارەساتە سروشتیەکانە) بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ڕێبازی پاکی و خواناسی .

ئەو ڤایرۆس و لافاو و بومەلەرزانەی کە دێن هەمووی بۆ ئەوەیە مرۆڤەکان بگەڕێنەوە لای خودا و پەشیمان ببنەوە لەو تاوانانەی کە ئەنجامیان داوە .

لەهەمووش جوانتر و گەورەتر ئەوەیە کە دووبارە ئیمانمان بەهێزبکەینەوە کە خودایەکی زۆر بەدەسەڵات و گەورە هەیە ، هەر ئەوە دەتوانێ ئەو بەڵا و نەخۆشیە گەورانە بێنێ و هەر ئەویش بە تەنها دەتوانێ ئەو بەڵا و نەخۆشیە گەورانە لابدات .

چونکە ڕوداوی گەورەی هاوشێوەی ئەو ڤایرۆسەی کە بەچاو نابینرێ و بەهەزارەها خەڵک تووشی بوو و پێی مرد ، هیچ مرۆڤ و پاشا و دەسەڵاتدارێک نەیتوانی ئەو ڤایرۆسە لەناو ببات و لەسەر ئەو خەڵکە لابدات ، بەڵێ پێمان دەڵێت کە هێز و دەسەڵاتێک هەیە کە الله یە لەهەموو پاشا و دەسەڵاتدارێک دەسەڵاتدارتر و بەتواناترە .

(تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) الملك١

گەورەو موبارەك و پیرۆزە ، ئەو زاتەی کە هەموو بوونەوەرو جیهانی بەدەستە، ئەو زاتەی دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

بۆیە هەر لەوڵاتی بێباوەڕان خۆیان ووتیان : ئەو ڤایرۆسە چارەی ناکرێ دەبێ داوا لەهێزی ئاسمانی بکرێ ، هەموو

مرۆڤەکان لەکاتی تەنگانە و نارەحەتی هەر هاوار بۆ خودا دەبەن .

(فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ) العنكبوت٦٥

هەر کاتێک خەڵکی(باوەڕ لاواز)سواری کەشتی دەبن ، مەترسی نوقم بوون و تیاچوون ڕوویان تێدەکات، زۆر بە کوڵ، هاناو هاوار بۆ خوا دەبەن و بە دڵسۆزی و ملکەچیەوە باوەڕ دەهێنن، بەڵام کاتێک خوا ڕزگاریان دەکات و دەگەنەوە وشکانی دەستبەجێ لە ڕێبازی یەکتاپەرستی دەترازێن و هاوەڵ و هاوبەش بۆ خوا بڕیار دەدەن.

دەزانن لە کارەساتە گەورەکان کە هەموو دەسەڵاتدارێک بێ توانا دەبێ ، هیچ کەسێک توانای لابردنی بەڵا و نەخۆشیەکانی نیە ، فیرعەون بەو دەسەڵات و خۆگەورەزانینەی خۆیەوە کە دەیووت :

(فَقَالَ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَىٰ) النازعات٢٤

من پەروەردگاری هەرە بەرزو بڵندی ئێوەم.

لەو کاتەی لەنێو دەریا خەریکە بەخۆی و سەربازیەوە دەخنکێن هاوار دەکات دەڵێ باوەڕم هێنا .

(وَجَاوَزْنَا بِبَنِي إِسْرَائِيلَ الْبَحْرَ فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ وَجُنُودُهُ بَغْيًا وَعَدْوًا حَتَّىٰ إِذَا أَدْرَكَهُ الْغَرَقُ قَالَ آمَنتُ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا الَّذِي آمَنَتْ بِهِ بَنُو إِسْرَائِيلَ وَأَنَا مِنَ الْمُسْلِمِينَ) یونس٩٠

ئەوسا نەوەی ئیسرائیلمان بەدەریادا پەڕاندەوە ، فیرعەون و سەربازانی بۆ ستەم و دەستدرێژی شوێنیان کەوتن ، تا ئە و کاتەی (کە ئاوەکە چووەوە باری ئاسایی خۆی) فیرعەون خەریک بوو دەخنکا ئا لەو کاتەدا وتی : وا ئیتر باوەڕم هێنا بەوەی کە هیچ خوایەک نیە جگە لەو خوایەی کە نەوە ی ئیسرائیل باوەڕیان پێهێناوە و من ئیتر لە موسڵمان و ملکەچانم .

(قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیاندرا)

ڕۆژ بەڕۆژ ڕێکاری توندتر گیرابەر تا وای لێهات قەدەغەی هاتوچۆیان ڕاگەیاند ڕێگەیان نەدەدا ئۆتۆمبێلەکان لە بازگەکان دەربازبین ، ئینجا ڕێگەی ئێمەش گیرا بۆ دەوام لە بازگەکان ڕێگەیان نەدەدا بچینە دەوام ، مانگێک بۆمان کردیان بە مۆڵەت ، دوو مانگیش کردیانە مۆڵەتی بەبێ مووچە واتە موچەمان وەرنەدەگرت .

بەم شێوەیە هەر لەماڵەوە بووین ، منیش هەر خەم و خەفەتی دەوامم بوو ، لەبارودۆخێکی ناجێگیر بووین دیارنەبوو چی بەسەردێت ، خەڵکیش زۆربەی لەماڵەوە بوون زۆربەی کار و دام و دەزگاکان وەستان ، ئینجا گەڕایەوە سەردەمی بێ ئۆتۆمبێلی زۆربەی خەڵک بە پێیان پیاسەی دەکرد ، چونکە زۆربەی ڕێگەکانیان گرتبوو بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبێل ، تا وای لێهات ڕێگەیان نەدەدا خەڵک لەدەرەوەش بمێنێتەوە ، پۆلیس دەگەڕان بە خەڵکیان دەووت بڕۆنە ژوورەوە ، دەرگای مزگەوتەکانیش داخرابوون ، بۆیە ئێمەش ڕۆژی هەینیان هەر لەماڵەوە من ووتارم بۆیان دەدا ، ئەوەش ببوو بە پڕۆڤەیەکی باش بۆمن لەبواری ووتاریێژیدا .

(کەرەنتینەی عیشق)

بەردەوام کە پۆستم دەکرد مامۆستایەکی ڕوحیش بڵاوکراوەکانمی دەبینی ، هەستی بە بارودۆخی من کرد کە بارودۆخێکی عاشقانە تێدەپەڕم ، ئەو دەشی زانی بڵاوکراوەکانم هەمووی لەسەر حاڵ و بارودۆخی خۆمە ، منیش زۆر پەیوەندیم پێوە دەکرد تا ڕێگە چارەیەک بدۆزمەوە .

ئەویش پێمی ووت : تۆ بڕۆ ئەو کەسەی هۆگری بووی هەرچی جوێنی پیسە پێی بدە ، بەشێوەیەکی وا تا ڕقت بەرامبەری هەستێ و لەبیر خۆتی ببەیتەوە ، منیش نەمدەتوانی کاری وابکەم .

دوای ئەوەی ئەو مامۆستا ڕوحیە پێمی ووت جوێن بدە ئەو کەسانەی هۆگریان بووی تا لەبیر خۆتیانی ببەیتەوە ، زانیم ڕێگە چارەی منیش بۆ عیشق و بارودۆخی دڵم تەنها و تەنها ئەوە بوو دڵم کەرەنتینە بکەم وەکو ڤایرۆسی کۆڕۆنا کاتێ کەسێک تووشی ڤایرۆسەکە دەبوو ، دەبوایە بە تەنها لە ژوورێک بمابایەوە تا کەسی تر تووشی ڤایرۆسەکە نەبوایە .

دڵی منیش ئەوەی پێویست بوو کە بەتەواوی خۆم دووربکەمەوە لەو کەسانەی هۆگریان ببووم ، بۆیە دواجار بڕیارم دا بە سڕینەوەو لەیادکردنی مەعشوقەکان دەستم کرد بە سڕینەوەیان لە فەیس بووک بەشێوەیەکی وا کە هیچ پەیوەندیم پێیانەوە نەمێنێ تا دڵم بەیەکجاری لەبیریان بکات .

(چارەی عیشق)

بێگومان پێویستە هەر لەسەرەتاوە چاوت بگری لەنەزەری حەرام هەروەکو **خودای گەورە دەفەرمووێ : قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ) النور ٣٠**

(ئەی پێغەمبەر) ﷺ بە پیاوانی ئیماندار بڵێ : چاویان بپارێزن (لەسەرنجدانی ئافرەتانی نامەحرەم) هەروەها نامووس و عەورەتی خۆیان لە حەرام بپارێزن، بێگومان ئەوە پاکترو پوختترە بۆیان (بۆ دڵ و دەروون و ڕواڵەت و ڕۆح و لاشەیان) بەڕاستی خوا ئاگادارە بەو هەڵس و کەوت و ڕەفتارانەی کە دەیکەن.

هەروەها پێمانیش **دەفەرمووێ : وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا) الإسراء٣٢**

هەرگیز نەکەن توخنی زینا بکەون و لێی نزیك ببنەوە، چونکە ئەوە بەڕاستی گوناهو تاوان و هەڵە و ڕێچکەیەکی زۆر ناقۆڵایە.

لێرە نافەرمووێ : هەر زینا مەکەن بەڵکو دەفەرمووێ هەر نزیکی زیناش مەکەونەوە ، بێگومان نەزەر و قسەکردن و دانیشتن و پیاسەکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر هەر هەمووی نزیک بوونەوەیە لەزینا.

کەواتە هەر لەسەرەتاوە پێویستە خۆبپارێزین ، منیش بەداخەوە ئێستاش نازانم چۆن بوو کەوتمە نێو چاڵی عیشقەوە ، ئەوەندەم زانی کەوتمە ناو چاڵەکە ئینجا بەهۆش خۆم هاتمەوە دەبینم لەناو چاڵی عیشقەوە گیرم خواردووە ، تەنانەت بۆ جارێکیش کەسێک نەبوو پێم بڵێ :کوڕە ئاگاداری خۆت بە دڵت هۆگری هیچ کەسێک مەکە بە دڵ شکان کۆتایی دێ ، بەڵام ئێستا من پێتان دەڵێم ئازیزەکانم

گەر داوای ئامۆژگاریم لێدەکەن
جگە لەخودا دڵتان هۆگری کەس مەکەن

ئینجا بۆ ئەو گەنجەی تازە هەر تووشی ئەو نەخۆشیە پیسە بووە ، بۆ ئەوەی مەعشوق لەبیر خۆی بباتەوە دەبێ هەرچی شتێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە بیسڕێتەوە فەیس بووک و چات و ژمارە مۆبایل و وێنە و هەروەها بەهیچ شێوەیێ بەو شوێنەش نەڕوا کە مەعشوقی بەبیر دێنێتەوە ، هەرچی مەعشوقی بەبیر دێنێتەوە دەبێ ئەو شتەش وازلێبهێنێ .

هەروەها بەردەوامیش هەوڵدە بیر لە سیفەتە خراپەکانی مەعشوق بکەیتەوە تا بەشێوەیەکی وا قێزەوەن و ناشیرین بێ لەلات ، دڵنیابە تۆ گەر ویست و ئیرادەت هەبێ دەتوانی لەبیر خۆتی ببەیتەوە ، بێگومان سەرەتا دڵ شکان سەختە بە تێپەڕبوونی کات ئازارەکەی کەم دەبێتەوە هەروەکو کاتێ کەسێکی خۆشەویستت لێ دەمرێ چونکە لەدڵەوە دەزانی تەواو گەڕانەوەی نیە ، بۆیە ڕۆژ بەڕۆژ دڵت دەستبەرداری دەبێ و لەبیر خۆی دەباتەوە ، دەکرێ جاربەجار بەبیرت بێتەوەو دڵت ئازاربدات .

دڵنیابە گەنجی عاشق چەندە قسە لەگەڵ مەعشوق بکەیت چەندە لەگەڵی بمێنیتەوە بە ئەندازەی قسەکردن و مانەوەت کە دواجار لەیەکتری جیادەبنەوە دڵت ئازار

دەچێژێ یانی چەندە کەمتر قسەت لەگەڵ کردبێ ئەوەندە ئازاری دڵشکانەکەی کەمتردەبێ .

جا ئەوەی جاربەجارەش قسەی لەگەڵ بکات هەر کاریگەری دەمێنێ وەکو جگەرەکێشان جاری وا هەیە ساڵێک دووساڵ وازی لەجگەرە هێناوە تەنها یەک جگەرە دەکێشێ دووبارە دەست دەکاتەوە بە جگەرە کێشان ، ئەو مەعشوقەش بەم شێوەیە دەبێ بە تەواوی پەیوەندیت لەگەڵی بپچڕێنی .

هەروەها دەبێ خۆت خەریک بکەیت بە کاری چاکەوە وەکو دینداری و زانست و کتێب خوێندنەوە و هەروەها گەشت و سەیران کردن و پیاسەکردن و قسە و گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوڕێی چاک و باش ، هەوڵدەی یەک چرکەش کاتی ئەوەت لەدەست نەمێنێتەوە نەفس و دڵت بیری خراپ بکەنەوە و بیر لە مەعشوق بکەنەوە ، چونکە مرۆڤ گەر نەفسی خۆی خەریک نەکات بە کارێکی چاکەوە ، ئەوە نەفسی خەریکی دەکات بە کارێکی خراپەوە ، هەر هیچ نەبێ خەریکی دەکات بەبیر و خەیاڵی بێ مانا و وەسوەسە ، جا بۆ عاشقیش وەسوەو بیری خراپی مەعشوقی بۆ دێنێ ، کەواتە دەستبەتاڵی و هەروەها بەتاڵی

دڵ و ڕوحیش لەیادی خودا دەبێتە مایەی فیتنە و ئاژاوە بۆ گەنجەکان .

(عیشق ئامازەیەکی هەڵەیە)

خودی ئەو عیشقەیەش لەبەر کەم ئیمانی و کەم خواپەرستی و کەم یادکردنەوەی خودایە پەیدا دەبێ ، هەروەکو **ئیبن قەیم دەربارەی عیشق دەفەرمووێ : دڵانێک بێ ئاگا بوون لە خودا ، خودا دڵیانی وێران کرد بە پەرستنی غەیری خۆی.**

دڵێک گەر پڕبێ لەنوری خودا و یادی خودا چ پێویستی بە خۆشویستنی بەندەیەکی خودا هەیە ، ئەو عیشقەش کاتێ دەکەوێتە دڵتەوەو دڵ شکانی بەدوا دێ ، ئەو دڵشکانە ئامازەیەکە پێت دەڵێ کارێکی هەڵە هەیە ، هەروەکو چۆن کاتێ دەستت دادەنێیتە سەر ئاگر ، کەدەستت دەسووتێ ئازاری سووتانەکە ئاماژە بەوە دەکات کارێکی هەڵە هەیە ئاگادارت دەکاتەوە دەستت هەڵبگری بێگومان ئەوەش لەڕێگەی هەستە دەمارەکانەوە مێشک هەستی پێدەکات ، بەهەمان شێوە ئەو دڵەش کە دەشکێ و ئازار دەبینێ دەبێ تێبگەین ئاماژەیە بەوەی کارێکی هەڵە هەیە ، پێویستە دڵمان هەڵبگرین گەرنا بەتەواوی وێران دەبین.

(با پێکەوە نەخۆشی عیشق تاوتوێ بکەین)

با بەیەکەوە تاوتوێی عیشق بکەین ، باشە گەر عیشق خۆشی و ژیانە ئەی ئەو هەموو ترس ودڵەڕاوکێیەت چیە بۆ مەعشوق ؟ ئەی ئەو هەموو ڕیسواییە و خۆ نزم کردنەوەت چیە بۆ مەعشوق ؟ ئەی ئەو هەموو خەم و خەفەتەت چیە بۆ مەعشوق کاتێ لێت وونە و نایبینی ؟ ئەی دوای ئەوەی دەڕوا و جێتدەهێڵێ ئەو دڵ شکان و ئازارەت چیە بۆی ؟ بێگومان دەبێ بڵێین عیشق نەخۆشیە و هیچی تر نیە ، خۆشەویستی ژیانە بەڵام عیشق نەخۆشی و ژەهرە.

ژیر ئەو کەسەیە پەند و وانە لەهەڵەکانی خۆی و هەڵەی کەسانی تر وەربگرێ ، ئازیزم جا ئەو عیشقەیە یەکێکە لەهەڵە هەرە گەورەکانی تەمەنی لاوی جا ئەم ئامۆژگاریەم لێ وەربگرە و خۆت بەدووربگرە لە عیشقی ڕەگەزی بەرامبەر ، پێش ئەوەی دڵت بشکێ پارێزگاری لەدڵت بکە ، گەرنا دواجار پەشیمانی داد نادات.

(ڤایرۆسی کۆڕۆنا زۆری لێ بردین)

ئینجا بارودۆخی ڤایرۆسی کۆڕۆناش بەشێوەیەکی زۆر خراپ بڵاوبۆیەوە ، تا وای لێهات شەپۆلی ڤایرۆسەکە گەیشتە ناوچەکەی ئێمەش کەسانێکی زۆری لێ بردین و بەهۆی ئەم

ڤایرۆسەی کۆرۆناوە گیانیان لەدەست دا ، خودا لێیان خۆشبێ کە هەرگیز بیری مردنیان نەدەکرا.

ئەمەیە ژیانی دونیا کۆتاییەکەی هەر مردنە ، **شێخ حەسەنی بەسرِی دەفەرمووێ : مردن ئابڕووی ژیانی دونیای بردووە**

ژیانێک کۆتاییەکەی مردن بێ بۆچی شەڕ لەسەری بکرێ مرۆڤ کە دەمرێ بە تەنها نامرێ بەڵکو ماڵ و سامان و دەوڵەمەندیەکەی لەگەڵی دەمرێ ، جوانی جەستە و لاشەکەی لەگەڵی دەمرێ ، پلە و پۆست و پایەکەی لەگەڵی دەمرێ ، ماستەر و دکتۆراکەی لەگەڵی دەمرێ ، دکتۆری و ئەندازیاریەکەی لەگەڵی دەمرێ ، تەنها و تەنها کردەوە چاکەکانی لەگەڵی دەچنە نێوگۆڕەوە ، کەواتە کەسی ژیر و ئاقڵ ئەو کەسەیە هەروەکو **پێغەمبەر** ﷺ **دەفەرمووێ : الْكَيِّسُ مَنْ دَانَ نَفْسَهُ وَعَمِلَ لِمَا بَعْدَ الْمَوْتِ . رواه الترمذي ٢٤٥٩**

ژیر و ئاقڵ ئەو کەسەیە لێپرسینەوە لەگەڵ نەفسی خۆی دەکات و کار وکردەوەی چاکە بۆ دوای مردنی ئەنجام دەدات.

کەواتە با شانازی بەهیچی خۆمان نەکەین هەرچی هەمانە هی خودایە و هەمووی موڵکی خۆیەتی هەر ئەو دەدات و هەر ئەویش دەیباتەوە.

(شەش ڕۆژە سەختەکەی بەشی کۆڕۆنا)

دواجار لەدەوام ووتیان دەبێ دەوام بکەن ، ڕێگەش نەبوو لەبازگەکان ڕێگەیان نەدەدا ، چووینەوە دەوام بۆ ئەوەی دەوامی بەیانیان بکەین ، دواتر یەکێک لە بەرپرسەکانی بەشی کۆڕۆنا هات کە بەشی ڤایرۆسی کۆڕۆنا تازە کرابۆوە لەشیفاخانەکەمان بۆیە پێویستیان بە پەرستار بوو ، ووتی دەبێ ئێوە بێنە بەشی کۆڕۆنا ئێوەش چونکە ڕێگای هاتوچۆتان سەختە لەو مانگەی شەش ڕۆژ لەسەر یەکتری دەوام دەکەن بیست و چوار ڕۆژەکەی تر هەمووی لەماڵ دەبن ، جا منیش زۆر ڕقم لەخەفەر بوو ، ئینجا شەش ڕۆژیش لەسەر یەکتری بمێنمەوە ، زۆر تکامان کرد و پاڕاینەوە کە بە ئێمە ناکرێ و سەختە ، گوێیان پێنەداین ناچار دەبێ بکەین ، جا هاتینەوە ماڵ ووتیان لە بیستی مانگ وەرن کە نزیکەی دوو هەفتەیەکی مابوو ، هاتمەوە خەم و خەفەتی دەوامی خەفەر دڵمی گرت کە دەبێ شەش ڕۆژ بچم دەوام بکەم لەسەر یەکتری بەردەوام وەسوەسە و دڵەڕاوکێ

هەر ئەو هەفتەش لەماڵەوە هەستم کرد بەسووکی ڤایرۆسی کۆرۆنام گرت ، نەخۆشیش چەندە ترس و دڵەڕاوکێت زیاتر بێ زووتر تووشت دەبێ ، چونکە بەرگری لەش بە ترس و خەم و خەفەت لاواز دەبێ.

(ناخۆشترین ڕۆژی پەرستاریم)

ئینجا کاتی ئەوە هات شەش ڕۆژی لەسەر یەکتری بچینە بەشی کۆرۆنا دەوام بکەین ، من و هاوڕێیەکی تری پەرستار ، یەکەم ڕۆژ چووین شەش نەخۆشی کۆرۆنامان هەبوو ، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوو ، هەمووی نەخۆشی پیر و ئۆکسجنیان کەم بوو ، چونکە ئەو ڤایرۆسەیە کاریگەری هەبوو لەسەر کۆئەندامی هەناسە زۆربەی نەخۆشە پیرەکان ئۆکسجینیان دادەبەزی .

پێویستی دەکرد بەردەوام ئۆکسجینی دەستکرد لەسەر دەمیان بێ ، کێشەکە ئەوە بوو ئەو بەشەیە نوێ بوو لەشیفاخانەکەمان بۆیە کەم و کورتی زۆری هەبوو ، ئۆکسجینی مەرکەزی نەبوو واتە ڕاستەوخۆ لەدیوارەوە بکەیتەوە بەڵکو دەبوایە بوتڵە غازە گەورەکانی ئۆکسجینمان یەکە یەکە بۆ نەخۆش دابنابا ، جا نەخۆش هەبوو شەو و ڕۆژ پێویستی بە ئۆکسجین بوو هەبوو ڕۆژانە دەبوایە دوو

بوتڵی بۆ بگۆڕابا ، بە عەرەبانە لەو سەری بۆتڵی ئۆکسجینمان دەبرد بۆ نەخۆش .

دەبێ سوپانەشمان بەدەست بگرتبا سەری ئۆکسجینەکەمان دەکردەوە و لەسەر بوتڵێکی نوێمان دادەنا ، جا ئەو کاتی کەسیش بوێری ئەوەی نەبوو بچێتە لای نەخۆشەکان دەترسان بەتایبەتی دکتۆرەکانیش زۆر دەترسان زۆر باش خۆیان دادەپۆشی کاتێ دەچوونە لای نەخۆشەکان ، جا سبەینان و نیوەڕۆ و ئێوارانیش خواردنیان دەهێنان دەبێ ئێمە بۆ لای نەخۆشەکانمان ببردبا .

لەلایەکی ترەوەش بەخۆمان دەچووین لە دەرمانخانە دەرمانمان دەهێنا ، ئەو شەش ڕۆژەی ناخۆشترین ڕۆژی پەرستاریم بوو ، نەماندەتوانی پشوو بدەین ، تەنها یەکی شەو بۆ حەوتی بەیانی گەر بخەوتباین ، ئەوەی تر هەر لەگەڵ نەخۆشان بووین ، دەرمانیشیان زۆربوو ، ڕۆژێکیان ژنێک زۆر بارودۆخی خراپ بوو ئۆکسجینی کەم بوو ، بوتڵی ئۆکسجینەکەش سەرەکەی زۆرباش نەبوو ، کوڕی ژنەکە کاتژمێر یەک و نیوی شەو هاتە سەرمان خەریک بوو دەخەوتین ، توڕەبوو جا هاوڕێکەم داماوە زۆرجار تووش دەبوو دەبێ وەڵامی بدابایەوە ، منیش هەندێ جار خۆم بێدەنگ دەکرد قسەم نەدەکرد ، جا ئەو کوڕە توڕە بوو ووتی

دایکم شتێکی لێبت لەسەر ئێوەیە ، ئێمەش بەتەنها دووپەرستار بووین لەم بەشەیە .

دکتۆریش بە تەلەفۆنیش هەندێ جار نەدەهات دوادەکەوت ، نەخۆش دەمرد هەتا دەهات ، چونکە دەترسان هەتا خۆیان چاک نەپۆشیبا نەدەهاتن ، بۆیە من و ئەو هاوڕێیەم ڕوبەڕوی هەڕەشە و قسەی وا دەبووینەوە ، بێگومان لەبەشی کۆڕۆناش بەبێ هەژمار بینیمان بەهۆی ئەم ڤایرۆسەوە گیانیان لەدەست دا .

زۆرجاریش ئێمە لەڕێگەی ئۆکسجینەوە دەمانزانی کە کێ دەمرێ کێ نامرێ چونکە ئۆکسجینی ئاسایی 95 بۆ 100 ، جا ئەوەی دەهاتە خوار 90 ئۆکسجینی دەستکردی بۆ دادەنرا ، جا ئەوەی دەگەیشتە خوار 60 حاڵی خراپ دەبوو ، بگەیشتبا 50 و40 ئەگەری مردنیان زۆر دەبوو ، مەگەر خودا بەخۆی نەیمرێنێ ، ئەو شەش ڕۆژەیەش بەڕاستی بەڵاو تاقیکردنەوەی خودا بوو ، لەڕێگەی ئەم تاقیکردنەوەش زۆر وانەی فێرکردم.

گەر نەفست تاقیبکەیتەوە بەکارە سەختەکان

دواجار نامێنێ وکارەکانی تریش دەبن بەئاسان

بەڵام

گەر نەفست فێربکەی لەسەر شتی خۆش

دواجار شتەکە نامێنێ و بۆت دەبێ بەناخۆش

(دووبارە گەڕان بەدوای ژن)

ئینجا شەپۆلی ڤایرۆسی کۆڕۆنا بەرەو کەمبوونەوە چوو و باس و خواسی ژنهێنان هاتەوە ، دەستمان کردەوە بە گەڕان بەدوای ژن ، ماڵەوەمان هەر کچێکیان دەووت فلان کچی فلان یەکسەر دەمووت نامەوێ ، زۆریان دۆزیەوە بەڵام زۆربەی هەر بەبێ ئەوەی بچینە داوای دەمووت نامەوێ ، ئەمجارە ماڵێکمان دەست نیشان کرد ، بەبێ ئەوەش کچە ببینم ، دایک و باوکم چوونە داوای ، کچەکە وادیارە بارودۆخی گونجاو نەبوو بۆ هاوسەرگیری بۆیە بە نەخێر وەڵام درایەوە ، بێگومان بۆ دڵم ناخۆش بوو ، دڵی شکاندم .

خۆت ڕیسوا مەکە لەجارێک زیاتر داوا مەکە

لەدڵمەوە تورە بووم دەمووت دەبێ ئەو کەسەی منی نەویست هەر پەشیمانی بکەمەوە .

با برۆن ئەوانەی هەر دەڕۆن

با بێ ئەوەی بۆ ئەو نیە ڕۆیشتن

هەرگیز خۆت ڕیسوا مەکە بۆ هیچ کەسێک یەکجار بەشێوەی شەرعی داوا بکە ، ووتی نا وازی لێبهێنە ، چۆن تۆ ئازادی بەدڵی خۆت هاوسەرێک هەڵبژێری ئەوهاش ئەو کچەیە ئازادە چ پیاوێک هەڵبژێرێ بۆ خۆی .

جا ئەوەش نزیکەی ساڵێکی بەسەر چوو کە هێشتا ژنم نەهێنابوو لەڕێگەی کەسێکەوە هەر ئەو کچەیە پێی ووتبوو کە بەمن بڵێ بچمەوە داوای ئەو ڕازییە .

منیش ووتم جارێک بەشەرع داوام کرد هەرگیز ناکەمە جاری دووەم مەگەر بەخۆیان بێنەوە بەشێوەی فەرمی داوا بکەن .

خودایە زۆر زۆر سوپاست دەکەم لەو شتانەی کە ئارەزووی نەفسم حەزی لێبووە بەڵام تۆ ڕێگریت لێ کردوومە و پێمت نەداوە ، منت پاراست لەوەی ڕیسوا بم **(وَعَسَىٰ أَن تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) البقرة٢١٦**
لەوانەیە شتێکتان پێ خۆش بێت کەچی شەڕ لەوەدا بێت ، بێگومان هەر خوا خۆی دەزانێت (خێر لە چیدایە) ، ئێوە نایزانن.

(باجی عیشق)

بێگومان عیشق تاوانێکی قێزەوەنە ، چونکە تاوانەکانی تر هەیە یەکجار باجی دەدەی کۆتایی دێ بەڵام عیشق جاری وا هەیە عاشق تا مردن باجەکەی دەبێ بدات.

عاشق بەم شێوەیە سەرگەردان دەبێ چونکە هەرکەسێ پشت لەیادی خودا بکات و دڵی هۆگری جگە لەخودا بکات ڕیسوا دەبێ و ژیانی تەنگ و ناخۆش دەبێ.

(وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا) طه١٢٤

ئەوەیش ڕوو وەربگێرێت لە بەرنامە و یادی من پشتی تێ بکات، بێگومان بۆ ئەو جۆرە کەسانە ژیانێکی ترش و تاڵ و ناخۆش پێش دێت.

دواجار لەقسەی **مامۆستاکەم تێگەیشتم کە دەیووت : گوناهوتاوان هەردەبێ باجەکەی بدرێ.**

بچوکترین تاوانیش ئەنجام بدەی هەردەبێ باجەکەی بدەی جا لە دونیا بێ یان لەقیامەت ، بۆیە منیش هەستم پێکرد باجی ئەو چەند ساڵەی دڵ هۆگربوونم بە جگە لەخودا هەمووی دا.

(ئومێد و گەڕانەوەم بۆ لای خودا)

دوای دڵشکان ئومێدم بە کەس نەما و گەڕامەوە لای خودا ، دەبینی دایکێکی میهرەبان یاری لەمناڵەکەی قەدەغە دەکات سزای دەدات ، لەپێناو بەرژەوەندی مناڵەکە ، بۆ ئەوەی ئەو مناڵەیە پاشگەزببێتەوە لە کارە خراپەکانی.

یاسەمین موجاهید دەڵێت : ژیانی تۆ جگە لەچیرۆکێکی خۆشەویستی نێوان تۆو خودا هیچی تر نیە.

هەموو کەسێک
هەموو ئەزمونێک
هەموو خەڵاتێک
هەموو لەدەست دانێک
هەموو ئازارێک
کە دێنە ڕێت تەنها بۆیەک هۆکارە کە تۆ بگەڕێیتەوە بۆ لای خودا.

(قوربانی عیشق)

چۆن پێغەمبەر إبراهیم بە فەرمانی خودا خۆشەویستی ناو دڵی خۆی کردە قوربانی لەپێناو خۆشەویستێکی گەورەتر کە الله یە ، منیش بەم شێوەیە لە دڵی خۆم دەمووت : دەبێ خۆشەیستی نێو دڵم بۆ الله بکەمە قوربانی و تا لەبەڵا و نارەحەتی ژنهێنان ڕزگارم بێ .

(فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ قَالَ يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَىٰ فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانظُرْ مَاذَا تَرَىٰ قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ سَتَجِدُنِي إِن شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ)الصافات(102)

کاتێک ئەو کوڕە کەوتە دەرومال لەگەڵیدا بەیانیەک پێی وت : کوڕم شیرینم بێگومان من دەمبینی لە خەونمدا کە تۆ سەردەبڕم، تۆ دەڵێی چی؟ ڕات چۆنە؟ !(کوڕی چاک و خواناس و خۆگر بەزمانی شیرین) وتی :بابەگیان هەر فەرمانێکت پێ دراوە جێبەجێی بکە ، دەمبینیت ئەگەر خوا حەز بکات ، خوابیەوێت ، لە ئارامگران دەبم.

(فَلَمَّا أَسْلَمَا وَتَلَّهُ لِلْجَبِينِ)الصافات(103)

کاتێک هەردووکیان تەسلیمی فەرمانی پەروەردگار بوون ، ئیبراهیم ، ئیسماعیلی بە ڕوودا خستە سەر خاک بۆ ئەوەی سەری ببڕێت.

جا بێگومان ئەوەی ملکەچ بێ بۆ خودا و ڕازی بێ بە قەدەری خودا ، خودا هەموو شتێکی بە دڵی ئەو دەدات ، بەڵام ئەوەی ڕازی نەبێ بە قەدەری خودا هەموو شتێ لە دژی ئەو دەبێ.

(وَنَادَيْنَاهُ أَن يَا إِبْرَاهِيمُ)الصافات(104)

ئێمەش بانگمان لێکرد : ئەی ئیبراهیم.

(قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ)الصافات(105)

بەڕاستی خەوەکەت هێنایە دی، ئێمە هەر ئاوا پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە (لە تاقی کردنەوەکاندا سەریان دەخە ین، چونکە لێبڕاون).

(إِنَّ هَـٰذَا لَهُوَ الْبَلَاءُ الْمُبِينُ)الصافات(106)

بەڕاستی ئەمە خۆی تاقیکردنەوەیەکی ئاشکراو ڕوونە.

(وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ) الصافات(107)

ئێمەش قۆچێکی گەورەمان کردە قوربانی ئیسماعیل تا لە جیاتی ئەودا سەری ببڕێت.

پێغەمبەر إبراهیم دەستبەرداری خۆشەویستەکەی بوو بۆ خودای گەورە ، لە تاقیکردنەوەکە دەرچوو ، خودای

گەورە پێغەمبەر إسماعیلی پێداوە و لە بەڵا و تاقیکردنەوەکە ڕزگاری کرد و ناوبانگ و پلەشی گەورە کرد ، هەروەها وەکو وانەیەکیش بۆ ئەوانەی کە پێشتر مناڵی خۆیان سەردەبڕی و دەیانکردە قوربانی ، لێرەوە فێریانی کرد کە ئاژەڵ بۆ خودا سەرببڕن و بیکەنە قوربانی .

هەروەها پێغەمبەر یعقوبیش لەگەڵ پێغەمبەر یوسف بەهەمان شێوە.

هەموو ئەو ڕوداوانە پێمان دەڵێن : خودای گەورە واز لە بەندە خۆشەویستەکانی ناهێنێ جگە لەئەو کەسێکی تریان خۆشبوێ ، دڵیان بۆ کەسێکی تریش بچێ سزایان دەدا و هەر بەو کەس ئازاریان دەدات ، زۆرجار دەبینرێ گەنجی عاشق بە دەستی مەعشوقەکەی ئازار دەچێژێ ، هەرچەندە ئەو بۆ مەعشوقەکەی دەچێ و هەموو هەستێکی خۆشەویستی بۆ دەردەبڕێ کەچی ئەو هەر ئاوڕیشی لێ ناداتەوە.

(عیشق پادشا دەکات بە کۆیلە)

عیشق و ئارەزووی نەفس پادشا دەکات بە کۆیلە ، دەکرێ پادشایەک هەموو وڵاتەکەی خۆی لەبەر دەست بێ و هەرچی بیەوێ ئەنجامی بدات ، بەڵام تەنها لەبەر

یەک تاکە مەعشوق ڕیسوا و سەرگەردان بێ ، هەروەکو هاوسەری پاشای میسڕ کە ئەو هەموو دەسەڵاتەی هەبوو لەتاو عەشقی پێغەمبەر یوسف ڕیسوا بوو و ئابڕووی خۆی برد .

(عاشق خۆی دڵی خۆی دەشکێنێ)

گەر کەسێک بڵێ دڵی کەسێک مەشکێنە کە عاشقتە ، دەبێ پێی بڵێین با عاشقەکە بەخۆی دڵی خۆی نەشکێنێ ، لەڕاستیدا لەبابەتی خۆشەویستیدا زۆرجار هەر عاشق خۆی تاوانبارە .

بۆ نمونە پێغەمبەر یوسف تاوانی چی بوو ، ئەو ئافرەتە خۆی نیازی خراپی لێکرد و فەرمانی خراپەی پێکرد ، هەر تاوان و نەزەر و ئارەزووی نەفسی خۆی بووە ئەوی هانداوە دڵی خۆی ئاڵوودەی بەندەیەکی خودا بکات .

وەکو ئەوەی خۆت بە لقە دارێکەوە بگری و بکەوی ، لۆمەی لقە دارەکە بکەیت و لۆمەی خۆت نەکەی کە تۆ ئەقڵت هەبووە کە دەتزانی ئەم لقە دارەیە توانای هەڵگرتنی تۆی نیە.

(کوڕەکە دەخوازن بچێتە ماڵی کچە تاقانەکەیان)

ڕۆژێکیان خزمێکمان هات ووتی : ماڵێک هەیە لەهەولێر تەنها کچێکی تاقەنەیان هەیە باوکەکە دەڵێ دەمەوێ بیدەم بە کوڕێکی دیندار و چاک ، بەو مەرجەش دەبێ بێتە لای ماڵی خۆمان خانووەکمان هەیە پێی دەدەین ، واتە ئەوەیە دەڵێن لێدە ژنت بوو و ماڵت بوو ، منیش بە چاکم نەزانی زەحمەتە لەجیاتی کچەکە تۆ شوو بکەیت و بچیتە ماڵی خەڵک.

(لەکاتی خوازبێنی شەیتانیش دەکەن بە فریشتە)

هاوڕێیەکی باوکم لەهەولێر کچێکی بۆ دۆزیمەوە ساڵێک لەمن گەورەتربوو ، بەشێوەیەک وەسفیان کرد کە برای مەلایە و لەلای براشی شەرعی خوێندووە ، جا **لەدوو کات دەتکەن بە فریشتە کاتێک کە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام دەدەی ، دووەمیش کاتێک کە دەمری.**

لەکاتەکانی تر لە کۆڕ و مەجلیس غەیبەتت دەکەن بە گوناهوتاوانی نازانن ، بەڵام کاتێ کە کەسێک بۆ کچەکەی خۆی یان بۆ خوشکی خۆی دێ دەربارەی تۆ پرسیار دەکات لێیان کەسێکی چۆنی ڕاستیەکە ناڵێنەوە بە غەیبەت و تاوانی

دەزانن ، کەچی لەشەرعی ئیسلام بە پێچەوانەوەیە ئەوەی لەمەجلیس غەیبەتە .

بەڵام ئەوەی ڕاوێژە دەبێ ڕاستیەکە بڵێی نابێتە غەیبەت ، گوناهبار دەبی کە دەزانی کەسەکە خراپە و ڕاستیش نالێی .

بابەتی هاوسەرگیریش زۆر هەستیارە بۆ ڕۆژێک و دوو ڕۆژ نیە ، ئۆتۆمبێل کڕین نیە بڵێی خراپ بوو بە دڵم نەبوو دەیفرۆشمەوە ، هەر ڕۆژەوە ژنێک بێنی و تەڵاق بدەی خەڵک کەس کچی خۆت ناداتێ دەڵێن وا دیارە ئەم پیاوە لەگەڵ هیچ کەسێک ژیان ناباتە سەرێ .

(خوازبێنی ئەو کچەی کە نەمزانی کامە کچەکەیە)

بەشێوەیەک وەسفی کچەکەم بۆکرا ، دڵی خۆم لەسەر کچەکە مەراق کرد ، جا وەسوەسەی مرۆڤ زۆرە **خودای گەورە دەفەرمووێ : وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ) ق (16)**

سوێند بەخوا بێگومان ئێمە ئادەمیزادمان دروست کردووە و دەزانین چی بەدڵ و دەروونیدا دێت ئێمە لەشاڕەگی دڵی لێی نزیکترین.

لەفەیس بووک بەدوای ناویان گەڕام کەسێکم بینیوە بەو ناوەی کە هاوڕێیەکەی باوکم بۆمانی باسکردبوو لەفەیس بووکیش ئەوان مەلا و جل و بەرگی مەلایەتیان لەبەربوو .

ئینجا دوای ئەوەی زیاد لەهەفتەیەک چاوەڕوانی ووتیان وەرن ، ئێمەش چووین هاوڕێیەکەی باوکمانیش لەگەڵ خۆمان برد ، چووینە ماڵەکە دانیشتین ، کە باوکەکەم بینی لەدڵی خۆم ووتم کوا ئەوە ئەو باوکە نیە ئەوەی لەفەیس بووک بینیومە ، پیاوێکی ئاسایی واتە مەلا نەبوو ، دانیشتین دووسێ جار ووتمان کە بچین چاومان بە کچە بکەوێ ، باوکەکە هەر دەیووت تا براکەی بێتەوە ، هەستم دەکرد باوکەکە هەر لەسەرەتاوە کەسێکی ئاڵۆزبوو ، چاوەڕێمان کرد تا براکەی هاتەوە.

براکەشم بینی خودایە ئەوە ئەوە نیە ئەوەی لەفەیس بووک بینیومە ، ئەوەش وا دیارە تەنها گەنجێکی ئاسایی بوو ، کەمێک خوێندنی شەرعی کردبوو بۆیە پێی ووتراوە مەلا ، خۆی لەلای کورد هەر وایە کەسێک دووسێ ڕۆژ هاتوچۆی مزگەوت بکات و ناوێکی بۆ دادەنێن ، ئینجا براکەی چووە ژوورەوە تا بەخوشکی بڵێ خۆی ئامادە بکات.

ئینجا براکەی منی بانگکرد بە تەنها هەستام و چوومە چێشتخانەکە ، کچێک هات بەرامبەرم دانیشت و براکەشی

لەتەنیشتی ڕاستەم دانیشت و کچێکیش لەلای دەستە ڕاستی براکە دانیشت ، لەدڵی خۆم دەمووت دەبێ کامە کچەکە بێ ئەوەی بەرامبەرم یان تەنیشت براکە .

بەڵام دواجار زانیم ئەوەی بەرامبەرم گەورەیە خوشکی گەورەی کچەکە بوو ، ئینجا دەبێ منیش سەری خۆم خواربکردبایەوە و ئاورم بدابایەوە تا لەتەنیشت براکەی کچەکەم بدیبا ، نەیانهێشت سەیری بکەم بە تەواوی کە لەشەرع چاوپێکەوتن و سەیرکردنی کچ بۆ مەبەستی هاوسەرگیری دروستە زیاد لە جارێک و دووجار تا دڵت دەکەوێتە سەری .

جا دەستیان بە قسە کرد مەرجی سەرەکیان ئەوە بوو ماڵێکی سەربەخۆی هەبێ لەگەڵ دایک و باوکم نەمێنینەوە لەیەک خانوو ، منیش لەدڵی خۆم پێم خۆش بوو کە ووتی خانووی جیام دەوێ ، ووتم بەم شێوەیە ئاسان دەبێ بڵێم کچەکەم ناوێ ، چونکە هەر لەیەکەم بینینەوە نەکەوتە نێو دڵمەوە

بۆیە لاڵ بووم زۆر باسی خۆم و مەرجی خۆمم نەکرد ، چونکە هەر لەدڵی خۆم دەمووت بەس بچمە دەرەوە بڵێم نامەوێ ، هاتمەوە ژوور دانیشتم ، جا باوکەکەش باسی هەندێ شتی تری کرد کە کچەکەیان فلان نەخۆشیەی هەیە و ئینجا ووتمان دواتر وەڵامی یەکتری دەدەینەوە ،

ئینجا هەستاین و هاتینەدەر ، باوکم دەیووت : ووتم تەواو تۆ ڕازی دەبی ، منیش ووتم : ژنهێنان زەحمەتە و نامەوێ ، گەڕاینەوە هەر زوو وەڵاممان دایەوە کە نامانەوێ ، بێگومان وەڵامەکەش دەبێ بەشێوەیەکی وا بێ دڵیان بریندار نەکرێ ، بۆ نمونە دەڵێی : قسمەت نەبوو و تەواو ، نەک بڵێی نامەوێ چونکە خراپە جوان نیە.

خوازبێنی ئەو کچەی بۆ دین و ڕەوشتی هەڵمبژارد

ئەمجارەش لەڕێگەی خزمێکمان کچێکی تریان بۆ دۆزیمەوە ، ئەمجارە بەشێوەیەکی ئاسایی چووم لەدڵی خۆم دانابوو ئەوەی خودا بیەوێ ، واتە بەشێوەیەکی وا گەر کچەش ڕازی نەبێ هەرگیز دڵم پێی نەشکێ ، جا ئێمەش لەگەڵماڵەوە چووینە ماڵی کچەکە ، ماڵێکی سادە و بە ئاسانی ڕێگەیان دا بچم لەگەڵ کچەکە دابنیشم لە ژوورێکەوە .

بەشەرعیش هەروایە پێویستە کچ و کوڕەکە یەکتر ببینن و دڵیان بکەوێتە سەر یەکتری ، جا بەداخەوە لەهەندێ ماڵ زاوای داماو دەبنە ژوورێکەوە دایک و خوشک و پوور و ماموژن و هەموو خزمەکانی کچەکەش دانیشتوونە و جا زاوای داماو دەبێ بەدزی و شەرمەزارییەوە سەیری کچەکە بکات ، چونکە بێگومان شەرم دەکات ئینجا ڕەنگە

خوشکەکانیش سەیری بکەن بڵێن ئەها سەیری دەکرد و شەرمی نەدەکرد ، جا ئەم کوڕ و کچە داماوە ناتوانن بەتەواوی مەرجی خۆیان بڵێن چونکە هەریەکە لەدایک و خوشک و پوور دەبنە دادوەرێک هەروەکو بڵێی بۆ ئەوانە ، ئینجا جاری وا هەیە کچ و کوڕەکە بەتەواوی بەیەکتری ڕازین و کێشەیان نیە ، خوشکێکی یان دایکی دەبنە شەیتان و لێیان تێکدەدەن بۆ نمونە ڕەنگە کچە بڵێ ساڵۆنم ناوێ کوڕەش ڕازی بێ و کێشەی نەبێ بەڵام خوشکی کوڕە بڵێ نامانەوێ و تێکبدات.

ئینجا کە لە ژوورەوە دانیشتین هەستم دەکرد ئەم کچە داماوە شەرمی دەکرد چونکە بە زمانی جەستە پێیوە دیار بوو کەمێ دەلەرزی ، هەر بە زمانی جەستە هەستم پێکرد زۆر کەسێکی شەرمن و ئاقڵ و ڕێک و پێکە ، هیچ مەرجیشی نەبوو ، تەنها ووتی : ڕەزیل و دڵ پیس نەبی ، جا منیش ئەو دوو سیفەتەم لە لا ئاسایی بوو ، کێشەم زیاتر ئەوە بوو بڵێ خانووم دەوێ ، جا بەم شێوەیە هەستاین و دواتر وەڵاممان دایەوە کە ڕازین .

بۆیە ڕۆژی دواتر چووینەوە ماڵەی کچەکە مارەییمان دانا و هەروەها بڕیارمان دا کە بچین پشکنینی خوێن بکەین ، هاتینەوە ماڵەوە ئەم ڕۆژەیە دڵم زۆر زۆر توند بوو خۆمیش

نازانم هۆکارەکەی چی بوو ، تووشی دڵەڕاوکێ بووم ، دوودڵ ببووم ئایا ئەو کچە بخوازم یان نا ، خەم و خەفەتێکی زۆر دڵی داگرتم ، کۆتاجار دایکم پێمی ووت : گەر دڵت ئەم کچەیە ناگرێ وەرە هەر لەئێستاوە با یەکلایی بکەینەوە نەوەک دواتر مارەی بکەیت و دواتر تووشی جیابونەوە ببن ، منیش ووتم نامەوێ ، بە شەرمەزارییەوە وەڵامی ماڵەکەیان دایەوە کە نامەنەوێ ، منیش هەر لەسەرەتاوە ئەم کچەیە لەڕوی جوانیەوە نەکەوتە دڵمەوە بەڵام لەڕوی دین و ڕەوشتەوە هەڵمبژارد.

چونکە **پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ : تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ لِأَرْبَعٍ : لِمَالِهَا ، وَلِحَسَبِهَا ، وَجَمَالِهَا ، وَلِدِينِهَا ، فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يَدَاكَ . رواه البخاري٥٠٩٠**

ژن دەخوازرێ بۆ چوار مەبەست ، بۆ ماڵ و سامانی ، بۆ بنەماڵە و نەژاد ، بۆ جوانی ، بۆ دین و ڕەوشتی ، جا تۆ دینەکە هەڵبژێرە ، دەستت بە خۆڵدا بچێ گەر دینەکە هەڵنەبژێری.

جا بۆیە منیش ووتم لەبەر دین و ڕەوشتەکەی ئەو کچە دەخوازم ، بەڵام دواجار دڵم لەسەری نەوەستا.

بێگومان منیش مەبەستی سەرەکیم لەژنهێنان ئەوە بوو کچێکی وا بێنم کە لەگوناهوتاوان بمپارێزێ و ئارەزووی نەفسم ڕابگرێ ، **ئیمامی غەزالی دەفەرمووێ : گەر زانیت ئارەزووی نەفست نەوەستا پێویستە لەگەڵ دین و ڕەوشتەکە داوای جوانیش بکەی.**

بێگومان جوانیەکی وا بێ کە ببێتە مایەی ڕاگرتنی ئارەزووی نەفست ، چونکە کچیش زۆر جوان بێ دەبێتە مایەی فیتنە بەردەوام خەڵک چاوی لەسەر دەبێ و کێشەت بۆ دەنێتەوە

(مەرجەکانی هاوسەرگیری)

لە پڕۆسەی هاوسەرگیری دین و ڕەوشت مەرجی سەرەکین بەهیچ شێوەیەک نابێ دەستبەرداری بی ، ئینجا لەگەڵ دین و ڕەوشت مەرجەکانی تر دەبێ بەشێوەیەکی وا هەڵبژێری کە گونجاوبێ بۆت ، من هەر دەمووت یەکێک بێ زانست خواز و زیرەک بێ .

بەڵام شتی وا نیە کچێک هەبێ هەموو سیفەتە جوان و چاکەکانی بەدڵی تۆ لێی کۆببێتەوە ، هەیە دیندارە بەڵام زیرەک نیە ، هەیە زیرەکە بەڵام دیندار نیە ، هەیە جوانە دیندارنیە ، جا هەریەکەو بە جۆرێکە .

(ئەوەی بەدوای هاوسەرێکی کامڵ بێ ، بێ هاوسەر دەمێنێتەوە)

ئەوەی بەدوای یەکێکی کامڵ و تەواو بێ ئەوە هەتا هەتایی بێ هاوسەر دەمێنێتەوە ، بۆیە دەبینی کاتێ لەسەرەتا گەنج چ کوڕ چ کچ کە دەیەوێ پرۆسەی هاوسەرگیری بکات زۆر لە خۆڕازییە بەهەموو کەسێک ڕازی نابێ دەڵێ کچێکم دەوێ باریک و جوان و چاو شین و قژ درێژ ، یان زیرەک یان فەرمانبەر یان پزیشک بێ ، بەهەمان شێوە کچی لەخۆ ڕازیش پیاوێکی جوان و دەوڵەمەند یان پزیشک دەوێ بەڵام دواجار کە بەدوای ئەو سیفەتانە دەگەڕێ کەس نایخوازێ بێ مێرد و بێ ژن دەمێنێتەوە ، بۆیە دواجار ناچار دەستبەرداری هەندێ لەمەرجەکانی دەبێ ئینجا دەتوانێ هاوسەرگیری ئەنجام بدات.

(دایک و باوک دەبنە هۆکاری مانەوەی کچی خۆیان)

زۆرجاریش دایک و باوکی دەبنە هۆکاری مانەوەی کچی خۆیان ، کوڕ ڕێک و پێک و دیندار و جوان دەچێتە داوای کچیان ، دایکە لەبەر خۆشەویستی دڵی کە نایەوێ دەستبەرداری کچی بێ ، بۆیە دەڵێ کچمان بچوکە دڵم ناهێت بەمێردی بدەم .

جا کچی داماویش جاری وا هەیە لەدڵەوە حەزیشی بە مێرد کردنە ، شەرمیش دەکات بڵێ مێردم دەوێ ، چونکە لەناو کۆمەڵگەی ئێمە عەیبە کچ داوای مێرد بکات ، لەکاتێکدا کە شەرعیە کچیش داوای پیاوێکی چاک بکات بۆخۆی ، هەروەکو خاتوو خەدیجە لەڕێگەی نفیسة داوای لە پێغەمبەر کرد ﷺ کە داخوازی بکات و مارەی بکات.

(ئیمامی عومەر بۆ کچەکەی بەدوای زاوایەکی چاک دەگەڕێ)

زۆر کارێکی چاکە باوک بۆ کچەکەی بەدوای زاوایەکی چاک بگەڕێ هەروەکو ئیمامی عومەر حەفسەی کچی دوای ئەوەی کە مێردی مرد ، چووە لای ئیمامی عوسمان دوای وەفاتی ڕوقیەی هاوسەری کە کچی پێغەمبەر بوو ﷺ ئیمامی عومەر ووتی وەرە کچەکەی خۆمت لێ مارە بکەم ، ووتی لەو ڕۆژانە بەتەمای ژنهێنان نیم ، جا ئیمامی عومەر چووە لای ئیمامی ئەبوبەکر ووتی کچەکەی خۆمت لێ مارە دەکەم ئیمامی ئەبوبەکریش وەڵامی نەدایەوە .

جا لەڕیوایەتێکدا هاتووە کە ئەم ڕووداوە گەیشت بە پێغەمبەر ﷺ ، **پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی : ئەی عومەر زاوایەکی لە عوسمان باشترت بۆ ببینمەوە ، خەزورێکی**

لەتۆش باشتر بۆ عوسمان ببینمەوە ، ئیمامی عومەر فەرمووی : بەڵێ.

جا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : حەفسەی کچی خۆت لەمن مارەبکە ، منیش ئوم کەلسومی کچم لە عوسمان مارە دەکەم.

جا ئیمام عوسمان بەتەمای کچەکەی پێغەمبەر بوو ﷺ ، بۆیە کچی ئیمامی عومەری نەویست ، ئیمام ئەبوبەکریش فەرمووی گوێم لێبوو پێغەمبەر ﷺ باسی حەفسەی دەکرد ، منیش نەمویست نهێنی پێغەمبەر ﷺ ئاشکرا بکەم ، بۆیە وەڵامی ئیمامی عومەری نەدایەوە . فتح الباري ب٩ ل ٢١٩ -٢٢٣

(داخوازی ئەو کچەی بێ ئاگایە کە کوڕەکە خۆشی دەوێ)

زۆرجار کوڕێک کە دەبێتە عاشقی کچێک ، جا ئەم کچەیەی لەخولێکی هاوینە ئەوی بینیوە یان لەخوێندنگە یان لە پەیمانگا و زانکۆ جا کوڕە کە داوای دەکات و بۆی دەچێتە پێش هەندێ جار هەر لەسەرەتاوە کچەکە ڕازی نابێ ، چونکە کچە داماوەکە ئاگاداری هیچ نیە ، ئەو بەنیازی عاشقی لەگەڵ کوڕەکە نەبووە .

بەڵام کوڕەکە بەردەوام بووە لەگەڵ ئەم کچەیە وەکو کەسێک ماددەی هۆشبەر بخوات و ڕۆژ بەڕۆژ ئاڵوودەبوونی پێ زیاتر بێ ، ئەوەش بەم شێوەیە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دڵی هۆگری بووە ، ئینجا دواجار کچە ڕازی نابێ و دڵی دەشکێ .

بۆیە باشتر وایە کە تووشی عاشقایەتیش بووی هەر لەسەرەتاوە ببڕێنیتەوە بەشێوازێکی شەرعی داوای بکەیت ، ئینجا کە زانیت ڕازی نابن ، زوو دەستبەرداری ببە و لەدڵی خۆتی مەهێڵەوە ، چونکە گەر لەگەڵی بمێنیتەوە بە ئەندازەی مانەوەت لەگەڵی و قسەکردن لەگەڵی دڵت دەشکێ .

هەندێ جاریش کە ئەم کوڕە داماوە کە داوای کچە دەکات ، دایک و باوکی کچەکە توڕەدەبن و دەڵێن مادام عاشقی بووە هەرگیز کچی خۆمانی پێ نادەین ، وەکو ئەوەی **دەڵێن باشە کچت نادەیتە کەسێک کە خۆشی دەوێ ، ئەی دەیدەیتە کەسێک خۆشی ناوێ** ، جا ئەم گەنجەیە شێت و هار دەبێ و دەڵێ هەرگیز ژن ناهێنم یان ئەوە یان کەسی ترم ناوێ ، بۆیە **پێغەمبەرمان** ﷺ **دەفەرمووێ : إِذَا جَاءَكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ ، وَخُلُقَهُ فَأَنْكِحُوهُ ، إِلَّا تَفْعَلُوا تَكُنْ فِتْنَةٌ فِي الْأَرْضِ ، وَفَسَادٌ . رواه الترمذي ١٠٨٥**

گەر کەسێک هاتە خوازبێنی کچتان ، ئێوەش لە دین و ڕەوشتی ڕازی بوون ئەوە کچەکەی خۆتانی لێ مارەبکەن ، گەر لێی مارە نەکەن دەبێتە فیتنە و خراپەکاری لەسەر زەوی.

بەڵێ بێگومان فیتنە و ئاژاوەی گەورەی بەدوا دێ ، بەتایبەتی کوڕ و کچێک عاشقی یەکتری بن و دایک وباوکیش ڕازی نەبن ، جا هەیە دواتر کچە بەدوای کوڕەکە دەکەوێ ، هەشە حاشا لەکچەکەیان دەکەن ، هەشە دەیکوژن ، دوژمنداری و ناخۆشیش ڕوودەدا ، جا هەشە کوڕەکە شێت دەبێ یان هەتا دەمرێ ژن ناهێنێ .

جا هەشە کچەکە بەناچاری دەدەنە کوڕێکی تر ، ماوەیەک لەلای دەبێ مناڵیشیان لەیەکتری دەبێ ، بەڵام دواتر دەبێتە شەڕ و ناکۆکی لەنێوانیان یان کچەکە دووبارە دەست دەکاتەوە بە قسە لەگەڵ ئەو کوڕەی عاشقی بووە ، جا مێردەکەی تەڵاقی دەدا و بەم شێوەیە ئەم مناڵانەش دەربەدەر دەبن .

جا دایک وباوکی چاک ئەوەیە هەر لەسەرەتا ئاگاداری کوڕ و کچی خۆی دەبێ پێش ئەوەی بکەونە نێو داوی عیشقەوە ، بەڵام کە ڕێگەی لێ نەگرت و ئازادی ڕەهای پێدا لەهەموو ڕویەکەوە کچەش کە عاشق دەبێ تازە دەبێ دان بەهەڵەی

خۆت بێنی و ڕازی بیت بەوەی کچی تۆ بۆ ئەو کوڕەیە بێ کە عاشقی بووە ، تازە کارەکە هاتووە ، بەم شێوەیە تا فیتنە و ئاژاوەیەکی گەورەتر بکوژێنیتەوە.

(ئەو کوڕەی بە عیشقی کچێک بوو بە دوژمنی دایکی)

ڕۆژێک بیستم لەماڵەوە باسیان کرد فلانە کوڕە ژنی بۆ مارە دەکەن ووتیان : عاشقی کچێک بووە ، کچەکە دراوسێی خۆیانە ، ئەوانیش وادیارە بە باشیان زانیبوو هەر لەیەکتری مارەبکرێن باشترە پێش ئەوەی کارێکی نابەجێ ڕووبدات ، مارەیان کرد .

ئینجا دوای ساڵێک هەر لەماڵەوە بیستم ووتیان : ئەو کوڕەیە کچەکەی تەڵاق داوە ، ووتم بۆچی لەبەرچی ، ووتیان دایکی کوڕەکە ووتبوی یان من یان ئەم کچەیە ، هەرگیز نابێ ببێتە بووکی من ، بەزۆری کچەکەیان بە کوڕە تەڵاقدا ، جا ووتیان ئێستا کوڕە چووەتەوە ماڵی باپیری لە دایکیشی توڕەبووە و هەروەها دەڵێ هەرگیز ژن ناهێنم تەنها ئەو کچەیە نەبێ نامەوێ.

(داخوازی کچە سناپەکە)

لەماڵەوە دانیشتبووم ئەمجارە باوکم هاتەوە ووتی کچی فلانی باپیری پێمی ووتوە ، کچێکی چاکە و لە پەیمانگایە ، جا پێش ئەوەی بچین چاومان پێی بکەوێ ، خزمێکمان لەڕێگەی هاوڕێیەکی کچەکە چەند وێنەیەکی ئەو کچەی بۆ وەرگرتم لەڕێگەی بەرنامەی سناپەوە ، جا کچی داماوی سەردەمیش بەم سناپە ژیانی خۆیان وێران کردووە ، وێنەکان هەمووی سەر ڕووت بوون ، منیش ووتم نامەوێ بۆمن نابێ .

کچی داماو زۆرجار بەم سناپە ژیانی خۆیان وێران دەکەن ، ژن هەبووە مێردی خۆی هەبووە لەڕێگەی سناپەوە قسەی لەگەڵ خەڵک کردووە تا وای لێهاتووە لە مێردەکەی جیابۆتەوە ، یان وێنەی خۆی بۆ هاوڕێیە کچەکان دەنێرێ لەڕێگەی هاوڕێکەی وێنەکەی لەلای مێرد و براکانی هاوڕێکەی دەبینرێ ، یان وێنە و پارچە ڤیدیۆیەک دەگرێ بەدەستی خۆی ، خۆی دەخاتە نێو کێشەوە.

(وەسوەسەی هاوسەرگیری)

زۆرجار کورِ و کچ لەم قۆناغەیە دەکەونە نێو وەسوەسە و دڵەڕاوکێی زۆرەوە بە تایبەتی کچ بەردەوام دەڵێ دەبێ چ مێردێک ببێتە قسمەتم دەبێ چۆن بێ ، خودایە تەنها هاوسەرێکم دەوێ ئەوها و ئەوها بێ ، جا کاتێ کوڕێک دەچێتە داوای هەر دەڵێ بەڕێی بکەم هەر بەدوای یەکێکی باشتر دەگەڕێ ، جا کچیش کە گەیشتە تەمەنی گەنجی و لاوی وازی لێناهێنن کوڕی عەباس و قادری هەموو دەچنە داوای جا گەر مێردیش نەکات هەتا دەمرێش لەتەمەنی چڵ پەنجاساڵیش پیاوی ژن مردوو یان پیاوی تەمەن گەورە بەردەوام دەچنە داخوازی یان تا مردن هەر لەنێو ئەم ترسەی پڕۆسەی هاوسەرگیری دەمێنێتەوە .

(ئومێد و هیوا)

ئینجا ئومێدم زۆربۆوە بە خودای گەورە وەکو ئەوەی ئیلهامێک بێتە دڵمەوە پێمی دەووت بگەڕێ بەدوای ژن دەیدۆزیتەوە ، ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر یعقوبم بەیاد هاتەوە .

(يَا بَنِيَّ اذْهَبُوا فَتَحَسَّسُوا مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَيْأَسُوا مِن رَّوْحِ اللَّهِ إِنَّهُ لَا يَيْأَسُ مِن رَّوْحِ اللَّهِ إِلَّا الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ) يوسف (87)

(دوای چەند ڕۆژێك یەعقوب فەرمانیدا بەکوڕەکانی) و وتی : کوڕەکانم بچنەوە و گویٚ هەڵخەن بۆ یوسف و براکەی ، لە سۆزو میهرەبانی خودایش نائومێد مەبن ، چونکە بە ڕاستی کەس نائومێد نابێت لە سۆزو میهرەبانی خوا جگە لە کەسانی خوانەناس و بیٚ باوەڕ.

جا کۆتاجار لەڕێگەی خزمێکمانەوە پێمانی ووت کە کچێکیان دۆزیوەتەوە ، جا ووتیان ئەم شەو دەچین چاومان پێیان دەکەویٚ ، دایک و باوکم زۆر پەلەیان بوو نەوەک من یان کچەکە پەشیمان ببینەوە ، جا منیش لەوانەی پێشتر پەند و وانەم وەرگرتبوو ، لەو قۆناغەیە دەرچووم کە دڵم ئاڵوودەی کچێک بکەم کە تەنها باسی دووسیٚ سیفەتیم بۆ بکەن ، بۆیە زۆر بە ئاسایی وەرمگرت.

(داخوازی ئەو کچەی بوو بە هاوسەری ژیانم)

دوای ئەوەی خزمەکەمان کچێکی بۆ دۆزینەوە ماڵەوە ووتیان دەبێ هەر ئەمشەو بچین ، منیش ووتم با شەوێکی تر بچین ، چونکە ئەمشەو خولێکی کتێبی اربعین نووي چڵ فەرموودەکەمان هەیە ، دەبێ هەر بچم ، جا ووتیان شەو درێژە برۆ بخوێنە و دوای خولەکە دەچین ، لەم لاوەش کچەی داماو خەریکی چاوەڕوانیە ، بێگومان کچیش کاتێ دەڵێن کوڕێک دێتە خوازبێنیت دڵی لەسەد لێدەدا .

بەخێر چووینە ماڵەکە ، ماڵێکی سادە و ساکار و باش و ڕێک و پێک ، باوکی کچە و برایەکی و هەروەها زاوایەکیان دانیشتبوون ، ئێمەش من و باوکم و برام لە ژوورەوە دانیشتبووین ، هەروەها لە هۆڵەکەش دایکم و پوورم لەگەڵ ژنەکان دانیشتبوون .

جا لە کۆڕ و مەجلیسی پیاوە بەتەمەنەکان باسی هەموو شتێکە تەنها باسی هاوسەرگیری نەبێ ، لەسەربازی وامان دەکرد و وابووین و بێگومان هەر پاڵەوانی فلیمەکەن ، لەناو ژنانیش ماوە ماوە گوێبیست دەبووم دایکم قسەی دەکرد بۆیان و باسی منی دەکرد کە من کەسێکی دیندارم و

هەروەها دایکم دەیوت بێتە ماڵی ئێمە ناچێتەوە و میوە لەماڵمان تەواو نابێ ، ژن بۆ ئەم بابەتانە پسپۆڕن.

جا کاتی ئەوە هات هەڵبستم بچم لەگەڵ کچەکە دابنیشم ، ناوم هاتەوە لە سەربازی ئینجا منیان بردە ژووری دواوە ، کچەکە و دایکی کچەکە و هەروەها دایکمیش هاتنە ژوورەکە سەرەتا ئەوان قسەیان دەکرد ، جا منیش زۆر باسی خانووم دووبارە دەکردەوە کە توانای خانووکردنم نیە ، جا دایکی کچەش هەر دەیووت نا خانوومان ناوێ ، چەند جارێک دووبارەم کردەوە ووتی ئێمە وا دەڵێین نامانەوێ تۆ بۆ وا وەسواسی.

سبحان الله چونکە ویستی خودای لەسەر بوو هەروەکو **دایکم هەموو جار دەڵێت گەر کچ و کوڕ قسمەتی یەکتری بن دەممیان لاڵ دەبێ** و خودا بۆیان ڕێکدێخێ ، ئەمەش بەم شێوەیە هەموو مەرجەکان گونجاو بوو .

ئینجا ووتیان با کچە و کورە بە تەنها بمێننەوە قسەی خۆیان بکەن ، ئینجا دایکی کچە و دایکم چوونە دەر ، ئینجا دەستبکە بە پێداهەڵدان و باسکردنی خۆت ، من کەسێکم ئەو کارەم و وا دەکەم و جگەرە ناکێشم و وام و وام ، ئەم

کچەش هەر پێدەکەنی و بە زمانی جەستەش وا خوێندمەوە کەسێکی سادە و بێ لایەنە و دڵ سادەیە .

ئینجا کۆتاییمان پێهێنا و هاتینەدەر ، هەستاین و گەڕاینەماڵەوە جا هەر بۆ شەوەکەی بڕیارم دا کە ئەو کچەم دەوێ

(مارەیی دانان)

ئینجا مارەییەکەشمان دانا ، مارەیی دەبێ بدرێتە ژنەکە هەروەکو **خودای گەورە دەفەرمووێ : وَآتُوا النِّسَاءَ صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً فَإِن طِبْنَ لَكُمْ عَن شَيْءٍ مِّنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ هَنِيئًا مَّرِيئًا) النساء(4)**

مارەیی ئافرەتان بدەن بەوپەڕی دڵفراوانی و ئاسوودەییەوە ، خۆ ئەگەر بەئارەزوو ویستی خۆیان دەستیان هەڵگرت لە هەندێک مارەیی و بەخشییان بەئێوە ، ئێوە بۆتان هەیە بیخۆن و بەکاری بهێنن و بەبێ دوودڵی نۆشی بکەن (سوودی لێ وەربگرن)

کەواتە مارەیی هەرشتێک کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ بێ دەبێ بۆ مارەیی تەنانەت گەر ئەنگوستیلەیەکی ئاسنیش بێ ، جا سونەتە مارەیی کەم دابنرێ ، جا هی ئێستاش کچەکان لەبەر شەرمی خەڵک بە مارەیی کەم ڕازی نابن چونکە دواتر گاڵتەیان پێدەکرێ ، لەلایەکی ترەوەش دواتر کچەکە ڕێز و

بەهای نامێنێ مێردەکە بوێری ئەوەی دەبێ تەڵاقی بدات و بچی ژنێکی تریش بە هەرزان مارە بکات ، بۆیە ئەم هۆکارانەش ئێستا وا دەکات مارەیی زۆر دابنرێ.

(ڕاگەیاندنی هاوسەرگیری)

چووینە دادگا و مارەبڕینەکەمان کرد ، ئینجا ووتمان ڕۆژی هەینی مەلا دێنین لەماڵەوە بەشێوەی شەرعی مارەبڕینەکە دەکەین.

لەماڵەوە دوای نوێژی عیشایە لەماڵەوە دانیشتووین ، ئینجا چۆن ژنەکە بگوازینەوە و چی بکەین و چی نەکەین ؟ باوکم ووتی : بانگی خزمەکان دەکەین .

منیش ووتم : نەخێر نامەوێ کەس بەهۆی منەوە ئازاربچێژێ ئینجا ڕوداوی هاتوچۆ ڕووبدات ، یان هەر کێشەیەکی تر ڕووبدات هەمووی لەسەر من هەژمار دەکرێ ، من دەمەوێ بە نهێنی ژنەکە بگوازمەوە و کەس نەیزانێ .

باوکم حەزی بە قەرەباڵغی بوو و حەزی دەکرد هەموو خەڵکێک بزانێ کە ئێمە ژن دەهێنین ، منیش پێچەوانەی ئەو حەزم دەکرد کەس نەزانێ ، هەرچەندە ڕاگەیاندنی

ئەوەی کە ژنت مارەکردووە کارێکی چاکە چونکە **پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ :**

أَعْلِنُوا هَذَا النِّكَاحَ ، وَاجْعَلُوهُ فِي الْمَسَاجِدِ ، وَاضْرِبُوا عَلَيْهِ بِالدُّفُوفِ. رواه الترمذي ١٠٨٩

واتە : ئەم ژن هێنانە ڕابگەینن و خەڵک بیزانێ ، وە هەروەها بیانبەنە نێو مزگەوتەوە ، دەفیانیش بۆ لێبدەن.

جا منیش لەفەیس بووک بڵاوم کردەوە کە ژنم مارەکردوە ، ئەوەش بۆ ئەوەی هەرکاتێ کەسێک لەشوێنێک کە دەتبینێ دەستی کچێکت گرتووە و پیاسەی لەگەڵ دەکەی گومانی خراپت پێنەبات بزانن کە تۆ ژنت هێناوە .

منیش ووتم مارەکردنەکە کە لەلای مامۆستای ئاینی مارەدەکرێ با هەموو خزمەکان بێن ، بەڵام بۆ گوازتنەوەکە با بەبێدەنگی بێت .

دڵم توند بوو ، هەستم پێکرد دووبارە وەکو بابەتی دامەزراندنەکە چاوەزار و حەسوودی کاری کردەوە ، چونکە کاتێ کارێکی گەورەی خۆت لەیەک کاتدا خەڵکێکی زۆر پێی دەزانێ زۆرجار تووشی چاوەزار و حەسوودی دەبی ، ئینجا هەیە لەخۆی کاردەکات ، هەیە کێشەی تری بۆ دروست دەبێ ، سەردەمێکی پڕاوپڕ لەکێشە و ئاژاوەیە ،

خەڵکی ئێستا بەگشتی حەسوودە و حەزی پێنیە تۆ لەو باشترت هەبێ ، بەردەوام چاوەڕێی ئەوەیە تۆ بکەوی ، تۆ ژیانت تێکبچێ ، بۆخۆی کاتێ هەڵەیەکی هەیە یان لەنێو کێشەیەکە سەد عوزری بۆخۆی هەیە ، بەڵام بۆ هەڵە و کێشەی تۆ هیچ عوزرێکی نیە.

دواجار منیان ڕازی کرد کە ڕازی بم لەڕۆژی گواستنەوە خزمەکان بانگهێشت بکرێن ، بێگومان گەر خواردنیش ئامادە بکرێ بۆ بووک گواستنەوە جا ڕۆژێک پێشتر یان لەدوای گواستنەوە یان هەمان ڕۆژ سونەتی پێغەمبەرمانە ﷺ، هەروەکو **پێغەمبەرمان ﷺ بە عبدالرحمان بن عوفی فەرموو : أَوْلِمْ ، وَلَوْ بِشَاةٍ . رواه البخاري٢٠٤٨**
زیافەتی بووک گواستنەوە بکە ئەگەر بە مەڕێکیش بێ.

(ژن مارەکردن)

ڕۆژی هەینیە بڕیارە دوای نوێژی هەینی بەڕێبکەوین بچینە ماڵی بووک و تا مارەبڕینەکە ئەنجام بدەین ، ئینجا مامۆستای ئاینی و خزمەکان هەموومان پێکەوە بەڕێکەوتین ، چووینە ماڵی بووک ، بێگومان منیش زاوام و خۆم قۆز و جوان کردووە ، دوای ئەوەی هەموو دانیشتن و ژوورێکیان ئامادەکرد بۆ مارەبڕینەکە ، بانگیان کردم کە

بچین بۆ مارەبڕینەکە من و باوکم و ئامۆزایەکی باوکم و هەروەها برایەکی بووکەکەش ئەوانە بۆ شاهێدی ، خۆی دوو شاهێدی پێویستە بەڵام شاهێدێک هەر وا بۆ دڵنیایی ، هەروەها باوکی بووکەکەش هات کە وەلی ئەمری کچەکە بوو ، مامۆستا ئاینیەکەش بۆ فێرکاری مارەبڕینەکە ، ئینجا چووین دانیشتین .

مامۆستاکە سەرەتا بانگی کچەی کرد تا بە باوکی بڵێ تۆم ئیزن دا من مارەبکەی لەم کوڕەیە ، ئیزنی کچە بەم شێوەیە زۆر گرینگە بە تایبەتی بۆ سەردەمی ئێستامان ، ئینجا ئیزنی باوکی دا ، کچەکە چوو دەرەوە .

ئینجا منیش بەرامبەر باوکی کچەکە واتە خەزوورم دانیشتم ، شاهێدەکانیش دانیشتن و گوێبیستی قسەکان بوون چونکە شاهێد نابێ کەڕ بێ و دەبێ ئاگاداربێ چی دەڵێن .

ئینجا مامۆستا ووتی تۆو خەزوورت دەستتان بکەنە ناو دەستی یەکتری ، دەستمان کردە ناو دەستی یەکتری ، ئینجا دەستی کرد بە بسم الله و الحمدلله و سەڵاوات لێدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ ، ئینجا بە خەزوورمی ووت بڵێ کاک فلان ئەوە کچی خۆم لەتۆ إنکاح کرد واتە کردمە ژنی تۆ (، بڵێ تزویجم کرد لەتۆ) واتە جووتم کرد لەگەڵ تۆ

بەمارەیی ئەوەندە و هەروەها مۆخرەش ئەوەندە میسقاڵ زێڕەیە.

ئینجا بەمنی ووت کە زاوامە وەڵامی بدەوە ، بڵێ : مام حاجی ئەوە کچی تۆم قبوڵ کرد بە إنكاح واتە بەژن بۆخۆم (هەروەها بڵێ تزویجم کرد) واتە بەجووت لەگەڵ خۆمدا بەوەندە مارەییە پێشەکی و ئەوەندە مارەییە مۆخرەیەش.

سێ جار بۆ دڵنیایی پێمانی دووبارە کردەوە.

ئینجا ووتی پیرۆزە دەستی خەزوور و باوکت ماچ بکە ، ئینجا هاتینە دەر ، یەکە یەکە تۆقەم لەگەڵیان کرد و پیرۆزباییان لێکردم و شیرینیان خوارد.

ئینجا ناوم لە سەربازی هاتەوە ژنەکان بانگیان کردم بۆ ئەوەی بچم وێنە لەگەڵ بووکە خان بگرمەوە ، ئینجا ژن چەندە بە وردەکارین ، بێگومان بە وێنەیەک ڕازی نابن یەک لەدوای یەک هاتن وێنەیان گرت ، جا مرۆڤ کاتێ خەڵکێکی زۆر لەیەک کات وێنەی لەگەڵ دەگرن ماندوو دەبێ نازانێ سەیری کام کامێرا بکات ، یەک تەواو دەبێ یەکێکی تر دێت .

ئینجا ووتیان بچین لە پاڕکێک شوێنێکی گشتی هەندێ وێنەی تر بگرین ، زاوا نابێ قسە بکات ، هەرچی بووکە بڵێ

دەبێ بڵێ بەسەرچاو ، زاوا سەرەتا خۆی دەکاتە پیاو تا ژنەکەی پێبدەن ، ئینجا دواجار ڕوی ڕاستەقینەی بە تەواوی دەردەکەوێ ، بوک و زاوا سەرەتا بێگومان ڕوخۆش و دەم بەخەندەن و ڕێزی لەیەکتری دەگرن ، چونکە شتی نوێ هەر وایە ، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ کە لەگەڵ یەکتری ژیان کۆندەبێ ، هەموو نهێنی یەکتر دەزانن و شەرم لەنێوانیان نامێنێ ، ئەو ڕێزەیە نامێنێ وەکو بۆ کەسێکی کە سەرەتا دەیناسێ ، ئینجا کۆتایی هات و وێنەمان گرت و گەڕاینە ماڵەوە.

ئینجا ڕۆژی هەینی بوکمان گواستەوە .

(هیچ هەڵبژاردنێک لەژیان وەکو هاوسەر هەڵبژاردن گرینگ نیە)

هیچ شتێک لەژیان وەکو هاوسەر هەڵبژاردن گرینگ نیە لە ژیان ، چونکە شتەکانی تر دەتوانی بفرۆشیتەوە گەر بە دڵت نەبێ ، بەڵام ژن هەموو ڕۆژێکە ناتوانی لێی جیاببیتەوە ، هاوسەر واتە هەمان سەرن بۆ یەکتری .

هاوبەشی ژیان واتە کاتێ تۆ چۆن فرۆشگایەکت هەیە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەو بەبێ ئەو نابێ لەخۆتەوە شت بە قەرزبدەی یان لێی بخۆی بەهەمان شێوە ئەو هاوسەرە

دەبێتە هاوبەشی ژیانت ، بێگومان لەلای ناخۆشە ببینێ تۆ کاری خراپ ئەنجام بدەی ، ڕەخنەت لێدەگرێ ، ئینجا لێت تورە دەبێ ، ئینجا دەکرێ زیزبێ لێت .

ئەوە وەکو دایک و خوشک نیە وەکو ئەو کاتەی سینگڵ بووی دەچوویە دەرەوە و دەهاتیەوە کەسیان قسەیان نەدەکرد و نەیاندەووت تۆ هیچ لەلامان نەبووی ئەمڕۆ ، بەڵام هاوسەر ئەو قسانە دەکات ، کەسی سینگڵ واتێدەگات ئەوەی ژیانی هاوسەرگیری پێک هێناوە ژیانی خۆشترە لەو ، ئەوەی هاوسەرگیریشی کردووە پێی وایە ئەوەی سینگڵە ژیانی خۆشترە لەو ، ژن کورتکراوەی ژیان و ژانە جا بێگومان ژنی چاک ژیانە وەکو هاوڕێی چاک ، ژنی خراپیش ژانە ، کەواتە مرۆڤ دەبێ زۆر گرینگی بە هەڵبژاردنی هاوسەرێکی باش بدات بۆ ژیانی.

(کۆتایی)

بەم شێوەیە ژیانی هاوسەرگیریم پێک هێنا و ئەو گەنجەی هۆگری ببووم لە پەیمانگا ماوەیەک دڵی خۆم لێ بەدوورکردەوە و لێی دابڕام هەرچی خزم و کەسی ئەویش بوون بەهەمان شێواز بەڵام دواجار پارێزەکەم شکاند و

دەستم کردەوە بە قسە لەگەڵیان بەڵام بە شێوەیەکی کەمتر .

ئەم گەنجەیەش خۆی کە لەسەرەتای قۆناغی یەکەمی پەیمانگاوە عاشقی کچەکە ببوو ، دواجار دوای حەوت ساڵ کۆتایی بە عیشقەکەیان هات و ئەو گەنجەی هۆگری ببووم هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێکی تر کرد ، دوای حەوت ساڵ هەموو فایلی ژیانی خۆیان خستە بەردەستی یەکتری چی دەخۆن و حەزیان لەچیە و لەچی نیە ، دواجاریش بەو ئاسانیە دەستبەرداری یەکتری ببن .

بە تایبەتی بۆ کچ دەبێ چەندە ناخۆش و سەخت بێ ، متمانە بەکوڕێک بکات و فایلی ژیانی خۆی بەتەواوی لەبەر دەستی دابنێ و هەرچی هەست و سۆز و خۆشەویستیە بۆی دەربڕێ و دواجاریش کوڕەکە نەیخوازێ ، دەبێ ئەم کچەیە چۆن بتوانێ هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێکی تر ئەنجام بدات ؟

ئەی گەنج و لاوە خۆشەویستەکان ئەوەیە ژیانی عاشقان کۆتاییەکەی هەر دڵ شکانە ، چەندە زووتر دەستبەرداری عیشق و کارە هەڵەکانی تەمەنی لاویت ببیت هەر کەمە ،

چونکە گوناهوتاوان زوو یان درەنگ هەر کۆتاییەکەی دەبێ باجەکەی بدەی.

قۆناغی بێ کاری و قۆناغی عیشق و هەرزەکاریم تێپەڕاند ، ئەقڵمیش بەرەو پێشتر چوو و توانیم لەسەر ئارەزووی نەفسم زاڵ ببم .

بۆیە ئەوەی لەتەمەنی بیست و سێ و بیست و چوار و بیست و پێنج کە ژن دەهێنێ زیاتر دەتوانێ بەسەر ئارەزووی زاڵ بێ و بە ئەقڵەوە هاوسەرێکی باش هەڵبژێرێ ، بەڵام ئەوەی لەتەمەنی هەرزەکاری زۆرجار بەئارەزوو و عیشق دەیهێنێ ، ئەقڵ لەسەری نیە ، هەروەها دەشکرێ عاشقی چەندانی تریش بێ هەتا گەورە دەبێ ، بەڵام ئەوەی بەهەرزەکاری تێدەپەڕێ و ئەقڵی بەرەو پێش دەچێ ئەگەری زۆر کەم دەبێتەوە کە جارێکی تر بە عاشقاتی تێپەڕبێتەوە.

خۆشەویستەکانی دڵم کردە قوربانی و خودا هاوسەری چاک و باشی پێبەخشیم ، ڕازیبوون بە قەدەری خودا و خۆ دانە دەست خودا ، وا دەکات هەموو شتێ بەدڵی تۆ بێ.

خه‌م وخه‌فه‌تمان خوارد زۆر

گریایین و فرمێسکمان ڕێژت زۆر

ووتمان ڕازی نابین زۆر

له‌کۆتایدا ودواجار هه‌ر ئه‌وه بوو

که خودا ویستی له‌سه‌ر بوو

ئه‌وه‌ی زوو به‌قه‌ده‌ری خودا ڕازی بوو

هه‌موو شتێ به‌دڵی ئه‌و بوو

هه‌رچی کارێکی له‌م گه‌ردوونه به‌ڕێوه‌ده‌چێ به فه‌رمانی الله یه بێگومان هه‌ر ئه‌ویش باشترین و میهره‌بانترینه بۆمان هه‌رگیز هیچ کارێکی بۆ خراپه‌ی ئێمه نیه هه‌مووی له‌پێناو به‌رژه‌وه‌ندی ئێمه‌دایه ، هه‌رچی له‌چاکه و خراپه ڕوده‌دات بێگومان خێری تێدایه.

(قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا) التوبة51

(ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر ﷺ بڵێ): هه‌رگیز له‌وه زیاترمان بۆ پێش نایه‌ت جگه‌له‌وه‌ی که خوا بۆی نوسیووین (هه‌رچیش بۆمان پێش دێت هه‌ر خێره بۆمان)

لەم ئایەتە پیرۆزە **نافەرمووێ : قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ عَلينَا.**

یانی هەرچی بەڵای بەسەرمان دێنێ بۆ بەرژەوەندی و چاکەی ئێمەیە نەک زوڵم و ستەممان لێ بکات نافەرمووێ علینا ، یانی بەڵایەکە دژی ئێمە بێ و لە زیانی ئێمەبێ.

بیرمان نەچێت **چەندە شتەکان درەنگتر بگەن ، جوانتر دەگەن.**

ئارامگرتن تاڵە بەڵام بەرهەمەکەی شیرینە.

لەدوای ئارامگرتن بەشێوەیەک دەرگای خۆشیت لێدەبێتەوە ، شەرمەزاری خودا دەبیتەوە ، دڵنیابە تۆ چەندە ناخۆشی و کێشەت هەبێ لەلایەکی تر هەر خۆشیت هەیە ، چونکە ژیانی دونیا کامڵ نیە نە بەشێوەیەک ئەوەیە بڵێی سەد لەسەد ناخۆشیە ، نە بەشێوەیەکیش سەد لەسەد خۆشیە ، ئەوە ژیانی دوارۆژ وایە یان بەهەشت یان دۆزەخە ، بەڵکو ژیانی دونیا هەروەکو **خودا دەفەرمووێ : فَإِنَّ مَع العُسرِ يُسراً) الشرح5**

لەگەڵ تەنگانە و ناخۆشی ، خۆشی و ئاسوودەیی هەیە.

لەلایەک کوێری بەڵام لەلایەکی تر هێزی بیرکردنەوەیەکی بەهێزت پێدراوە ، بەیەکێکی تر نەدراوە ، زیرەک نیت لەلایەکی تر هێزێکی جەستەییت پێدراوە ، هەرکەسەو بەجۆرێک هیچ کەس کامڵ نیە.

گەنج و لاوە ئەزیزەکانم ، خۆشەویست و دۆستانم ، با هەرگیز لەبیرمان نەچێت ئەم ئایەتە پیرۆزەی خودای میهرەبان ، با هەتا ماوین لەژیان بکەینە ئەڵقەیەک بخەینە گوێمان ، **خودای میهرەبان دەفەرمووێ : وَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَىٰ أَن تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) البقرة٢١٦**

لەوانەیە شتێکتان لا ناخۆش بێت کەچی خێر لەوەدا بێت ، هەروەها لەوانەیە شتێکتان پێ خۆش بێت کەچی شەڕ لە وەدا بێت ، بێگومان هەر خوا خۆی دەزانێت (خێر لە چیدایە)، ئێوە نایزانن.

ناوەڕۆک

پێشەکی 3
لەدایک بوونم 4
تەمەنی منالێم 4
خەم و خەفەتی منالێم 4
لەمنالێ تەنها یاریم دەزانی 5
ژیانی دونیا هەڵخەڵەتێنەرە 6
باڵغ بوون 7
ئاوی مەنی غوسڵ واجب دەکات 8
چۆنیەتی غوسڵ دەرکردن 9
سوڕی مانگانەی ئافرەتان 9
مذي و ودي غوسڵ واجب ناکەن 10
تەمەنی هەرزەکاریم ....10.
کاریگەربوونم بە مامۆستایەکی ئاینی 11
خەون بینین بە مامۆستا ئاینیەکە و خولیا بوونم بە ووتاردان 13
بڵاوکردنەوەی زانست .... 13.
دڵم گۆڕا لەقوتابخانەوە بۆ حوجرە و زانکۆی شەریعە......... 17
لە چل ساڵی ئەقڵ کامڵ و تەواو دەبێ .... 18.
بیرکاری و فیزیا زانستی شەیتانن ....19.

وەڕس بوونم لەخوێندنی قوتابخانە 20
قوتابی دەبێ لەگەڵ دەروونی بجەنگێ ....20.
بۆچی دەخوێنی کوا دامەزراندن ؟ ....21.
تورەبوونم لەکتێب و فەڕێدانی کتێب ....23.
دەرچوونم لە پۆلی دوازدە 24
غەشکردن و قۆپیەکردنم ....24.
پڕکردنەوەی فۆڕمی زانکۆ و گەڕانەوەی ناوم لە پەرستاری ....26.
هەموو شتێک خێری تێدایە 27
تەنیایی و دوورکەوتنەوە لە خۆشەویستان 30
وەکو کچی شووکردوو لە ماڵەوە چوومە دەر 33
دایک دووبارە بوونەوەی نییە ....33.
کارە گەورەکان بە بەڵا دەست پێدەکەن 35
چێشتەکەمان بە ساردی خوارد ....36.
کێشە و ململانێم لەگەڵ گەنجێکی بەشی ناوخۆ 37
یەکەم ڕۆژ لەژیانی پەیمانگادا ....37.
بەقسەی جوان شیرینی بکە ....38.
ژیان سەختە ....40.
پێشەکی زینا و هەڵخەڵەتاندنی شەیتان ....41.
خوێندنی پەرستاری ....44.

گفتوگۆ و موناقەشە ....45.

ترسانم لە دەرزی ....46.

بوو بەشەڕە ئاو ....47.

لەگەرماوەکە هەرچی هەبوایە بەسەرسەریان دادەکرد 47

تەمبەڵی لەبەشی ناوخۆ ....49.

پێنج شەممە جەژنم بوو و شەممەش تازیەم بوو ... ..50.

ئارەزووی ڕەگەزی بەرامبەر ....51.

نەزەری حەڕام ....52.

ئەو گەنجەی بەردەوام ناڵە ناڵی بوو ....54.

ئەو گەنجەی ووتی ژیانی زانکۆ خۆشترین ژیانە ......55.

شەیتان فێڵبازە و چەواشەکاری دەکات و بە هەنگاو بۆت دێ 57

هۆگربوونم بە گەنجێکەوە ....57.

هۆگربوون و ئاڵوودەبوون ....58.

بووم بە گاڵتەجار ....61.

دڵ و ژیانم لەگەڵ ئەو گەنجەی هۆگری بووم ......63.

لەیل و مەجنونەکانی پەیمانگا ....66.

ئەو گەنجەی هۆگری بووم بوو بە عاشق و مەعشوق.......67.

گەنج شێتە ....68.

نەخۆشی عیشق ....70.

شێتاتی تەمەنی لاویم ....71.
جگەرە ناکێشی ژیانت فاشیلە ....74.
ماڵ و ڕۆیشتن و ڕێبازت لەخەڵکی بشارەوە ....77.
پۆست وبڵاوکراوەم لەفەیس بووک......................79.
بەپێی ئاستی ئەقڵی خەڵک بدوێ ....79.
هاوڕێیەتی لە نێوان کوڕ و کچان نیە بەڵکو ئارەزووبازی هەیە لەنێوانیان. 81
بارودۆخی دڵم لەگەڵ عیشق و ئەوینەوە .... 82.
لێبووردەیی و نەرم ونیانی .... 84.
ڕق ژەهرە ....87.
خۆشەویستی شەکرە ....89.
تێڕوانین لە گەردوون ....90.
کۆتایی قۆناغی یەکەمی پەیمانگا .... 91.
بەگریانەوە ماڵئاواییان کرد .... 92.
جەژن بەعیشقەوە .... 93.
مەشقی هاوینە و چوونم بۆ شیفاخانە .... 94.
نوسینی کتێبی هەڵبژاردەیەک لەقورئانی پیرۆزدا .... 96.
کارکردنم لەشیفاخانە .... 97.
بە ورە بەرزی دەگەیتە بەرزی .... 97.
هێزی شاراوە .... 98.

هەڵەکردنم لە دەرزی لێداندا .... 100.
پەنجەی خۆم بریندار کرد .... 100.
سەیری خوارەوەی خۆت بکە .... 101.
سەدریەو جلی پەرستاریت لەبەرە و بۆ کار ناکەی ؟ .... 102.
ئامادەباشی بکە .... 103.
قۆناغی دووەمی پەیمانگا دەستی پێکرد .... 104.
غازیان پێ دزیم .... 105.
خوێندنی پەرستاری قۆناغی دووەم .... 106.
چێشت لێنان و نانخواردنمان لەبەشی ناوخۆ .... 109.
ماسیەکەمان لەنێو کەنتۆر شاردەوە .... 111.
ئارەزووی زۆر خواردن .... 112.
ژیانم لەگەڵ لەیل و مەجنونەکەی پەیمانگا .... 113.
ڕقی خۆشەویستی 114
عاشق نهێنی خۆی لە مەعشوق ناشارێتەوە ....116.
عاشق چێژ لەقسەی مەعشوق وەردەگرێ ....117.
عاشق بەیادی مەعشوق مەست دەبێ ....119.
عاشق و دوژمن زێدەڕۆیی لەقسەکردندا دەکەن ....120.
کەسی میانڕەو زێدەڕۆیی لەقسە ناکات ....121.
داهێنانم لە زمانی کوردیدا ....123.

نوسینی کتێبی عیشقی ڕاستەقینە ....124.
خۆکوشتن ....125.
ئەو ئافرەتەی ویستی خۆی بکوژێ ....126.
مرۆڤ کوشتن ....128.
پشیلەیەک چاوی زەق کردەوە بۆ کفتە ....130.
بانگهێشتکردن ....131.
شیرینیت نەهێناوە بۆمان ....132.
لێگەڕێ با عایدی خۆمان بێ ....132.
بەبێ ئیزن مەچۆ ژوورەوە ....133.
وێنەگرتنی بەبێ ئیزن ....135.
دووبارە عیشقی حوجرە و مەلایەتی ....136.
ئیلحاد و بێ باوەڕی ....137.
قورئان گەورەترین موعجیزەیە ....138.
کێ خودای دروستکردووە ؟ ....141.
سوتفە بوونی نیە ....143.
مولحید لەژیانێکی بێ مانا دەژی ....145.
زاهیان خستە نێو چایەکەمەوە ....146.
سوعبەت و گاڵتەکردن ....147.
بەرەو کۆتایی قۆناغی دووەمی پەرستاری ....147.

ئازاردان بەدەستی خۆشەویستت ....148.
دابڕان و ماڵئاوایی ....149.
مەشق کردنی هاوینەی قۆناغی دووەم ....150.
ئەو گەنجەی بزمار لەقاچی چەقی بوو ....150.
بەقاچی خۆی چوو لای دکتۆر بە هەڵگرتن هێنایانەوە ....151.
با ئەمەش تەواو بێ 152
دەستم کرد بە خوێندنی مەلایەتی ....152.
گرینگی مامۆستا ....153.
خوێندنی کتێبە شەرعیەکان ....154.
زانستی پاککردنەوەی دڵ و دەروون 155
ئیش و کار و کاسبی ....156.
سەخترین کار بۆ گەنج کاری بێ کارییە ....157.
کارەکەم جێهێشت و بەخۆم و بەرماڵەکەمەوە هاتمەوە.......... 158
چوومە دەرمانخانە بۆ فێرکاری 159
جوێن چەکی مرۆڤە لاوازەکانە 159
بەدوای عەیبی خۆت بگەڕێ ....161.
حاڵی دڵ و ڕوح لەگەڵ دەنگ و ئاوازی خۆش ....162.
پاقڵاوە فرۆشتن ....164.
قسەی خەڵک ....164.

پارەی ساختەیان پێدام ....165.
یەک جار لەدوژمن بترسە دووجار لەدۆستت بترسە ....166.
پاقلاوەی دزی ....167.
فێڵ لەفێڵ بکە ....168.
عاشق لەسەر ڕێگە و ڕێبازی مەعشوقە ....169.
هۆگربوونم بە گەنجی تازە سمێڵ هاتوو ....170.
خەم و خەفەت وەکو چیایەک دێتە پێش چاو ....172.
چاوی دڵ ....173.
شەیتان خۆی خستە سەر شێوەی مامۆستا ڕوحیەکەم ....174.
مامۆستا ڕوحیەکەم پێمی ووت ڕەش بووی ....175.
هەوڵدان بۆ دامەزراندن ....176.
پرسیاری بێ مانا ....179.
بەڵا بە ئارامگرتن سووک دەبێتەوە ....180.
شووتی فرۆشتن ....182.
بە کارو کاسبیەوە پیاوی ....183.
گەڕان بەدوای کاردا ....183.
هەوڵی خۆت بدە ، ئینجا پشتیش بەخودا ببەستە ....184.
نزا و پاڕانەوە لەخودا ....186.
لەگەرمەی خەو خودا هەواڵی خۆشی بۆ هێنام ....194.

فۆڕمی دامەزراندنمان پڕکردەوە ....195.
پێویستە هەر لەسەرەتاوە مامەڵە یەکلایی بکرێتەوە ....195.
بەخۆڕاییە پارەم ناوێ ....196.
ناوم گەڕاوە بۆ دامەزراندن ....197.
نازانین خێر لەچی دایە ....197.
تورەبووم و بارودۆخی دەروونیم تێکچوو ....198.
یەکەم ڕۆژی دەوامە و زمانی عەرەبی نازانم ....199.
خوێندنەوە و گەورەیی کتێبی إحياء علوم الديني ئیمامی غەزالی ....201.
ڕاجیاوازی ڕەحمەتە ....204.
سێ جۆری برایەتی ....208.
گرووپ و حیزبایەتی ....211.
بوومە گاڵتەجاری منالێک ....214.
ڕووداوێکی هاتوچۆ ڕویدابوو ....215.
سەگ پەلاماری منالەکانی دابوو ....216.
لەگەڵ دکتۆر بەشەڕ هاتن ....216.
دکتۆری کارێکی پیرۆزە ....218.
ئەوەی دکتۆر نەبێ نابێ کاری دکتۆری لەخۆیەوە بەبێ زانست بکات ...218.
دکتۆرەکە تورەبوو و ووتی دکتۆری ناکەم ....220.
کاری پزیشکی خاوێنیە ، ئەوەی لە خاوێنی زیاد بکات لەپزیشکی زیاد دەکات ...221.

تورەیی شێتیە ....222.

ئیمامی غەزالی گڕی ژنهێنانی خستە دڵمەوە ....224.

شەیتان کچ لەپێش چاوت دەرازێنێتەوە ....225.

ئەو پیاوەی زینای کرد و دواتر تفی لەکچەکە کرد ....226.

خۆشەویستی خودا و پێغەمبەرﷺ ....226.

بڕیاری ژنهێنانم دەرچوو 228

ئەو گەنجەی بوو بە عاشق و مەعشوق ....228.

نابێ لۆمەی مەعشوق بکرێ ....232.

گەنجە عاشق و مەعشوقەکە داخوازی مەعشوقی دەکات ....233.

جیاوازی نێوان عیشق و خۆشەویستی ....236.

عیشق پردێکە لەنێوان تۆو هەموو شتێک ....237.

گەنجە عاشق و مەعشوقەکە داوا لەبرای مەعشوقەکە دەکات ....238.

گەنجە عاشق و مەعشوقەکە دڵی دەشکێ ....239.

دڵشکان ....241.

خودا کەسێکی خۆشبوێ ، خۆشەویستانی لێدەسێنێتەوە 242

گەنجە عاشق و مەعشوقەکە دووبارە دڵی دەشکێ ....243.

عیشق وەکو بومەلەرزەیە 246

لەلای مامۆستام خۆم پێنەگیرا و گریام ....246.

بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ....248.

مزگەوتەکان داخران ....249.

الله بەتواناترین دەسەڵاتدارە ....251.

قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیاندرا ....255.

کەرەنتینەی عیشق ....256.

چارەی عیشق ....257.

عیشق ئاماژەیەکی هەڵەیە ....261.

با پێکەوە نەخۆشی عیشق تاوتوێ بکەین ....262.

ڤایرۆسی کۆڕۆنا زۆری لێ بردین ....262.

شەش ڕۆژە سەختەکەی بەشی کۆڕۆنا ....264.

ناخۆشترین ڕۆژی پەرستاریم ....265.

دووبارە گەڕان بەدوای ژن ....268.

خۆت ڕیسوا مەکە لەجارێک زیاتر داوا مەکە ....268.

باجی عیشق ....270.

ئومێد و گەڕانەوەم بۆ لای خودا ....271.

قوربانی عیشق ....272.

عیشق پادشا دەکات بە کۆیلە ....274.

عاشق خۆی دڵی خۆی دەشکێنێ ....275.

کورەکە دەخوازن بچێتە ماڵی کچە تاقانەکەیان ....276.

لەکاتی خوازبێنی شەیتانیش دەکەن بە فریشتە ....276.

خوازبێنی ئەو کچەی کە نەمزانی کامە کچەکەیە ....277.
خوازبێنی ئەو کچەی بۆ دین و ڕەوشتی هەڵمبژارد ....280.
مەرجەکانی هاوسەرگیری ....283.
ئەوەی بەدوای هاوسەرێکی کامڵ بێ ، بێ هاوسەر دەمێنێتەوە ....284.
دایک و باوک دەبنە هۆکاری مانەوەی کچی خۆیان ....284.
ئیمامی عومەر بۆ کچەکەی بەدوای زاوایەکی چاک دەگەڕێ ....285.
داخوازی ئەو کچەی بێ ئاگایە کە کوڕەکە خۆشی دەوێ ....286.
ئەو کوڕەی بە عیشقی کچێک بوو بە دوژمنی دایکی ....289.
داخوازی کچە سناپەکە ....290.
وەسوەسەی هاوسەرگیری ....291.
ئومێد و هیوا ....291.
داخوازی ئەو کچەی بوو بە هاوسەری ژیانم ....293.
مارەیی دانان ....295.
ڕاگەیاندنی هاوسەرگیری ....296.
ژن مارەکردن ....298.
هیچ هەڵبژاردنێک لەژیان وەکو هاوسەر هەڵبژاردن گرینگ نیە ....301.
کۆتایی ....302.

گەر داوای ئامۆژگاریم لێ
دەکەی
جگە لە خودا دڵت هۆگری
کەس نەکەی